وةزارةتى خويَندنى بالاَ و تويَذينةوةى زانستى
زانكؤى سليَمانى
كؤليَجى هونةرة جوانةكان
بةشى شيَوةكارى

# هاوشيَوةيى لة نيَوان جةستةى ذن و فؤرمى سيراميكى هاوضةرخ لة هةريَمى كوردستاندا

نامةيةكة

كوردستان حةسةن حسيَن

ثيَشكةشى ئةنجوومةنى كؤليَجى هونةرةجوانةكانى زانكؤى سليَمانى- كردووة، كة بةشيَكة لة ثيَداويستييةكانى وةرطرتنى ماستةر لة هونةرى (شيَوةكارى- سيراميك) دا

بةسةرثةرشتى

د. نةعيمة محةمةد عةبدولاَ    د. جةزا بةكر مةحمود

٢٧١٧ كوردى    سليَمانى    ٢٠١٧ زاينى

# بسم الله الرحمن الرحيم

# خلق الانسان من صلصال كالفخار

سورة (الرحمن) – آية (١٤)

# <u>بڕیاری سەرپەرشتیار</u>

**گەواهی دەدەین لە ئامادەکردنی ئەم ماستەرنامەیە، بەناوی (*هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و فۆڕمی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا* )، کە لەلایەن خوێندکار (*کوردستان حسن حسێن* ) پێشکەشکراوە، و لەژێر سەرپەرشتیماندا ئەنجامدراوە، لە کۆلێجی هونەرەجوانەکان- زانکۆ سلێمانی، کە بەشێکە لە داواکاریەکانی وەرگرتنی پلەی ماستەر لە هونەری ( شێوەکاری- سیرامیك ) دا.**

**د. نعیمه محمد عبدالله** **د. جزا بکر محمود**

**پالپشت بە بوونی مەرج و راسپاردەکان، ئەم ماستەرنامەیە بەرزدەکەینەوە بۆ گفتوگۆ**

**واژۆ:**

**ناو: پ.ی.د. بیان مانی**

**سەرۆکی بەشی شێوەکاری**

**بەروار**

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك لیژنەی گفتوگۆ، گەواهی دەدەین لە تاووتیوٚکردنی ئەم ماستەرنامەیە، کە بە ناوی (*هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و فۆڕمی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا* ) یە، وە گفتوگۆی خوێندکار (*کوردستان حسن حسێن* ) مان کرد دەربارەی ناوەرۆك و ئەوەی پەیوەندیدارە پێوەی، وە بڕیارماندا کە شایەنی وەرگرتنی ماستەرە لە هونەری ( شێوەکاری- سیرامیك ) دا، بە پلەی (                                        ).

واژۆ:
ناو: پ.ی. بیان مامی ابراهیم
سەرۆکی لیژنە
بەروار      /      / ٢٠١٨

واژۆ:
ناو: پ.ی. د. ریبوار سعید رشید
ئەندام
بەروار      /      / ٢٠١٨

واژۆ:
ناو: د. نەبەز عبداللطیف محمد
ئەندام
بەروار:      /      / ٢٠١٨

واژۆ:
ناو: د. نعیمە محمد عبدالله
سەرپەرشتیار
بەروار:      /      / ٢٠١٨

واژۆ:
ناو: د. جزا بکر محمود
سەرپەرشتیار
بەروار:      /      / ٢٠١٨

ئەم ماستەر نامەیە لەلایەن ئە نجومەنی کۆلێجی هونەرەجوانەکان- زانکۆی سلێمانی، راساندن کرا

واژۆ:
راگر بە وەکالەت: پ.ی.د. ریبوار سعید
بەروار      /      /٢٠١٨

# پێشکەشە

- بە شەهیدانی کوردستان، و  رۆحی پاکی کچان و ژنانی یەزیدیان، کە جەستەیان بە دەستی رەشی تیرۆرستانی داعش خامۆشکرا.
- بە هاوژینم ( ئەردەلان )، پالپشتم لە بەردەوامیم لە کۆششکردن بۆ زانست و زانیاری
- بە جگەرگۆشەکانم ( خەندە و ئەلین )
- بە مامۆستا ئازیزەکانم، لەگشت قۆناغەکانی خوێندنمدا
- بە هاوریانم، وە هەموو ئەو کەسانەی کە هاوکارم بوون لەم توێژینەوەیەدا

**توێژەر**

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس و پێزانینم بۆ هەوڵ و ماندووبوونی ئەم مامۆستا بەڕێزانەی لە کۆرسەکانی خوێندنی ماستەردا هاوکارمان بوون (د. ریبوار سعید، د.نەعیمە محەمەد، د.جەزا بەکر، د. بەیان مانی، د. بەرزان احمد، د. نەبەز بابان، د. ئازاد جمال)

- هەروەها هەردوو سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە بۆ تێبینی و ماندووبونیان تا کۆتایی توێژینەوەکە.

- سوپاس و پێزانینم بۆ کارمەندان و کتێبخانەی کۆلێجی هونەر.

-سوپاسی تایبەتیم بۆ بەریزان (شێرزاد حسن، ڕیژین محمد).

- هەروەها سوپاسی سەرجەم ئەو کەسانەش دەکەم کە هاوکاریانکردووم.

توێژەر

# پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیەی بەردەستە بەناوی (هاوشێوەیی لە نێوان جەستەی ژن و فۆرمی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا)، دەربارەی بەدەرخستن و دۆزینەوەی ئەو هاوشێوەییەیە کە هونەرمەندانی کوردستان لەبەرهەمە سیرامیکیەکانیاندا گرنگیان پێداوە، و بۆتە چەمکێکی گرنگ بۆ گوزارشتکردن لە چەمکە جیاوازەکانی جەستەی ژن و بەکاربردنی لە فۆرمە جیاوازەکانی سیرامیکدا، وە دەرخستنی رۆڵی جەستە و بەتایبەتی جەستەی ژن وەك فۆرمێکی هونەری و بابەتی و دەربرینخوازی ئیستاتیکی و پەیوەنیە جۆربەجۆرەکانی بە فۆرمەکەوە.

ئەوەی شایەنی باسە ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە چوار بەشی سەرەکی، کە بەشی یەکەم تەرخانە بۆ خستنەرووی چێوەی گشتی توێژینەوەکە و پێکدێت لە کێشەی توێژینەوەکە بە لەخۆگرتنی چەند پرسیارێك بۆ نموونە: (ئایا هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و بەرهەمە سیرامیکیەکاندا هەیە؟ ئایا پەیوەنیدیە هاوشێوەییەکان لەنێوان فۆرمی جەستەی ژن و بەرهەمە سیرامیکیەکاندا چ جۆرە پەیوەنیەك لەخۆ دەگرێت: هێما؟ ناوەرۆك؟ جوانی؟ فۆرم؟)، هەروەها گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە، کە بریتیە لە (١- دەرخستنی خەسڵەتی هونەری و رەهەندەکانی هاوشێوەیی نێوان جەستەی ژن و فۆرمی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا، ٢- دەستنیشانکردنی دەلالەت و شرۆڤەکردنی بابەت و ناوەرۆکە، پشت هاوشێوەیبوونی نێوان جەستەی ژن و فۆرمی سیرامیك)، پاشان سنووری توێژینەوەکەو پێناسینی زاراوەکانی وەك (هاوشێوەیی، جەستە، شێوە، هاوچەرخ).

هەروەها بەشی دووەم تەرخانە بۆ چێوەی تیۆری توێژینەوەکە و لە پێنج توێژگە پێکهاتوە، توێژگەی یەکەم بریتیی لە (چەمکی مێژوویی شێوە) کە تیایدا چەمکە جیاوازەکانی شێوە خراوەتە روو، توێژگەی دووەمیش بریتیە لە (هاوشێوەیی لە نێوان جەستەی ژن و فۆرمی داهێنراوی لە هونەری شێوەکاریدا) کە باس لە چەمکی هاوشێوەیی دەکات وەك رەگێکی مێژوویی لەنێوان فۆرمە هونەریە جیاوازەکانی و جەستەی ژن، جا چ لە نێو هونەری سیرامیکی یان پەیکەر یاخود وێنە و تا رەنگدانەوەشی لەنێو قوتابخانە هونەریەکاندا بێت، بەڵام توێژگەی سێیەم کە بەناوی (هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و فۆرمی وێناکراو لە زمان و ئەدەبی کوردیدا) یە، و تیایدا هەولدراوە جەستەی ژن وەك وێنایەکی سەرەکی لەنێو زمان و ئەدەبی کوردیدا بخرێتە روو، هەروەها توێژگەی چوارەمیش بەناوی (پێکهێنانی دارشتنی شێوە لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا) یە، کە باس لە لایەنی دارشتنی شێوە دەکات لەنێو هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا، وە توێژگەی پێنجەمیش تایبەتە بە (ژێدەرەکانی فۆرمەلەکردنی شێوەی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا) کە دەربارەی کاردانەوە و رۆڵی ئەو ژێدەرانەیە کە هۆکارن بۆ بەرجەستەکردنی شێوەی ژن لە بەرهەمە سیرامیکیە هاوچەرخەکانی

هونەرمەندانی کوردستاندا، هەروەها لە کۆتایی چێوەی تیۆری توێژینەوەکەشدا چەند ئاماژەیەکی هەڵهێنجراو لە چێوەی تیۆری توێژینەوەکە خراوەتە روو.

وە بەشی سێیەمیش تەرخانە بۆ بەجێهێنان و رێکاریەکانی توێژینەوەکە، ئەم بەشەش پێکدێت لە (کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، نموونەکان، ئامرازەکانی شیکاری، و پاشانیش شیکردنەوەی نموونەکان).

لەبەشی چوارەمیشدا ئەنجام و دەرئەنجام و پێشنیارو راسپاردەکان خراوەتە روو، ئەوەی شایەنی باسیشە دوای شیکردەوەکان توێژەر گەیشتۆتە چەند ئەنجامێك کە بوونەتە وەلامی کێشەو پرسیارەکانی، وە دەرخستنی ئامانجی توێژینەوەکە، لەوانەش:

١. شێوازی بەرجەستە کردنی هاوشێوەیی نێوان جەستەی ژن و فۆرمە سیرامیکەکانی هونەرمەندانی کورد، بینگەیی جیاوازی لە خۆ گرتووە لە رووی فۆرمەڵە کردنی چەمکی جەستەی ژن. هەروەها فۆرم و چەمکی ژن وەك بابەتێکی هزری و ئیستاتیکی زیندوو ئامادەگی تەواویشی هەیە لەنێو کاری هونەریەکاندا.

٢. ژێدەری کارە هونەریەکان پەیوەستە بە ئاستی گەران و پشکنینی هونەرمەندەکانەوە لە رووی بەرجەستەکردنی واتاو بیرۆکەی هاوشێوەبوونەکانی نێوان جەستەی ژن و فۆرمە سیرامیکیەکانەوە.

٣. هونەری سیرامیك لە رووی بەرجەستەکردنی بابەت و ناوەرۆکەوە، بوتە بەشێکی کارا لە هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا، بە جۆرێك کە هەڵگری بابەتگەلێکی زیندووە و تەنیا هۆکارێك نیە بۆ لایەنی ئیستاتیکی بەڵکو بارگاویە بە بابەتێکی مرۆیی و نەتەوەیی و کلتوری و سایکۆی و خودیەکان، لەم روانگەیەشەوە هەر هونەرمەندە و بە دیدگایەکی جوداوە هەوڵی ئەم هاوشێوەییبوونەی نێوان جەستەی ژن و فۆرمی سیرامیکی داوە.

٤. لە رووی تەکنیکی خستنەروو و ماتریاڵی بەکاربراوە، زۆربەی کارە هونەریەکان بە رەنگ و شووشە روپۆشکراون، لە کاتێکدا بەشێك لە هونەرمەندان زیاتر وابەستەی تەکنیکی سوورکردنەوەی کارەکان بوون، بەلأم هەندێکیان تەکنیکی راکۆیان بەکارهێناوە.

٥. لە رووی گەشەسەندنی بواری هونەری لای هونەرمەندانی سیرامیکی لە کوردستاندا، توانیویانە کارە هونەریەکانیان لە رووی شێوەییەوە بەرەو کاری (چەمکگەرایی)، (کۆنسێپت ئارت) بگەیەنێتە ئەنجام.



لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەربی و ئینگلیزی خراوەتە روو.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز | |
| بڕیاری سەرپەرشتیار | أ |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | ب |
| پێشکەشکردن | ج |
| سوپاس و پێزانین | د |
| پوختەی توێژینەوە | ه |
| خشتەی ناوەڕۆك | ز |
| خشتەی وێنەکان | ح |
| خشتەی نموونەکانی شیکاری | دد |
| بەشی یەکەم | ١-٩ |
| کێشەی توێژینەوەکە | ٢ |
| ئامانجی توێژینەوەکە | ٤ |
| گرنگی توێژینەوەکە | ٤ |
| سنووری توێژینەوەکە | ٥ |
| پێناسەی زاراوەکان | ٥-٧ |
| توێژینەوەکانی پێشوو | ٨-٩ |
| بەشی دووەم: چێوەی تیۆری توێژینەوە | ٩-٢٢ |
| توێژگەی یەکەم : چەمکی مێژوویی شێوە | ١٠-٢٢ |
| توێژگەی دووەم : هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و فۆڕمی داهێنراو لە هونەری شێوەکاریدا | ٢٣-٣٩ |
| توێژگەی سێیەم: هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و فۆڕمی وێناکراو لە زمان و ئەدەبی کوردیدا | ٤١-٥١ |
| توێژگەی چوارەم: پێکهێنانی داڕشتنی شێوە لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا | ٥٢-٧٤ |
| توێژگەی پێنجەم: ژێدەرەکانی فۆڕمەلەکردنی شێوەی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا | ٧٥-٨٩ |
| پێوەرە ئاماژەکانی چێوەی تیۆری توێژینەوە | ٨٩-٩٢ |
| بەشی سێیەم: بەجێهێنانی توێژینەوە | ٩٣-١٤٦ |




| | |
|---|---|
| شیکردنەوەی نموونەکان | ٩٦–١٤٦ |
| بەشی چوارەم: ئامانجی توێژینەوە | ١٤٧–١٥٢ |
| پاشکۆ | ١٥٣–١٥٤ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٥٤–١٦٠ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | ا–ب |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | A-B |



# خشتەی وێنەکان


| ژ.شێوە | ناوی هونەرمەند | ناوی کارەکە | جۆری ماتریاڵ | مێژوو | پێوانە | سەرچاوە | وێنە | ژ. پەرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | No name | Lascaux | No dimensions | Around 9000-10000 BC | No dimensions | http://www.citrinitas.com/history_of_viscom/rockandcaves.html |  | ١٢ |
| ٢ | No name | Laussel | A prominent stone carving | Around orangeas period 12000-30000 BC | No dimensions | http://nicole.rolin.pagesperso-orange.fr |  | ١٢ |
| ٣ | Jimmy Dunn | Aten Before and After Akhenaten | Stone | 1352-1336 | 296 × 333 | http://www.touregypt.net/featurestories/amarnaperiod.htm |  | ١٢ |
| ٤ | No name | Peplos kore | No dimensions | 540 -530 | 121Cm | http://greeknaht.blogspot.co |  | ١٣ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣ |  | https://www.veniceclayartists.co /m/egyptian-pottery | No dimensions | 3450_3700 BC | Pottery | Jar with male figures | No name | ٥ |
| ١٥ |  | https://en.wikipedia.org/wiki/Impr ession,_Sunrise | 63×48 cm | 1872 | Oil on canvas | No title | Claude Monet | ٦ |
| ١٥ |  | http://www.polamuseum.or.jp/eng /lish/collection/006-0336 | 41.2 × 67.1 cm | 1892 | Oil on canvas | Dog in front of a Hut, Tahiti | Paul Gauguin | ٧ |
| ١٦ |  | http://images4.bridgemanart.com | 53x60.3 cm | 1909 | Oil on canvas | Factory at horto de ebro | Paplo picaso | ٨ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ |  | https://en.wikipedia.org/wiki/The_Starry_Night | 73.7 × 92.1cm | 1889 | Oil on canvas | The Starry Night | Van Gogh | ٩ |
| ١٧ |  | http://www.epdlp.com/cuadro.php?id=970 | 100 x 81 cm | 1915 | Oil on canvas | Marc Rich Collection | Gino Severini | ١٠ |
| ١٧ |  | https://www.wikiart.org | 98 x 105 cm | 1923 | Oil canvas | On White II | Wassily Kandinsky | ١١ |
| ١٧ |  | https://muzei-mira.com | cm33×24 | 1931 | Oil on canvas | The permanence of memory | Salvador Dali | ١٢ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٤ |  | www.humanities-interactive.org | 10cm | 1800-3000 | Limestone | Venus of Willendorf | No name | ١٣ |
| ٢٥ |  | http://iraqinhistory.com | No dimensions | 6000BC | Limestone | Clay female flgurine from Tell Hassuna | No name | ١٤ |
| ٢٥ |  | http://iraqinhistory.com | 8.7cm | 6000 -5100 BC | Terracotta | Sitting figure may be feminince | No name | ١٥ |
| ٢٥ |  | http://www.oooorg.org/search/?for=Figure | H. 8.20 cm; W. 5 cm; D. 5.40 cm | 5500-6100BC | Pottery sculpture | Halaf culture | No name | ١٦ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥ |  | http://ancientufo.org/2015/11/the-reptilians-more-than-a-/conspiracy-theory | No dimensions | 4000-5900BC | Pottery sculpture | Lizard people | No name | ١٧ |
| ٢٦ |  | https://en.wikipedia.org/wiki/Inanna | 50cm | 3100-4000BC | No dimensions | Inanna | No name | ١٨ |
| ٢٧ |  | https://www.pinterest.com/digrafi/a/inanna | 150cm | 18'th century BC | White stone | Water god | No name | ١٩ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٧ |  | http://de.academic.ru/dic.nsf/dewiki/1322722 | 40 cm | 1354 BC | Kalkstein | Standing figure of Nefertiti | No name | ٢٠ |
| ٢٨ |  | https://commons.wikimedia.org | No dimensions | 1530 | Oil on panel | Leda with their children | Giamptrino | ٢١ |
| ٢٨ |  | https://www.wikiart.org | 222x225cm | 1514 | fresco | The Triumph of Galatea | Raphael | ٢٢ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٨ |  | http://www.oocities.org/thomasblaine/art.html | 216x300cm | 1879 | Oil canvas | The Birth of Venus Art | William-Adolphe Bouguereau | ٢٣ |
| ٢٩ |  | https://www.pariscityvision.com | 55x77cm | 1503-1517 | Oil on poplar panel | The Mona Lisa | Leonardo da Vinci | ٢٤ |
| ٢٩ |  | https://en.wikipedia.org/wiki/Bath(sheba_at_Her_Bath_(Rembrandt | 142x142cm | 1654 | Oil paint | Bathsheba | Rembrandt | ٢٥ |
| ٢٩ |  | http://www.bouguereau.org/L'Assaut-(The-Assault).html | 104x153cm | 1898 | Oil on canvas | Awoman with little angels | William-Adolphe Bouguereau | ٢٦ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٠ |  | https://commons.wikimedia.org/wiki/File:Jacques-Louis_David_-_The_Death_of_Socrates_-_WGA6058.jpg | 130-196 cm | 1787 | oil on canvas | The Death of Socrates | Jacques-Louis David | ٢٧ |
| ٣٠ |  | . https://es.wikipedia.org/wiki/La_gran_odalisca | cm ١٦٢ × ٩١ | 1814 | Oil on canvas | The great odalisque | Dominique Ingres | ٢٨ |
| ٣١ |  | https://en.wikipedia.org/wiki/Romanticism#/media/File:Eug%C3%A8ne_Delacroix_-_La_libert%C3%A9_guidant_le_peuple.jpg | 208x264.5cm | 1830 | Oil on canvas | Liberty Leading the People | Eugene Delacroix | ٢٩ |
| ٣١ |  | https://en.wikipedia.org/wiki/Blessed_Ludovica_Albertoni | No dimension | 1671-1674 | marble | Blessed Ludovica Albertoni | Gian Lorenzo Bernini | ٣٠ |
| ٣١ |  | https://en.wikipedia.org/wiki/Le_D%C3%A9jeuner_sur_l%E2%80%99herbe | 208x264cm | 1863 | Oil on canvas | The Luncheon on the Grass | Édouard Manet | ٣١ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٣ |  | https://commons.wikimedia.org | 77x55cm | 1895 | Oil on canvas | Clownesse cha-u-kao at the Moulin Rouge | Henri de Toulouse-Lautrec | ٣٢ |
| ٣٣ |  | https://www.khanacademy.org | 139.1 x 374.6 cm | 1897-98 | oil on canvas | Where do we come from What are we Where are we going | Paul Gauguin | ٣٣ |
| ٣٤ |  | https://en.wikipedia.org/wiki/Les_Demoiselles_d%27Avignon | 243.9 × 233.7 cm | 1907 | oil on canvas | The Ladies of Avignon | Pablo Picasso | ٣٤ |
| ٣٤ |  | http://www.wikiwand.com/de/Pablo_Picasso | 128.5 × 54.5 × 62.5 cm | 1932 | Bronze | The head of a woman The head of the women | Pablo Picasso | ٣٥ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٤ |  | http://www.tate.org.uk/art/artworks/lipchitz-seated-man-with-clarinet-i-t03488 | 775 x 293 x 280 cm | 1982 | Plaster | Seated Man with Clarinet | Jacques Lipchitz | ٣٦ |
| ٣٤ |  | http://www.wikiwand.com/de/Pablo_Picasso | 15.5 × 35.5 cm | 1953-1952 | Oil on canvas | Woman with book | Pablo Picasso | ٣٧ |
| ٣٥ |  | https://www.google.iq | 92.1 × 140.3 cm | 1907 | Oil on canvas | Blue Nude | Henri Matisse | ٣٨ |
| ٣٥ |  | https://www.pinterest.com/pin/36/1765782539901155 | 54x65cm | 1928 | Oil on canvas | Odalisques | Henri Matisse | ٣٩ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٦ |  | https://www.metmuseum.org/art/collection/search/488880 | 123x194cm | 1954 | Fly over to reality | Oil on canvas | Salvador Dalí | ٤٠ |
| ٣٦ |  | https://theartist.me/collection/oil-/painting/temptation-st-anthony | 89.7x119cm | 1946 | Oil on canvas | The Temptation of St. Anthony | Salvador Dali | ٤١ |
| ٣٧ |  | https://www.wikiart.org/en/umberto-boccioni/elasticity-1912 | 100.6x100.6cm | 1912 | Oil on canvas | Synthesisof the horsegalloping movemment | Umberto boccione | ٤٢ |
| ٣٧ |  | https://metmuseum.org/art/collection/search/485540 | 40x88.9x121cm | 1913 | Bronze | Unique Forms of Continuity in Space | Umberto Boccioni | ٤٣ |
| ٣٨ |  | http://www.tate.org.uk/art/artworks/moore-family-group-n06004 | 65x115x135cm | 1949-1950 | Bronze | Family Group | Henry Moore | ٤٤ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٨ |  | http://www.tate.org.uk | 910x1390x1640cm | 1952-1957 | Bronze | King and Queen | Henry Moore | ٤٥ |
| ٣٩ |  | http://blogs.getty.edu/iris/conserving-barbara-hepworths-figure-for-/landscape | 107cm | 1960 | Bronze | No title | Barbara Hepworth | ٤٦ |
| ٣٩ |  | http://pastexhibitions.guggenheim.org/brancusi/highlights3.html | 23x28x56cm | 1915 | Marble | allegories-and-symbols, parts -of-human-body | Constantin Brancusi | ٤٧ |
| ٣٩ |  | http://www.museoreinasofia.es/coleccion/obra/daphne-dafne | 142.2 x 68 x 31.5 cm | 1973 | Bronze | No title | Julio González | ٤٨ |
| ٦٣ |  | http://www.ceramike.com/gallery.asp?Potter=Bernard%20Leach&Pot=LeachBPreserveJar | 11.5cm x 10cm | No dimensions | Pottery | preserve jar | Bernard Leach | ٤٩ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٣ |  | https://en.wikipedia.org/wiki/Sh%C5%8Dji_Hamada | 28 cm | No dimensions | pottery | No title | Shoji hamada | ٥٠ |
| ٦٤ |  | https://www.invaluable.com | 14.5cm diameter, 5cm high | 1915 | Pottery | No title | William Staite Murray | ٥١ |
| ٦٤ |  | http:/yalebookblog.co.uk | Diameter: 22 cm | 1977 | porcelain | Footed bowl | Lucie Rie | ٥٢ |
| ٦٥ |  | http://www.studiopottery.com | (15.2 cm) square (4.4 cm) high | No dimensions | pottery | Square bowl | Leach, Janet | ٥٣ |
| ٦٥ |  | http:/www.artnet.com | 31.5 cm high | 1950 | Terracotta partially glazed | Grandvase aux femmes voilees | Pablo Picasso | ٥٤ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٥ |  | https://cultivacultura.jimdo.com/2014/03/26/el-expresionismo-/abstracto-de-jackson-pullock | 8.00 x 6.25cm | 1942 | Oil paint | abstract paintings | jackson pollock | ٥٥ |
| ٦٥ |  | http://douglaskenneyceramics.com | 09-P2 24 Inch Diameter | No dimensions | porcelain, slip, and glaze | “Swirl with Blue | douglas_ kenney | ٥٦ |
| ٦٦ |  | https://www.si.edu | (80.0 x 76.2 x 20.3 cm) | 2002 | porcelain, slip, and glaze | Untitled | Ruth Duckworth | ٥٧ |
| ٦٦ |  | http://www.ceramicstoday.com/potw/lucero.htm | No dimensions | 1987 | A nude fairy | Lady with roots | Michael Lucero | ٥٨ |
| ٦٧ |  | https://www.the-saleroom.com | 27.5cm | No dimesions | pottery | No title | Ian Auld | ٥٩ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٧ |  | https://onlineonly.christies.com | 19.2cm. high | 1970-1980 | A stoneware abstract sculpture | No title | Ian Auld | ٦٠ |
| ٦٩ |  | http://thesussexguild.co.uk/cerami /cs-sussex-guild/judith-fisher | No dimension | No dimension | Ceramic | No title | judith fisher | ٦١ |
| ٦٩ |  | http://www.artatworktoday.com/a /bout | 900 × 841cm | 1920 | -Oriental pottery | No title | William Morris | ٦٢ |
| ٦٩ |  | http://maaklondon.irostrum.com/ BiddingProcess/BiddingScreen/62 ?pageNumber=8 | H 9cm, W 12cm, D 11cm | 1990 | ceramic | Tea Bowl, circa | EWEN HENDER SON | ٦٣ |
| ٧٠ |  | https://en.wikipedia.org/wiki/Ash _glaze | No dimension | 1500 BC | ceramic | ceramic glazes | Phil Rogers. | ٦٤ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧٠ |  | http://wncmagazine.com/feature/mary_ann_prack | 34 x 12 x 8cm | 1987 | ceramic and mixed media,i | The Space Within | MARRY ANN prack | ٦٥ |
| ٧٠ |  | https://www.saatchiart.com | 26H x11w x9 in ships in acardboard box | 1987 | Bronze and colorgloss glazes with blue (matt)underglaze | Well rounded sculpture | MARRY ANN prack | ٦٦ |
| ٧١ |  | https://howlingpixel.com/wiki/Transfer_printing | No dimension | 1751 | Printing on the ceramic | No title | John , Brooks | ٦٧ |
| ٧١ |  | http://www.ebay.com | 19 3/4 " long x 15 5/8 | c. 1885 | wide plater | No title | James Beech | ٦٨ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧١ |  | http://printedbritishpotteryandporcelain.com | 18.5x15 cm | 1751 | Printing on the ceramic | The Earliest Transfer-Printing in England | Birmingham and Battersea | ٦٩ |
| ٧٢ |  | https://cfileonline.org | 300m$^2$ | 2016 | performance art | Suits, and a Wall of Clay | Paso Doble:” Miquel Barceló, Josef Nadj, | ٧٠ |
| ٧٢ |  | http://www.shopcurious.com | No dimension | 2011 | performance art | Tea services | Sara younan | ٧١ |
| ٧٣ |  | http://www.jeannequinnstudio/.com | 144x129x72 | 2009 | ceramic | *A Thousand Tiny Deaths* | Jeanne Quinn | ٧٢ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧٣ |  | https://deliaposadinokiel.com | No dimension | 2014 | Unfired clay,water | Installation and happening | Karin lehman | ٧٣ |
| ٧٣ |  | http://www.danielbare.com | 120x48x48cm | 2007 | Clay description | Mergence and abundance | Valerie zimany | ٧٤ |
| ٧٨ |  | کۆلێکشنی هونەرمەند | تیرەکەی ٣٥ سم | ٢٠١٥ | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | بەهار | هیوا عەبدولا | ٧٥ |
| ٧٨ |  | کۆلێکشنی هونەرمەند | لە نێوان (٢٥–٣٥) سم | ٢٠١١ | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | پێکەوە ژیان | هیوا عەبدولا | ٧٦ |
| ٧٨ |  | کۆلێکشنی هونەرمەند | لە نێوان (٢٠–٣٠) سم | ٢٠١٥ | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | بەرد و هەڵدێر | هیوا عەبدولا | ٧٧ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧٨ | نەعیمە محەمەد | سروشت | سیرامیك/ شووشە+ئاڵتوون لە پلەی گەرمای ٩٥٠–١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠٠٥ | ٧٠×٤٠×٢٠ سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٧٨ |
| ٧٩ | سازان عەلی | ئازادی | سیرامیك/ تەختە+شووشە لە پلەی گەرمای ٩٥٠–١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠٠٧ | ٣٥×٢٥ سم | نادیار |  | ٧٨ |
| ٨٠ | ڕووخۆش غەفور | ئافرەت | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠٠٧ | ٢٠×٥٠×٢٠سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٧٨ |
| ٨١ | دڵشاد قادر | ئاشتی | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠١١ | ٣٠×٢٠سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٧٩ |
| ٨٢ | ڕۆژگار کەمال | سامی باڵندەکان | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠١٤ | ١٢٠×٦٠ سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٧٩ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨٣ | تەلان دارا بەحری | بەهاری نوێ | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠٠٦ | ٦٠ ×١٠سم | کۆلێجی هونەر/ هەولێر |  | ٧٩ |
| ٨٤ | ئالان نەجدەت | سروشت | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ١٩٩٦ | ٢٠×٣٥ سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٧٩ |
| ٨٥ | محەمەد حمە سەعید | خێزانێکی کوردی | گڵجۆش | ١٩٩٦ | ٣٠و٣٥ سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٨١ |
| ٨٦ | سۆزە حمەصالح | فۆلکلۆر | گڵی سورکراوە+ستێن | ٢٠١١ | تیرەکەی ٢٥سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٨١ |
| ٨٧ | بەناز رەئوف | گۆزەیەکی کلتوری | گڵی عەکاشات+بەن+مو روە شینە | ٢٠١٧ | ٢١×١٦×١١ سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٨١ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨٨ | قادر میرخان | سوراوی فیشەك | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠١٤ | ٢٢ سووراوه فیشەك پێوانەی ١دانه ١٢٠×٢٦–٣٧سم | کۆڵێکشنی هونەرمەند |  | ٨٢ |
| ٨٩ | قادر میرخان | سوراوی فیشەك | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠١٤ | درێژی بنکەکەی ١٢٠ پانی بنکەکەی٢٦ بەرزی شێوەکان ٣٧سم | کۆڵێکشنی هونەرمەند |   | ٨٢ |
| ٩٠ | نەعیمە محەمەد | کاتێ پێیەکان دەفرن بەرەو ژیان | گڵجۆش | ٢٠١٦ | ٢٥٠ پێڵاوی جۆراو جۆر و پێوانە جیاواز | کۆڵێکشنی هونەرمەند |  | ٨٣ |
| ٩١ | نەعیمە محەمەد | ئەنفال | گڵجۆش | ٢٠١٣ | ١٣×٤٠×٦٥ ١٣×٣٥×٥٥ ١٠×٢٥×٤٥ (سم) | دەلیلی پێشانگا |  | ٨٣ |
| ٩٢ | مەریوان جەلال | قاپی نان خواردن | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠١٣ | تیرەکەی ٢٩ سم | کۆڵێکشنی هونەرمەند |  | ٨٤ |


| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩٣ | عەلی کەمال | میناتور | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | نەنوسراو | ٢×٥ سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٨٤ |
| ٩٤ | نزار مەحمود | شارستانیەت و مێژوو | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠١٤ | ٧٠×٥٠ سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٨٥ |
| ٩٥ | تەلان دارا و دانا سەلاحەدین | قەڵای هەولێر | گڵجوش | ٢٠١٦ | ١٨٠×٧٠ سم | کۆلێجی هونەر/ هەولێر |  | ٨٦ |
| ٩٦ | شیلان ئیبراهیم | ئەنفال | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠٠٤ | ١٨٠×٢٠٠سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٨٦ |
| ٩٧ | مهاباد جەمال | نەنوسراو | گڵجۆش | ٢٠٠١ | تیرەکەی ٣٥ سم | کوراسەی هونەرمەند |  | ٨٦ |
| ٩٨ | دارا عومەر | ڕەنگ | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠١٧ | تیرەکەی ٣٩ سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٨٧ |


| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩٩ | سۆزە حەمە سالّح | ئەشکەنجە | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠١١ | تیرەکەی ٢٥ سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٨٧ |
| ١٠٠ | هیوا عەبدولاّ | نەنوسراو | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ٢٠١٥ | ٢٥×٣٥ سم | کۆلێکشنی هونەرمەند |  | ٨٨ |
| ١٠١ | سازان عەلی | هاوسەنگی | سیرامیك/ شووشەی پلە گەرمای ٩٥٠_١٠٠٠ پلەی سەدی | ١٩٩٥ | ٦٠– ٦٥سم | گەلەری زاموا |  | ٨٨ |

# خشتەی نموونەکانی توێژینەوە

| نموونە | هونەرمەند | ناوی کارەکە | پێوانە | ساڵی وەدیهێنان | وێنە | ژ. لاپەرە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەعیمە محەمەد عەبدوڵا | پێکهاتەی داڕشتەیی | (٣٠×٢٠×١٠،<br>٣٥×٢٠×١٠) سم | ١٩٩٦ |  | ٩٦ |
| ٢ | سازان عەلی ئیبراهیم | ئەنفال | ٣٥×١٠سم | ١٩٩٦ |  | ٩٩ |
| ٣ | نەعیمە محەمەد عەبدوڵا | جەستەی ژنێك | ( ٧٠×٣٠× ١٥ ) سم | ١٩٩٨ |  | ١٠٢ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | مهاباد جەمال ئەشرەف | جەستەی ژنێك | ١٥×٤٧ سم | ٢٠٠٠ |  | ١٠٥ |
| ٥ | مهاباد جەمال ئەشرەف | تواندنەوە | ١٥×٢٥ سم | ٢٠٠١ |  | ١٠٨ |
| ٦ | ڕۆژگار کەمال مەحمود | دایك | ٣٠×١٣٠ سم | ٢٠٠٥ |  | ١١١ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | نەعیمە محەمەد عەبدولآ | وێنە ژن | ٣٠×١٥×٥ سم | ٢٠٠٥ |  | ١١٤ |
| ٨ | نزار محمود عوسمان | دایکایەتی | ٣٠×١١ سم | ٢٠٠٦ |  | ١١٧ |
| ٩ | نزار مەحمود عوسمان | ئافرەت و سێدارە | ٣٠×١٠سم | ٢٠٠٦ |  | ١٢٠ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | خەسرەو عەبدول قەهار حسێن | هاواری ئافرەتێك | ٣٠×٨٥ سم | ٢٠٠٩ |  | ١٢٣ |
| ١١ | ڕێبوار سەعید | یادەوەری | (٥–١٠) سم | ٢٠١١ |  | ١٢٦ |
| ١٢ | سۆزە محمدساڵح مەحمود | مەریەم | ٤٠×٨٠ سم | ٢٠١٢ |  | ١٢٩ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣ | ڕێبوار سەعید | قوربانی | (١٣–٤٥) سم | ٢٠٠٢ |  | ١٣٢ |
| ١٤ | ڕێبوار سەعید | گڵدانی ژیان | (٢١–٣٤) سم | ٢٠١٢ |  | ١٣٥ |
| ١٥ | شوان بەهرام سابر | جەستەی ژنێك | ٢٥×١٠ سم | ٢٠١٤ |  | ١٣٨ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | سۆزە حەمە ساڵح | چاوەڕوانی ژنێك | ٢٥×١٦ سم | ٢٠١٥ |  | ١٤١ |
| ١٧ | ئاكۆ خضر حمدڕەسول | خەمی ژنێك | ٣٥×٢٠×١٢ سم | ٢٠١٦ |  | ١٤٤ |

# بەشی یەکەم

# چـێوەی گشـــتی توێژینەوەکە

## کێشەی توێژینەوەکە

## گرنگی توێژینەوەکە

## ئاما نجی توێژینەوەکە

## سنوری توێژینەوەکە

## چەمك و زاراوەکان

# بەشی یەکەم

# چێوەی گشتی توێژینەوەکە

## کێشەی توێژینەوەکە :

لە نێوکۆی مێژووی هونەردا بەگشتی و لە میانی دوالزمەی ( شێوە و ناوەڕۆك )ە جیاوازەکانەوە، ئەفراندن و داهێنانە هونەرییەکان هۆکارێکبوون بۆ فۆڕمەلەکردنی ( بینگەی هونەری ). بە ئاوایەکی دی ڕێگایەکبووە بۆ گوزارشتکردن و دەربڕینی هەست و سۆز و بەهای ئیستاتیکی لە دوتۆیی پەیامێکی مرۆییدا، لەم نێوەندەشدا هونەری شێوەکاری لە پێشەنگی کایە هونەرییەکانی دیکەدا بووە، لە بەدیهێنانی جۆرەهایەك ئەفرێندراوی وەکو نیگار و پەیکەر و سیرامیك، بەجۆرێك هەڵگری گەلێك واتا و ئاماژەی تایبەتن، کە بە چەندین شێوەی هونەری بەرجەستەکراون. بۆ ئەم مەبەستەش بینگەیەکی پڕ لە نیشانە و ئاماژەی دیاریکراو لە پێناو فۆڕمەلەکردنی بیرۆکەکانیدا دەخاتە کار و وەکو زمانێکی داهێنراو لە گشت سەردەم و زەمانێکدا، هۆکارێکی مەعریفی و ئیستاتیکی بووە لە گەیاندنی مەعریفە و چێژی جوانی. هەریەك لەو ئاماژە بینەیی و شێوە جیاوازانە لە ژێدەر و سەرچاوەی جیاوازەوە وەرگیراون و خاوەنی خەسڵەتی هونەری و هەڵگری بارگەی پڕ لە هزری فەلسەفی و فیسۆلۆجی و بیر و باوەڕگەرا و ئاینی و سروشتی و کۆمەڵایەتی بووە، بە جۆرێك هەرسەردەم و شارستانیەتێك، یان هەر بزاف و هونەرمەندێك دیدگای تایبەت بە خۆی هەبووە بۆ فۆڕمەلەکردنی بیرۆکەکانی لە (شێوەیەکی) هونەری داهێنراودا، کە تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی واتایەکی فرە ڕەهەند و کراوە و بگرە نادیار بووە، چونکە ئاماژەی ( شێوەکان ) بە پێی ئەو نێوکۆیەی تیایدا بەرجەستەکراوە، ماناکانیان دەگۆڕێت. هەندێك جار ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ( شێوە) هونەرییە داهێنراوەکان هەوڵی جۆرێك لە وێکچوون و لێکنزیکی یان هاوشێوەیی لە تەك ڕەگەزێکی دیاریکراودا دەدەن، جا ئێدی ئەو ڕەگەزە مرۆڤ بێت، یان سروشتی هەروەك شاعیری کورد کە گوزارشت لە هاوشێوەیی نێوان جەستەی ژن و هەندێك ڕەگەزی دیاریکراو دەکات و دەبێژێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە ستایلی فۆڕمەلەکردنی شێوەکان بەپێی بینگەی هونەرمەندەکە دەگۆڕێت، کە تیایدا بە شێوەیەکی هەمەکی یان بەشەکی، یان وەکو ئەوەی کە لە بواری ئەدەب و شیعردا هەیە، لەمیانی (خوازە_استعارە)ەوە هەوڵی هاوشێوەبوون لە نێوان جەستەی ژن و فۆڕمێکی داهێنراودا دەدات.

بەمجۆرە داهێنراوە بینەییەکان بەدیهاتووە، بەدیاریکراویش فۆڕمی سیرامیکی ئەفرێندراو هەوڵی جۆرەها (هاوشێوەیی) لە تەك ڕەگەزی مێینە_ژندا دەدات، کە هەڵگری دەلالەتی جیاواز و واتایی فرە ڕەهەندە، بەتایبەتیش فۆڕمەلەکردنی چەمکی هاوشێوەیی نێوان جەستەی مێینە و فۆڕمی سیرامیك، لە بینگە وستایلی جیاوازەوە تەعبیری لێکراوە، کە بە پێی دیدگا و فەلسەفەی فۆڕمەلە کردنەکە چەمکی هاوشێوەیی بوونەکە باڵا دەگرێت، کە هەندێجار هونەرمەندەکە وێکچوون و هاوشێوەییەکی کت و متی

شتەکانی دەوێت لە فۆڕمە سیرامیکیە داهێنراوەکە تاکو بیگەیەنێت بە ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر، کەچی لە باری دیکەشدا هاوشێوەییبوونەکە دەگاتە پلەی ئیختیزالکردن و کورتکردنەوە، یان بە پێچەوانەوە زیادکردن و خستنەسەر دەخوازێت، لە پێناو هێنانە کایەی هاوشێوەییەکی پڕ لە خەسڵەتی هزری و ئیستاتیکی، بەڵکو لە هەندێك ماوەی مێژوویدا نەخشاندنی چەمکی جەستەی ژن و مێیینە باڵا دەکات تا دەگاتە هاوشێوەییەکی پیرۆزی وەها، کە لە فۆڕمی (خواوەندی دایك) دا دەبێتە هێما و سیمبولێکی پڕ لە دەلالەتی هەمەجۆری وەکو بەخشندەیی و میهرەبانی و زۆربوون و گەلێك واتایی مەزن. باشترین نموونەش بۆ ئەم هاوشێوەیبوونەش بەرهەمە فوخاریەکانی دۆڵی ڕافیدەین و سۆمەرییەکانن، کە هەوڵی وێکچوونی فۆڕمە هونەرییەکان لەتەك شێوەی جەستەی ژندا داوە، لەبەرئەوەی پەیوەستبووە بە ئاماژەگەلێکی وەهاوە کە ڕاستەوخۆ ڕۆ دەچێتە نێو پانتاییەکی گەورەی ڕاڤەکردنەوە، هەروەها نەخشاندنی هاوشێوەیی جەستەی (ژن_مێینە) لە نێو هونەری مەسیحیدا دەبینرێت، کە تایبەتە بە سروت و بابەتە ئایینیەکان، ئەم هاوشێوەبوونە لە نێو کلاسیزمدا بە ئاوایەکی ئایدیالی گوزارشت لێکراوە، سەرباری ئەمانەش لە نێو بزاڤەکانی دیکەی وەکو تەعبیریەت، سیمبولیزم، کیوبیزم و سوریالیزمدا وەك چەمکێکی زیندووی کاریگەر لە دیدگای فرە ڕەهەندەوە بەرجەستەکراوە.

لەئێستاشدا هونەرمەندانی هاوچەرخ لە جیهاندا و لە ئاستی جیاوازدا ئەم چەمکە گرنگەیان وەك لایەنێکی ئیستاتیکی کردۆتە پەیامی هونەرەکەیان، لە نێویشیاندا هونەرمەندانی بواری سیرامیك لە کوردستاندا پانتاییەکی زۆریان دەربارەی نەخشاندنی بەها ئیستاتیکیەکانی (هاوشێوەیی نێوان جەستەی ژن و فۆرمی داهێنراو لە بواری هونەری سیرامیکدا) تەرخانکردووە، بەمەبەستی بەرجەستەکردنی چەندین ئاماژە و ناوەڕۆکی جیاواز بە وەرگر، کە ڕەنگە تەعبیر لە هەڵوێستێکی فکری، یان هەر شتێکی دیکە بکەن لەمیانی بەکاربردنی بارستەو قەوارەو تێکسچەرو ڕەنگ و جوڵەو چۆنێتی پێکهاتە و داڕشتنی کارەکە.

پرسیاری توێژینەوەکەش خۆی لە کێشەی ئەوەدا دەبینێتەوە کە ئایا گرنگترین خەسڵەتە هونەریەکانی ئەم هاوشێوەیبوونە چین؟

وێکچوونی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمە داهێنراوەکان چ دەلالەتێکی هزری و هونەری و ئیستاتیکی لە خۆ گرتووە؟

ئایا فۆڕمەلەکردنی بابەتەکان لە میانی جەستەی ژنەوە چ ناوەڕۆکێکیان لە خۆ گرتووە؟

## ئامانجی توێژینەوەکە :

١- دەرخستنی خەسڵەتی هونەری و ڕەهەندەکانی هاوشێوەیی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- دەستنیشانکردنی دەلالەت و شرۆڤەکردنی بابەت و ناوەڕۆکە، پشت هاوشێوەیبوونی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی سیرامیك.

## گرنگی توێژینەوەکە :

هونەری سیرامیك هەڵگری کۆمەڵێك لە بابەت و تەکنیك و کارکردنە، وا لە توێژەران دەکات بە دوایی ئەو شتە شاراوانەدا بگەڕێت کە لە سنووری کوردستاندا توێژینەوەی لەسەر نەکراوە، بۆیە توێژەر بە پێویستی دەزانێت کە ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدات لە ڕووی زانستی و ئەکادیمی و هونەرییەوە بۆ گەیشتن بە:

١- ئاشناکردنی خوێنەری کورد بە چەمکی هاوشێوەیبوون لە نێو هونەری شێوەکاریدا بە گشتی و لایەنە گرنگەکانی هاوشێوەیی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی سیرامیکی بەتایبەتی بۆ گەڕان بە دوایی کاری هونەرمەندانی سیرامیکی کوردستان.

٢- پەرەپێدانی لایەنی توێژینەوەی زانستی و تیۆری لە بواری هونەری سیرامیکدا، بەیەکەم توێژینەوەی بواری هونەری سیرامیکی دادەنرێت کە بە زمانی کوردی ئەنجام درابێت.

٣- گەشەپێدانی زمانی هونەری تایبەت، بۆ شرۆڤەکردنی هونەری شێوەکاری، کە دووربێت لە شێوازی ئەدەبی پەیڕەوکراو، هەروەها سوودی گرنگی دەبێت بۆ خوێنەرانی بواری هونەر بە گشتی و هونەرمەندان و خوێندکارانی بواری سیرامیك بەتایبەت خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگا هونەرییەکان لە کوردستاندا.

٤- گەڕان و بەدواداچوون بە شوێن هاوشێوە و پەیوەندیەکانی نێوان جەستەی ژن و کاری سیرامیکی هاوچەرخ، لە ڕێگای میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی، ئەڵبەتە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دۆزینەوە و سەلماندنی پەیوەندیەکەیە نەك لەسەر ئاستی سەرەنج و بینینێکی ئاسایی، بەڵکو لە ڕێگای شیکردنەوەی چەند ئەزموونێك بۆ گشتاندنی ئەم دیدە.

## سنووری توێژینەوەکە :

سنووری بابەتی: دەستنیشانکردنی هاوشێوەیی لە نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا.

سنووری کاتی: (١٩٩٦ -٢٠١٦ ).

سنووری شوێن: هەرێمی کوردستان ( سلێمانی، هەولێر)

## چەمك و زاراوەكان:

### ١- هاوشێوەیی (مقاربه) Approximating:

*پێناسەی زاراوەیی هاوشێوەیی (پەیکاڵبوون)★

"بریتی یە لە نزیك کردنەوەی دوو شت لە ئەنجامی سەیرکردنی هاوبەشیەکانیانەوە"[1]

***پێناسەی کارپێیی هاوشێوەیی**

بریتی یە لە هاوشێوەکردن، یان هاوتا کردن لە نێوان دوو شێوە دا، بە جۆرێك ڕووی شێوەکان بچنەوە سەر یەك، بە نزیك بوونەوە یان لێکچوونیان لە یەك ڕووی تایبەتمەندییەکانی شێوەیانە، بۆ نموونە هاوشێوەکردنی جەستەی ژن بەکارێکی هونەری سیرامیکی.

### ٢- جەستە (جسد) Body:

***پێناسەی زاراوەی جەستە**

"شێوەیەکی سروشتی ڕوونە(میتافیزیکییە)، پرۆسەیەکی هەستی تەواوە"[2]

*** پێناسەی کارپێیی جەستە**

جەستە ڕوو (دیو)ی مادی بوونی مرۆڤە، ئەو دیوەیە، کەهەڵگری دیوی دەروونی و ڕۆحی مرۆڤە، دەرکەوتنەوەی ئەم دوو دیوە مەعنەوییەی مرۆڤیش لە ڕێی ئەم بۆتەیەوە کەم تا زۆر بە پێی ئەو ڕێبازە هونەرییە دەگۆڕێت، کە هونەرمەند پابەندە پێوەی .

### ٣- شێوە (شكل) Form

***پێناسەی زاراوەی شێوە**

"ڕووی دەرەوەی هەر کارێکی هونەری دەگرێتەوە ، لەکاتێکدا بەرهەمی تابلۆیەك، یاخود پەیکەرێك، یاخود هۆنراوەیەك بێت"[3]

---

★ پەیکاڵبوون: وێکچواندنە واتە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان دوو شت.

[1] بە چاوپێکەوتن لەگەڵ ( کاروان عمر قادر)، لە زانکۆی سلێمانی ، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/١٤

[2] فواد اسحق الخوری، ایدولوجیا الجسد رموزیە الگهارە والنجاسە، دار الساقی،بیروت ،لبنان،١٩٩٧

[3] http://www.alukah.net/culture/0/56707/#ixzz4CLAZIr8f

***پێناسەی کارپێیی شێوە**

بریتییە لە ڕووکاری دەرەوەی تەنێك، یان شتێك، کەپێکهاتەی گشتی تەنەکە پێك دەهێنێت بە بەشداری کۆمەڵێك ڕەگەزی هونەری و پەیوەندییەکان.

## ٤- سیرامیك (خزف) Ceramic

***پێناسەی زاراوەی گڵجۆش**

"بریتییە لە گڵی جۆش دراوی شووشەکراو"[٤]، ئەوەی لە قوڕ دروست بکرێت و بە ئاگر سوور بکرێتەوە لە پلەی گەرمی پێویستتدا.

***پێناسەی کارپێی گڵجۆش**

بەرهەمێکی دروستکراوە لەو ماددانەی کە پێویستیان بە پلەی گەرمی هەیە، دەکرێت ئورگانی بن، یان نائۆرگانی.

## ٥- هاوچەرخ (معاصر) Contemporary

*** پێناسەی زاراوەی هاوچەرخ**

"هاوچەرخ بریتییە لە کات و سەردەمی تیایدا ژیان بەردەوامە، بە واتایەکی تر شتە تازەکان دەگرێتەوە"[٥]

***پێناسەی کارپێیی هاوچەرخ**

ئەو ماوە زەمەنییە دەگرێتەوە کە تیایدا دەژین شانبەشانی سەرجەم ئەو ڕووداوو بارودۆخانەی لە بوارەکانی ژیاندا ڕووبەڕووی دەبینەوە، هەروەها کاریگەرییەکانی ژینگەیی و دەروونی و سیاسی و ئایینی و کاردانەوەیان لەسەر بەهەمە هونەرییەکان.

---

[٤] نعیمة محمد، الخزف المعاصر فی کردستان العراق وسماتة و مضامینة الفنیة،رسالة ماجستیر غیر منشورة،متقدیمة الی جامعة السلیمانیة،٢٠٠٧

[5] www.almaany.com/ar/dict

## توێژینەوەکانی پێشوو:

لە میانی گەڕان و بەدواداچوونی توێژەر بۆ توێژینەوەکانی پێشوو، هیچ توێژینەوەیەکی تر لە باشووری کوردستاندا بە زمانی کوردی نییە کە نزیك بێت لەم بابەتەوە، تەنیا توێژینەوەیەك بەدی دەکرێت کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، لە لایەن (ایلاف سعد علی البصری) بە ناوی (دلالة المراة في الفن التشکیلی العراقی المعاصر)، وەك ماستەر نامەیەك لە ساڵی ١٩٩٨ پێشکەش بە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغداد کراوە ، کە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم چێوەی گشتی توێژینەوەکەی لە خۆ گرتووە کە(کێشەی توێژینەوە و گرنگی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە و سنووری توێژینەوە و دیاریکردنی زاراوەکان) ی لە خۆ گرتووە.

هونەرمەندان وێنای ژنیان لە بابەت و بیرۆکەکەنیاندا نەخشاندووە، کە بۆچوونی جیاواز لە خۆ دەگرێت ئەمەش لە کارەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم ڕەنگدانەوەیە هۆکار بووە بۆ وروژاندنی هەندێك پرسیار ، بەهای هەر کارێك بەندە بەو بیرۆکەیەی کە لە پشتیەوەیەتی، ئەمەش بووە بە بابەتێکی گرنگ و خوێندنەوەی ئاماژەکانی ژن لە کارە هونەریەکانی وەك نیگارکێشان و پەیکەرسازی لە هونەری هاوچەرخی عێراقیدا.

کەواتە لایەنی گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ هونەرمەندان و خوێندکاران و هەوادارانی بواری هونەری شێوەکاری یە.

ئامانجی توێژینەوەکەش زانینی ئەو هۆکار و شێوازی کارکردنانەیە لە هونەری عێراقی هاوچەرخدا لە سەر ژن کاری پێکراوە.

هەروەها ماوەی نێوان (١٩٤٠–١٩٩٠) لە( شوێنە جیاوازەکانی سەنتەری سەدام بۆ هونەر) وەك سنووری توێژینەوەکە دیاری کراوە.

هەرچی بەشی دووەمە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەی لە خۆ گرتووە لە چوار توێژگەی سەرەکی پێکهاتووە کە ئەمە ناونیشانی هەریەکە لە توێژگەکانە:

المبحث الول: مفهوم الدلالة، المبحث الثانی: دلالة المراة في ضوء الفنالعراقی القدیم،

المبحث الثالث: دلالة لامراة في الضوء الفن العربی والسلامی، المبحث الرابع: دلالة المراة في ضوءالفن الحدیث.

لەگەڵ خستنەڕووی ئاماژەکانی توێژینەوەکە و پاشان بەشی سێیەم دێت کە بریتییە لە شیکردنەوەی (٣٦) نموونە لە چوارچێوەی (ڕێبازی پەسنکەرانە– منهجی وصفی) شیکردنەوە بۆ

هەریەکەیان ئەنجام دراوە، ئینجا بەشی چوارەمی توێژینەوەکە دێت کە پێکهاتووە لە چەند ئەنجامێك کە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم: بەبەکارهێنانی شێوازی تەعبیری لە بەرجەستەکردنی شێوەی ژندا لە زۆربەی کارە هونەریەکاندا هەروەها شێوازی ڕەمزی لە چەند کارێکی کەمدا، شێوازی واقعی لە هەندێکی تریاندا.

دووەم: وا دەردەکەوێت کە ئاماژەی ژن لە کارە هونەرییەکاندا پەیوەندییەکی زۆر پتەوی هەیە بە ناوەڕۆکی کارەکەوە لە ڕووی شێوە وە دابەش بوون بۆ دووجۆر کۆمەڵە:

کۆمەڵەی یەکەمیان، ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی هەیە، کە بە تەواوی گونجاوە لەگەڵ شێوەی ژن و کارەکەی لە واقعدا وەك دایکایەتی و ڕۆڵی ژن لە ژیانی واقیعیدا، کە لەمانە پێکهاتوون:

١. ئاماژەی کۆمەلاّیەتی

٢. ئاماژەی بۆماوەیی

٣. ئاماژەی ئایینی

٤. ئاماژەی ڕەمزی

٥. ئاماژەی بینەیی

بەلاّم کۆمەلّی دووەم ئاماژەی ناڕاستەوخۆی هەیە، کە بە هۆیەوە دەتوانرێت زۆر زیاتر لەو ڕۆڵی ژن لە واقیع دا هەیەتی لەم کۆمەڵەیەدا باسی لێوە بکرێت وەك :

١. ئاماژەی سۆزداری وەك دایکایەتی

٢. ئاماژەی نیشتیمانی وەك نیشتیمانی نەتەوەی عەرەبی و شۆڕش و ئامانجی حیزبی

٣. ئاماژەی سروشتی وەك خاك و بە پیتی

٤. ئاماژەی مەعنەوی (سایکۆلۆجی) وەك ئارام گرتن و خۆبەخت کردن و ڕۆشنبیری و زیرەکی و لەخۆباییبوو

هەروەها بە لیستی سەرچاوەکان کۆتای دێت.

# بەشی دووەم

## چێوەی تیۆری توێژینەوەکە

**توێژگەی یەکەم/ چەمکی مێژوویی شێوە**

**توێژگەی دووەم/ هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و فۆڕمی داهێنراو لە هونەری شێوەکاریدا.**

**توێژگەی سێیەم/ هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و فۆڕمی وێناکراو لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.**

**توێژگەی چوارەم/ پێکهێنانی داڕشتنی شێوە لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا.**

**توێژگەی پێنجەم/ ژێدەرەکانی فۆڕمەلەکردنی شێوەی سیرامیکی هاوچەرخ لەهەرێمی کوردستاندا.**

# توێژگەی یەکەم

# چەمکی مێژووی شێوە

# توێژگەی یەکەم

## چەمکی مێژوویی شێوە:

شێوە ئەو رووکارە گشتییەیە، کە هەڵگری چەمك و مانا و رووخسار و جوانی خۆیەتی، پەیوەستە بە سروشت و بیر و هزری مرۆڤەوە، لە رووی چۆنیەتی دەربڕین و بەرجەستەکردنەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ڕۆڵی کاریگەریشی لە نێو کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و کایە هونەرییە جیاوازەکانیشدا هەیە، هەر بۆیە بەهۆی هەستی بینینەوە دەتوانرێت جیاوازی و هەڵسەنگاندن بکرێت لە نێوانیاندا، چونکە سەرجەمیان لە رووی قەبارە و ناوەڕۆك و بیرۆکە جیاوازن، تەنانەت بەرجەستە کردنیان بە هەموو ماتریاڵەکان کە هەریەك لەو شێوانە خەسڵەتی تایبەت بە خۆیان هەیە، دەتوانین بڵێین کە هەستی بینینی مرۆڤ ڕۆڵی گرنگی لە بەرجەستەکردن و جیاوازی کردن و هەڵسەنگاندنی شێوەکاندا هەیە، بەو پێیەی هەر بیرۆکەیەك لە دونیای دەرەوەدا دروست بووە لە هزری مرۆڤ گەشەی کردووە و پاشان بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ ناساندنی ئەو شێوەیە بەرجەستە دەکرێت.

هەروەها شێوە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە کاری هونەریدا، کە دەبێتە هۆکارێك لای هونەرمەند بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمێکی هونەری بینراو، بەخشینی چێژی جوانی دەبێتە هەڵگری چەند گۆڕانکارییەکی هەمەجۆر لە رووی بونیاتی سەرەکی و خوێندنەوە و شیکردنەوەی چەمك و ماناو دەلالاتەکانی کە لە ڕێگەیانەوە جوانی شێوەکە ڕێك دەخرێت، جگە لەمانەش شێوە ڕۆڵی کاریگەری و جوانی و چێژ دەبەخشێت بە کارە هونەرییە جیاوازەکان چ وێنە، یان پەیکەر، یان سیرامیك، یاخود بەرهەمە تەلارسازییەکان، هەربۆیە هونەرمەندانی ئەو بوارانە هەوڵ دەدەن بە ڕێکخستنێکی جوان و گونجاو شێوەکە بەرجەستە بکەنەوە، چونکە دەبێتە بنەمایەکی پەیوەندی لە نێوان وەرگر و کارە هونەریەکە، و **"هەموو شتێك لە شێوە پێك هاتووە، و بەهۆیەوە دەیناسینەوە، شێوەی هونەریش پێکهاتووە لە یەکبوون و دارشتنی کۆمەڵێك رەگەزی هونەری وە ئەتوانین بڵێین شێوە لە چەند ڕەگەزێك پێك دێت، بۆ نموونە لە کۆمەڵێك خاڵ یان هێڵی ڕێك و لار یاخود بازنەیی یان چوار گۆشە و لاکێشە، یاخود بریتیە لە کۆمەڵێك هێڵی ئەندازەیی و نا ئەندازەیی، کە پەیوەندیەکان پەیوەستیان دەکات بەیەکەوە"**(1)، هەروەها بۆشایی و کوتلە و تێکسچەر و ڕەنگ، هەر لەو یەکانەش شێوە دروست دەبێت و پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، کە بە گشتی پەیوەستە بە مانا و هێماو جوانی و تەکنیك و شێواز و مەبەستی کارکردن، لە لایەك و پێکهاتە هونەرییەکانی لە لایەکی تر.

هەر لەسەرەتای ژیانی مرۆڤی دێرینەوە، بەتایبەتی هەر لەو کاتەی کەپەنای برد بۆ دەربڕین، پەیبرد بەگواستنەوە، بۆ نموونە گواستنەوەی شێوە بینراوەکانی ژینگەکەی ، بۆ شێوەیەکی بەکاربراو لەسەر ڕووبەرێك، کە بە ڕوونی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکاندا دیارە.


---

(1) برزان احمد، الخامة والشكل فی النحت الحديث، رسالة ماجستير متقديمة الى جامعة السليمانية (غير منشورة)، كلية الفنون الجميلة، ٢٠٠٨، ص١٦٥.


بەمەش هەوڵیدا تێ بگات لەوەی کە دەتوانێت شێوەیەك بەرهەم بهێنێت، کە پەیبێبراوی خۆیەتی، **"مرۆڤ یەکەمین شێوەی لە گڵی سروشتی زەوی دەریهێناوە و دروستی کردووە، ئەو ڕاستی یە دەسەلمێنێت، کە هونەر پێش نووسین و خوێندنە، خاوەنداریێتی مرۆڤ بۆ هونەریش وێژە و ئاینە"**[1]، لێرەوە شێوە لە سەردەمە دێرینەکاندا بووە هەڵگری مەبەست و شێوازی ڕاستەقینەی خۆی، لە سەرجەم ڕووەکانیشیەوە گۆڕانکاری و بەکاربردنی جۆراو جۆری بەسەرداهات، دیارە هەموو بابەتێکی دیاریکراو لە ڕێگەی ماتریاڵێکی دیاریکراوەوە بەرجەستە دەکرێت، هەموو ماتریاڵێکیش بە هۆی بابەتێکی دیاریکراوەوە (شێوەیەکی) دیاریکراو وەردەگرێت، کەواتە هەمیشە (ماتریاڵ و بابەت و شێوە) تەواوکەری یەکترین لە کارێکی هونەریدا، بە گشتی شێوە هەڵگری مانای جیاوازە، کە ماتریاڵ و ناوەڕۆك و پێکهاتەکانی تری ڕۆڵی بەرچاوی تیادا دەبینن، هەر لە دێرینیشەوە مرۆڤ هەستی بەو چەمکانە کردووە، ئەگەر لە شێوەی نێو ئەشکەوتەکانەوە بڕوانین لە سەرەتاکانی ئەو چەمکە، بۆتە بەرجەستەکردنی شێوەی ئاژەڵەکان بە هەڵگری ناوەڕۆك و شێوەیەکی واقعی ئامێز، وەك لە وێنەی(1) دا دیارە، لە شێوەی مرۆڤەکانیشدا ناوەرۆکێکی دەربڕین خوازی بەرجەستەکردنێکی نیمچە ئەندازەییانە و ئەرك و جووڵە بەدی دەکرێت، مرۆڤی دێرین تەنها بە وێنە شێوەی بەرجەستە نەکردووە، بەڵکو لەڕێگەی ماتریاڵە جیاوازەکانی وەك بەرد و دار و ئێسقان و قوڕیشەوە شێوە پەیکەرییەکانیان بەرهەم هێناوە، هەروەك لە شێوە جیاوازەکانی وەك گیانداران و ئەو پەیکەرانەی بۆ شێوەی ژن بە هەڵگری ناوەڕۆکی پیتان و زۆربوون بەرهەم هاتوون، هەر ئەو هۆکارەش بووە، کە بووە هۆی بە پیرۆزکردنی شێوەی ژن، کە وەك خواوەندی دایك لێی بڕوانرێت لە لایەن شوێنەوارناس و مێژوونووسانەوە، ئەم چەمکەش بەردەوامی وەرگرت و بەخشرا بەو پەیکەرانەی شێوەی ژنیان هەڵگرتبوو لە شارستانیەتەکاندا، بەرجەستەکردنی شێوەی ژن لەسەدەکانی بەردین و شارستانیەتە دێرینەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی ئاینی مرۆڤەکان کە لەو سەردەمەدا دەورێکی گرنگی هەبوو لە ڕووی بوون و ژیانی مرۆڤەکانەوە، وەك لە وێنەی (٢ و٣) دا دیارە:



وێنەی ژمارە ( ١ )
( وێنەی سەردیواری
ئەشکەوتەکان سەردەمی
بەردینی دێرین )



وێنەی ژمارە ( ٢ )
( پەیکەری ڤینوس لوسیل،
سەردەمی ئورجناسی )



وێنەی ژمارە ( ٣ )
( لە هونەری
فیرعەونیەکانەوە )

---

[1] هیربرت ڕێد، مانای هونەر، و:سەربەست خەسرەو عارف، سلێمانی: دەزگای سەردەم، ٢٠٠٧ ، ل:٣٠

هەروەها "شێوە وەکو چەمك لە هونەری شارستانیەتەکان بەرجەستە بووە، بە ڕوونی لە بەرهەمە جیاوازەکانی وەك پەیکەر و ڕووکاری بەرهەمە گڵجۆشییەکان و وێنەکاندا دەبینرێت، لە هونەری پەیکەرسازی ئەغریق و دۆڵی نیلدا، پەیوەست بوون بە بیری پەرستن بەرچاو دەکەوێت لەسەر شێوەی گیاندار و مرۆڤ، یان تێکەڵەیەك لە هەردووکیان ئەفسانەکانیان وێناکردووە، گڵجۆشیەکان بەدەرنین لەم چەمکە شێوە ئامێزانە، بەمەبەستی ئایینی و بژێوی ژیانی ڕۆژانە بەکارهاتووە، کە شێوازێکی سادەیە و گرنگی پێدراوە و بەرەو پێش چووە، بەتایبەت ڕووکاری دەرەوەی، کە جۆراوجۆر و گۆرانکاری تێداکراوە"[1]، هونەر بەگشتی گەشەکردنی پەیوەندییە لە نێوان شێوە و داڕشتن لە سەرجەم جۆرەکان و ڕێکخستنی بەشەکانیدا، بەوەی کە مرۆڤی دێرین بەو شێوانە توانیویەتی داهێنان بکەن بۆ گەیشتن بە مەبەستەکەی، وەکو هێمایەك بۆ زیندوویەتی مرۆڤ، بەرجەستەکردنی لای ئەغریق و میسر وەك لە وێنەی (٤و٥) دا دیارە، هەر بۆیە مرۆڤ هەر لە دێرینەوە پەنای بۆ دەربڕین و بەرجەستەکردنی شێوەکان بردووە بۆ نموونە **"مرۆڤی شارستانیەتە دێرینەکان بۆ چەسپاندنی بیر و بۆچوون و باوەڕ و بەهاکانی شێوە تێکۆشاون، کە شێوە وەکو هۆکارێك بووە بۆی، کەحاڵەتێکی هۆشیاری و دۆزینەوەی شێوەیی نوێی بووە لە کاریی هونەریدا"**[2]، شێوە لە هەر سەردەم و زەمەنێکدا بێت لە ڕێگەی ئەو فۆڕمەوە کە هونەرمەند بەرجەستەی دەکات توانیویەتی بابەتەکان و کارەسات و چیرۆکەکان بگەیەنێت بە وەرگر، هەندێك جار فۆڕمەکان بەتەواوی هاوشێوەی ناوەڕۆکی بابەتەکان بوون، "هەر قۆناغێك، یان هەر شارستانیەتێك ڕووخساری هونەری خۆی دیاری دەکات، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی کە فۆڕم و ناوەڕۆك تێکەڵی یەکی دەکەن، تاوەکو پلەی لێهاتوویی سەریان دەخات، هەمان ئەو توانایەیە کە گیانی هونەرمەند دەبزوێنێت و دەیخاتە کار بۆ بەرجەستە کردنەوەی شێوە"[3]



وێنەی ژمارە (٤)
بەرجەستەکردنی
شێوە لای ئەغریق



وێنەی ژمارە (٥)
شێوەی سەر گڵێنەکان لای
میسریەکان

---

(1) زهير صاحب : فن الفخار ونحت الفخاري في العراق _عصور ماقبل التاريخ ، مطبعة ايكال ، بغداد: ٢٠٠٢، ص٣٨

(2) سەرچاوەی پێشوو، ص٤٠

(3) هربت رێد، مانای هونەر، سەرچاوەی پێشوو ، ل:٥١

هەروەها بابەتە جیاوازەکانی وەك ڕاوشکاری و پەرستن و بابەتە گیانداری و مرۆییەکان بووبوونە هۆکارێکی سەرەکی بۆ بەرجەستەکردنی شێوە، بە بەکارهێنانی ماتریاڵە جیاوازەکان، هەر بۆیە چەمکی شێوە بووە هەڵگری مانا و هێمای جیاواز، کە گوزارشت بوو لە بیری ڕێباز و تایبەتمەندییە هونەرییەکانی سەردەمەکەی، وە **"بەرجەستەکردنی پەیوەندیە بونیاتیەکانی نێوان ماتریال و پێکهێنانی شێوەکەیە وەك دەبینین لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیادا شێوازێکی نیمچە تەجریدی و نیمچە واقعی و ئەندازەسازیەکی تایبەت، بەلام لە دۆلی نیلدا شێوە نزیکتر بۆوە لە شێوازی واقیعی و بە ڕێرەوێکی ڕەمزی، لای ئەغریقییەکانیش ئەندازەیی و تەجریدی و پاشان واقیعی شێواز بوو، لە سەردەمی ڕێنیسانسیشدا شێوازی واقیعی پێوانەکاری وەرگرت"**[1]، ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شێوەدا هات بەردەوام بوو، بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین شێوەی بینراو واتای شێوەی دەرەوەی کارەکەیە، دەتوانرێت بکرێت بە کارێکی هونەری، کە پێکهاتەکانی شێوە تێیدا بەشدارە لە هەریەك لە پنتە سەرەکییەکانی شێوە لە بواری هونەردا وەك ماددە و هەست و هێما و هێڵ و بۆشایی، هەر هونەرمەندێك بۆ بەرجەستە کردنی بەرهەمە هونەرییەکەی لە خاڵی دەسپێکی بەرهەمەکەیدا لە ماتریاڵێکەوە دەست پێدەکات، چونکە ماتریاڵ ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ بەرجەستەکردنی کارێکی هونەری، ئەم کارەش لەخۆیەوە دروست نابێت بێگومان دوای بڕیاردانی دروستکەری شێوە، کەواتە هەر لە شێوەوە کارێکی هونەری شێوەکاری بەرجەستە دەبێت، تا ئێستاش (شێوە) کاریگەری لەسەر هزرو گرنگی زۆرێك لە کەسەکان هەیە، ڕوانگەیەکی فراوانی لای ئەو کەسانە کردۆتەوە کەوا کار لە هونەردا دەکەن بەشێوەیەکی یەکسان، بۆ جیاوازیی جۆراو جۆری لەو شتانەی بەکاری دێنن و باوەڕیان پێی هەیە، کە سەرجەم بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە.

ئەوەی شایەنی باسە **"شێوە لە هونەری شێوەکاریدا، بە دوو قۆناغی سەرەکیدا تێدەپەڕێت، یەکەم قۆناغی هزری، بۆ گونجاندنی بەرهەم و دووەم قۆناغی دروستبوون، کە توانای هونەرمەند ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت"**[2]، هەست و توانای هونەرمەندیش هۆکارێکە بۆ دروست بوونی کارێکی تەواو و گونجاو ، ئەو هەستەی بۆ بەرجەستەکردنی شێوەیەك کە ئەمە خۆی بۆ خۆی سەرکەوتنی کارە هونەرییەکەیە، لە چوارچێوەی گەڕان و ووردبوونەوە بۆ گەیشتن بە ئایدیایەك و تێگەشتن لە چەمك و مانای هونەری بۆ شێوە پێویستە بە پێی ڕێبازە هونەریەکان باس لە چەمکی شێوە بکەین، هەر هونەرمەندێك کە بەرهەمێکی بێنێتە بەرهەم سەرەتا دەبێت بیرۆکەیەکی هەبێت کە بیکاتە بنچینەیەك بۆ کارە هونەرییەکەی ئەویش بە پشت بەستن بەو ژینگەیەی تێیدا دەژی لە ژێر کاریگەری کۆمەڵگا و ئایین و سیاسی و ئابوری، بە بەردەوام هونەرمەندان دەگەڕان بە دوای تازەگەری لە شێوەدا، لەبەر ئەوە بوو چەند ڕا و بۆچوون و قوتابخانەیەك دروست بوون، کە تیایاندا شێوە خەسڵەتی تایبەتی لە خۆ گرتبوو.

---


(1) برزان احمد: سەرچاوەی پێشوو. ص٦٧.

(2) ايهاب احمد عبدالرضا: خصائص الشكل في منحوتات مرتضى حداد، رسالة ماجستير غير منشورة ،مقدمة الى جامعة بغداد، ٢٠٠٩، ص١١٦

بۆیە بە کورتی چەمکی شێوە لە نێو ئەو ڕێبازانە دەخەینە ڕوو، شێوە لای ئینتیباعییەکان، (impressionism)، شێوازێکی نوێی وەرگرت بۆ دەربڕین، کە لە بەرجەستەکردنی ڕەنگ و پێچەوانەکەی لەسەر ڕووی دیمەنەکان دەرکەوت، ئەویش بە دەرچوون بەرەو سروشت وکارکردن لە نێویدا بە ڕاستەوخۆ، کاتی شێوەی بڵاوبوونەوەی ڕەنگەکان و چۆنیەتی گۆڕانکارییەکانیان لە لایەك و لە لایەکی تریش جووڵە بووبە بەشێك لە شێوەی ئینتیباعییەکان. وەك لە وێنەی (٦) دا دیارە، بریتییە لە تابلۆیەکی هونەرمەند (کلۆد مونێ) بە ناوی ( خۆری درەوشاوە) گوزارشت لە بەرجەستەکردنی شێوە دەکات لەم ڕێبازەدا، هەروەها ڕەنگ لای ڤۆڤیزمەکان، (fauvism) ڕۆڵی کاریگەری خۆی بینی لە بەرجەستەکردنی شێوەدا، بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە بێ تێکەڵ کردن و کاڵ کردنەوەی، سادەیی لە شێوە و دەربڕین لە هێزی توند و هەڵچوونەکانیان بەشێکی تر بوون لە بەرجەستەکردنی شێوە، **"لەنێوان ساڵانی (١٨٨٥_١٩١٠) دەرکەوتنی هێما بوو، کە بەناوبانگترین هونەرمەندی ئەم قوتابخانەیە گوگانە شێوە بە ڕەنگ و هێڵ و سۆزی مرۆڤایەتی دەربڕێت، لە بەرهەمە هێماییەکەدا بۆ هزری هونەرمەند ئاماژە بێت"**[(١)]، واتە ئەو شێوە هونەرییە بەرجەستە کراوە و سەرجەم هەست و دەربڕینەکانی و ئەو بارودۆخەی کە هونەرمەند بەرهەمەکەی تێدا وەبەرهێناوە لە ڕێگەی ڕەنگ و هێڵەکانی بەرهەمەکە تێدا بەرجەستە کراوە، وەك لە وێنەی (٧) دا دیارە، هەروەك ڕوونە شێوە لای قوتابخانەی ڤۆڤیزم بە ڕەنگ دەربڕینیان بۆ کردووە و لای ئنتیباعیەکان زیاتر پشتیان بە فیزیای ڕەنگ و ڕووناکی بەستووە کە کایەیی یاریدەدەر و سەرەکی بوو لە بەرهەمە هونەرییەکانیاندا و گۆڕانکاری بە پێی سروشت.



وێنەی ژمارە (٦)
(کلۆد مۆنی)



وێنەی ژمارە (٧)
(پۆڵ گۆگان)


لای تەعبیریەکان (expressionism) یش شێوە، **"پەیوەندیی فیکری هونەرمەند و دەربڕینە زهنییەکانی و پەیوەندی بە جوانە دەربڕینەوە هەیە، بەهۆی ڕووکار، یان بابەت، یان جووڵە، یان شێوەکە و جووڵەش وەك خەسڵەتێکی جوانی دەربڕین و جوانی شێوە خەسڵەتێکی ئیستاتیکی شێوە بوو"**[(٢)]، هەروەها ڕۆڵی جیهانی درك و ڕەنگ و گۆڕانکاریەکانی پاڵپشت بە هەڵچوون و بینینی خودی و جۆر و چۆنیەتی هەستپێکردنەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە بەرجەستەکردنی چەمکی شێوە، وەك لە

---

[(١)] علیە محسن عبود، (الشكل والمضمون فی النصب الخزفیة للفنانین ماهر السامرائی و بیتر فولكس)، بغداد:٢٠١١،ص:٧٩

[(٢)] برزان احمد، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠٥

وێنەی (٨) دا دیارە کە بریتی یە لە بەرهەمی هونەرمەند (ڤان کوخ) بە ناوی (شەوی ئەستێرەکان)، بەڵام لای تەکعیبییەکان (cubism)، شێوە ئەندازەییەکان بوونە بنەمای سەرەکی بەرجەستەکردنی شێوە، چونکە لای ئەوان ئەندازە سازی بنچینەی فۆرمەکانە، تەکعیبیەکان بنەمای لاسایی کردنەوەیان لە سروشتەوە ڕەتکردەوە و جەختیان لە شیکردنەوەی ئەندازەیی و پێکهاتنەوەیان کردەوە، بەمەش **"دوو شێوازی لە خۆ گرت کە یەکەمیان شیکاری و دووەمیشیان لێکنانەوە بوو، لە شێوازی یەکەمیاندا پشتیان بە بەشکردنی شێوە بەست بۆ چەند پارچەیەکی ئەندازەیی و پاشان پێکەوە لکاندنەوەیان بە پەیوەندی یەکی شێوەسازی و لە دووەمیشدا چەمکی شێوە بە پێی لێکنانەوەی شێوەکە بوو"**[1]، هەروەها لای تەکعیبییەکان گرنگیان بە شێوەی ئەندازەیی دەدا کە بریتی بوون لە سێگۆشە و چوارگۆشەو لاکێشەو بازنە ڕێکخستنی و داڕشتنی لە لایەن هونەرمەندەکەوە و بەرجەستەکردنی لە بەرهەمەکەیدا، وەك لە وێنەی (٩) دا دیارە، کە یەکێکە لە بەرهەمەکانی هونەرمەند (بابلۆ بیکاسۆ) کە بە دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە ناسراوەو توانیویەتی شێوەی ناو تابلۆکەی بە شێوە ئەندازەییەکان بەرجەستە بکات.



وێنەی ژمارە (٨)
ڤان کوخ



وێنەی ژمارە (٩)
پابلۆ بیکاسۆ

لای فیوچەریزمییەکان (futurism) یش، چەمکی شێوە لەسەر بنەمای چەمکی جووڵە و کات و هێز بنیاتنراوە جووڵەش بووە بەشێکی سەرەکی لە شێوەکاندا، وەك لە وێنەی (١٠) دا دیارە، هەروەها **"ئامێریان بنیاتنا کە لە جووڵەکانی خوودی خۆیەوە بەرهەم هاتبوو، وەك لە زیندووێتییەکەیەوە"**[2]، خودی شێوە وەك چەمکێك لای تەجریدییەکان (abstract) بووە بنەمای بەرجەستەکردنێکی جیاواز لە ڕێبازەکانی تر، ئەویش بە پشت بەستن بە هەڵێنجانی بینینێکی داماڵراو لە واقع و سروشت و داڕشتنەوەی بە زمانێکی هونەری شێوەیی جیاواز، کە بەرجەستەی جیهانێکی تایبەت بۆ چەمکی شێوەیەکی پەتی دەکات، چونکە **"پەیوەستە بە چالاکی خەیاڵ و هێزی بەشێوەکردن و پەنابردنی هونەرمەند بۆ جۆرێك لە دەربڕینکاری، یان پێدانێکی ڕەمزی بەبێ ئەوەی هیچ ڕەگەزێکی**

---

(١) برزان احمد، سەرچاوەپێشوو، ل ٢٠٩

(٢) هربت ريد، النحت الحديث، ت: فخری خليل، مراجعة ابراهيم جبرا، دار المامون للترجمة والنشر، بغداد،١٩٩٤، ص:٨٦

**سروشتی تیادا دەربکەوێت"**[١]، شێوە لای هونەرمەندانی قوتابخانەی ئەبستراکت بریتی بوو لە کەمکردنەوە و داماڵین بۆ دوورکەوتنەوە لە واقع بایەخدان بە شتە نەبینراوەکان، وەك لەوێنەی (١١) دا دیارە، بریتییە لە یەکێ لەبەرهەمەکانی هونەرمەند (کاندنیسکی)، لای سوریالیەکان (surrealism)یش، چەمکی شێوە، چەمکێکی جیاوازتری وەرگرت کە سەرچاوەکەی نە سروشت نە واقع نە ئەندازەسازی بوو، بەڵکو بە پێی ناوەکەی کە پێکهاتووە لە دوو بڕگەی سور. ڕیالیزم بەمانای سەرو واقع هات، چەمکی شێوەش هەمان چەمکی وەرگرت لای سوریالیەکان، بە **"ڕۆچوونی ڕۆحی و خوودی بە بابەتە نا واقعیەکان و پەیوەست بوونی ئەم ڕۆچوونەش بە پەیوەندییە خودییەکانەوە، هەروەها دەربڕین لە شێوە ناتۆکان وەك ئەو شێوانەی کە بەندن بە سەربەستی لە پێکهێنانیدا"**[٢]، لایەنێکی تری چەمکی شێوەش لای سوریالییەکان جیهانی دەروونی و خەون و خەیاڵ و نەست بوو، لە بەرهەمەکانی هونەرمەند (سلڤادور دالی) بەرجەستە دەبێت وەك لە وێنەی (١٢) دا دیارە:



وێنەی ژمارە (١٠)
جینیۆ سیڤرینی



وێنەی ژمارە (١١)
ڤاسیلی کاندنیسکی



وێنەی ژمارە (١٢)
سلڤادۆر دالی

(١) برزان احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥

(٢) برزان احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣ -٢١٤

## چەمکی فەلسەفی شێوە:

شێوە لە ڕووی فەلسەفییەوە لە ڕوانگەی فەیلەسوفەکانەوە هەڵگری چەمك و شیکردنەوەی جیاوازە، کە هەریەکەیان لە ڕوانگەی هزری فەلسەفی خۆیان و ئەو ڕێبازە فەلسەفییەی پیادەیان کردووە، ڕوونکردنەوەیان پێداوە، بە چەمکە فەلسەفییەکەش هەڵگری مانایەکی پەتی نزیك بە بونیادەکەیەتی، دەربڕینیش لێی لە ڕێگەی چەند وشە و مانایەکەوە دەبێت، هەر لە (تالیس) یشەوە تێبینی گۆڕانی هەمیشەیی دیاردەکانیان کردووە پاشان پرسیویانە شێوە چییە و ماناکەشیان لە ناوەڕۆکدا بەدی کردووە، **"فەیلەسوفەکان پڕۆگرامی جیاوازیان هەبووە، هەندێکیان باوەڕیان بە بوونی سیستمێکی ڕەها هەبووە بۆ گەردوون، لە ڕێگەی ژمارە و ژماردن و شێوە ئەندازییەکان، هەندێکی تریان باوەڕیان بە شێوەی ئەندامی هەبووە، کەوا بەسروشتی خۆی وەکو بونەوەر لە سروشتدا هەیە"**[(١)]، پاشان فەیلەسوف و هونەرمەندان ڕوانیان بە تێبینی کردنی سروشت بۆ گۆڕانکاری و جوڵەکانی و کردارەکانی گەشەو پێشکەوتن، تاگەیشتە ئەوەی مانای (شێوە) کە بریتییە لەرێکخستن بۆ کۆمەڵە بەشێك لە بۆشاگەری.

هەروەها زانایانی دەروونناسی گرنگی زۆریان بەشێوە داوە کە وای بۆ دەچن **"شێوە بۆ دەربڕینی بواری ئاڕاستە دەروونیی و جوانییە جۆراو جۆرەکان هاتۆتەکایەوە"**[(٢)]، هەروەکو زۆرێك لە فەیلەسەفەکانی جوانی و ڕەخنەگرەکانی هونەر باسیان لە بابەتی شێوە کردووە و چەند چەمکێکی جیاوازیان بۆ هونەر بەکارهێناوە، کە گوزارشت لە چەمکی شێوە دەکات لە لای هەریەکەیان، (جیروم ستولنیتز) جەختی لەوەکردۆتەوە، کە دەڵێ (شێوە) بریتییە لە **"ڕێکخستنی ڕەگەزە مادییەکان کەوا کاری هونەری لە خۆی دەگرێت و پەیوەستیەك و پێکەوە گرێدانێك لە نێوانیان هەیە، لەم ڕێگەیەوە ئەم ڕەگەزانە بابەتەکانیان دەخەنە ڕوو لە کاری هونەری بۆ هەر یەکێکیان، هەروەها ئەو ڕێگایەی کەوا کاریگەری لەسەر یەکتری دەکەن"**[(٣)]. دەکرێ لەم ڕوانگەیەوە بڵێین کە بۆ بەرجەستە کردنی شێوەی هەر بەرهەمێکی هونەری چەند ڕەگەزێکی سەرەکی هەیە، هونەرمەند دەتوانێت لە ڕێگەی بنیادنانی ئەو فۆرمەی کەمەبەستێتی ئەو ڕەگەزانە ڕێکدەخات و پەیوەندییەکی وەها دروست بکات کە بە کەم و کووڕی لە هەر یەکێك لەو ڕەگەزانە مانا و ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکە دەگۆڕێت و شێوە بەهایەکی تری دەبێت، کەجیاوازە لەو فۆڕمەی هونەرمەند بەرجەستەی دەکات، (ڕۆبرت سکوت جیلام) جەختی لەسەر بابەتی ڕێکخستنی شێوەیی کردەوەو دەڵێت **"شێوە بریتییە لەو شتەی کە هەندێك ڕێکخستن لە خۆ دەگرێ"**[(٤)].

بەهەمان شێوە ڕێکخستنی سەرجەم پێکهاتەکانی بەرهەمێکی هونەری گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەویش لە ئەستۆی هونەرمەندایە، کە تا چەند لە توانایدایە ئەو ڕێکخستنە لەبەرهەمەکەیدا

(١) هیربرت ڕێد، مانای هونەر، سەرچاوەی پێشوو، ل:١٥

(٢) قاسم حسین صالح: سايكولوجيه ادراك الشكل و اللون،الناشر دار العلاوالدين، بغداد: ١٩٨٢، ص١٢٦

(٣) ستولنيتز (جيروم): النقد الفنی، دراسه جماليه والفلسفيه، ت:د.فواد زكريا، القاهره: ، ص:٣٤٠

(٤) سكوت (روبرت جيلام): أسس التصميم، دار النهضة للنشر مصر: القاهرة، ١٩٨٠، ص:٢٤

بخاتە ڕوو، بە بۆچوونی (جۆن دیوی) شێوە **"بریتییە لە ڕێکخستن بۆ ڕەگەزەکانی پێکهاتە، یان بەشە تێکەڵکراوەکان"**[1]. واتە پێکهاتەی هەر فۆڕمێکی هونەری بریتییە لە چەند ڕەگەزێکی دیاریکراو، کە ڕێکخستن و تێکەڵکێشانی ئەو ڕەگەزانە شێوەیەکی هونەری و بەهادار بەرجەستە دەکەن. بیرمەندی بواری هونەر (هربرت ڕید) گوزارشت لە چەمکی شێوە دەکات بەوەی **"شێوە، تەنها ڕێکخستنی بەشەکان و لایەنەکانە، هەروەها دەڵێت ڕێبینێکی هێمایی و نموونەییە، بۆ گەڕانەوەی سەرچاوە وەرگیراوەکان بۆ شێوە سروشتییەکان، لەڕێگەی ڕاڤەکردنی هێما گەردونیەکانەوە"**[2]، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێین، کە شێوە بێجگە لە ڕێکخستنی لایەنەکانی، گرنگترین پێکهاتەکانی سروشتە، کە سەرجەم شێوەکان لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە، شێوە **"کۆکراوەی چەند ڕەگەزێکە، بۆ نیشان دان و چۆنیەتی یەکگرتنی ڕەگەزەکان لە سروشتەوە بۆ دەستەواژە هونەرییەکان"**[3]، بەهۆی ڕێکخستنی ڕەگەزەکانەوە دەگەینە بەدیهێنانی شێوەکە و بە بەشداری جۆری پەیوەندییە هونەرییەکان بەمەش پتەوی نێوەندگیری گونجاوتر دەبێت، ماددە و سروشت کاریگەری تەواوی هەر بەرهەمێکی هونەرین لەسەر هزری هونەرمەند. **"جۆرج سانتیانا: شێوە لە ئەنجامی کۆکراوەی بنەماکانەوە دروست دەبێت، کە ماددە جیای دەکاتەوە، لە کاتێکدا چۆنیەتی یەکبوونی ئەم بنەمایانە لەگەڵ شێوازی شێوە پێکهاتووەکەدا دەبێت"**[4]، دەتوانین بڵێین بڵێین ماددە ڕەگەزێکی هەرە گرنگە بۆ بەرجەستە کردنی شێوەیەکی هونەری، پاشان هەموو ئەو بارو دۆخ و کاریگەرییەکانی سەر هزری هونەرمەند بۆ گەیاندنی مانا و ناوەڕۆك بۆ بەرانبەرەکەی، بە وتەی ستۆڵێنتز جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ماددە لە هەندێك کات لە بری شێوە بەکاردێت، دەربارەی ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکە، بۆچوونی وایە کە ماددە ناوەڕۆکی کارەکەیە و بەبێ ئەو کارەکە لاواز دەبێت، **"ستۆڵێنتز سێ کار فەرمانی جوانی بۆ شێوە دیاری کردووە بەم جۆرە :**

**١-شێوە هەستی وەرگر ڕێك دەخات و ڕێنمایی دەکات و هۆشی بە لایەنێکی دیاریکراو ڕادەکێشێت بە شێوازێك کە کار دیاری دەکات.**

**٢- شێوە زێدەرەکانی کارڕێکدەخات بەشێوەیەك کە بەها هەستی و دەربڕینییەکەی دەردەکەوێت.**

**٣-ڕێکخستنی شێوەیی لە خودی خۆیدا بەهایەکی جوانی تەواوی هەیە"**[5]

کەواتە شێوە بریتییە لەدەرەنجامی کۆکراوەی ڕەگەزەکانی بنیاتنان، لەگەڵ یەکتر بەشدارن بۆ دروستکردنی شێوەیەکی بینراو، کە وەرگر بتوانێ دەستی لێبدات، ڕێکخستنی شوێن بۆ ڕووبەرەکانی ڕەنگ و هەموو ڕەگەزەکانی تری دروستکردن، هیچ کارێکی هونەری بەبێ شێوە بوونی نییە، هەرچەندە

---

(١) جون دیوی، (الفن خبره)، ت: زکریا ابراهیم ، المرکز القومی للترجمه، القاهره: ١٩٨٣ ، ص:١٩٣

(٢) هربرت رید: مانای هونەر، ( سەرچاوەی پێشوو)، ص١

(٣) جورج سانتیانا، الاحساس بالجمال، ت: د.محمد البدوی النجاح ،الناشر للمهارات،القاهره: ٢٠٠١، ص:١٢٠

(٤) جورج سانتیانا، سەرچاوەی پێشوو، ل:١١٩

(٥) ستولنیتز (جیروم)، النقد الفنی، سەرجاوەی پێشوو، ص: ٣٤٠

شێوەکان جیاواز بن لە ڕووی سەرچاوەکەی. "**شێوە ڕێکخستنی بنەماکانی ماددەیە کە کارە هونەرییەکە پێك دەهێنێت و پەیوەندی لە نێوان ئەو بنەمایانە دروست دەکات، ئاماژە بۆ ئەو یەکگرتنە دەکات کە دروست دەبێت لە نێوانیاندا**"[1]، کەواتە ماتریاڵ یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی کە شێوە پێك دەهێنێت، دەبینین لە دارشتنی هەر بەرهەمێکی هونەری دا بێجگە لە پێکهاتەکانی تری وەك خاڵ و هێڵ و تێکسچەرو ڕەنگ، مادده بووە بە سەرەکیترین ڕەگەز کە شێوە دەستنیشان دەکات، ئەمە جگە لە ناوەڕۆك، کە دەتوانین بڵێین لە ڕووی ناوەڕۆکەوە سێ جۆر شێوەمان هەیە:

**١-"شێوە بە مانای دروستکردن، ئەمە چەمکێکی کلاسیکییە بۆ شێوە، بە پەیوەندیی گونجاو بۆ بەشەکانی لە نێوان خۆیاندا.**

**٢- شێوە بەمانای پەیپێبردنی هەستی/ مەرجێکی پێویستە بۆ دەست نیشانکردنی درکپێکردنی هەستی، کە پەیوەستە بە زانستیی دەروونناسییەوە.**

**٣- شێوە نموونەیە بۆ بیرکردنەوە/ کە ئەویش شێوەی ئەفلاتۆنییە کەوا هێما تێیدا زاڵە و زیاتر پەیوەستن بە بەها ئەخلاقی و بیرو باوەڕەکانی جوانی**"[2]

هەروەها ئەرکی شێوە لە کاری هونەریدا دوو ئاست لەخۆ دەگرێت، کە هەریەکەیان بەهای جێبەجێکاری خۆیان هەیە، "**ئاستی یەکەم: دروستکردن، گرنگی شێوە لێرەدا ئەوەیە، کە بە پێشکەش کردنی پەیوەندی و ڕێکخستن بۆ ڕەگەزەکان، شیکردنەوەی ناوەڕۆك، دەرخستنی لایەنەکانی شێوەیی ئەنجامدەدات. ئاستی دووەم: دەربڕین، کارەکەی بریتییە لە وەرگێڕانی دەرەنجامی لادانی بەدەست هاتوو لە ڕێکخستنی شێوە و مانایەکی لەگەڵدا بێت**"[3]، دەتوانین بڵێین هەردوو ئاستەکە پەیوەستن بەیەکەوە، کە ئامانجیان بەرجەستەکردنی شێوەیە، چ لە ڕووی ڕۆڵی دروستکردنەوە بێت، یان دەربڕین، لە دروست کردنیدا گرنگی بەشەکان و ڕێکخستنیان دەخرێنە ڕوو.

لە دەربڕینیشدا یەکگرتنەوەی بەشەکان و وەرگێڕانی چەمکی یەکەی شێوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، یەکگرتنی ئەم دوو ئاستەش وا لە وەرگر، دەکات کارلێك بکات لەگەڵی، کە پشت دەبەستێت بە بنەمای ئاستەکان ئەوەش دەبێتە بەگەڕخستنی شێوە لە نێوکاری هونەریدا.

تێۆری شێوە وە ناوەڕۆك لە گرنگیپێدراوە دێرینەکانە، لە تەوەرەکانی ئەفلاتوندا شێوە نواندنە بۆ مەبەستێك، یان بەهایەك، یان ڕووی شتێك، ئەفلاتون بۆ قوڵتر لەمە دەچێت و پرسیار لە خودی شێوە دەکات، هەر بۆیە لە بنچینەدا خودی شێوە بە ماکێتێکی نموونەییەوە دەبەستێتەوە، دیاردەکان لای ئەو تەنها سێبەرن و تەنها وێناکردنێکی چرکەییە، بەڵکو جەخت دەکاتەوە لە سەر ئەوەی، کە شێوە تەجریدکردنێکی ناوەڕۆکی ناماددی شێوەکانە.

---

(١) ئاوات سعید فتاح، شکل والمضمون في الاعمال، الفنان محمد کاکة ، رسالة ماجستیر غیر منشورة، متقدیمة الی جامعة السلیمانیة، ٢٠٠٩، ل ٩

(2) Arnhem R، Art and visual perception، New York، 1964، p.60

(٣) ایهاب احمد عبدالرضا، خصائص الشکل في منحوتات مرتضی حداد، ص١١٦

کەواتە شێوە لای ئەفلاتۆن لە ناوەڕۆکدا پەیوەستە بە جیهانی باڵاوە و نواندن لە ڕاستی شێوە دەکات، بەپێی شیکردنەوە فەلسەفییەکان دەکرێت شێوە دابەش بکەین بۆ ڕێژەیی و ڕەها وەك چۆن دەبینین (ئەفلاتۆن) جیاوازی لە نێوانیاندا دەکات بەوەی کە **"لە شێوەی ڕێژەییدا، ڕێژەو جوانیەکەشی بۆ ماوەی سروشتی بوونەوەرە زیندووەکانە، لە سروشتی وێنەی وەرگیراوی بوونەوەرە زیندووەکانەوەیە، بەڵام مەبەستی لە شێوەی ڕەها، یان داماڵراو ( تجرید)، کە پێکهاتووە لە هێڵە ڕاست و چەماوە و لار و ڕووکەشی شێوە ڕەقەکان"**[(١)]، هەروەها دەڵێت **"شێوە نمایشی فکرە، مەبەست لە شێوە مانا هێماییەکەیەتی"**[(٢)].

لەم ڕوانگەیەوە پشت دەبەستین بە بۆچوونەکانی ئەفلاتون کەوا جەختی لە گرنگی شێوە هێما کردۆتەوە، کە سیفەتی ڕەهـــای پێداوە، ئەم سیفەتەش مانای هێماو قووڵی دەربڕین دەگەیەنێت، کرداری دروستکردنی شێوەو بەگەڕخستنی لەسەر ڕووکەشی وێنەیی کاری هونەری پشت دەبەستێت بە توانای هونەرمەند لە چالاك کردنی ڕەگەزەکانی و بەکارهێنانیان لە نێو بۆشاییدا، چونکە بۆشایی هێزێکی گرنگیی هەیە، کە توانای هەیە هەست پێکردن و پەیپێبردن و بینین بەدەستبێنێت، لە بەرئەوە ناتوانین وتەکان لەسەر شێوە تەواوبکەین بەبێ بوونی بۆشایی و قووڵای کە دەوریان داوە، **"قسەکردن لەسەر شێوە بەدەرنییە لە گرنگی زانینی ئەو ڕۆڵەی بۆشایی دەیبینێت، خۆی لە سیستمێکی بنەڕەتی دەبینێتەوە، لە ڕێی پێدانی وشەکانی شێوە، چونکە بۆشایی ڕێگە بە قەبارە و شێوە دەدات بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ بەدەستهێنان، کەواتە تێکەڵبوون لە نێوان شێوە و بۆشایی دەبێتە هۆی پێکەوە بەستن، لەبەر ئەوە ناتوانین جیاکاری لە نێوان شێوە و بۆشایی وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ بکەین"**[(٣)].

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین بڵێین چۆن مادده یەکێك بوو لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شێوە و تەواوکەری یەکتری بوون، بە هەمان شێوە بۆشایی ڕۆڵی سەرەکی لە بەرجەستەکردنی شێوەدا هەیە، **"شێوەی دروستکراو لە بەکارهێنانی هێڵکاری و ڕووبەرەکانی ڕەنگ پێکەوە دەستەیەك بۆ شێوەکە پێکدەهێنن، کە کۆمەڵێك بۆشایی لە خودی جوڵەی هێلکاری و ڕەنگەکان و ڕێکخستنی تۆنەکان هەیە بۆ ئەوەی سروشتی بۆ دابین بکات، سەرەڕای دروستکردنی بۆشایی، هەروەها قوڵایی گرنگیدان بەجووڵەمان بۆ دەرەخسێنێت"**[(٤)]. لێرەدا گرنگی چەندێتی بۆشایی دەردەکەوێت هەروەها کاریگەریەکە لە کاری هونەریدا، کە خۆی لە خۆیدا پێویستیەکی هونەری و شێوەکاری و جوانییە، لە یارمەتیدانی شێوە بەشدارە تاکو پێکهاتەکانی دەگاتە کۆتایی لە بەرهەمە هونەرییەکەدا.

---

(١) هربرت رید، معنى الفن، سەرچاوەی پێشوو،ل:٧

(٢) نعيمة محمد، الخزف المعاصر فى كردستان العراق و سماتة و مضامينة الفنية، ص: ١٠٥

(٣) نوبلر نابان: حوار الروية – مدخل الى التذوق الفني والتجربة الجمالية، بيروت، ١٩٩٢، ص ٧٨

(٤) اسماعيل عزت: علم نفس التجربي، الكويت، ١٩٨٣، ص ١٢٥

پێویستە کرداری پەیبردن بە کرداری وروژاندن و سەرنجدان پێش بکەوێت بەرەو شێوە، کەواتە کاری گرنگی هونەرمەندی داهێنەر لە دروستکردنی شتێکی وروژێنەری داهێنەر بۆ ئەوەی وەرگر مانای نوێی دەست بکەوێت، **"گەیشتن بەم مەبەستە پەیبردنە بۆ ئەم دوو ڕێگایە:**

**یەکەم / دەستنیشانکردنی هێڵە هاوتەریب و دژیەکەکان، لە کارێکدا بۆ بنیادنانی و خوێندنەوەی ڕەگەزەکانی تر.**

**دووەم / بەرزکردنەوەی ئاستی سەرنجدان و تێڕامان، بە پشت بەستن بە فاکتەرە بنچینەکانی کارە هونەرییەکان و جووڵەی ڕەگەزە دژیەکەکان"**[(١)]

هەندێك لادان پەیدابوو لەلایەن بیرمەندانی تیۆری شێوەسازی، کە دروستکردنی بنیاتی شێوەکە هەمووی ئەوەیە کەلەکاری هونەریدا هەیە و ئەوەش ڕەت دەکەنەوە، کەوا شێوەکە پشت بەمانایەکی دیاریکراو ببەستێت، چونکە بەیەك شێوە دەکرێت چەند کردارێکی جۆراوجۆری هەبێت، **"لێرەدا ڕۆڵی هونەرمەند و هۆشیاریەکەی دێت کە بە ڕێکخەری چوارچێوەکە دادەنرێت، بۆ شێوەکە بەپێی پەیوەندییە پێکەوە بەستراوەکان و کارلێکردن لە نێوانیان و لـە ڕێگەی هـۆشیاری هونەرمەند لە شێوەی هونـەری بـەشێك لـە ڕوانگەی گشتەوە دەبینـرێت، چوارچێوەی بیری، جا ئەگەر بیرۆکە کە بڵاو بێت، یان بـابەتێکی گشتی بێت کـە هەموویان بێنن، کارلێکردن لەگەڵ شێوەی هونەری دەکرێت، ئەوە تایبەتە بە هونەرمەند، نەك لایەنی دەرەکی، یان پەیوەندیی بە هیچ شتێکی ترەوە نییە"**[(٢)].

لە کۆتایی ئەم توێژگەیەدا دەربارەی شێوە دەتوانین بڵێین شێوە هەڵگری چەمکی جیاوازە هەر لە ڕووی هونەری و داڕشتن و فەلسەفییەوە، لە گشتیاندا ڕوویەکمان پێدەناسێنێت، کە داڕێژراوی کۆمەڵێك بنەما و ڕەگەز و هزری هونەری و فەلسەفی یە، سەرەنجام تەواوکاری ماتریاڵە و گوزارشتمان لە بابەتێك بۆ دەکات کە پەیوەستە بە ژێدەرە جیاوازەکان و جوانی و تەکنیك ستایلێکی تایبەتە بە خۆیەوە، کە دەشێت هەڵگری چەمکێکی واقیعی، یان ئەندازەیی، یاخود تەجرید، یان زهنی یاخود دەربڕینخوازی بێت.

---

(١) الجبوري ستار حمادي، العلاقات اللونية و تأثيرها على الحركة سطوح المطبوعة، اطروحة دكتورا، بغداد، ١٩٧٧، ص:٢٩

(٢) حسيني ايناس، العلاقة الموضوعية بين شكل و المضمون في العمل الادبي وجهان لعملة واحدة، مجلة ديوان

# توێژگەی دووەم

## هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و فۆڕمی داهێنراو
## لە هونەری شێوەکاریدا

## توێژگەی دووەم

## هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و فۆڕمی داهێنراو لە هونەری شێوەکاریدا :

ژن وەکو بابەتێکی دیار لە هونەری شێوەکاریدا مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە، وەك فۆڕمێکی تەعبیری ڕۆڵی گرنگی خۆی هەبووە لە نێو داهێنراوە هونەرییەکاندا، کە لە چەند مەبەستێکی جیاوازدا ڕەنگی داوەتەوە، بە چەند جۆرو شێوازێك تا کۆتایی سەدەکانی مێژوویی هونەری و ئێستاش ڕەنگدانەوەی لە نێو ڕێبازە هونەرییەکاندا بەدی دەکرێت "**پەیکەری ژن بەتایبەتی، دۆزینەوەی چەند پەیکەرێکی شێوەی ژن لە سەردەمی ئۆرجناس★ نموونەن بۆ هێمای جەستەی ژنێك کە لە عاج دروستکراوە بە ناوی غادە براسمبوی بە پێوانەیەکی بچووك و چەمانەوەی باڵ و قاچەکانی و دەرچوونی سنگ لە پێشەوە و کاتوکەکانی (سمت) لە پشتەوە، هەروەها پەیکەرێکی تری شێوە نامۆ کە لە ولندرۆف دۆزراوەتەوە و بە ناوی (ڤینوس ولندروف) لە بەردی جیری و پێوانەیەکی بچووکی هەیە**"[1]، کە هێمایە بۆ ژیان وبە پیتی ئەوەش لە دەرخستنی ئەندامەکانی بەشی مێینەی ژن دا بەرجەستە کراوە وەك لە وێنەی (١٣) دا دیارە، سنگی گەورە کە هێمای ژیانە و هەروەها دەرخستنی سك بەو شێوە گەورەییە ئەویش هێمایە بۆ زۆر بوون، هاوشێوەیی لە پەیکەری ڤینوسدا لەگەڵ ئەوەی نزیکە لە شێوەی واقعی جەستەی ژنەوە، بەلام لە ڕووی توێکاری و داڕشتنی بەشەکانی جەستەیەوە زیادەڕۆیی و موبالەغەکردن لە هاوشێوەیی بوونەکە بەدی دەکرێت، کە پڕە لە بەهای تەعبیری و ئیستاتیکی باڵای پەیوەست بە ناوەڕۆکی چەمکی بەپیتی لای ژن و خاك و سروشت، هاوشێوەیبوون هەڵگری بەهای بیر و باوەڕگەراو هزری فەلسەفییە لە بەرجەستە کردنیدا.



**وێنەی ژمارە (١٣)**
**ڤینۆس ویلندرۆف**

فۆڕمی پەیکەری دایك هێمایە بۆ زاوزێ، گرنگی زیاتر درابووە ناوچەی مێینەکانی، خواوەندی دایك بە کۆنترین شێوەی خوا پەرستی دادەنرێت "تەنانەت ناونانی خواوەندەکانیش بەمانای ناوی مێینە

★ ئۆرجناس"Aurignacian" : ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردینی کۆن. لە نێوان بیست و پێنج هەزار ساڵ پێش مێژوو یەکەم قۆناغی پیشەسازی دوایی سەردەمی بەستەڵەك، جۆراوجۆری یەکی گەورە هەبووە لە ئامێرەکاندا و تایبەتمەندی هەریەکەیان بە کارێکەوە بۆ برین و هەڵکۆڵین کە هاوکار بووە لە بەرەوپێش چوونی کارە هونەریەکاندا کە دوای بەکارهێنانی ئامێری بەرد ئامێری پەیکەری گیانداران بەکاردەهێنرا کە لەسەر ئێسك و عاج هەڵکۆڵراون. بڕوانە:
www.maref.org/indexphp/ ، www.britannica،com/topic/Aurgnacian

[1] حسن الباشا، الفنون فی عصور ما قبل التاریخ، اوراق شرقیە، بیروت: ٢٠٠٦، ص:١٦-١٨

ناونراوە وەکو ناوی خواوەندی (ئاناهید)★"[1]، پاشماوە مێژووییەکان لە هونەری عێراقی کۆندا ئاماژەن بۆ شێوە و فۆرمی پەیکەری فوخاری کە زۆربەیان هێمان بۆفۆرمی ژن، بەتایبەت فوخاریاتی (حسونە و سامرا و حەلەف و عوبید)★★، لەم سەردەمەدا تایبەتمەندی خۆی هەبوو لە ڕووی دروستکردن و تەکنیکی کارکردنەوە بە گرنگترین جۆر لە شێوازی گڵێنەسازی دادەنرێت لە پاڵ بەکارهێنانی وەك پێویستییەکی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان چەندین هێما و ئاماژەی تایبەت بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە سەر ڕووکاری بەرهەمەکان نەخشێنراوە، کە تیایدا ڕۆڵی ژنیان لە بوارەکانی ژیانیاندا نیشانداوە، کە شانبەشانی پیاو لەبواری کشتوکاڵدا و توانایی منداڵبوون و بەخێوکردن و هێمایی گەشەو پیتان، لەبەرئەوە بوو بە بەشێك لەبەرهەمە فوخارییە پەیکەرییەکان، کە بەچاوی گرنگی پێدانەوە لێیان دەڕوانی، هاوشێوەیی لەنێوان فۆرمی ژن و جەستەی بەرهەمەکانیان بەشێوەی بەرچاو دەبینرێت، بڕوانە وێنەکانی (١٤ و١٥و ١٦و١٧).



وێنەی ژمارە (١٤)
جەستەی ژن لە سەردەمی حسونە



وێنەی ژمارە (١٥)
جەستەی ژن لە سەردەمی سامەڕا



وێنەی ژمارە (١٦)
جەستەی ژن لە سەردەمی حەلەف



وێنەی ژمارە (١٧)
جەستەی ژن لە سەردەمی عوبێد


ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆربەی خواوەندەکان بە هاوشێوەی ژن دروست دەکران وسەرجەم دەسەڵات و پلەو پایە درابوو بە ژن، ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ توانای ژن لە منداڵ بوون و دەرخستنی سنگی ژنان کە هێما بووە بۆ پیت و زۆربوون، "**دەرکەوتنی ژن لە کارە هونەرییەکانی میزۆپۆتامیا خاڵی دەربڕینی ڕوونی بە هونەرمەند بەخشیبوو لەگەڵ تێکەڵ بوون بەو بیرۆکەیەی کە وای کردووە ژن بچێتە بازنەی بیرو باوەڕە ئاینییەکان، بەرجەستە کردنی شێوەی ژن گەشەی سەند بۆ هونەری ئەندازەیی و نەمری بیرۆکە، بەشێوەیەك کە بیرۆکەکە گەورە کرایەوە لە سەنگی خۆی زۆرتری پێدەدرا، تاوەکو شکۆ و گەورەیی و هێزی ئەو بیرۆکەیە بنوێنێت کە لە ڕێگەی دەربڕینێکی جوان و شایستە بەو شێوەیە ملکەچی**

★ ئاناهید: کەناوێکی ژنانەیە (نەهد_نهد) لەعەرەبیدا بەمانای سنگی ژنان دێت.

[1] رحیم سابیر ،(کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ئاینی سومەریەکان)، ٢٠١٢، ل: ٢٧

★★ فوخاریاتی سەردەمی پێش مێژوو لە وولاتی میزۆپۆتامیا ناسراو بە فوخاریاتی (حسونە و سامەرا و حلف و عبید)، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ(٥٨٠٠-٣٥٠٠)پ.ز، کە دابەش بوون بەسەر باکوور و باشوور و ناوەڕاستی وولاتی میزوپۆتامیا بە پێی مێژووی شارستانیەت لە وولاتی دوو ڕووبار، چەندین پاشماوە و کەل و پەل و بوکەڵەی بەردین شێوە مرۆڤ دۆزاونەتەوە لەم سەردەمانەدا.(بڕوانە www.archaedogy.land/forums/viewtopic.php). هەروەها (بێساران فیروز حسن، الاشكال الرمزية في اللوحة التشكيلية المعاصرة في كوردستان العراق ، سلێمانی ٢٠١٠، ص: ٦٤)

**دەنوێنرا بەو جیهانە دیارە پڕ لە نهێنی و هێزی نەبینراو وسەرو ڕاستی"**[(١)] هەموو ئەم بابەتانە هەرچەند کەسێتی بێت و نزیك بن لە ڕاستیەوە، لەگەڵ بیری مرۆڤ تێکەڵ بووە، تاکو هۆش و خوێندنەوەی ڕاستیەکان بنوێنێت، کە لە بوونی هاوشێوەیی جەستەی ژندا دەردەکەوێت، لە تایبەتمەندیەکانی پەیکەری ئافرەت لە سەردەمی سۆمەریەکاندا تێبینی دەکرێت، گرنگی نەدراوە بە سەری پەیکەری خواوەندەکان، بەڵکو گرنگی بەرچاو دراوە بە بەشەکانی مێینەی ژن، ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ توانای زاوزێ لە ژنان و بەرجەستە کردنی و پیرۆزی لەو سەردەمەدا. **"ئەم خواوەندانە هێمای (پیت) بوون لە بیری ئەو گەلانە بۆ گۆڕانی جەستەی ماددی بۆ میتافیزیکی و لە ئەنجامدا ئاهەنگ گێڕان بەو نەبینراوانە لە بەرژەوەندی هێزە خواوەندییەکان"**[(٢)] شێوەی فیگەری ژن لە هونەری سۆمەرییەکان ڕۆڵی سەرەکی بینی لە سەرجەم بوارەکانی هونەردا (وێنە کیشان، پەیکەرسازی،سیرامیك) بەرچاوترین کارە هونەریەکانیان کارە پەیکەرەکان بوون، کەبریتی بوون لە خواوەندەکان لەو سەردەمەدا و بەشێکیان لە هاوشێوەیی جەستەی ژن دروست کرابوون، دیارترین کاری پەیکەری ئەوسەردەمە پەیکەری عشتار بوو، **"لە سەرەتای سەردەمی مێژوودا تەنیا ژنە خواوەند بوو، کە لە سەر عەرشی گەردوون بۆهەزاران ساڵ مابووەوە"**[(٣)]، وەك لە وێنەی ژمارە(١٨) دیارە:



وێنەی ژمارە (١٨) پەیکەری عەشتار

لە سەردەمی بابلیەکاندا گرنگی زۆر دراوە بە چەمك و شێوەی جەستە، بەتایبەت لە ڕووی ڕوونکردنەوەی بابەت و دیمەن و تەنانەت لایەنی تویکاری جەستەکەش، هەروەها بەرجەستەکردنەوەی لە چوارچێوەی بابەتی ئاینی و مرۆیی، وەك لە وێنەی ژمارە (١٩) دا دیارە، کە چۆن ناوەڕۆکی بابەتێکی ئەفسانەیی دەربارەی چەمکی ئاو چۆن هاوشێوەیی جەستەی ژنی وەرگرتووە، واتە ئەفسانەکە لە میانی ماتریاڵی بەردەوە چۆن گۆڕاوەتە سەر چەمکی هاوشێوەیی لەگەڵ جەستەی ژندا، کە بە خواوەندی ئاو ناسراوە، ئاو مانای ژیان دەبەخشێت، بوونی چەند خواوەندێکی ئەفسانەیی، کە زۆربەیان لە جەستەی ژنەوە وەرگیراون، ئاماژەن بۆ ژیان و بەردەوامی هێمای دایك بوون، جەستە لای میسرییەکان زۆر گرنگ بووە و ئاستێکی بەرزی هەبووە، **(بۆیە لە دوایی ژیان گرنگی زیاتریان پێداوە، بە جۆرێك پارێزگارییان لەمانەوەی جەستەکان کردووە، هەر بۆیە ئامادە کردنی جەستەی مردووەکە لەگەڵ کەل و پەلەکانی کە زۆر گرنگ بوون و ڕازاندنەوەی گۆڕەکە چەندین کاری گرنگ بوون کە دەبوو ئەنجامی بدەن بۆ ئەو جەستەیە، هەروەها بۆن خۆشکردنی جەستەکە و گەڕان بە دوایی چەندین ماددە بۆپارێزگاری لە جەستەی مردووەکە بەهۆی ئەو**

---

(١) الهام کلاب ، ابداع الفنی صورة المراة فی الفنون التشکیلیة، بغداد :١٩٩٢،ص ٢

(٢) شوقی مصطفی ،خطاب الجسد في الرسم العراقي المعاصر،رسالة ماجستير غير منشورة، بابل: ص٣٣١

(٣) رحیم سابیر، هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ل ٤١

**باوەڕەی کە هەیان بوو بە ژیانی دوایی مردن)**[1]، یەکێ لە بەناوبانگترین کارەکانیان کەلە فیگەری ژن پێکهاتووە ئەویش پەیکەری (نفرتی تی) یە وەك لە وێنەی (٢٠) دا دیارە، کە پێکهاتووە لەجەستەی ژنێك کە بەشێوەی ڕووت و توێکاری وردی بۆ جەستەکە کراوە، دەتوانین بڵێین یەکەم گەلەری بۆ نمایش کردنی کارە هونەریەکانی میسریەکان گۆڕەکان و پەرستگاکان و تابووتەکان بوون لە چوارچێوەی پاشا و خواکان کە چالاکییە ئاینییەکانیان بەرجەستە کردووە، ژنیش ڕێزی تایبەتی هەبووە، بەهەموو جۆرێك فیگەری ژن بەرجەستەکراوە، بۆخێزانی مەلیکەکان، یاخود بۆ بەرجەستەکردنی ئەو کەسایەتییە ژنانەی کە لەنێو ئەفسانەکانیاندا باسیان لێوە کراوە. هەروەها لای ئەغریقیەکانیش جەستە ڕۆڵی گرنگی هەبوو، کە سەرەتا جەستەی پیاو و پاشانیش گرنگیدان بە جەستەی ژن، کە وەك بابەتێکی گرنگیپێدراو دەبینرێت لە بەرهەمە هونەریەکانیاندا، بەتایبەتی هونەری پەیکەرسازی، سەرەڕای ئەمەش وەك بابەتێکی میسیۆلۆجی و وێناکردنی خواوەندەکانیان لەسەر شێوەی جستەی ژن و پیاو، پاشانیش بەرجەستەکردنەوەیان بە شێوازێکی گرنگیپێدراوی واقیعیانە لە هونەری پەیکەرتاشیدا.




وێنەی ژمارە ( ١٩ )
خواوەندی ئاو سەردەمی بابلیەکان




وێنەی ژمارە ( ٢٠ )
پەیکەری نفرتی تی میسری دێرین

ژن وەك فۆرم و بابەتێکی سەرەکی ئامادەییەکی هەمیشەیی هەبوو لەنێو بەرهەمە هونەرییەکاندا، هەربۆیە بە درێژایی چاخەکان و شارستانیەتە دوا بە دواکان بابەتی جەستە سەرنجی ڕادەکێشان ، کاتێك نیگار کێشەکانی فیگەری ژن قەتیس کرابوون لە نیگار کێشان بۆ خزمەت کردنی پەرستگا و کلێسەکان بەکاردەهاتن، لەو کاتەدا هونەرمەندەکان لەڕێی کارە هونەرییەکانیانەوە هەوڵی لابردنی ئەو کۆت و بەندانەیان دەدا ، هەر لە سەردەمی ڕێنسانسی ئیتالیا★ وە کە سەرەتاکەی

[1] وانەی ئازاد جەمال تاهیر( مێژووی هونەر)، ڕێکەوتی ٢٠١٥/١/١٤، کاتژمێر ١٠:٣٠ سەرلەبەیانی

★ سەدەی شانزەهەم سەردەمی زێڕینی ئیتالیا بوو، ڕاپەڕینێکی بەرفراوان بوو، کە بووە هۆی پێشکەوتنی بەرچاوی هونەر لە وولاتی ئیتالیا دا، پێش هەموو شتێك تیایدا هونەری شێوەکاری بە هەموو جۆرەکانیەوە پەرەی سەند بە ڕادەیەك کە مێژووی هونەر پێش ئەوە بەخۆیەوە نەبینیبوو، لێرەدا هونەر لە میتافیزیکی دوورخرایەوە و زیاتر گرنگییان بە بوونی واقعی دەدا و

دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پازدە، لەم سەردەمەدا و لەسەر دەستی هونەرمەندەکانی گرنگی بەرچاو بە فۆرمی ژن درا، قۆناغێکی نوێ هاتە کایەوە، کە گەشەکردن و بوژانەوەی لە مەیدانی هونەردا بەخۆە بینی، دەتوانین بڵێین هونەرمەند لێرەوە هەوڵی ڕزگاربوونی داو توانی دووربکەوێتەوە لەخزمەتکردنی هونەرەکەی بۆ مەبەستی ئایینی، ئەمە بووە سەرەتایەکی نوێ بۆ هونەر دوور لە دەسەڵاتی کڵێسە و پەرستگاکان. **"ئیتالیای ئەو سەردەمە لە بەناوبانگترین بلیمەتەکانی هونەری هێنایە بوون کە بوونە هۆی نەمری ناوی ئەو وڵاتە لە مێژوودا، وەك لیۆناردۆ داڤنشی و ڕافائیل سانزیو و مایکڵ ئەنجیلۆ، هەر بۆیە ئەو سەردەمە هێندە بە ناوی کەسایەتییەکان دەناسرێت و باسی لێوە دەکرێت، هێندە بە پێی وڵات و ڕێباز و هونەرییەکان ناویان نایەت"**[(1)]، وەك لە وێنەی (٢١و ٢٢و ٢٣) دا دیارە:



وێنەی ژمارە ( ٢١ )
لیۆناردۆ داڤنشی



وێنەی ژمارە ( ٢٢ )
ڕافائیل سانزیۆ



وێنەی ژمارە ( ٢٣ )
مایکڵ ئە نجیلۆ

به ناوبانگترین تابلۆی جیهانی لەو سەردەمەدا، تابلۆی مۆنالیزای هونەرمەند لیۆناردۆ داڤنشی بوو، کەسایەتیەکی ئاینی یاخود ئەفسانەیی نەبو، تەنها ژنی بازرگانێکی فلۆرەنسیە لە ئیتالیا، واتا لە ڕێنسانس بۆ یەکەم جار کارێکی لم شێوەی مۆنالیزا دەکرێت کە فیگەری ژنێك وەك مۆدێل بەکاردێت بۆ کارێکی هونەری، توانی بگاتە ئاستێکی هونەری بەرز، هاوشێوەیی جەستەی ژن لە میانی مۆنالیزاوە بەرەو ڕەهەندێکی هیومانیستی بەرێت لە ڕۆژئاوادا، ئەڵبەتە بە سەنتەر کردنی وێنە و ڕوخساری ژنێك باس لە گرنگی مرۆڤ دەکات لەسەر ئاستێکی گشتی وێنەی ژنان و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەی مۆدێرن لەسەر ئاستێکی تایبەت کە هەڵگری بارگەی فیکری و مرۆیی و ستاتیکی جیاواز بێت، باس لە پەڕاوێز کردنی سروشت دەکات کە دەبێت بە باکگراوندی کەسایەتی مۆنالیزا، وەك لە وێنەی (٢٤) دا دیارە، **"هونەرمەند دەستی کرد بە تێڕوانین بۆ ژیان و پشکنینی و هەوڵی دەدا پێچەوانەی بکاتەوە لە وێنەیەك بێ ئەوەی**

بەرجەستەیان دەکرد، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی هونەرمەندی ئەو سەردەمە دوور بکەوێتەوە لە هونەری ئاماژە و سومبول، هەروەها دوورکەوتنەوە لە کاری زەخرەفی و جەستەی مرۆڤ بووە سەنتەری کارکردن لە کارە هونەرییەکانیان دا.بروانە: (عصر النهضة ذهبی في ایطالیا القرن ١٦، http://norahalq2016.blogsport.com/?m=1)

(1) وەهبی ڕەسول، هونەری ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاست، سلێمانی: دەزگای سەردەم، ٢٠٠٢،ل: ١٤١

**ملكەچی پاڵنەری ئاینی توند و تیژبێت، كە پێشتر لە ئەوروپا زاڵبوو لە چاخەكانی ناوەڕاستدا**"[1]، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە هونەرمەند دوور دەكەوێتەوە زیاتر بەرەو ئاڕاستەی گوزارشت كردنی واقعی دەچوو، لە كاتێكدا هونەرمەندی ئەو سەردەمە (ڕامبرانت) وێنەی فیگەری ژنی ڕووتی كێشا، كەسیفەتی خواوەندەكانیان هاوشێوەی جەستەی ژن فۆڕمەلە دەكرد، وەك لە وێنەی (٢٥) دا دیارە، جەستەی ژن بە شێوەیەكی بەرچاو بە ڕووتی دەردەكەوێت كە ئەمەش سەربەخۆیی هونەرمەند دەردەخات لەكارەكەیدا و توانیویەتی وردەكاری لە جەستەكەدا بكات، "**هونەرمەندی نیگاركێش ڕۆبنز لە ڕووی توانای هونەری و كەسایەتیەوە گرنگە، كە بەهۆی وێنەكێشانی ژیانی خوداكانەوە دەناسرێتەوە، كە فیگەری ژنی لە چەندین كارەكانیدا ئازادانە وێنە كێشاوە بە شێوەیەك كە خەریكە لە كۆتە سەپێنراوەكان دەردەچێت، وێنەی سێ خواوەندەكانی جوانی و ڤینۆس و فیگەری شاژنی فەرەنسا و چەندین كاری تر كە وێنەی ژن وەك سەنتەری بایەخی ناو كارەكانی وێنە كێشاوە، لە هەندێك بەوە جیا دەكرێتەوە كە فیگەری ژنەكانی بە ڕووتی وێنە كێشاوە**"[2]، وەك لە وێنەی (٢٦) دا دیارە:



وێنەی ژمارە (٢٤)
لیۆناردۆ داڤنشی




وێنەی ژمارە (٢٥)
پیتەر ڕۆبنز



وێنەی ژمارە (٢٦)
ولیەم ئەدۆلۆف بۆگوێرۆ

لە كۆتاییەكانی سەدەی هەژدەمدا و سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا، چەندین ئاڕاستە و ڕێبازی هونەری لە ئەوروپادا سەریان هەڵدا، كلاسیكی نویٚ★ لە ڕۆژئاوا دەركەوت، لەو داب و نەریتانەی لایدا كە سەردەمەكانی پێشتر پابەند بوون پێی و داوای گەڕانەوەی دەكرد بۆ كلاسیكی گریكەكان و ڕۆمانەكان و ڕەچاو كردنی ڕێژەكان و تویكاری، وهونەرمەندەكانی كلاسیكی پابەند دەبوون بەگشت وردەكاریەكانی شێوە، "**ئەم شێوازەی هونەر لە نێو گەلێك كایەی هونەری جیاوازدا بە دەركەوت، تەلارسازی و پەیكەر و نیگاركێشان، هونەری پەیكەرسازی كەوتە ژێر كاریگەری سەر لەنویٚ گەڕانەوەی كلاسیكیەت، كە لە**

[1] هاوزر، ارولد. الفن والمجتمع عبر التاريخ، ت:فواد زكريا، مصر:الموسسة العربية للنشر، ١٩٦٩، ص٣٣٩

[2] http://www.mthaf.com

★ ڕێبازی كلاسیكی نویٚ: ڕێبازێكی هونەرییە لە سەدەی هەژدەدا سەری هەڵدا، لە هونەری بینراودا ئەم ڕێبازە وەك پەرچەكردارێك لەسەر زەخرەفەی باڕۆك ساڵی ١٧٦٥ دروست بوو، زیاتر بواری پەیكەرسازی و بیناسازی گرتەوە كە پەیوەست بوو بە ژیانی ڕۆژانەی كۆمەڵگاكانەوە، لە نێوان ساڵانی (١٧٦٥-١٨٣٠) زۆر گرنگی بە پەیكەرە نموونەییەكان درا، گویٚ نەدان بە هونەری پەیكەرسازی یۆنانی كۆن. ( بڕوانە الحركه الكلاسيكيه الجديده –المعرفه www.marefa.com)

**کۆتایی سەدەی هەژدەهەم لە ئەوروپا بڵاوبووە"**[1]، وەك لە بەرهەمە هونەرییەکانی نێو دیواری پەرستگاکان و کۆشکەکاندا دەبینران، یاخود ئەو پەیکەرانەی کە لەو ماوەیەدا بەرجەستە دەکران کە بە شێوەی نموونەیی دروست دەکران، ناتوانرێت باس لە ڕێبازی کلاسیکی نوێ بکرێت، بێ ئەوەی ناوی دامەزرێنەرەکەی بهێنین (جاك لویس داڤید) نموونەی چێژی فەرمی بوو بۆ شۆڕشی فەرەنسا، خەسڵەتەکانی ئەم ڕێبازە لە تابلۆ بەناوبانگەکەیدا بە ناوی (مردنی سوقرات) دا ڕەنگ دەداتەوە، تیایدا باس لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی تایبەت دەکات، جەستە ڕۆڵی گرنگی لە نێو بابەتاکانی تابلۆکەدا هەیە وەك لە وێنەی (٢٧) دا دیارە، هەروەها یەکێکی تر لەو هونەرمەندانە بریتییە لە (جان ئۆگەست دومینیك ئەنگەر) کە توانیویەتی لە یەکێك لە تابلۆکانیدا جەستەی ژن بەرجەستە بکات، بڕوانە وێنەی (٢٨):



وێنەی ژمارە (٢٧)
جاك لویس داڤید



وێنەی ژمارە (٢٨)
ئۆگەست ئەنگەر

جەستەی ژن بوو بە بەشێك لەو پەیامە گوزارشت ئامێزە وەك بابەتتێکی سەرەکی نێو تابلۆ ڕۆمانتیکی یەکان دەردەکەوێت، کە تیایدا بانگەشەی دەرپەڕاندنی خەیاڵ و زیادەڕۆی لە گوزارشت کردن دەکرد، تەنانەت لای هەندێك **" ڕۆمانسیەت بریتییە لە گەردەلوولێکی کاولکەر، کەچی لای هەندێکی دیکە، بریتییە لە شەماڵێکی پاکژی بەسوود"**[2]، دەتوانین بڵێن ئەم ڕێبازە هونەرییە لای هەر هونەرمەندێك بە جۆرێك گوزارشتی لە بابەتەکان کردووە، کە بەرجەستە دەکران، کە بە شێوەی زیادەڕۆیی لە خەیاڵدا لە تابلۆکانیاندا بەدی دەکرێت، **"بۆ ئەوەی هونەرمەند سەرکەوتوو بێت ، ئەوا پێویستە لەسەری کە فیگەراتەکانی بە ڕێکخراوی دروست بکات، تاکو وەرگر بتوانێت سەرەتا و بەردەوامی ڕووداوەکان ببینێت"**[3]، یەکێك لە بەناوبانگ ترین کارەکانی ئەم ڕێبازە بریتییە لە تابلۆی هونەرمەند (یوجین دی لاکروا) بەناوی (ئازادی گەل بەڕێوە دەبات)، دیارترین خاڵ لەم کارە هونەرییەی دیلاکروا دانانی ژن لە سەنتەری تابلۆکە، وەك ڕابەری شۆڕشی گەل، هەڵگرتنی ئالآی فەڕەنسا و هەڵگرتنی چەك بە جەستەی نیمچە ڕووت و دەلالەت لە ئایندەیەکی جیاواز دەکات، هونەرمەند گوزارشت لەو شۆڕشە دەکات کە لە

---

(١) محمد جلال، هونەری پەیکەرسازیی مۆدێرن، و:جەزا بەکر، سلێمانی،٢٠٠٨ ،ل٢٤

(٢) محەمەد جلال، هونەری پەیکەرسازیی مۆدێرن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩

(3 )http://hankalis.hooxs.com/t209-topic

ناخی گەلێکی زەحمەتکێش هەڵدەقولێت، کە چەمکی شۆڕش و ئازادی و یەکسانی هاوشێوەیی جەستەی ژن فۆڕمەڵە کردووە وەك لە وێنەی (٢٩) دا دیارە:



وێنەی ژمارە (٢٩)
یوجین دی لاکروا



وێنەی ژمارە (٣٠)
هۆنۆر دۆمیە

لە گەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازە هونەرییە نوێیەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم، هۆشیاری و هەستێك لە دایك بوو بەرانبەر ڕوالەتەکانی ژیان و پەرەپێدان دەستی کرد بە کشان بۆ شار کە هاو شان بوو لەگەڵ دەوڵەمەندی و پێشکەوتنی ژیاری پیشەسازی. **"ڕێبازی ڕیالیزم لە نێو بابەتەکانیدا لە خەیاڵ و داهێنان لایدا، هەروەها لە گۆڕانکاریە ڕۆمانتیکیەکانیش بەدوور کەوتەوە، دروشمەکەی بریتی بوو لە (نواندنی شتەکان وەك ئەوەی کە هەیە) ئەم خەسڵەتەش لە نێو پەیکەری ژنێکی ڕاکشاوو دا دەبینرێت، کە بە مەبەست هەوڵی داوە وەکو خۆی دروستی بکاتەوە"**[(1)]، کە ئەمە پێچەوانەی ئەو حاڵەتەیە، کە لە هونەری کلاسیکیدا کاریان پێکردووە، بۆ نموونە لە وێنەی (٣٠) بەرهەمی (هۆنۆر دۆمییە) کە لە ڕێبازی ڕیالیزمدا کاری کردووە.

لە وێنەکانی ڕێبازی ئێکسپرێشینیزم دا و لە تابلۆکانی مانیە بە شێوەیەکی دیاریکراو، ژن یەکێك لە کەسایەتییە بنەڕەتییەکان دەنوێنێت لە (خۆراك لەسەر گژوگیا)، کاتێك کە جەستەی ڕووتی ژنی بەکار هێناوە بۆ بەرژەوەندی ناوەڕۆکەکەی کە واقعی کردە ئامانج لە جەخت کردنی لەسەر بەها ڕەنگییەکان لەناو تابلۆکەدا، مانیە ڕووتی ژنی هەڵبژارد وەك کاردانەوەیەك دژ بەو ڕێسایانەی ڕۆژگارێکە بۆ ماوەن و ئەو شێوانەی کە زاڵ بوون لە هونەردا پێش ئەم قۆناغە وەك لە وێنەی (٣١) دا دیارە، هەروەها لە ڕێبازی تەعبیریەت کە هەوڵ دەدات بۆ ئازادی دەربڕین لەبیروڕادا کە (ڤان کۆخ) دامەزرێنەرێتی، **"ڕێبازی**



وێنەی ژمارە (٣١)
ئیدوارد مانیە

(1) محمد جلال،هونەری پەیکەرسازیی مۆدێرن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧

**تەعبیریەت سەرباری ئەوەش ئاوێنەیەکی دڵەڕاوکێ و گرژی و ئازاری بڵاوی نێو تاکە کەسە هەستیارەکانی کومەڵگەی نویٚ بوو"**[1]، لێرەدا پەیوەندی بە خەسڵەتەکانی ڕێبازەکەوە هەیە، کە بەرجەستە دەبێتەوە لە فۆڕمێکدا کە کۆمەڵێك گۆڕانی بەسەر هاتووە، تەنانەت ئەگەر فۆڕمەکە نزیکیش بێت لە واقیعەوە، فۆرمە تەعبیریەکان زیاتر پەیوەست دەبنەوە بەلایەنی درککردن و گەڕان بەدوای ئەودیوی واقع و دەرخستنی جۆری درك پێکردنەکە و دامەزراندنەوەی بە شێوازێکی تەعبیریانە بەهۆی بەرجەستەکردنەوەی لەبابەت و شێوازەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا **"تەعبیریەت دەربازبوونە لە شێواز و قاڵبە باوەکان لەنێو سروشتداو هەوڵدانە بۆ پێکەوە ژیان لەتەك سروشتدا لەمیانەی ویژدانەوە، تەعبیریەت هەوڵیدا چەند شێوازێکی تەعبیری بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوە زیادەڕۆیی کرد لە شێواندنی فۆڕمەکاندا، بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە کۆپیکردنەوەی ریەڵ وەك خۆی، هەوڵی دا چارەسەرێك بدۆزێتەوە و پەیوەندیی نێوان هونەرمەند و بابەتی ستاتیکی شرۆڤە بکات، لەبەر ئەوە هونەرمەند پەنا دەباتە بەر موبالەغەکردن لە تەعبیرەکانیدا)"**[2] و دەیبەستێتەوە بە فۆڕمە جیاوازەکانەوە جا چ لە وێنە، یان پەیکەردا بێت ، بۆ ئەم جۆرە فۆڕمانەش شێوەی مرۆڤ و هەروەها جەستەی ژن بوو بە بەشێکی سەرەکی بابەتەکانی ئەم ڕێبازە. **"پێویستە دان بەوەدا بنێین، کە هیچ یەکێك لەو هونەرمەندانەی لە ڕێبازی تەعبیریەتتدا کاریان دەکرد، خۆیان بە نویٚ کردنەوەی شێوە خەریك نەکردووە، چونکە لە بەرهەمەکاندا ئاکارەکانی ژن زێدە ڕۆیی تێدا کراوە بەبیٚ ئەوەی گویٚ بدرێتە جوانی ڕووخسار، یا تەبایی توخمەکان لە پێکهاتندا"**[3].

هونەرمەندان (پۆڵ گۆگان و تولوز لوتریك) هەریەکەیان بە شێوەیەك جەستەی ژنیان لە لە تابلۆکانیاندا بەرجەستە کردووە، وەك لە وێنەی (٣٢ و ٣٣) دا دیارە، دیدگای هونەرمەندە تەعبیریەکان لە هەمبەر واقع و دەوروبەردا بە جۆرێکە کە بابەتەکان هاوشێوەی ناوەوە ڕای خۆیان فۆڕمەڵە دەکەن، هەرگیز شتەکان و فۆڕمی شتەکان هاوشێوەی کت و متی خۆیان بەرجەستە ناکەن، بەڵکو لە ژێر هەژموونی خود و دیدگا تەعبیریەکانیاندا جارێکی دیکە شتەکان و جەستەی ژنیش هاوشێوەی تێڕوانینە خودیەکانیان دەکەنەوە، بەڵام ڕەمزیەکان وەکو گۆگان بە شێوەی (سیمبولیزم_ڕەمزیەت) چەمکی ژن و جەستەی ژن فۆرمەڵە دەکات واتە جەستەی ژن دەباتە ئاستێکی هاوشێوەی وەها کە پێك بێتەوە لەگەڵ هێماکانی خۆیدا.

---

(١) شمیدت دیجینەر، نیگارکێشان لەسەدەی بیستەمدا ،و:وەهبی ڕەسوڵ،سلێمانی ،٢٠٠٢، دەزگای سەردەم،ل٤٥

(٢) محمد جلال، سەرچاوەی پێشوو، ل:٤٨

(٣) گۆڤاری شێوەکاری ، و:ازاد حەمە شەریف ، ژ:٢٥، ٢٠٠٩، ل٤٥



وێنەی ژمارە (٣٣) تولوز لوتريك




وێنەی ژمارە (٣٢) پۆڵ گۆگان

ڕێبازی هونەری کیوبیزم یەکێکی ترە لە ڕێبازە هونەریەکانی سەدەی بیستەم، کە هونەرمەند سوود لە شێوە ئەندازەییەکان وەردەگرێت بۆ بەرجەستەکردنی شێوەکان، کە تیایدا هونەرمەندان ( بیکاسۆ، جۆرج براك) بە سوارچاکی ئەم ڕێبازە دادەنرێن کە هەریەکەیان سوودی لەوەی تر وەرگرتووە، تەنانەت زۆرجار بە گران جیاکاری لە وێنەکانیان دەکرێت، بیکاسۆ لە دیدگای کیوبیزمیەکەیەوە، فۆڕمی شتەکان جارێکی تر لە هزرری خۆیدا فۆڕمەلە دەکاتەوە، ئەگەر هونەری واقیعی کت و مت وەکو ئاوێنە جەستەی ژن فۆڕمەلە بکات و هەوڵ بدات فۆرمی ژن لە هونەردا هاوشێوەی واقع بکات، بیکاسۆ وێناکردنی جەستەی ژن دوور لە سیاقی ڕازاندنەوە و بالآکردنی چەمکی ئیستاتیکی، وا دیارە دەیویست ژن پەتی بکات لە چەمکی جوان و دەرچوون لە چوارچێوەی لاسایی کردنەوەی واقیع یان سروشت، هەوڵ دەدات فۆڕمی ژن لە دیدگایەکی جیاوازدا بتەقێنێتەوە بۆ چەندین ڕووکاری ئەندازەیی سێگۆشە و ڕاستەهێڵ و پانتایی ئەندازەیی جیاواز، بەجۆرێك کیوبیزم، یان بیکاسۆ هیچ کات لە هاوشێوەبوونیدا لە تەك جەستەی ژن گوێ بە بەهای جوانی جەستەی ژن و ڕۆمانسیەت نادات، لاسایکردنەوە ڕەتدەکاتەوە، ئەو دەیەوێت لە هاوشێوەبوونەکانیدا زۆرترین حەقیقەت دەربارەی جەستەی ژن پەخش بکات، بۆیە لەتابلۆیەکدا جەستەی ژن بە هەڵوەشاوەیی و ئاڵۆزی بەرجەستەدەکات، ئەناتۆمی و ڕێژەی ئەندامەکانی جەستەی ژن پارچە پارچە دەکات بۆ پانتایی ئەندازەیی وەها، کە زیاتر گوزارشت لە ڕەهەندێکی ئەندازەیی دەکات، ئەوان دەڵێن ئێمە بە (فکر) وێنە دەکێشین نەوەك بە هەستەکانمان (چاو)، **"لەڕاستیدا کیوبیزم بەرەو ڕزگاربوون لە فۆڕم هەنگاو دەهاوێژێت ، وەکو ڤۆڤیزمەکان، کە خۆیان لە ڕەنگە سروشتییەکان ئازاد کرد، ماتیس لەو پێشەنگانە بوو کە سەرسام بوو بەم ڕێبازە"**[1]، لێرەدا جەستەی ژن دەبێتە فۆڕمێکی سێ ڕەهەندی ئەندازەیی چ لە نیگارکێشاندا بێت، یان پەیکەر کە شێوەیی ئەندازەیی کۆدەبێتەوە لە فۆڕمێکی یەکگرتوودا دەبێتە هۆی دابەشکردنی بەشەکانی بۆ سێ ڕەهەندیی و هێڵی ئەندازەیی وەکو لە ئیشەکانی بیکاسۆ دەبینرێت، وەك لە وێنەی (٣٤و ٣٥) دا دیارە:

(1) محمد جلال، هونەری پەیکەرسازیی مۆدێرن، سەرچاوەی پێشوو ، ل:٦٣



وێنەی ژمارە (٣٥)
پابلۆ بیکاسۆ



وێنەی ژمارە (٣٤)
پابلۆ بیکاسۆ

لای (جاك لیبشیتز) هونەرمەندی پەیکەرسازی سەر بە ڕێبازی کیوبیزم، شێوەی مرۆڤەکان بۆتە پارچەیەکی ئەندازەیی لە خستنەڕووی بابەتی و پەیوەندیەکانی نێوان قەبارە و کوتلە و شێوەی ئەندازەیی کە فیگەری کەسێك نیشان دەدات لە دانیشتنێکی جێگیردا وەك لە وێنەی (٣٦) دا دیارە، **"کیوبیزمەکان ڕێڕەوی سیزانیان بەکار هێنا ، بەڵام باڵا تریان کرد بە هەنگاوی دوورتر ڕووەکانیان زیاتر کرد و ڕێگەیان پێدا لەسەر تەرزێکی ئەندازەیی یەکتر ببڕن، لەم بینینەوە هەر شێوەیەکی خاوەن سێ ڕەهەند دابەش دەبوو بۆ چەندان شێوەی ئەندازەیی کە بە شێوەیەکی هاوڕیتمی لێکچوو یەك بەوی ترەوە پەیوەست بوو"**[1]، بە لای سیزانی هونەرمەندەوە شێوە ئەندازەییەکان چەندان شێوەن لە سروشتدا بوونیان هەیە، کیوبیزم وەك ڕێبازێك لە هونەری شێوەکاریدا ڕەنگە لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ئەم زاراوەیەوە برەوی پێدرابێت هەربۆیە هونەرمەندان پەنایان بۆ ئەندازەیی وێنەی سروشتی لە دارشتن و بیناکردنی تابلۆکاندا بردووە، تاوەکو تابلۆیەکی تەواو یەکگرتوو بەهێزمان دەست بکەوێت. بۆ بە دەسکەوتنی ئەم ئەندازەییە گەڕانەوە بۆ لای فەیلەسوف و زانای بیرکاری بەناوبانگ فیساگورس، کە پەیڕەوی بیردۆزەکانیان کرد، ئامانجیان لە کاتی شیکردنەوەی تابلۆکاندا بریتی نەبوو لە دابەش کردنی شێوەکان بۆ شێوازی ئەندازەیی و پاشان ڕێکخستنی ئەو شێوانە بۆ کارێکی هونەری، بەڵکو گەڕان بوو بە دوایی نهێنیەکانی جوانیدا بەو پێیەی ئەوان لە ژێرکاریگەری هەستێکی گشتیدا بوون، کە بەربڵاوبوو لە نێو هونەرمەندانی چەرخی نوێدا، وەك لە وێنەی (٣٧) دا دیارە:



وێنەی ژمارە (٣٧)
پۆڵ سیزان




وێنەی ژمارە (٣٦)
جاك لیبشیتز


---

[1] دیجینەر، شمیدت. سەرچاوەی پێشوو، ل:٢٥

ڤۆڤیزم کە قوتابخانەیەکی هونەری وێنەکێشانە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە پاریس سەریهەلدا، و نموونەی قۆناغێکە لە ڕێبازی تەعبیری (ئێکسپرێشینیزم) کە دەرەنجام شۆڕشە هونەریە یەك لە دوا یەکەکانی، هونەرمەند (هێنری ماتیس) بە باوکی ڕۆحی هونەرمەندانی ڤۆڤیزم دادەنرێت، **"ڕێبازی ڤۆڤیزم (وەحشیەت) فۆڕمەکان لە ڕێگەی ئیختزال کردنی هەندێك لە وردەکاریەکان سانا دەکاتەوە، لەگەڵ هێشتنەوەی ئەو واتایانەی کە بۆ فۆڕمە بنچینیەکە و لایەنە تەعبیریەکەی، ئەمەش دەکاتە ئامانجێك بۆ دەرخستنی ئەو کێشمە کێشانەی کە لەتەك بیرۆکەی ئازادا لەو دیو واقیعی مادییەوە بوونی هەیە، ماتیس گرنگی بە فۆڕمی مرۆیی داوە بە تایبەتی جەستەی ژن وەك لە هەردوو پەیکەری ژنێکی ڕووتی ڕاکشاو و ژنێکی ڕووتی دانشتودا بە دەر دەکەوێت، کەلەباری جیاوازدا بەرجەستەی کردوون"**[١]، دەتوانین بڵێین لە تابلۆکانی قوتابخانەی ڤۆڤیزمدا ئەوەندەی ڕەنگ گرنگ بوو لای هونەرمەندی ئەو قوتابخانەیە، کە بە جۆرێك بوو تەنیا هەست کردن بوو بە ڕەنگ، **"دەم و چاو و شێوەی فیگەرەکان وەها شێوێندراو بووبێت و پەیوەندیان لەگەڵ ڕەنگ و شێوەی واقیعدا نەبێ، خەسڵەتی فیگەرەکانیان بۆ (ڤۆڤیزم) هەستکردن بوو بە ڕەنگ"**[٢]، لێرەدا هونەرمەندان وەك ڕێبازێکی هونەری لە لاسایی کردنەوەی پێش خۆی لە وەرگرتنی ڕەنگ و چارەسەرکردنی تابلۆکان بە ڕەنگی زەق کە ڕاستەوخۆ بەکاریان دەهێنا و سەرکێشیان دەکرد لە بەکارهێنانی ڕەنگەکان بێ گوێدان بە سێبەر و ڕووناکی لە سەر ڕووکاری تابلۆکان، وەك لە وێنەی (٣٨و ٣٩) دا دیارە:



وێنەی ژمارە ( ٣٨ )
هێنری ماتیس



وێنەی ژمارە ( ٣٩ )
هێنری ماتیس

ڕێبازی سوریالزم لە فەرەنسا سەری هەڵدا، خەسڵەتەکانی سەرنجدان بوو لەسەر هەموو شتێکی نامۆ و جیاواز، ئامانجیان دوورکەوتنەوە لە ڕاستیەکان و دەرخستنی بیروبۆچوونی خەیاڵ و خەون بوو، هونەرمەندانی سوریالیزم پشتیان بە تیۆرەکانی فرۆید بەستووە، بۆیە سوریالیزم ئەوەندەی گرنگی بە ناوەڕۆك دەدات بە شێوەی فۆڕم نادات، **"دادا و سوریالیزم یەك بوون لە ڕەفز و یاخیبوون و بەنەفرەتکردنی ئەقڵی داهێنەری جەنگ، هەروەها لەوەشدا یەك بوون، کە بە دوایی ڕوحێکی دیکەدا**

---

[١] محمد جلال، سەرچاوەی پێشوو،ل:٦٧
[٢] دیجینەر، شمیدت. سەرچاوەی پێشوو،ل:٦٣

**بگەڕێن دوور بێ لە دەسەلأتی مەنتیق و نزیك بێ لە خەون و نهێنییەکانی ناوەوەی مرۆڤ"**[1]، کەواتە گوزارشت لە ئارەزووەکانی دەروون دەکات دوور لە هەموو چاودێرێك کە ئەقڵ بیسەپێنێت بێ هیچ پێوانەکردنێك بۆ ڕەچاوکردنە خۆڕسکی و جوانییەکان، ئەوەندەی باری دەروونی هونەرمەند (نەست)★ گرنگی هەیە لە بەرجەستەکردنی بەرهەمە هونەرییەکەی ئەوەندە بابەت یاخود شێوە گرنگ نەبووە، ڕێبازێکی هونەرییە کە کار لەسەر نەست دەکات بێ گوێدانە شێوە لە بەرهەمەکەیدا، ڕەنگە بابەتی هونەری و ڕەنگ و ماتریاڵی کارکردن لە پلەی دووەمدا بن، فۆڕم لە هونەری سوریالیزمدا ملکەچی نەست (لاشعور) ە، واتە هونەرمەند بۆ بەرجەستەکردنی بابەتەکانی پەنا دەباتە بەر (ئەو دیو واقع) فۆڕمی شتەکان بە جۆرێکی نامۆ دوور لەوەی لە واقعدا هەیە وێنادەکاتەوە، چەمکی هاوشێوەیی هەوڵ نادات شتەکان هاوشێوەی واقع بکاتەوە، بەڵکو لە ژێر کاریکەری هەژموونی نەستدا کە فرۆید باسی لێوە دەکات، وەك لە وێنەی(٤٠و ٤١) دا دیارە:



وێنەی ژمارە ( ٤٠ )
سلڤادۆر دالی



وێنەی ژمارە ( ٤١ )
سلڤادۆر دالی

ڕێبازێکی هونەری کە لە ولأتی ئیتالیا دامەزرا، هەموو بوارەکانی هونەری گرتەوە بە ناوی (فیوچەریزم)، تێبینی ڕەنگی زۆر زەق لە نێو تابلوکاندا دەبینرێت، بۆیە هەر بەشێك لە بەشەکانی توانای شیکردنەوەی هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی بەشەکان و هەموو بەشەکانیش بە مانای جووڵەوە، هەموو جولأوێکیش بە کات دەستنیشان دەکرێت، هونەرمەندانی ئەم ڕێبازە مرۆڤەکان بەشێوەی بینراوێك لە کاتی جووڵەدا لە ڕێگای هێڵ و پانتایی ڕەنگی کە جولأوی ئۆتومبیل و تیشکی ڕووناکی و قەرەباڵغی

[1] گارا، هونەری شێوەکاری مۆدێرن لە فرانچیسکا گۆیاوە تا سوریالیزم، هەولێر: دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ل:٣٤١

★ نەست (لاشعور): لای فرۆید ڕاستیەکی دینامیکییە، لە چەندین بابەتی دەروونی پەستێنراو و شاراوە پێك دێت، لە لایەن نەستەوە هەستی پێ دەکرێت لە کاتی تێپەڕاندی بەرهەڵستی لە دەربڕینەکان بە هۆی شیکردنەوەی دەرونییەوە کە لە ڕێی واتا شاراوەکان (لاوعی) دەردەکەوێت لە ئاکامی بەرهەمە دەروونیەکان، گریمانەی (لاشعور) گریمانەیەکی پێویستە، هەروەها هۆکارە دەروونیەکان بە شێوەیەکی وا لە نەست دا خۆی دەنوێنێ کە ڕەنگدانەوەی لە هەندێك ڕەفتار لای مرۆڤەکان و هەندکێجار لە داهێنان و هزریاندا لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگ دەداتەوە.

شارەکان پیشان دەدات. لە تابلۆی (نەرم) ی هونەرمەند (ئەمبیرتۆ بوکشیۆنی) لە ساڵی ١٩١٢کێشراوە، دەلالەت لە شێوەی مرۆڤەکان دەکات وەك بەرگێکی زیوی بریقەدار کە هەوا جولاندبێتی لە شێوەی ئاوازێکی جولاوی بەردەوام، وەك لە وێنەی (٤٢) دا دیارە، **"ڕێبازی فیوچەریزم (فوتوریزم) نەگۆڕانێکی بنەڕەتی بوو لە شێوەدا وەك کیوبیزم و نە ئازادکردنی ڕەنگیش بوو وەك فۆڤیزم، بەڵکو ڕێبازێکی هونەری بوو بۆ نیشاندانی جووڵانەوە وکات و خێرایی بەیەکەوە لە کارێکی هونەریدا ناوەڕۆك و ئامانجی خۆی هەبێ"**[1]، کەواتە لای هونەرمەندی فیوچەریزم جووڵەی فۆڕمەکان و بەرجەستە کردنیان خاڵێکی گرنگی نێو بەرهەمەکانیانە، یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی هونەرمەند (بوکتشونی) لە بواری پەیکەر بریتییە لە پەیکەری کە پیاوێك دەڕوات و بۆشایی دەوری داوە لە هەموو لایەکەوە بە شێوەیەکی جولاو، جێگیر لە جێگای خۆی وانیشان دەدات کە دەیەوێت ڕابکات لە بازنەی لە ناوچوون و وێرانکەر، بەلام ناڕوات بەرەوپێشەوە بەڵکو ڕۆیشتنێکی بێدەنگ و نەجولاو، وەك لە وێنەی (٤٣) دا دیارە:



وێنەی ژمارە (٤٢)
ئەمبێرتۆ بۆکشیونی



وێنەی ژمارە (٤٣)
ئەمبێرتۆ بۆکشیونی

هەروەها ئیختیزال کردن هەبووە لە جەستەی پەیکەرەکانیاندا ئەوەش لە پێناوی بەرجەستەکردنی جووڵەی بەرهەمەکاندا بووە و جوانی ئافرەتیان کەم دەنرخاند، زیاتر پەنایان دەبردە بەر خودی گوزارشتکردنی خودی هونەرمەندەکە، **"ستاتیکای موستەقبەلییەکان زیاتر تەعبیرانە بوو، وێنەکانیان پڕ بوو لە جووڵە و هەوڵیان دەدا ڕێبازی جەستە لە نێو فەزادا و ڕێباز و ڕوح لە نێو جەستەدا بەرجەستە بکەن"**[2] و بەرهەمەکانیان تێدا نمایش دەکرد. لەساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا، هونەر ڕووەو ئاڕاستەیەکی ئەبستراکت و جۆرەکانی (تەجریدی) هەنگاوی نا، دەستەواژەی ئەبستراکت لە هونەردا، بەو شێوازە هونەریە دەوترێت، کەهونەرمەند تیایدا لەکۆپیکردنەوەی فۆڕمەکانی سروشت دوردەکەوێتەوە، هەر ئەم دەستەواژەیە لە هونەری شێوەکاری هاوچەرخدا تەنیا بریتییە لە بەرجەستە کردنی ناوەرۆکی فۆڕمی سروشتی لە فۆڕمێکی تازەدا، پەیکەرەکانی هونەرمەند (هێنری مۆر) بە شۆڕشێکی گەورەی پەیکەرسازی لە سەدەی بیستەمدا دەناسرێت، پەیکەرەکانی ڕۆحی جەستەی ژن و پالپشت بە هەندێك لە بەرهەمەکانی تایبەت بە خێزان (دایك و باوك و منداڵ) دەگەڕێتەوە بۆساڵانی ١٩٥٠، وەك لە وێنەی (٤٤) دا دیارە، هەروەها هەندێکی تری بابەتەکانی لە مێژووی پەیکەری فیرعەونی و ئاشووری و ئەغریقیەکانیش بە هەستێکی بێ ئاگاییانە

---

[1] گارا، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٨٦

(٢) جەزا بەکر، فەلسەفە و تەکنیکی بزافە هونەرییەکان، دەزگاو چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی: ٢٠٠٥، ل:٤٢

ڕەنگدانەوەی هەیە بە تایبەت لە پەیکەری (پیاو و ژنی دانیشتوو) هاوشێوەیی (پاشاو شاژن)ی فەرعەونیەکان بروانە وێنەی (٤٥):



وێنەی ژمارە (٤٥)
هێنری مۆر



وێنەی ژمارە (٤٤)
هێنری مۆر

ژنە هونەرمەندی پەیکەرساز (باربارا هیپۆرت) ناسراوە بە پەیکەرسازی بۆشایی و چاڵ و چۆڵیەکان، توانای بەرجەستەکردنی ماتریاڵەکانی هەیە لە ڕووی دەرخستنی جەستە و شێوەی کەسایەتی مرۆڤەکان بە شێوەیەکی ڕووتەڵکراو کە توانای سەرکەوتنی بە سەر ماتریاڵی جۆراوجۆر هەیە لە داتاشینی شێوەی جەستە وەك لە وێنەی (٤٦) دا دیارە، لە ڕێبازی ئەبستراکتدا **"شێوەی مرۆڤیان چڕکردەوە بۆ چەند نموونەیەکی ئەندازەیی ساکار، وەك هێڵێکی ڕێکی ستوونی بۆ جەستەی مرۆڤ، دوو نیوە بازنە، یەکێکیان کراوەیە بەرەو سەرەوە ئەوەی تریان کراوەیە بۆ خوارەوە بۆ بەرجەستەکردنی هەر دوو دەست و هەردوو قاچ، وەك ئەو ئەبستراکتەی زۆر هاوشێوەی ئەم حاڵەتەیە، لە دەستنیشانکردنی نموونەی فۆڕمی جەستەی مرۆڤدا لەو کوتلە بەردینە سەرەتاییانەی کە ناوزەند دەکرێن بە (مەنهیر)★"**[1]، هەروەها هەروەها هونەرمەندان (برانکۆسی)★★ و (کوانزالیس)★★★ لە بەرهەمەکانیاندا زیاتر گرنگیان بە ڕووتەڵ

★ مەنهیر: وشەیەکە لە زمانی بریتۆنییەوە وەرگیراوە، بە مانای بەردی درێژ

(١) وەهبی ڕەسول، ئەبستراکت ئێکسپرێشینیزم لەنیگارکێشانی هاوچەرخی کوردستانی باشووردا، نامەی ماستەر، ل٢٥١

★★ کۆنستانتین برانکوسی (constantin Brancusi)(1876-1957): یەکێکە لە هونەرمەندانی بواری پەیکەر، چۆنیەتی داماڵین لای ئەم هونەرمەندە بریتیە لە کورت کردنەوە و پەتی کردن و بە ئەندازە کردنی کارەکانی، بەرهەمەکانی لە موزەخانەی فیلادلفیا پارێزراون.(بڕوانە www.ward2u.com)

★★★ جولیو کوانزالیس(Julio Conzalez)(1876-9042): لە بەرشەلۆنەی ئیسپانی لەدایك بووە، وێنەکێش و پەیکەرسازبووە لە هەمان کاتدا، لە لایەن باوکیانەوە خۆی و براکەی ڕاهێنانیان پێکراوە لە سەنتەرێکی هونەری لە بەرشەلۆنە لە سەر کاری پەیکەرسازی، بە هۆی هاوڕێکەیەوە کە بیکاسۆ بوو ئاگاداری جموجۆڵی فەرەنسا بوو لەو سەردەمەدا، لە ساڵی ١٩٢٧ یەکەمین کاری پەیکەرسازی لە ئاسن دروست کرد کە بە شێوازی لکاندن (لەحیم) کاری کردووە ئەمەش بووە شێوازی کارکردنی.(بڕوانە www.britannica.com)

کردن داوە، وەك لە وێنەی (٤٧و ٤٨) دا دیارە، جەستەی مرۆڤەکان بە شێوەی زۆر سادە و چەند هێلێك کە هێمان بۆ بەشەکانی جەستەکە.



وێنەی ژمارە ( ٤٦ )
باربارا هیپۆرت



وێنەی ژمارە ( ٤٧ )
کۆنستانتین برانکوسی



وێنەی ژمارە ( ٤٨ )
جولیۆکوانزلیس

# توێژگەی سێیەم

## هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و فۆڕمی وێناکراو

## لە زمان و ئەدەبی کوردیدا

# توێژگەی سێیەم

## هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و فۆرمی وێناکراو لە زمان و ئەدەبی کوردیدا :

مرۆڤ هەمیشە هەوڵی داوە، ئەندێشە و کۆژانەکانی لە میانی گەلێك ژانرەوە بەرجەستە بکات، بەتایبەتیش زمان یەکێکە لەو ئامرازانەی کە گوزارشت لە هەموو بوون دەکات، بە مانایەکی تر هەموو بوون لە نێو زماندا قەتیس ماوە. بە ئاوایەکی فەلسەفی زمان هەڵگری شوناس و ناوەڕۆکی مرۆڤەکان دیاری دەکات، زمان هەر بەتەنیا ئامرازێك نییە بۆ پەیوەندی کردنی تاکەکان، بەڵکو ژانرێکی ئەدەبیشە لە فۆڕمێکی ستاتیکیدا، وێنای گەردون و شتەکانی دەوروبەر لە ئاستێکی ئەفرێنراودا دەکاتەوە، بەجۆرێك هەر مرۆڤێکی ئاسایی یان ڕوونتر شاعیر دەتوانێت خاوەنی فۆڕمێکی دیاریکراو بێت لە زمانی وێنا کردن لە سروشت و هەموو بوونەوەرەکانی دیکە، تا ئێستا زۆر باسی ئەو فاکتەرانە کراوە، کە ئەدەب لە قسەی ئاسایی جیا دەکاتەوە، هەمووی لە چوارچێوەی پێکهاتەی زماندا هاتوونەتە ئاراوە، یەکێك لە پێوەرەکان هەمووان لەسەری کۆکن، زمانی ناڕاستەوخۆیە، زمانێك لە ناوخۆیدا مانایەکی زۆری هەڵگرتووە، زمانی پەیوەندیەکانمان و قسەکردنمان واتە زمانی ڕاستەوخۆ، تەنها لە خزمەتی گەیاندنی پەیام و مەبەستەکەماندایە، بێ ئەوەی وشەکان هیچ ڕەهەندێکی تر لە خۆ بگرێت، **"جەستە لە زماندا داڕشتەی فیزیکی بوونەوەری زیندووە، کە ئەم داڕشتەیەش لە گۆشت و ئێسك و ئەندامەکان پێکدێت، بێگومان هەموو جەستەیەکیش، ئەسکەلەی ڕوحێکی زیندووە، کە لە نەبوونەوە دێتە بوون، لە بوونیشەوە بەرەو نەبوون دەکشێت"**[(١)]، بۆ نموونە کە دەڵێین (ئەو کچە جوانە)، ڕاستەوخۆی مەبەستمانە بڵێین جوانە، بەڵام لە زمانی ناڕاستەوخۆدا، سێبەر بۆ وشەکان دروست دەبێت، وەك ئەوەی بڵێین چ جوانیەك؟ باڵای؟ چاوی؟ ڕەوشتی؟ ڕەوت و ڕۆشتنی؟ ڕاڤەکردنی زمانی ڕاستەوخۆ، گرنگی و لێکدانەوەی وشەکان زمانی ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی خۆی دەبینێت. چونکە هەر وشەیەکی زمان، هاوشێوە لە هونەری وێنە و پەیکەرسازی و سیرامیکدا ڕاز و نهێنی خۆی هەیە، هەروەك ئەوەی ژن بە سروشتی هەیە وەکو زمانی ڕاستەوخۆ، بەڵام کە هونەرمەندێك پەیکەرێکی هاوشێوەیی بۆ جەستەی ژن دەکات، واتا و لێکدانەوەی خۆی هەیە، لە چەمکەکانی ئازادی، دادپەر وەری، خێر و بەرەکەت و زۆربوون و زۆر لایەنی تر، هەروەك چۆن زمانی ناڕاستەوخۆ، لێکدانەوەی جیاواز بۆ وشەکان دەکرێت، هاوشێوەیی و دەربڕینی وشە لە زماندا.

بەتایبەت بەمەبەستی وێناکردنی جەستەی ژن بۆ گەیاندنی پەیامێکی نوێ، لە بەیتە جیهانیەکاندا و بەتایبەت لە بەیتە کوردییەکاندا بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە (( بەیتی سوارۆ ))، کاتێ کیژ بە سوارەکەی دەڵێ:

---

(١) بە چاوپێکەوتن لەگەڵ ( کاروان عمر قادر)، لە زانکۆی سلێمانی ، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٢٦

**"زوڵفی خۆمم لەبەر دەگێڕا، مەمکی خۆمم بۆ دەبردەوە تکایە**

**شەرت بێ شەرتی خودا و ڕەسوولان، چووکەڵە سوارەکەم بێتەوە لەوێ**

**شەڕێ هەرامەتە لەوێ، ئەمن سنگی خۆمی بۆ دەکەمە کاغەزەکە مەرجان و**

**مەمکی خۆمی بۆ دەکەم بە قەڵەمەکی فەرەنگی**

**هەروەکو مەلای دوانزە عیلم شەو تا ڕۆژی لێ بکا موتالأیە"** (1)

لەم بەیتەدا کۆمەڵێك وێنە دێنە بەرچاو، کۆمەڵێك هاوشێوەیی لە تابلۆیەکی جوانی جەستەی ژندا، کە زوڵف و مەمکی کیژێ دەبێتە تکا کار، وەکو چۆن مەبەستت بە تکاوە بپێکێت، تا بەرانبەر ڕێزی دەگرێت و قسە ناشکێنێت. کیژێ کە دەزانێت (سوارۆ) دڵی شکاوە، وەڵامی ناداتەوە، بەلأم لەوە دڵنیایە کە سوارۆ ڕێز لە دەربڕینەکانی دەگرێت دەبنە تکاکار، ئەوا لەگەڵی ئاشت دەبێتەوە، لێرەدا دەربڕینەکان کە بۆ جەستەی ژن بەکارهاتوون هاوشێوەن بە ڕاسپاردە و کەسێکی ماقووڵ. لەو چەند دیمەنەدا کیژێ ڕاستەوخۆ وشەکان بۆ سوارۆ دەرنابڕێت، چونکە ئەگەر ڕاستەوخۆ دەریبڕییبایە، ئەو هێزە ئەفسووناوییە لە پەیڤ و قسەکاندا نەدەبوو، ئەوەی زمان و وێنەکانی دەوڵەمەند کردووە، ئەو وێنا کردنەیە، کە ئەو دەربڕینەی بۆ ئەو بەشەی جەستەی ژن هاوشێوەی کردووە بە کاغەز ومەرجان، کە لە دیمەنەکە دەڕوانین هاوشێوەیی لە نێوان کاغەز و سنگ کە هەردوکیان سپی و ناسکن، هەروەها هاوشێوەیی نێوان قەڵەم و مەمکی ژن، قەڵەم مەرەکەبی تێدایە و مەمکی ژنیش شیر، شیر مناڵ پەروەردە دەکات و مەرەکەبی قەڵەم دێڕەکانی نووسین.

لە کۆندا چینی خوێندەواری کورد مەلاکانی نێو حوجرەکان بوون، ئەوانیش لە کاتی خوێندنیاندا بەسەر کتێبەکانیاندا دەنوشتانەوە، ئەوان کتێبەکانیان دادەنا لەسەر سك ڕادەکشان و بەسەریدا دەنوشتانەوە و دەیان خوێندەوە، لێرەدا هاوشێوەی (کیژێ) دەبینین ڕاستەوخۆ ناڵێت لێدەگەڕێم لە سەر سنگم درێژ بیت، بەڵکو دەڵێت وەکو مەلای دوانزە عیلم شەو تا ڕۆژی لێ بکا موتالأیە. خوێندنەوەمان بۆی لایەنێکی دیکەشمان بۆ دەخاتە ڕوو، ئەویش ئەوەیە ئەو کەسەی شتێك دەخوێنێتەوە دێڕ بە دێڕ لە نهێنییەکانی نێو نوسراوەکە دەگات، لێرەدا هاوشێوەی نێو ئەم بەیتە و وەسفی جەستەی ژن دەردەکەوێت، هەروەها کاتێ دێینە سەر باسی شیعر، ((**شەپۆلێکی نهێنی گیانییە، کزەبایەك یان خورپەیەك لە مێشکەوە هەڵی دەقوڵێنێ و لە پێچ و پەنای دڵ و دەروون شنە دەکات، ئەم هەست کردنە بە جوانی لەگەڵ دروستبوونی ئادەمیزاد لەسەر ڕووی زەوی پەیدا بووە**))(2).

(1) سیروسی شەمیسا، جۆرەکانی ئەدەب، و: سامال ئەحمەدی، تهران: انتیشارات فردوس، ل:٣٣٦

(2) مارف خەزنەدار، مێژوویی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی ئاراس، هەولێر:٢٠٠١، چاپی یەکەم، ل:١٣٢

ئەو هۆنراوانەی کە شاعیر و ئەدیبان نوسیوویانە سەبارەت بە جەستەی ژن دەکرێت ڕیزبەندیەك دروست بکەین، کە سەرەتاکەی بگەڕێنینەوە بۆ شاعیری گەورەی کورد (عەلی بەردەشانی) و پاشان (عەلی حەریری) کە هەردوکیان زیاتر بە شاعیرە میللیەکان ناسراون، ئەم دەربڕینانە لای شاعیرانی کورد هەریەکە بە جۆرێك بووە، بەپێی ئەو سەردەمەی ئەو شاعیرەی تێدا ژیاوە، هەروەها کاریگەریەکانی وەك نەتەوایەتی و بیر و باوەڕی ئایینی و لایەنی سۆزداری هەریەکەیان کاردانەوەی لەسەر هزری شاعیر و بەرجەستە کردنی لە هۆنراوەکانیدا هەیە، لای زۆربەی شاعیرەکان پیاهەڵدان و وەسفی لەش و لاری ژن بووە بە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی شیعر، هاوشێوەیان کردووە بەو شتانەی کە زۆرترین کاریگەریان هەیە بۆ بەرانبەر یاخود خوێنەر، جەستەی ژن لە نێو شیعردا لە دێڕە شیعرەکانی (مەلای جزیری) کە وێنای خوشەویستەکەی (سەلما) دەکات وەکو لەم چەند دێڕەدا :

**"زولفێن بتی شیرین لەبان ژەهرینە شبهت عەقرەبان**

**لێ من ژ بسکا پڕ گری ئێرۆ تنێ گرتن دو تا"[1]**

لێرەدا شاعیر زوڵفی خۆشەویستەکەی هاوشێوە کردووە بە دووپشکێکی ژەهراوی بۆ ئەو کەسانەی تەماشای دەکەن، کە تاڵێك لەو زوڵفە بۆ عاشقان بەسە، بەڵام چی لە ئەو بکات کە گیرۆدەی ئەو زوڵفە پڕ لە گرێیانەیە، مەبەستی شاعیر دوو پرچی خۆشەویستەکەیەتی کە وەك کلکی دووپشك هەڵگەڕاوەتەوە، لێرەدا وێناکردنی شاعیر لە ئاستێکی نا باودا خۆی دەنوێنێت بە جۆرێك جەخت لە چەمکی دوالزمی دژەکان دەکاتەوە (زوڵف کە لە ڕاستیدا جوانە، هاوشێوەی دوپشك کراوە کە کوشندەیە) دەکاتەوە کە وێناکردنەکە هاوشێوەییەکی داهێنراوی لە خۆ گرتووە.

هەروەها (باباتاهیری هەمەدانی)★ کە بەسەرەتایی ئەدەبی هەورامی دادەنرێت، لە هۆنراوەکانیدا وەسفی شێوەی ژنی هاوشێوە کردووە بەدەربڕینەکانی وەك لەم چوارینەیەیدا خراوەتە ڕوو:

**"خۆری ئاسمان لەجوانی ڕووت بەشەرمە**
**مانگی تازە لە ڕووی ئەبرۆت بە شەرمە**
**لە شارا بم لە لە شاخ بم یا لە هەر لا**
**زوبانی من لە وەسفی تۆیە گەرمە"[2]**

---

[1] عەزیز گەردی، کێشناسی کوردی، هەولێر: چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم، ٢٠١٤، ل:١٦٦

★ بابا تاهیری هەمەدانی (عوریانی) ناوی تاهیرە، بابایان پێ وتووە، چونکە یەکێ بووە لە فریشتە و پیاوچاکانی دانیشتووی مافی یارسان. بەکارهێنانی وشەی بابا لە پێش ناو بۆ ڕێبەرانی ئاینی یارسان و ڕێگای دەروێشیزمی ئیسلامی لە کوردەواریدا هاوشانی وشەی پیر بەکاردەهێنرێت، هەروەها عوریانیان پێ وتووە کە مانای ڕووتەڵە، چونکە باوەڕی بە فەلسەفەی سۆفیزم بووە، ئینجا هەمەدانیان پێ وتووە، چونکە لە هەمەدان ژیاوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

[2]- چوارینەکانی بابا تاهیری عوریان، و: لە لوڕییەوە بۆ سۆرانی، کۆمەڵێ شعری بلاوکراوەیە:

شاعیر جوانی ڕووی خۆشەویستەکەی هاوشێوە دەکات بە خۆر، کە هێشتا ڕووی بە جوانتر دادەنێ، وای دادەنێ کە خۆر شەرم دەکات کاتێ ئەو جوانیە دەردەکەوێ، هەروەها لە جوانی ئەبرۆکانی خۆشەویستەکەی هاوشێوە دەکات بە مانگی تازە و ڕووی بە جوانی مانگ، لەگەڵ ئەو وەسفەی شاعیر کردوویەتی، ئەو وشانە کە هەڵیبژاردووە بۆ وەسف دەیگەڕێنێتەوە بۆ جوانی خۆشەویستەکەی، لێرەدا شاعیر وێنایەکی نزیك لە جیهانی شێوەکاری دەنەخشێنێ بە جۆرێك خۆ دەهاوێژێتە نێو وێنایەکی تا ڕادەیەك لە واقعی سحری یان سوریالیزم.

ئەحمەدی خانی★ لە بەناوبانگترین بەرهەمی کتێبی شیعرییەکەیدا کە چیرۆکێکی دڵدارانە دەگێڕێتەوە، تیایدا جەستەی ژن هاوشێوەی دیمەنێکی وەها دەکات، کە خۆی زیاتر لە تابلۆیەکی هونەریدا دەبینێتەوە نەخشاندنی وردەکارییەکانی جەستەی ژن لە خەت و خاڵ، وەك لەم هۆنراوەیەدا دەبینرێت:

**"هەرگیز کەسێ جوانی وای نەدیبوو**
**نەمزانی هەوێنی وان لە چی بوو**
**لاجانگ وەکو زێ و چەناگە وەك سێو**
**ئاونگی لە ئاوی ژین لەسەر لێو**
**سەرکوڵمە وەکی پەڕی گوڵی ئاڵ**
**چێنرابوو تیا دەنك دەنك خاڵ**
**ڕەشماری کەزێ لە بەژن و باڵا**
**وەك هەورە ڕەشێ لە ڕۆژ دەهاڵا"**(١)

باس لە ئەو جوانیە بێهاوتایەی زین دەکات، کە سەری سوڕماوە لە چ جوانیەکەوە هەوێن بووە، لاجانگەکانی هاوشێوە دەکات بە زێ، چاڵی چەناگەی وەك سێو، سەرکوڵمی وەك پەڕەی گوڵ، ڕەشی پرچی وەك ڕەشمار، دەم و چاوی وەك جوانی ڕۆژ کە وەك هەور شاردویەتیەوە و پاراستویەتی.

★ ئەحمەدی خانی، ناوی ئەحمەد کوڕی ئەلیاس کوڕی ڕۆستەمە، لە عەشیرەتی خانیانی وڵاتی بایەزید و بۆتانە، لە ساڵی ١٠٦١کۆچی هاتۆتە دونیاوە، وەك خۆی لە دێڕێك لە هۆنراوەکانیدا دەڵێت:"لۆرا کو دەما ژ غەیب فەلەك بوو،تاریخ هەزار و شێست و یەك بوو"، خانی یەکێك بووە لە مەلا گەورەکانی سەردەمی خۆی و شارەزایی چاکی لە فەلسەفە و زانستەکانی دیکەدا هەبووە، هەموو ژیانی بۆ خوێندەواری و بلاْوکردنەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری سیاسی خەرج کردووە لە کۆمەڵی کوردەواریدا، ئەمە دوو لایەنی ڕووناکی بووە، یەکەمیان بەرهەم هێنانی داهێنانی ئەدەبی، واتە شیعری، دووەمیان فێرکردن و پێگەیاندنی منداڵاْن و لاوی کورد لە ڕووی خوێندەوارییەوە. گرنگی زۆری بە زمانی کوردی داوە، کاتێك بە زمانی کوردی شیعری نووسیوە، وەکو هەڵوێستەیەك لە دژی دەسەڵاْتداران بووە.( بڕوانە وەنەوشەی کوردستان، www.vanawsha.loxblog.com)

(١) کەریم دانشیار، هۆنراوە (مەم و زین) ئەحمەدی خانی، و: هەژار، www.gagesh.com

هەروەها وەسفی جەستەی ژن لە هۆنراوەکانی نالیدا بەشێوەیەکە کە دوورن لە واقعەوە نالی★ دەڵێت:

**"نەخلیٚ باڵاکەت نەو بەرە تازە شکۆفەی کردووە**

**کە تۆ بۆن شیرت لە دەم دیٚ ئەم مەمەت کەی کردووە**

**بۆ مەمك نالی چ منداڵانە وەی وەی کردووە**

**ڕیشی وەك شیرە بەو شیرە شکۆفەی کردووە"[(١)]**

بەلاّم "لە قوتابخانەی ڕیالزم شاعیر بەشێوەی واقیع هۆنراوەکانیان دەنووسیەوە وەکو هۆنراوەکانی گۆران، بەلاّم لە قوتابخانەی کلاسیك بەشێوەی بەرچاو زیادەڕۆیی تێدا کراوەو تێکەڵ بە سروشتی دەکات. هەروەها ئەو وەسفەی کە شاعیر لە هۆنراوەکەیدا بۆ خوشەویستەکەی دەکات کە باڵای بەقەدەر چنارێکە و پرچی ئەچووێنیٚ بە ڕەشمار، چاو بە ژێرپیاڵەو دەمی بە قەدەر تریٚ یەك بیٚ، ئەگەر هونەرمەند بێت ئەمە دروست بکاتەوە لەجیانی جوانی وەسف بکات بۆ جەستەی ژن ، شتێکی زۆر نەشیاو نیگار دەکێشیٚ"[(٢)].

دەتوانین ئەم جۆرەی شیعر نوسین بگەڕێنینەوە بۆ شیعری کلاسیکی وەکو هونەری کلاسیکی هەوڵ دەدات جوانی شتەکان، وەکو جەستەی ژن جوانتر لە واقع دروست بکاتەوە، چونکە شاعیر دەیەوێت چاوی ژن بە ژێر پیاڵە هاوشێوە بکات لە گەورەیی و جوانیدا، کە لە ڕاستیدا چاوی هیچ ژنێك ئەوەندە گەورە نییە، کەواتە دەیەوێت چاوی زۆر جوان نیشان بدات، هەروەها دەمی هاوشێوە دەکات بە دەنکی تریٚ واتە، دەم تاکو بچووك بێت جوانترە، لێرەدا شاعیر لە وێنا کردنێکی کلاسیکیدا دەیەوێت بچووکی و جوانی دەمی ژن پیشان بدات، بەمجۆرە کلاسیك هەوڵی جوانتر کردنی شتەکان دەدات، جوانتر لە خودی شتەکە خۆی.

---

★ نالی ناوی خدر کوڕی ئەحمەد شاوەیسە، لە تیرەی ئالی بەگی مکاییلی عەشیرەتی جافە، لە گوندی خاك و خوڵ، لە دەشتی شارەزوور لەدایك بووە. باوکی ڕەنجبەرێکی عەشرەتی جاف بووە، هەر لە تەمەنی منداڵی نراوەتە بەر خوێندن لە حوجرە، لەسەرەتاوە کتێبی فارسی و قورئانی خوێندووە، لە چەندەها شوێن وەك سنە و ساباڵاخ و هەڵەبجە و سلێمانی و لای چەندەها ماموستای باشی ئەو سەردەمەی خوێندویەتی. دوای تەواو بوونی خوێندنەکەی، نالی مەلایەکی باش و ڕۆشنبیرێکی گەورەی لێدەردەچێت، بێجگە لە زمانی کوردی، فارسی و تورکی و عەرەبیشی زانیوە، تەنانەت شیعریشی پیٚ نووسیوون، دەکرێت بوترێت نالی شاعیر بەردی بناغە و دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری بابان بووە و یەکێك بووە لە گەورەترین شاعیرانی سۆرانی لە سەردەمی خۆی و لە ئێستاشدا، نالی لە دوایی ڕووخاندنی میرنشینی بابان بە ڕێگەی مووسڵ و شام و قودسەوە چووە بۆ حەج لە دوایی یەك دوو ساڵ لە شامەوە ڕووی کردۆتە ئەستەمبوول، لە ساڵی ١٨٥٦ لە ئەستەمبوول کۆچی دوایی کردووە. ( بڕوانە: مێژوویی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار، ل:٤٤ -٤٦) و (evinebook.blogfa.com

(١) مەلا خدری ئەحمەد شاوەیسی مکایەلی، دیوانی نالی، چاپی سێیەم، چاپخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی، ئورمیە، ١٩٨٥، ل:٤٣٧

(٢) بە چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن ڕەزا، لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٨/١، چەمچەماڵ، کات: ٥:٣٠ ئێوارە

دەتوانین نالی بە نموونەی شاعیری قوتابخانەی کلاسیك دابنێین، ئەمەش یەکێکە لە نموونەی شیعرەکانی:

**"زولفەینی بە خەم مارە و بە حەلقەن وەکو عەقرەب**

**شیعری لەفو نەشرەن چ موشەوەش چ مورەتتە**

**جێی دەم دەمە جێی لەب لەبە**

**ساقی وەرە ئەم شەب هەم ماچی دەمادەم بدە هەم جامی لەبا لەب"(١)**

بە هەمان شێوە شاعیر لەو شیعرەیدا جوانی خۆشەویستەکەی هاوشێوە دەکات بەو شتانەی کە لە واقیعدا جوان نین و بگرە جێگای زیان و زەرەرمەندیشن، بەڵام جۆرەی هاوشێوەیی بوونە دەکەوێتە ژێر کاریگەری سوریالیەکان بۆیە جوانی لای شاعیر پەیوەستە بە خودی خۆیی و ئەو هەستەی کە لە ناخیدایە بەرانبەر بە دەربڕینی وشەکان، کەواتە هاوشێوەیی بوونەکەش دەگۆڕێت. ئەم وێنا کردنە لە شیعر دا بەردەوام ڕەنگ دانەوەی هەیە لای شاعیران بە پێ سەردەمەکان، وەك ئەوەی لە چەند نموونەیەکی سەردەمی ڕابردوو باس کرا، ئەوەتا هاوشێوەیی جەستەی ژن لای شاعیرەکانی ئەم سەردەمەش لە شیعرەکانیاندا وێنا دەکرێت، شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرە هاوچەرخانەی کە وێنای جەستەی ژن لە نێو شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەیە، هەندێکجار بوون بە سەرچاوەی ئیلهامی شیعرەکانی و هاوشێوەیی کردوون بە سروشت وەك لەم هۆنراوەیەیدا :

**"بەیانی دییم، وەکو بەهار، سەر لقی ئاڵ بوو**

**بۆ نەورۆزی، مژدەی ژیان، نێرگزی ساڵ بوو**

**گەشەی گیانی، لە باوەشی، دایکی شادییا**

**وەك جریوەی، دەم ئەستێرەی، خۆشی سامال بوو**

**ئێوارەش دییم، وەکو پایز، کز و زەبوون بوو**

**لەشی جوانی، خۆراکی دڕك، بۆ زەبری بەردبوو**

**بزەی لێو و، گەشەی گیانو، ئاواتی دەرون**

**نمێ فرمێسك، ئاخێکی قووڵ، ڕەنگێکی زەرد بوو"(٢)**

هەروەها باس لە هاوشێوەیی نێوان جەستە و شێوەی ژن و ئەندامەکانی جەستەی و پەیوەندی بە وێناکردن لە ئەدەب و شیعرەکانی (گۆران)دا★ دەکەین، کە **"گۆران چۆن لە سروشت دا**

---

(١) مەلا خدری ئەحمەد شاوەیسی مکایەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل:١٣٣

(٢) دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم، (١٩٦٨–١٩٨٠)، کوردستان:٢٠٠٦، دوو وێنە، ل:١١٩

★ ناوی عەبدوڵڵا بەگە و کوڕی سلێمان بەگی کوڕی عەبدوڵڵا بەگە، باوك و باپیریشی لە هۆنراوە و وێژەدا بەهرەیان هەبووە.بنەماڵەی باپیری لە بەگزادەی میران بەگە لە ناوچەی مەریوان بوون. پاشان ڕوو دەکەنە هەڵەبجە چونکە خۆیان بە جاف

**شەیدای شتی جوانە و وێڵ و ئاوارەی دەشت و سەحرا دەبێ لەپێناوی چنینەوەی جوانیدا، لەمەو دوا ڕەگەزێکی تازە کە ئافرەتە و جوانی ئافرەتە باسی لێوە دەکەین لە ڕووانگەی شیعرەکانیەوە"**[1]، لە شیعری (جوانی بێ ناو) گۆران بە تەواوی لەپ دەخاتە سەر شتەکان و مەبەستە سەرەکیەکەی دەردەخات، کە زۆر واقعیانە وێنای ژن دەکات وەکو لەم دوو دێڕەدا دەردەکەوێت:

**"قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ**
**ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ"**[2]

بەخوێندنەوەی ئەم هۆنراوەیە شێوەی ئافرەتێکی زۆر جوان و ناسکمان دێنێتە بەرچاو کە ئەگەر بێتوو هونەرمەندێك بێ ئەوەی ئەم ئافرەتەی بینیبێ دەتوانێ لەڕێگەی وەسفی ئەم هۆنراوەیەوە وێنای بکات و بە جوانترین شێوە وێنەی بکێشێ. بە هەمان شێوە شاعیر لە چەند دێڕە شیعرێکی دا کە ((بۆ کچێکی بێگانە)) نوسیوویەتی بەم جۆرە هاوشێوەیی لەنێو جەستەی ژن و وشەسازیدا دەخولقێنێت:

**"شان و مل و گەردنی ڕووتی بێ گەرد**
**سنگی نەرم و، مەمکی قوتی توند وەك بەرد**
**بەژن و باڵای کەڵەگەت و شۆخ و شەنگ**
**لەش و لاری کەمێك گۆشتن ، کەمەر تەنگ**
**پێستی سپی بە خوێنی گەش مەیلە و ئاڵ**
**کوڵمی قەڵەو ، چەناگەی ناوەڕاست چاڵ"**[3]

ئەگەر بێتو بەراوردی شێوە و ناوەڕۆك بکەین لە گوتاری شیعری کلاسیکیدا ئەوا تا ڕادەیەکی زۆر نزیکە لە گوتاری نیگار کێشانی کلاسیکی یان هونەری شێوەکاری کلاسیکی، بە جۆرێك کە لە هونەری کلاسیکی دا هونەرمەند وێناکانی خۆی وەها هاوشێوەی شتەکان دەکات، کە باڵاتر و جوانتر و

---

زانیوە و لەوێ جێگیر دەبن، گۆران لە ساڵی ١٩٠٤ یان ١٩٠٥ لە هەڵەبجە لەدایك بووە، پاشانیش لە مزگەوتی پاشای هەڵەبجە بووە بە فەقێ، زۆرجار کراوەتە بەندیخانە لەبەرئەوەی چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەوان بووە، دوای ئەوەی لە یەکەم بەندیخانە دێتەدەر و ئەچێ بۆ سلێمانی و ئەبێ بە بەرپرسی ڕۆژنامەی ژین. لە سەرەتایی ١٩٥٩ دا سەرپەرشتی گۆڤاری شەفەق ئەگرێتە دەست و بە ناوی بەیان دەردەکات، لە ئیسکانی سلێمانیش دایدەمەزرێنێت و تا ناوەڕاستی ١٩٦٠ کاری تێدا دەکات. لە ناوەڕاستی ئەو ساڵەدا دێتە بەغدا و ئەبێ بە یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ئازادی. چالاکییە ئەدەبیەکان، یەکەمین کۆمەڵە شیعری گۆران بە ناوی بەهەشت و یادگار لە ١٩٥٠ لەسەر ئەرکی عەلادین سەجادی لە بەغدا لەچاپ دراوە. (بڕوانە کتێبخانەی کوردی ئەوین:

evinebook.blogfa.com)

[1] فازل مەجید محمود، سروشت لە شعری گۆران دا، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ل:٦٧

[2] – محەمەدی مەلا کەریم، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠، ل:٤٥

[3] محەمەدی مەلا کەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل:٤٧

قەشەنگتر خوێنوێنن، هونەرمەند هەوڵ دەدات گشت جوانیەکانی جەستەی ژن لە نموونەیەکی هونەری باڵا و بێ هاوتادا بەرجەستە بکات، باڵاتر لە واقعی شتەکە، کاتێك (ڤیدیاس) پەیکەرتاشی گریکی، پەیکەری (ڤینۆس) بەرجەستە دەکات پەنا دەباتە بەر، نموونەی جوانیەکی بێ وێنە کە لە بنەڕەتدا، لە واقع دا نیە، واتا ئەو هەوڵ دەدات هاوشێوەییەکە بگەیەنێتە وێنا کردنێکی نموونەیی بێ ڕکابەر جوانتر لە جەستەی هەموو ژنەکان. بەم شێوەیەش گۆرانی شاعیر وەکو هونەرمەندێکی شێوەکار، وێنا کردنەکانی خۆی دەربارەی جەستە و جوانی ژن دەباتە ئاستێکی کلاسیکی بێ وێنە، جوانتر و باڵاتر لە جەستەی ژن لە واقع دا، چونکە شاعیر وێنا کردنەکانی خۆی لە هزری خۆیدا، لە نموونەیەکی پڕ بەها دا هاوشێوە دەکات کە بەدەر بێت لە هەر کەم و کورپییەك.

(شێرکۆ بێکەس)★ هاوشێوەی ژن دەکات لە دوو حاڵەتی جیاواز، یەکێکیان هاوشێوە دەکات بە وەرزی بەهار، کە جوانی و خۆشی و ژیان دەبەخشێت، هەروەها لە حاڵەتێکی ترداوێنای دەکات بە پاییز، کە ئاماژەن بۆ خەمباری و دڵ تەنگین، دوو لایەنی دەرونی نیشان دەدات، دەتوانین بڵێین کە بێجگە لەو هاوشێوەیی بوونەی شاعیر بەرجەستەی کردووە، دۆخێکی دەروونی و فۆرم و نرخاندنە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو، ئەم هاوشێوە بوونە لای شاعیر جۆرێکە لە ئەندێشەی سەر بە ڕەوتی واقعی سحری و سوریالیزم، کە جوانی ژن هاوشێوە دەکات لەگەڵ وەرزەکان و ئەستێرەکان کە خۆی لە ڕاستیدا ئەو ووشانەی شاعیر هەڵیبژاردون فۆرمێکی وشکەڵانین، بەڵام شاعیر وێنایەکی شێوەکاری پێدەبەخشێت و بەراووردی دەکات بە ڕوخساری ژنێك کە جێگای سەرنج و تێڕامانەکانیەتی.

بەهەمان شێوە جەستەی ژن ڕەنگدانەوەی هەیە لە شیعرەکانی (قوبادی جەلیل زادە)★★، وەك شاعیرێکی چالاك جەستەی ژنی بەرجەستە کردۆتە سەر وشە، شیعرەکانی ووروژێنەرن، وەسفی جەستەی ژن سیمایەکی تایبەتی و سەرەکین لای شاعیر، پانتاییەکی گەورەش لە شیعرەکانی داگیر دەکەن.

---

★ شێرکۆ بێکەس کوڕی شاعیری ناودار فایەق بێکەسە، لە ٢ی ئایاری ١٩٤٠ لە گەڕەکی گۆیژەیی شاری سلێمانی لە دایك بووە، یەکەمین شیعری خۆی لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا بلاْوکردۆتەوە، ساڵی ١٩٦٨یەکەمین دیوانی شیعری خۆی بە ناوی تریفەی هەڵبەست لە بەغدا لە چاپدا، لە سالی ١٩٧٠ لەگەڵ کۆمەڵێك لە نووسەرانی بەناوبانگی ئەو سەردەمە بانگەوازی ڕوانگەیان بلاْوکردەوە، بە مەبەستی نوێ کردنەوەی شیعری هاوچەرخی کوردی، ئەو بە یەکێك لە پێشەنگەکانی ئەم بووارە دەناسرێت، لە ساڵی ١٩٩٨ بە یامەتی کۆمەڵێ کەس و هاوڕێی دڵسۆز دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمی دامەزراند، لە ساڵی ٢٠٠٩ دا کۆیی بەرهەمەکانی لە هەشت بەرگدا لە چاپدا، هەمیشە شیعرەکانی باس لە نیشتیمان پەروەریی و خۆشەویستی ئاو و خاك و سروشت کردووە، لە ٤ی ئابی ٢٠١٣ لە ستۆکهۆلم بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. (بڕوانە AppDeveloper24@gmail.com)

★★ قوبادی جەلیل زادە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە شاری کۆیە لە دایك بووە، لە بەشی دادوەری خوێندوویەتی و ماوەی ١٨ساڵ دادوەر بووە. سێ ساڵ لەمەوبەر خانەنیشن کراوە، بەڵام لە تەمەنی سەرووی شەست ساڵیدا بەردەوام بەرهەمی نوێتر دەخوڵقێنێت، لە ماوەی ژیانیدا ٩ کۆمەڵە شیعری بلاْوکردووْتەوە. قوباد وەك شاعیرێك ناسراوە، کە زۆرترین شیعری بۆ ژنان نووسیوە، کەسانێك هۆمەر دزەیی بە گۆرانیبێژی ئیرۆتیکا و جەلیل زادە وەك شاعیری شیعری ئیرۆتیك دەناسێنن.

**"ژنێك خۆشی دەوێم بەژن درێژتر لە بەژنی فیراق و کورتتر لە باڵای زەردەخەنە**
**ژنێك چاو ڕەشتر لە شکست و قژ خاوتر لە ڕووبار"(١)**

شاعیر هەوڵی داوە بە وشەکانی هاوشێوەیی خۆشەویستی ئەو ژنە بخاتە ڕوو، کە خۆشی دەوێت، ئەو وشانەی هەڵبژاردووە، کە کاردانەوەی کاریگەری هەیە لە لای خوێنەر وەك : فیراق ، زەردەخەنە، شکست، ڕووبار، کە هەریەك لەو وشانە بۆ هاوشێوەی جەستەی ژن بەکاری هێناون، هەروەها لەم چەند دێڕەیدا ژن هاوشێوە دەکات بە باڵندە و ئەو گیاندارانەی ناسکن و جوانن، کە ئەمانەش شتێکی خەیاڵین.

شاعیر دەڵێت: تەنیا بۆ وەسفی جوانی و ئازایەتی و نەبەردی و بوێری ئەو جۆرە ژنانەیە، مەبەست لە بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە ئاماژەی بۆ کردوون، هاوشێوەی کردووە بە شێوەی ژن تێڕوانین و دەربڕینی ناخی شاعیرە بەرانبەر ڕەگەزی مێینە و ئەو توانەیەی هەیانە وەك لە هۆنراوەکەدا دەبینرێت:

**"ئەو ژنانەم خۆشدەوێن، کوردن، جوانن، ناسکن**
**کۆترن، سوێسکەن، کەون، کەروێشك و پۆڕ و ئاسکن**
**ڕۆژی ئاشتی پۆلێ پاساری و پەپوولەی باڵ سپین**
**خەج و مار مار و خەزاڵ و شۆرە سێوی خاتوزین**
**ڕۆژی شەڕ، شەڕڤان و پێشمەرگەو گەریلای سەنگەرن**
**قارەمانی جەربەزە و باز و هەڵۆی جەنگاوەرن"(٢)**

لە وێنا کردنەکانیدا چەمکی هاوشێوە بوونی گۆڕیوەتە سەر وێناندنێکی بەرجەستە نزیك لە ژێدەرێکی سروشتی وەها فۆڕمەکانی نێو سروشتی هاوشێوە کردووە لەگەڵ بەشێك، یان هەموو جەستەی ژن، وێناکردنی جەستەی ژن بە باڵندە گوزارشت لە خەیاڵدانی ئیستاتیکی شاعیر دەکات.

هەروەها کە دێینە سەر بەشێکی تری ئەدەبی کوردی کە چیرۆکە، باس لە چیرۆکەکانی (کازیوە سالەح)، کە خوێنەر پەلکێش دەکات هەتا دوا وشەی چیرۆکەکە، بۆ نموونە کتێبی (نامەکان بەر لە مردن ناخوێندرێنەوە) هەست دەکەیت لە شەقامێکدا پیاسە دەکەیت لەوێ بەسەرهات و چیرۆکەکان دەبیستیت، هەروەکو ئەو پەیکەرانەی ڕۆژانە ئێمە بە لایاندا ڕاگوزەر دەکەین، لە هەندێك لە چیرۆکەکاندا دەکەویتە گومانێکی قووڵەوە هەتا نەگەیتە دوا وشەی چیرۆکەکە گومانەکەت ڕوون نابێتەوە، هەر مرۆڤێك هەڵگری کۆدو نهێنییەکی تایبەتە، بۆنموونە لە چیرۆکی (دەزگیرانە قورپینەکەم)، دەکەویتە قوڵترین گومان هەتا کۆتا وشەی چیرۆکەکە پاشان گومانەکەت دەڕەوێتەوە هەر وەك دایکی ئەو کچە کە دەکەوێتە

---

(١) قوبادی جەلیل زادە، کۆڕی شیعری شاعیران، ٢٠١٤/٧/٢٠

(٢) قوبادی جەلیل زادە، شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٧

هەڵەوە، کازیوە ویستوویەتی باس لە بیر و بۆچوونی کۆمەڵگا بکات کە چەن زوو بڕیار لە سەر شتەکان دەدەن.

یان لە چیرۆکی ( کچە ئازاکە) کازیوە بە چەمکی نامۆیمان دەناسێنێت و چەندین پرسی زۆر جیاواز دەوروژێنێت و باس لەو بەربەست و کێشانە دەکات، لە ڕۆمانی (هیچ) دا کە خەسرەو جاف نوسیویەتی، کە خەونەکانی لە قاڵبێکی فرۆید یدا ئاشنا دەکاتەوە بە هاوشێوەیی خەونەکانی لە فاکتەرەکانی جەستەی ژن و دەباتەوە ناو وێنە خۆ ویستەکانی خەیاڵی گەنجێك و دواتر کاریگەری قووڵی خەونەکان دەهێنێتەوە ناو واقیع لە فۆڕمێکی خەیاڵیدا جێبەجێی دەکات.

لە ئەدەبی کوردیدا لە نێو شیعر و ئەفسانەکانەوە بگرە تا چیرۆك ژن لە ناویاندا وەك کاراکتەری سەرەکی بوونی هەبووە، وەك لە داستان و شیعر و سەرجەم بوارەکانی ئەدەبیات بەگشتی و ئەدەبیاتی کوردی بەتایبەتی.

هەروەها لە چیرۆك و ڕۆمانیش وەك بەشێکی گرنگی مێژووی زمان و ئەدەبیاتی کوردی جەستەی ژن باسی لێوە کراوە، **"چیرۆك بەشێکی گەورەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە، بەرەو پێشچوونێکی ئەفسانەییە، لە ڕووی ڕووخسار و داڕشتنەوە لەو دەچێت بەڵام کەرەستەی ئەفسانە زیاتر نوقمی خەیاڵ بووە، کەچی کەرەستەی چیرۆك لە ژیانەوە وەردەگیرێت"**[1]، کاتێك چیرۆك و ڕۆمانی کوردی دەخوێنینەوە، دەچینە نێو جوگرافیای جیاواز و بە چەندین وێسگەی هونەرو فیکری و فەلسەفیدا گوزەر دەکەین. هاوشێوەیی بابەتی و وێنەی دەبینرێت لە تێڕامان لە کەسایەتی و ڕووخساری کەسەکانی ناو چیرۆکەکە کە ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکێتی، بە هەمان شێوەی کارێکی هونەری لە ڕووخساردا زۆرترین چیرۆك و نهێنی و وشە هەڵدەگرێت، تاکو تێڕامانی زیاتری بۆ بکەی و نهێنی و دەنگی تر گوێ بیست دەبین، لە ڕۆمانی (ژانی گەل ) دا ئیبراهیم ئەحمەد، دوو وێنەی جیاواز هاوشێوە دەکات لە یەك زەمەندا، ئازاری جەستەی ژنێك لە کاتی مناڵبوونی بۆ لە دایکبوونی نەوەیەکی نوێ و ئازاری گەلێك بۆ لە دایکبوونی ئازادی، بە جۆرێك کە خوێنەر هەست بە کارێکی هونەری نایاب دەکات، دوانەیەکی واقیعی و هونەری لە یەك گیاندا کۆدەکاتەوە ئەوانیش لەدایکبوونی مرۆڤێك و لەدایکبوونی گەلێکە، لە لایەك خێزانەکەی ژان گرتوویەتی لەلایەك خەڵکی شار بە دەستی ژانی نادادپەروەرییەوە هاوار و ناڵە ناڵیانە و خۆپیشاندان دەکەن تا ئازادی لەدایك بێت، هاوشێوەیەکی هونەری پڕاو پڕ لە سەلیقە و تێهەڵکێش لە نێو جەستەی ژن و هاوار و بەرزبوونەوەی ڕادەی ژان لەگەڵ هاواری خەڵك و بە جۆش و خرۆشتر بوونی شەقامدا یەکان گیر دەکات، تا گەیشتن بە ترۆپکی ژان و لەدایکبوون و سەرکەوتنی شەقامدا، لە هەردوولا هاوارە و لە هەردوولا شەلاڵی ماندووبوون ئارەق و خوێنیان لە بەر دەڕوات تا ئەو ساتەی وێنە هونەرییەکە لە نێوان ژن

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن ، لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٢٥

و هاوشێوەیی یەکەی فەنتازی دروست دەکات، کارەکتەری کارلێکراو ناتوانێت جوانی و هاوشێوەیی جەستەی ژن لەگەڵ خەیاڵ و خەونەکانیدا جیابکاتەوە.

هەروەها لەم چیرۆکەدا نووسەر، تابلۆکەی نیگارکێشی فەرەنسی (دیلا کروا) مان دێنێتەوە یاد، (ئازادی سەرۆکایەتی گەل دەکات) بە جۆرێك، دیلاکروا وەك پێشەنگی هونەری ڕۆمانتیکی لە وێناکردنێکی ئەفرێنراودا جەستەی ژن هاوشێوە دەکات بە (ئازادی گەل)، واتە هاوشێوەیی بوونەکە دەباتەوە ئاستێکی بەرز و پڕ بەهای ئیستاتیکی و دیدگای فیکری و هونەری باڵا، کە شۆڕشی گەلی فەرەنسی، هاوشێوەیی جەستەی ژنێك بەرجەستە دەکات، کە ئاڵای ئازادی گەلەکەی بەرز کردۆتەوە، واتە شکۆی گەلێك لە جەستەی ژنێکدا، وەك دایك، وەك مێینە، وەك خۆشەویست بەرجەستەکات، ئەم هاوشێوەییە لە ڕۆمانی ژانی گەلی ئیبراهیم ئەحمەددا دەبینرێت، بە جۆرێك نووسەر هاوشێوەی (دیلا کروا) کۆژانی گەلێکی وەکو کورد هاوشێوەی ژنێکی دووگیان بەرجەستە دەکات، کە لە ترۆپکی کۆژانەکانیدا، لە کێشمە کێشی نێوان (ژیان و مردن) دایە، لە ترۆپکی ئازادی و لەدایکبووندایە، کەواتە نووسەر وێنا هونەری و ئەدەبی و فیکری یەکانی خۆی دەربارەی ڕۆژی نەتەوەکەی لە جەستەی ژنێکدا وێنا و هاوشێوە دەکات، بەڵام لە چیرۆکی (حەسار و سەگەکانی باوکم) کە شێرزاد حەسەن نوسیوێتی هاوشێوەیی و یەکانگیری جەستەی ژن لە خەون و خەیاڵی ئادەمی تێپەڕ دەکات تا دەگاتە ئەو ڕادەی دڵداری و جوتبوون لەگەڵ مانگدا بکات.

بە هەمان شێوە لە ڕۆمانی (هیچ) دا کە (خەسرەو جاف) نوسیویەتی، کە خەونەکانی لە قاڵبێکی فرۆیدیدا ئاشنا دەکاتەوە بە هاوشێوەیی خەونەکانی لە فاکتەرەکانی جەستەی ژن و دەیباتەوە ناو وێنە خۆویستەکانی خەیاڵی گەنجێك و دواتر کاریگەری قووڵی خەونەکان دەهێنێتەوە ناو واقیع لە فۆڕمێکی خەیاڵیدا وێنای دەکات.

# توێژگەی چوارەم

# پێکهێنانی دارِشتنی شێوە
# لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا

# توێژگەی چوارەم

## پێکهێنانی داڕشتنی شێوە لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا :

داڕشتن بریتییە لە کۆکردنەوەی هەموو ئەو توخمانەی کە لە کاری هونەریدا هەیە، سەرجەم ئەو شێوانە دەگرێتەوە کە لە کۆتایی هەر کارێکی هونەریدا توانای وەرگر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، لە ئەنجامی یەکگرتن و ڕێکخستنی سەرجەم توخمەکانی کاری هونەری بە مەبەستی گەیشتن بەو شێوەیەی هەوڵی بۆ دەدەین بە دەربڕینی حاڵەتێکی دیاری کراو لە بابەتێکی دیاری کراودا بەرهەم دێت. لە کۆکراوەی سەرجەم ڕەگەزەکانی وەك (هێڵ و ڕەنگ و پانتایی وسێبەر و ڕووناکی و بۆشایی و ماتریاڵ و تێکسچەر)، کە سەرجەمیان کۆدەبنەوەو پێکهاتەی کارێکی هونەری دروست دەکەن، هەر کارێکی هونەری پێکهاتە و داڕشتنی تایبەت بە خۆی لە سەرجەم بوارەکاندا هەیە، دەکرێت کاری ڕێکخستنی توخمەکانی داڕشتن بە پێی ئامانجە گشتییەکانی هونەرو هونەرمەندەکە ڕێك بخرێت و ئەمەش گونجاوە بۆ داڕشتنی سەرجەم کایەکانی تری هونەر. بنەماکانی داڕشتن کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەر کارێکی هونەری هەیە، بە شێوەیەکی وا کە پشتی بەستووە بە سەرەتاکانیەوە یارمەتیدەر بوون بۆ کارکردن لەسەر بنەما داڕێژراوەکە و بگونجێت لەگەڵ بیر و هزری نوێدا، کەواتە پێکهێنان بریتییە لە ڕێکخستنی ڕەگەزە هونەرییەکان لە بەرهەمە هونەرییەکەدا، بەوپێیەی کە ڕێسایەکی بونیاتنەرانەی هەیە و پەیوەندیی ڕەگەز و بابەتەکان ڕێکدەخات و دەشکرێت لە سەر بنەمایەکی جیاواز کارە هونەرییەکە پێکبهێنرێت، هەروەها پێکهێنان جگە لەوەی ڕەگەزەکان ڕێك دەخات چاوی وەرگریش کۆدەکاتەوە لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستن و پەیوەندییەکان و لایەنی ئیستاتیکی کارەکە، لە ڕووی جۆریشەوە پێکهێنان بە سەر چەند جۆرێکی ڕێکخستنی کارەکە دابەش دەبێت وەك پێکهێنانی ئاسۆیی کە تیایدا فۆڕمی گشتی بە شێوەیەکی ئاسۆیی دەبێت و لە پێکهێنانی شاقولێشدا فۆڕمە گشتییەکە بە شێوازی شاقوولی و لە جۆری هەرمێیشدا بە شێوازی هەرمیٚ، لە جۆری بەربڵاویشدا بە شێوازی بەربڵاوی فۆڕمەکان ڕێکدەخرێت، لە سەرەنجام بەش و ڕەگەز و بەشداربووەکانی تیادا کۆدەبێتەوە. هەموو پێکهاتەیەکی کاری هونەری ڕەگەز و خەسڵەت و ئاماژەپێدانی هێمایی هەیە، داڕشتن کار دەکات لەسەر دانان و گونجاندنی توخمەکانی بە شێوەیەك لە کۆتاییدا شێوە و بابەتێکی یەکگرتوو بخاتە ڕوو، کە ئەمە ئامانجی داڕشتنە لە کاری هونەرییدا، سادەترین کاری هونەری دوو ڕەهەندی بریتییە لە هێڵ و ڕووبەر و بارستایی، لە کاری سیٚ ڕەهەندیدا بۆشایی و ڕەنگ و ڕۆشنایی و سێبەر مادەی سەرەکی کارکردن و هەستپێکردنی کارە هونەرییەکانن بە تایبەتی لە کاری هونەری ڕووبەر ڕۆڵی سەرەکی لە کارکاندا دەبێت.

(ڕۆبرت سکوت جیلام) لە شیکردنەوەی بۆ داڕشتن پێی وایە **"کە خۆی لە خۆیدا پێکهاتەیەکی بیٚ کەم و کوڕییە واتە تەواوە، چونکە ڕێکخستنێکی تایبەتی هەیە، کە لە ئەنجامی ئەو**

**پەیوەندییە داخراوانەی کە بە یەکەی کارەکە ناودەبرێت دروست دەبێت"**[1]، ئەگەر بە پێی ئەم تێگەیشتنەی (سكوت) بیر لە داڕشتنی هەر کارێکی هونەری شێوەکاری بکەینەوە، دەبینین، کە بەتەواوەتی دوور لەواتا و وەك یەکن، چونکە داڕشتن پێکهاتووە لە چەندین بەشی بچووکی تێکهەڵکیشراو لە یەکتری، کە لە ئەنجامی پەیوەندییەکی پێکەوە بەستراوی توند و تۆڵەوە پێکدێت، هەروەها ئەم بەشە بچووکانەش بە پێی بیرۆکەیەکی دیاریکراو ڕێکخراون، بۆ دۆزینەوەی یەکەیەکی گشتگیر کە چەندین پەیوەندی لە خۆدەگرێت کە دەبنە پێکهاتەیەکی تەواو و ڕێکخراو. **"حەقیقەتی کاری هونەری و توێژینەوەی ئەو ڕەگەزانەی هونەرمەند لە داهێنانی وێنەکانیدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکات لە هەموو ساتو کاتێکدا جێگیرەو ناگۆڕێت، بەڵام شیکردنەوەی کاری هونەری و لێکۆڵینەوەی پێکهاتنی، تا هەڵسەنگاندنی خوودی هونەریش لە چاخێکەوە بۆ چاخێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دی و بە پێی گۆڕانی چەمکی مرۆڤایەتی و گۆڕانی ڕووکارەکانی بیر و باوەڕەوە دەگۆڕێت، کە ئەمەش بە تەنیا بناغەی هونەر نییە، بەڵکو بناغەی تەواوی کۆمەڵە"**[2]، هەر یەکێك لە ئێمە بمانەوێ تێڕامان بۆ هەرکارێکی هونەری هونەری بکەین، ئەوا دەیبینین کە دەقی شتە لە لایەن واتاوە، ئەمەش پێکهاتووە لەچەند پارچەیەکی تێکهەڵکێشاو لەگەڵ یەکتردا، کە ئەوەش پەیوەندیی بەیەکەوە لکاندنیان هەیە، ئەم پارچە پارچانە واڕێکخراوە لەسەر بنەمایەکی تایبەتی، بۆدۆزینەوەی یەکەی ئاوێتەیەکی ڕێك چەند پەیوەندیەك لە نێوانیاندا هەیە ئەوەش وا دەکات، کە خۆی لەخۆی ببێتە قەوارەیەکی ئەندامی تەواوکەر و هەر لەسەر ئەو بنەمایەی کە هاتووە، دەتوانین بڵێین کاری هونەری پێکهاتنی تەواو بریتییە لە هەموو ئەو پارچانەی کە لێی دروست دەبێت و ئەو قاڵبەیە، کە کارەکە دای دەمەزرێنێت بە تەواو بوونیەوە، هەروەها ڕێکبخرێت و بچێتە ناو کارە هونەریەکە وببێتە کارێکی تەواو، بەتێگەشتنی (هربرت ڕید) یش کە پێکهاتە **"بەرچاوترین خاڵە لە کاری هونەریدا، هەروەها بینا کردنی هەر شتێکە بە لە بەرچاوگرتنی یەکەیەکی تەواو و گشتگیر"**[3]، دەتوانین بڵێین مەبەست لە داڕشتنی گشتگیر ئەوەیە سەرجەم بەشەکانی داڕشتن دەگرێتەوە، کە بەرهەمە هونەرییەکەی بە شێوەیەکی ڕێکخراو لێ پێکهاتووە، چەند توخمێك هەیە لە کاری هونەری بە کار دێت، بە پشت بەستن بەو یاسایانەی لە بواری داڕشتندا بەرجەستە دەکرێت.

شێوازی جێبەجێکردن و بیناکردن پشت بە بنەما سەرەکییەکانی داڕشتن دەبەستێت، لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی تر تایبەتمەندە و ئەو تەکنیکانەی کە هونەرمەندان لە بەرهەمەکانیاندا بەرجەستەیان دەکرد، بنەما ستاتیکییەکەی جیاوازە، یەکێك لە لایەنەکانی کە هونەرمەندان کاری هونەری و تازەگەریان تێدا خستتەڕوو بواری سیرامیکی هاوچەرخە، جۆری داڕشتن و شێوازی ئیشکردنی هونەرمەندەکانە، ئەمەش وایکرد سیرامیکی هاوچەرخ داهێنان و پێشکەوتن لە خۆ بگرێت، بە چەند

---

(1) جولان حسين علوان، بنيه التكوين فى النحت الحركى ، مجله كليه الادب، ديالى، العدد:٩٣،ص:٦٣٠

(2) حەسەن سلێمان، سەرەتایەك بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەکاری، و:نەژاد عەزیز سورمێ، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان، چاپی دووەم، ٢٠٠٥، ل:٢٠٧

(3) جولان حسێن علوان، سەرچاوەی پێشوو، ل:٦٣٠

تەکنیك و ماتریاڵی جیاواز لای هەر هونەرمەند و لە ناوچەی جیاواز بەپێی سەردەمی وەدیهاتووەکە دەگۆڕێت. هەمیشە ئاستی هونەری و ڕۆشنبیری کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لە سەر شێوازی کارکردن و کاریگەرییەکانی هەیە، **"ئەگەر جەنگی جیهانی یەکەم وەك شۆکێك دەرکەوتبێت و هیچ کاردانەوەی نەبووبێت بۆ هونەر بە ڕێژەیەکی زۆر کەم نەبێت بە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەوروپا لە پێشکەوتن و باوەڕ بە خۆ بوونیان بە بیری ڕۆژئاوایی، ئەوا جەنگی جیهانی دووەم دووفاقەییە لە نێوان بیری تەواو پێگەشتوو لە شارستانیەتی ڕۆژئاوایدا، بەو هۆیەوە بیر و هزرێکی ڕوون و ئاشکرایی هەبووە لە بارەی بابەتی بوون و شێوازی دەربڕین، بۆیە زۆر ئاساییە لەو ساتەوەختەدا بەشێکی زۆری جموجۆڵە هونەرییەکان بەرەو ڕیالیست (واقیعی) بوون و بابەتی بوون بڕوات، وەك دەرئەنجامێکی ڕاستەوخۆ بۆ بارو گوزەرانی دانیشتوانی ئەو سەردەمە"**(1)، بۆ ماوەی چەندین سەدە دارشتن و تەکنیکی هونەری سیرامیك و پارچە سیرامیکییەکان لە کیشوەری ئەوروپا برەوی پێدەدرا لەلایەن هونەرمەندانی ئەو بوارەی هونەرەوە، لە کوالیتی و ستاتیکای هونەری و ناوازەی ڕەنگی شووشەکانیانەوە، دەتوانین بڵێین کە هونەری سیرامیك سەرەتا بۆ بەکارهێنان بوو وەك پێداویستییەکی سەرەتای مرۆڤ، پاشان وردە وردە ئەم هونەرە تیکەڵ بە هونەری وێنەکێشان و پەیکەرسازی و گرافیك بوو، هەر وەك لای هونەرمەندان دەبینرێت، کە تێکەڵ کردنی هونەرەکانی تر لەگەڵ هونەری سیرامیك لە بەرهەمەکانیاندا بەرجەستە بوون و کاریان کردووە لەسەر جەستەی گڵێنەکان بە شێوازێکی تایبەت کە وێنای جەستەی ژن لە چەندین باری جیاوازدا، کە لە کاتدا ئەو جەستانە گوڵدان، یان دەفر بوون بۆ بەکارهێنان، ئەمە وایکرد کە شێوازی ئەندازەیی پەل بهاوێتە ناو هونەری سیرامیك، کە پێشتر سیرامیك بە نەرمی هێڵ ناسرابوو، بێگومان ئەم پێشکەوتنانە لە ئەوروپادا لەگەڵ پێشکەوتنی فکر و نوسیندا سەری هەڵدا، کە وایکرد هونەرمەند زۆر بوێرانە زیادەڕۆی بکات لە لابردن و کەمکردنەوە و گۆڕین و تەنانەت برەودان بە هەموو شێوەیەکی بەرجەستە، کە دەیبینێ یان هەر خەیاڵێکی نێو بیر وهزریدا.

هونەرمەندانی بواری سیرامیك لە چوارچێوەی هونەرەکەیدا هەوڵی کارکردن و داهێنانی داوە، ڕێکخستنی توخمەکانی دارشتن لە بەرهەمێکی سیرامیکیدا وەك سەرجەم بەشەکانی تری بواری شێوەکاری بەو یاسایە پەیڕەو دەکرێت، کە دەبێتە هۆی کارلێك کردن لە نێوان توخمەکاندا و دروست کردنی پەیوەندییەکی وا، کە کاریگەری لە چاوی وەرگر دەکات و مانای ناوەڕۆکی بەرهەمەکە ئاسانتر دەگەیەنێتە وەرگر، گونجاندنی شێوەکان لەگەڵ هەموو توخمەکانی تر ئەو ئامانجەیە، کە هونەرمەند هەوڵی بۆ دەدات. پێکهاتەی سیرامیکی هاوچەرخ ناوەندی زۆری لە بواری تەکنیکیدا هەبوو وە هەوڵی ئەوەشی دەدا بەدواداچوون بکات بۆ گەڕان بە دوای ستاتیکای هاوچەرخ لەو بارەی کەسیرامیك دەریدەخات.

---

(1) رباب سليمان كاظم، ملامح مابعد الحداثة وتجلياتها في الخزف الأميركي، بابل: مجلة مركز بابل للد ا رسات الإنسانية المجلد ٤ / العدد، ل: ٢٧٩

**"تێگەیشتنی بیناکردن لە هونەری سیرامیکدا پشت دەبەستێت بە داهێنان لە ڕێگەی توخمەکانی دارِشتنەوە، کە بە هێڵ و جووڵە لە بۆشاییدا بۆ بەرجەستە کردنی شێوەیەکی سێ ڕەهەندی، کە جیاوازە لە هونەرێکی تر و تایبەتمەندییەکانی ماتریاڵ لە ڕووی نەرمی و پلاسستی* و ئاسانی لە دروستکردنی شێوەدا، لە ڕێگای جێبەجێکردنی یاساکانەوە، لەجەستە سیرامیکی یەکاندا کە لەم ڕێگایەوە داهێنانی هونەری بەرجەستە دەبێت"**(1). دەتوانین بڵێین دارِشتن لەکاری هونەریدا جەخت دەکاتە سەر ژمارەیەك یاسای هونەری، کەهونەرمەند دەبێت ڕەچاوی بکات، ئەم یاسایانە دەکرێنە بنەما بۆ ڕەخنە گرتن لەبەرهەمەکەدا لەڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکەوە هەروەها لە ڕووی هونەرییەوە، ئەو یاسایانە وێناکردنی هەر کارێکی هونەری جیادەکاتەوە بەوەی بەهایەکی ستاتیکی هەیە، سەرجەم ئەمانە ئاراستەن بۆ دیاری کردنی بەرهەمێکی هونەری ستاتیکی، لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەند شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، کە مەرج نییە سەرجەم یاساکانی دارِشتنی هەر کارێکی هونەری لە بەرهەمەکەیدا بەرجەستە بکات، چونکە هونەری هاوچەرخ ڕێچکە کۆن و باوەکانی پێشووی تێك شکاندووە و بە بیرۆکەی نوێ و شێوازی نوێ جێی گرتۆتەوە، بەڵام بنەماکانی کارکردن ئەزموون و شارەزایی لای هونەرمەند بەرهەمەکەی بەرز دەنرخێنێت.

هونەری سیرامیك هەروەك گشت هونەرەکانی دیکە، پێشکەوتنی هاوچەرخانەی بەخۆوە دیوە، چونکە بۆ ئەم هونەرە **"یەکێك لە هەرە گەورەترین خۆ نواندنەکانی هونەرمەندانی سیرامیك لەم چەرخەدا ئەوەیە، کە بیرۆکەی گڵجۆش لە خزمەتی پێداویستی مرۆیدایە بە وردەکاری ستاتیکی ناوازە، کە واتای جیاواز هەڵدەگرن، جگە لەوەی هونەرمەندی سیرامیکی هاوچەرخ لە ئەورووپادا بەدەرنەبوون لە بەکارهێنانی شێوازی کۆنی کارکردن، کە لە چاخەکانی ڕابردوودا کراون، لەگەڵ هەوڵدان بۆ لەبەرکردنی بەرگێکی هاوچەرخ بە هاتنی سەدەی بیست و یەك و سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیاکانی ئەم سەدە پڕ داهێنانە، بە شێوەیەك سادەکردنەوەی کاری سیرامیکی بەجۆرێك لە پاڵ ئاسانی بەکارهێناندا جوانیەکی سەرنج ڕاکێش بەدی دەکرێت"**(2)، لەڕاستیدا هونەری هاوچەرخ ڕۆڵێکی کاریگەر و فراوانی بینیوە لە چۆنیەتی پێکهێنان و دەرچوون لە یاسا باوەکانی، هەروەها سنووری نێوان هونەرەکانی تێکشکاندووە و بەردەوام هەوڵی نوێگەری و داهێنان ئەدا لە بوارەکانی تەکنیك و فۆڕم و ماتریاڵە جیاوازەکان، جا چ لە شێوەی دوو ڕەهەندی، یان زیاتر، کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمە جۆری لە ژێدەر و شێواز و گرنگیدان بە

---

* پلاسستی (plasticity): ئەو سیفەتەی ماددەیە، کە لەژێر کاریگەری هێزێکی دیاری کراودا کاری تێدەکرێت و تێك دەچێت ئەگەر ئەو هێزە دەرەکیە لابرێت ئەوا شێوەکە دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی، پێکهاتەی کانزایی و دابەش کردنی گەردیلەکان و ماددە ئەندامییەکان هەروەها ماددە زیادکراوەکان ڕەنگە کاریگەری خۆی لەسەر توانای کشانی قوڕەکە بکات، چەندین تەکنیکی جۆراوجۆر بەرهەم هێنران بۆ ئەوەی بڕی ئاوی دیاری کراو دیاری بکەن، کە پێویستە زیادبکرێت و قوڕێکی گونجاو بەرهەم بێت، چونکە بڕی ئاوەکە وا دەکات کە شێوەیەکی گونجاو، یاخود نەگونجاو دروست بکرێت، کەواتە بە پێی ڕێکخستنی ئاوی ناو گڵەکە ئاستی پلاسستی قوڕەکە دەگۆڕێت. بڕوانە:

www.sciencedirect.com،Measuring the plasticity

(1) علی خالد عباس، توضیف التقنیات فی بنیة الشكل الخزفي، معهد الفنون الجميلة، بغداد، عدد ٧، ٢٠١٣، ص:٣١٨

(2) Libback.uqu.edu.

نوێگەری لە تەکنیکەکاندا، هونەری سیرامیکی هاوچەرخیش بەدەرنییە لەو گۆڕانکارییە پێشکەوتنە تەکنیك و شێوەییەیانەدا، چ لە ڕووی ڕووکاری بینگەیی شێوەکە، یان پێکهاتن و دارِشتنەکەی، یاخود گرنگی دانە بە پێوانە گەورەکان و ڕەنگی هەمەجۆر و تێکەڵکردنیان لەگەڵ هونەرەکانی تری وەك پەیکەرو وێنەو تەلارسازی، کارە سیرامیکییەکان پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوە لە سەردەمی ئێستادا بەوە جیا دەکرێنەوە، کە بیرو شێوازی دێرین پەیوەستە بەشێوە و ناوەڕۆکەوە، گۆڕانکارییەکان تیایاندا هەڵگری فیکر و فەلسەفەی نوێیە، هەروەها بەپێی جۆری کارە هونەرییەکە چۆنیەتی ڕێکخستنی توخمەکانی دارِشتن دەگۆڕێت و لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا ڕێك دەخرێت.

لە ئاکامی ئەم ڕێکخستنەدا چەندین پەیوەندی و بەهای هونەری دروست دەبێت، ئەو بەهایانە ئەوانەن، کە بە هۆیانەوە کارێکی هونەری هەڵدەسەنگێنرێت و وا دەکات کارێك لە کارێکی تر جیاواز دەربکەوێت، لە هونەری نوێدا دارِشتن دەتوانرێت داهێنانی تێدا بکرێت لە سەر چەندین بنەمای جیاواز، کەواتە دەتوانین بڵێین کە دارِشتن ڕێکخستن و گونجاندنی توخمەکانە لە چوارچێوەی کارێکی هونەریدا، تەنها لەسەر داهێنان بەند نییە بەڵکو چەندین ڕاستی شاراوە هەیە، هەر بۆیە پەیوەست دەبێت بە هزری هونەرمەند بە پێی ئەو سەردەمەی تیایدا دەژی و لە پێشکەوتندایە، لە بەر ئەوەیە هونەرمەند بەر لە دارِشتنی یەکەیەکی هونەری دەبێت زۆر بە باشی توخمەکان ڕێك بخات بۆ دەست خستنی ئەنجامی کۆتایی بەرهەمەکەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو.

لە هەر جۆرێکی پێکهێنانیشدا، کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی لە خۆ دەگرێت، لەوانەش بەهای جوانی و هونەری و یەکێتی و ڕیتم و هاوسەنگی، لە نێو ئەمانیشدا ڕەگەزەکانی گونجاندن و پێوانە و ڕەنگ و سیادە و بۆشایی و جووڵە و هێڵ و پانتایی و تێکسچەر کۆدەبنەوە، یەکێتی و یەکخستنی کاری هونەری بە هۆی پەیوەندیەکانی نێوان بەشەکان و فۆڕم و ماتریاڵ و تەکنیك و شێوازی کارەکەوە دێتە ئەنجام، هەرچی جووڵە و ڕیتمیشە بە هۆی یەکەی جووڵە و ئاڕاستەکانیەوە دەبێت و هاوسەنگیش لە سنووری خاڵێکی سەرەکی بەرهەمەکەدا کۆ دەبێتەوە لە ڕێگەی دابەشکردنێکی گونجاوەوە، بەمانەش بەهای هونەری و جوانی بەرهەمەکە هەست پێدەکرێت، جگە لە مانەش لایەنێکی تری بەخشینی جوانی بە بەرهەمەکە شێوازی کارکردن و لایەنی تێکسچەری بەرهەمەکەیە، کە دەبێت هونەرمەند، بەتایبەتی هونەرمەندی سیرامیك گرنگیەکی تەواوی پێ بدات لە پێناوی درککردن بە بەهای جوانی تێکسچەرەکە.

**(ماتریاڵ)** بۆ بەرجەستەکردنی هەر بەرهەمێکی بەسەرەکیترین دادەنرێت و هونەری دەبێتە بنچینەی سەرەکی بەرهەمەکە خزمەتی بیرۆکەکە و وەدیهاتووەکە دەکات، (بول کلی) لەم بارەوە دەڵێت **"ئەو هێزەی کە هونەرمەند دەجوڵێنێت بۆ کاری هونەری داهێنانە و ماتریاڵ یارمەتیدەر دەبێت کە هەموو خەیاڵێك بکاتە ڕاستی"**[1].

---

[1] نعیمة محمد، الخزف المعاصر فی کردستان العراق وسماتة و مضامینة الفنیة، سەرچاوەی پێشوو،٢٠٠٧،ل:١٢١

شارەزایی هونەرمەند ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەهەڵبژاردنی ماتریاڵی بەکارهاتوو، هەستکردن بە ماتریاڵ و چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو پەیوەندییە لە نێوانیاندا، ئەمەش وا لە هونەرمەندی بواری سیرامیك دەکات هەلی تاقیکردنەوە و داهێنانی هەبێت بە تایبەت لە جۆرەکانی شووشەدا★ بە پێی پلەی گەرما، هەروەها **(هێڵ)** ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ دامەزراندنی هەر کارێکی هونەری، کە هونەرمەند دەتوانێت لە ڕێگایەوە بیرۆکەکانی خۆی پێدەربرێت، ئامرازی دیاریکردنی جوڵانەوەو دریژکردنەوەی بۆشاییە. ئەو هێڵانە ڕاست یاخود چەماوە دەبێت. هەر یەکێك لەو هێڵانە واتایەکی خۆی هەیە، کاریگەری هەڵچوونی هەیە لە کاری هونەریدا و کاریگەری لە هزری هونەرمەند هەیە، کە چۆن کارە هونەرییەکەی بگەیەنێت بە وەرگر، **"هەر فۆرمێك یان وێنەیەك بە یاریدەیی هێڵەوە سنووردار دەکرێت، هێڵ لە پێناوی ئەوەدا کە بێ گیان نەبێت، دەبێت کێشەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت، تەنینەوەی فۆرم و بۆشایی و سێبەرو ڕووناکی دەبێت لە پەیوەندیی نزیکیانەوە بۆ یەکدی بخرێنە بەر چاو، گشت ئەمانە لایەنەکانی جیاوازیی پەیپێبردنی هونەرمەندە لە بۆشاییدا، قەبارەش بۆشایی یەکە پڕ دەبێتەوە. سێبەرو ڕووناکیش واڵاکەری قەبارەن و لە پەیوەندیدان لەگەڵ بۆشاییدا، بۆشایش جگە لە وێنەی قەبارە شتێکی تر نیە"**[1]، هێڵ کاریگەری تەواوی لە کاری سیرامیك وەدیهێنانی شێوەی هونەری و گەیاندنی چێژدا هەیە، ناوەڕۆکی کارەکەیە و پنتێکی سەرەکی یە لە دارشتنی وەدیهاتووەکە، هەر کارێکی هونەری تەماشا بکەین پێکهاتووە لە سەرجەم توخمەکانی دارشتن بۆ بەرجەستەکردنی لەو بوارەدا، ئینجا ئەو بەرهەمە یەکێك لە توخمەکان تیایدا زاڵ دەبێت و سەرنجی وەرگر ڕادەکێشێت، **"هێڵ شوێن و ئاراستەی هەیە، توخمێکە لە توخمەکانی دارشتن، کە ڕۆڵی سەرەکی لە بناغەی کاری هونەریدا هەیە، لە سروشتدا زۆر و جۆراو جۆر بوونی هەیە بە سەرجەم شێوازە جیاوازەکانییەوە"**[2]، بێجگە لە هێڵ یەکێکیتر لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دارشتنی کاری هونەری بریتییە لە **(تێکسچەر)** یەکێکە کە بیرۆکەی کاری هونەری پێ تەواو دەکرێت بەهۆی پەیوەندیی ئەو کاریگەرە کە دەیگەیەنێت بە وەرگر، ئەم ڕەگەزە لە کاری هونەریدا دەربڕینە و

---

★ شووشە بە پێی ئاستی پلەی گەرما:( شووشەی پلە گەرما مام ناوەند stone ware: ئەم جۆرە بە خەزەفی بەردین ناودەبرێن، لە پلەی گەرمای (١٠٥٠–١١٥٠) سوردەکرێتەوە، بەم جۆرە جەستەیەکی ڕەق و بێ کونیلە دروست دەبێت، جۆری تری هەیە وەك شووشەی خوێ،شووشەی خۆڵەمێش، ڕەنگە بەرهەمەکە بە جارێك، یاخود دووجار سووربکرێتەوە و هەندێك جار شووشەیەکی ڕوونە یاخود تاریك. (شووشەی پلە گەرما نزم earthen ware: شووشەیەکە تا ڕادەیەك پلە گەرما نزمە لە نێوان (٩٥٠_١٠٥٠) پلەی سەدی دایە، بە پێی جۆری ئەو ئۆکسیدانەی لە گڵەکەدا هەن ڕەنگەکەی دەگۆڕێت لە پرتەقاڵی زەرد باو بەلای قاوەیی سوورباو زۆربەی جار ڕەنگی تێریان هەیە، دەرچەو کونیلە لەسەر ڕووی کارەکە بوونی هەیە. شووشەی پلە گەرما بەرز (پۆرسەلین porcelain: لە ئەنجامی تێکەڵ کردنی کاولین و فلسبار و سلیکا دروست دەکرێت، پلەی گەرمای لە نێوان (١١٥٠_١٣٠٠) پلەی سەدییە، بە ڕەنگە سپی یەکەی جیا دەکرێتەوە و نیمچە ڕوونە واتە ڕێگە بە تێپەڕ بوونی ڕووناکی دەدات، لە سروشتدا نییە مرۆڤ خۆی دروستی کردووە بە تێکەڵ کردنی ڕێژەی تایبەت، هەرچەندە جەستەی کارێکی پۆرسەلین ئەستوور بێت هەر نیمچە ڕوونە، ڕوونی کارە سیرامیکییەکان پشت بە جۆری گڵەکە و کاولین و پلەی گەرما دەبەستێت. (بڕوانە .www Uobabylon.edu+www.algazalischool.com)

[1] هێربرت ڕێد، مانای هونەر، و: سەربەست خەسرەو عارف، سلێمانی: ٢٠٠٧، ل:٣٧

[2] فرج عبو، علم عناصر الفن، الجزء الاول، دار دلفين للنشر ميلانو–ايطاليا،١٩٨٢، ص:١٦٢

نیشانەیە سیفاتی ڕووە و ئەو ماتریالأنەی کە بەکاردەهێنرێت لە کارەکە، هەروەها ڕووکەشی کارە هونەرییەکەیە و پەیوەندی بە هەستیاری بینین و هەستی دەست لێدانەوە هەیە، چونکە هەر کەسێك کاری هونەری ببینێت یەکسەر بە چاو سەیری دەکات لەدوایدا بە دەست هەستی پێدەکرێت هەر کارێکی هونەری هەست پێکردنی خۆی هەیە، دەتوانرێت بارستاییەکی بینراو دەربخات وەکو هەست پیٚ کردن بە کارەکە **"بە شێوەیەکی گشتی نایابی ڕووکەشی کارە هونەرییەکان بەوە خۆی دەردەخات، کە بریتین لە ماددە کونیلەدارەکان کە پەیوەنی ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان پلەی کونیلەدارێتی و جەستەی بەرهەمەکەدا هەیە و لە هەر ماددەیەکی خاوو دروست کرابیٚ"**[(1)]، لە ڕاستیدا خۆی لە خۆیدا تێکسچەر لە هونەری سیرامیك دا یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی داڕشتنی هونەرەکە.

دەتوانین بەرهەمە سیرامیکییەکە بە ڕوویەکی جوان بیخەینە ڕوو، ئەوەش بە بەکارهێنانی ئامێر و ئامراز بۆ ئەوەی ڕووی کارە هونەریەکە زبر، یاخوود نەرم ولووس جوانپۆش بێت، هەر هونەرمەندێك لەو کارەی بەرجەستەی دەکات جۆرێك لە تێکسچەر دەداتیٚ، یاخود لە ڕێی نەرم و زبری، یان تەکنیکی کارەکە، یان جۆرێکی تر، کە تەنها لە ڕێگەی چاوەوە هەستی پێدەکرێت، ئەویش بە پێی شێوازی کارکردنی هونەرمەندەکە دەگۆڕێت. یەکێکی تر لە ڕەگەزە گرنگەکان بەتایبەتی لە پێکهاتەی سیرامیکدا بۆ جوانپۆشکردنی ڕووکاری بەرهەمە سیرامیکەکەیە، ئەویش بریتی یە لە **(ڕەنگ)**، **"یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی داڕشتن و پێکهاتەی هەر کارێکی هونەری وەك هەریەکە لەبنەماکانی تری داڕشتن وەك پنت و هێڵ و ڕووبەر، کە دەبنە هۆی جوانی لە بەرهەمە هونەرییەکەدا و هەندێك جار ڕێکخستنی هاوسەنگی بەهۆی ڕەنگەوە"**[(2)]، لە هەرکارێکی هونەری بەگشتی و تایبەت لە هونەری سیرامیکدا زۆر گرنگە، وەك لایەنی جوانی و تەکنیك و ڕووپۆشکردنی بەرهەمەکە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و دەبێتە بەشێك لە سەرنجدانی وەرگر، کە بە هۆیەوە دەتوانرێت ڕووە زبر و نەرم و سافەکانیش بەرجەستە بکرێت بە هاوکاری و پەیوەندییەکانی لەگەڵ جۆری ڕووی بەرهەمە سیرامیکیەکە، کە هونەرمەند دەتوانێت پێش کرداری ڕەنگکردن بە تەکنیك و ویستی هونەری خۆی کارای بکات، هەروەها هەر ڕەنگیشە کە جوانی و دەربڕین بە بەرهەمەکە لە لایەك و چێژی هونەریش بە وەرگر دەبەخشێت.

بە گشتی ڕەنگ ڕەگەزێکی سەرەکییە لە پێکهاتە هونەرییەکانی دیکەدا و لە هەر یەکێکیاندا بەهای هونەری و جوانی و دەربڕینی خۆی هەیە، جا چ وەك ڕەنگی ماتریاڵەکە خۆی، یان بە تەکنیکی ڕەنگکردن بێت، لە هەردوو جۆرەکەدا دەبێتە ڕەگەزێکی بەشدار لە کاراکردنی پەیوەندییە ڕێکخراوەکانی سیستمی پێکهاتن، پاشان دەبێتە هۆی بەرجەستەکردنی پانتایی بەیەکداچوون و ڕێکخستنی پانتاییە جیاوازەکانی یەك ڕەهەندی و دوو ڕەهەندی، یان زیاتر، هەروەها بەرجەستەکردنی ڕوونی و پلەکانی ڕەنگ

---

(1) زهير صاحب، فن الفخار في العراق- عصور ماقبل التاريخ، عمان: دار المكتبة الرائد العلمية، طبة الاولى، ٢٠٠٤، ص:٣١٤

(2) عبدالفتاح رياض، التكوين في الفنون التشكيلية، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧٤، ص:٢٤٢

و دەرخستنی پەیوەندیەکانیان، هەر بەهۆی تەکنیکی بەکارهێنانی ڕەنگ لە لایەك، کاراکردنی ماتریاڵ و پەیوەندی بە ڕەنگی ماتریاڵەکەوە لە لایەکی تر، هەروەها کاراکردنی ڕەنگ لە هونەری تەلارسازیشدا ڕەگەزێکی کاریگەرە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ڕەنگ و ڕووەکانی دەرەوە و ناوەوەی تەلارەکان و ئەرکی تەلارەکە خۆشی، واتە گونجاندنی پەیوەندی نێوان چەمکی ڕەنگ و چەمکی ئەرك و مەبەستی بەکارهێنانی تەلارەکە، بۆیە دەکرێت بڵێین ڕەنگ کارلێکێکی کاریگەرە لەگەڵ فۆرم و چەمك و ئەرك و دەربرین و جوانی و ڕۆڵێکی گرنگی لەسەر هەست و هەڵچوون و کاراکردنی چێژ و چاوی وەرگر هەیە، لە بەرهەمە هونەریەکاندا بە گشتی.

**(سێبەر و ڕووناکی)** لە کاری هونەریدا کە یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی دارِشتن ، کاریگەری ڕەنگی هەیە، پشت دەبەستێت بە ڕووناکی و وادەکات کە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر بەرهەمە هونەرییەکە دروست بکات، دەچێتە ناو بەرهەمەکە بۆ دەرخستنی قووڵایی و بەرزایی و نزمایی تیایداو وا لە وەرگر دەکات کە کاتێك ڕووناکی لیێ بدات سێبەری جیای بۆ دەربکەوێت، دەتوانین بڵێین لە سەر جەستەی کارێکی سیرامیکی ڕووناکی بە پێی تێکسچەری کارەکە دەگۆڕێت، بەمەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نێوان ڕەگەزەکانمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت لە کاتی بەرجەستەکردنیاندا، بێجگە لە کاریگەرییە گرنگەکانی ڕەگەزی ڕەنگ لە دارِشتنی فۆرم لە هەر کارێکی هونەریدا.

**(شێوە)** ش یەکێکە لە ڕەگەزە دیار و سەرەکییەکانی کاری هونەری، کە کۆکراوەی سەرجەم ڕەگەزەکانە لە دروست بوونی کارێکی هونەریدا لە سەرجەم بوارەکانی (وێنەکێشان، یان سیرامیك، یاخود پەیکەر)، کە هەمیشە دەلالەت لە ناوەڕۆکێکی دیاریکراو دەکات، کەپەیوەستە بە دیدگای هونەرمەندەوە، چەندین جۆر و شێوە لە کاری هونەریدا بوونیان کە هەر هونەرمەندە بە جۆرێك لە کارەکەیدا دەیخاتە ڕوو، دەتوانین بە جۆرێك لە مانای شێوە بگەین کە **"شێوە یەکێکە لە ئامرازە هەرە گرنگەکان لە کاری هونەریدا و لایەنێکی سەرەکییە لەدروست کردن و بنیادنانی سیما لە بەرجەستە کردنی بەرهەمی هونەریدا"**[(1)]، لە بەر ئەوەی هونەرمەند کارە هونەریەکانی و بیری خۆی لە بەرهەمەکانداو نمایش کردنی کارەکانی بۆ بەرانبەر بە شێوە دەردەخات و ماتریاڵەکە بەشێوەیەکی هونەری و سەرنج ڕاکێش بەرجەستە دەکات، پێکهاتەی ماددی کارە هونەریەکەیە و واتای کارەکە دیاری دەکات. پێوانە، یاخود قەبارەی بەرهەمێکی سێ ڕەهەندی هەروەك کاری سیرامیك، یان پەیکەر، ڕەگەزێکی سەرەکی بەرهەمەکەیە، چونکە بەهۆیەوە پێوانەی شێوەکە و بەهای بۆشایی دەردەکەوێت، کەواتە لێرەدا ماتریاڵ و پێوانە و شێوە دەبنە تەواوکەری یەکتر، لە پێناوی بەدیارکەوتنی بەرهەمە هونەریە سێ ڕەهەندیەکەدا، کە ئەرکی هونەرمەندە لە دیاریکردنی قەبارەی کارەکە بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ کارە هونەرییەکە و جێگای نمایشکردنی کارەکەی و چڕ کردنەوەی ئاڕاستەی جوڵانەوە لە لایەن هونەرمەندەوە بۆ ئەوەی بگەڕێت بە

---

(1) فرج عبو، علم عناصر الفن، الجزء الثاني، دار دلفين للنشر ميلانو–ايطاليا،١٩٨٢، ص:٧٤١

دوای جوانی و دەرخستنی نرخ و بەهای وەدیهاتووەکە، دەرکەوتن و بەرجەستەکردنی ئاستی جووڵە و ڕووی کارەکە، کە درێژی و پانی و قووڵی هەیە، سنوری داگیرکراو لە بۆشاییدا قەبارەکە دیاری دەکات. **"ئەو پەیوەندییانەی کە یەکە دروستی دەکەن سروشتێکی داڕێژرا و بینراویان هەیە، داڕشتنیش دەچێتە نێو یاسایی پەیوەندییە بینراوەکان"**[١]، کاتێك هونەرمەند توانی پەیوەندیی بەشەکانی کارێکی هونەری و پەیوەندیی هەر بەشێك لەو بەشانە بە کۆی گشتی کارەکە بەدەست بهێنێت و بەرجەستەی بکات لە یەکەیەکی سەربەخۆ دا، ئەوا بەرهەمەکە سەرکەوتوو دەبێت.

مەبەست لە یەکە لەیەکچوونی سەرجەم بەشەکانی کارە هونەرییەکە نییە بەڵکو دەکرێت چەندین جیاوازی لە نێوان ئەو بەشانەدا هەبن، بەڵام دەبێت ئەو بەشانە کۆبکرێنەوە بەجۆرێك کە یەك قەبارەی یەکگرتوو هاوسەنگ پێك بهێنێت، **"کاری هونەری باش بەوە جیا بکرێتەوە کە یەکەکەی پێك هاتبێت لە کۆکردنەوەی چەندین توخمی جیاواز، بە بێ ئەو یەکەیە شێوازێکی پەرتەوازەیی پێوە دیار دەبێت، ئەو یەکەیەی کە سەرجەم توخمەکانی گونجاندووە لە نێوان توخمەکانیدا وەك هێڵ و شێوە و قەبارە، بە لە چاو گرتنی ڕەنگ و ڕووناکی"**[٢]، نایابترین بەرهەم بەرجەستە دەبێت کە لە توانا و کارامەیی هونەرمەندەوە سەرچاوە دەگرێت.

شێوەی بەرهەمە هونەرییەکان لە لایەن هونەرمەندەوە زیاتر گرنگی پێدەدرێت، چونکە چەقی ستاتیکایە و جێگەی سەرنجە لە بابەتی بەرهەمەکاندا، هەروەها هاوسەنگی، کە دابەشکرنی سەرجەم ڕەگەزەکانە بە شێوەیەکی گونجاو لای وەرگر، **"توخمێکی سەرەکییە بۆ پێوانە کردنی بەها ستاتیکییەکان لە کاری هونەریدا و بە یەکێك لە بناغە گرنگەکان دادەنرێت، بە هاوسەنگی نێوان ڕەگەزەکان هاوسەنگی بەرجەستە دەبێت"**[٣]، هونەرمەند بە چێژی هونەری خۆی و هەستی قووڵی لە ڕێکخستنی ڕەگەزەکان و قووڵبوونەوەی خودی خۆی لە بەرهەمە هونەرییەکەیدا بەدەستی دێنێت.

**(بۆشایی)** لە کاری هونەریدا گرنگی بەرچاوی هەیە لە چۆنیەتی دابەش کردنی شێوە و قەبارەکاندا، بۆیە پەیوەندییەکی گرنگ هەیە لە نێوان شێوە و بۆشاییدا ئەگەر ڕووبەرەکە تەخت بێت، یاخود بەرجەستە، ئەوا **"قووڵی لە بۆشایی بەرهەمەکاندا بە هۆی جیاوازیی قەبارەی شێوەکانەوە دروست دەبێت، یاخود بە یەکداچوونی فۆڕمەکان بە ناو یەکتردا ئەو قووڵی یە زیاتر دەبینرێت"**[٤]، جووڵە لە کارە هونەرییەکاندا بە هۆی قەبارە و ڕووبەر، کەشێوەکان داگیری دەکەن لە بۆشاییدا دروست دەبێت، ئەو توخمانە و شێوازی ڕێکخستنی بیناکردنی جووڵەیەك دروست دەکات، مەبەست لەو جووڵەیە ڕیتمێکی

---

(١) روبرت جيلام سكوت، اسس التصميم، ت:محمد محمود و عبدالباقى محمد، دارنهضة مصر للطبع و النشر، ص:٢٥

(٢) اسس تكوين، قصى طارق، مجلة فنون تشكيلية، ٢٠٠٩،ط١، عمان، ص:٥٨-٦٦

(٣) فرج عبو، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٧٤_٢٥٢

(٤) سامى ابراهيم حقى، دراسات فى اسس التصميم، السلسلة الثقافية الفنية، رقم الايداع فى المكتبة الوطنية ( طبع بمطابع )، بغداد:٢٠١٣، ص:١٥_١٦

دیاریکراوی نێوان ڕەگەزەکانی داڕشتنە لە پێکهاتەی ئەو شێوەیە دا کە بەرهەم دێت، بۆ نموونە لە کارێکی سیرامیکیدا بە پێی مەتریاڵی بەکارهاتوو کە قوڕە لە کاتی دروستکردنی جەستەیەکی ناوپۆشدا دەبێت بە جۆرە شێوازێکی داڕشتنی وا چارەسەر بکرێت کە ئەو شێوەیە لە بەرچاو بگیرێت کە گونجاوە بۆ جەستەیەکی سیرامیکی، کە زۆربەی کات لە کاتی جێبەجێکردندا شێوازی ئەبستراکت و ئەندازەییەکان لەخۆ دەگرێت، لەبەرئەوەی دەتوانێت زیاتر تواناکانی خۆی لە بەرجەستەکردنی بابەتە جیاوازەکاندا بخاتە ڕوو بەربەستەکان تێپەڕێنێت.

**"چۆنیەتی داڕشتنی کردنی توخمەکانی داڕشتن و کۆکردنەوەیان و ڕێکخستن و گونجاندنیان و بینا کردنی ئەو ڕەگەزانە بە مەبەستی دۆزینەوەی یەکەیەك کە هەڵگری مانای پێکهاتەی داڕشتەی هونەری بێت لە شێوە هونەرییەکاندا بە دیزاین دەناسرێت"**[(1)]، جگە لەو ڕەگەزانەی  ئەو شێوانە بەرجەستە دەکەن لە بواری سیرامیکدا دیارترینیان داڕشتنی فۆڕمەکانە کە ناوەڕۆکی کارەکە دەخاتە ڕوو هەروەها سەرجەم پێکهاتەکانی داڕشتن کۆدەکاتەوە. ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە بواری هونەری شێوەکاری دا ڕوویدا بە تایبەتی سیرامیك وایکرد، کە چەندین کێشەی جیاواز دروست بێت لە بواری چۆنێتی زانینی ئاڕاستە وشێوازە نوێیەکان و چێژ وەرگرتن لێیان، تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو لە بواری ماتریاڵی سیرامیکدا چەندین دەرگای تری کردەوە بە ڕووی داهێنان بۆ ئەوەی بەهای جوانی و فەلسەفی نویێ بۆ هونەری هاوچەرخ دەستەبەر بکات، هەر بۆیە ماتریاڵ و تەکنیك گرنگییەکی زۆریان هەیە و بەکاردەهێنرێن بۆ چەندین شێوازی بێ سنوور لە کاتی کارکردندا لە پێکهاتەی سیرامیکی هاوچەرخدا، هەر لە سەدەی نۆزدەشەوە بیر و بنەماکانی مۆدێرنە سەریهەڵدا.

ئەوەی شایەنی باسە، سەرەتاکانی هونەری سیرامیك دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی هونەرمەندی بەریتانی (بێرنارد لیچ)★ لە دوایە گەڕانەوەی بۆ لەندەن لەگەڵ هونەرمەندی یابانی (هامادە شوجی)★★، ستۆدیۆیەکی تایبەتی لە بەریتانیا دامەزراند حمادە شۆجی توانی تەکنیکی یابانی بگوازێتەوە بۆ ناو

(١) روبرت جیلام سکوت، سەرچاوەی پێشوو، ص:٤

★ Bernard Leach(١٨٨٧_١٩٧٩): لە شاری لەندەن خوێندکار بووە بەرلەوەی سەفەر بکات بۆ یابان هەر لەوێ لە ژێر دەستی مامۆستای گەورە shigekichi دەستی کرد بە داهێنان لە بواری سیرامیکدا، پاش گەڕانەوەی ستۆدیۆ بەناوبانگەکەی دانا بە ناوی leach، کارەکانی شێوازێکی سانایان هەبوو، شووشە بە سادەیی بەکارهێناوە وجوانیەکی ئارامی هەبوو بە بەراوورد بە کارەکانی پێش خۆی، کاردانەوەی شێوازی کارکردنی لە لای زۆربەی هونەرمەندانی بواری سیرامیك ڕەنگی داوەتەوە. (بڕوانە History of the leach pottery، www.leach pottery، com)

★★ shoji Hamada(١٨٩٤_١٩٧٨):شۆجی هەمادە لە شاری طوکیو لەدایك بووە، لە تەمەنی شانزەساڵیدا دەستی بە خوێندنی کاری خەزەف کرد، کاتەکانی خۆی بە گەڕان و کارکردن لە ستۆدیۆکانی یابان بەسەر دەبرد، لە ساڵی ١٩١٨ چاوی بە بێرنارد لیچ دەکەوێت بۆ ماوەی ساڵێك پێکەوە کاردەکەن، لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئینگلتەرا هاوکاری لیچی کرد لە دروست کردنی فرنێك و دوو پێشانگایان کردەوە لە لەندەن ساڵی ١٩٢٣ و١٩٣١ هەروەها لە ساڵی ١٩٣٢ ڕۆشتن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سادەیی لە دیزاینی کارەکانیدا بە گەوهەرێکی گرنگ دادەنرێت لە بواری سیرامیکدا. (بڕوانە Shoji Hamada، www.studiopottery.com)

هونەری بەریتانی. تەکنیکی کارکردنیان نزیك بوو لە یەکەوە، ئەویش بە بەکار هێنانی ڕەنگ و هێڵ بە شێوەیەك کە بەشێك بوو لە فۆڕمی کارەکە و تێکهەڵکێشانی و گونجاندن و دروست کردنی هاوسەنگی، کاریگەری گەورەی ئەم دوو هونەرمەندە لە سەر سیرامیکی هاوچەرخ زۆر دیار و بەرچاوەو توانیان هونەری سیرامیك وەك هونەرێکی ئاست بەرز بناسێنن و چیتر وەك پیشە سەیر نەکرێت، بەڵکو ببێتە هونەرێکی ناوازە کە لە بەکارهێنانەوە گۆڕرا بۆ جوانکاری، کاری دەکرد لەسەر سووتاندنی پارچە سیرامیکییەکان لە پلە زۆر گەرمەکاندا و بەکارهێنانی تەکنیکی جیاواز لە شووشە و ڕەنگەکاندا وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی و زاڵ لای هونەرمەندان لە بەرجەستەکردنی بەرهەمەکانیاندا، لە سەر ڕووی دەفرەکان و جەستە سیرامیکیەکاندا وەك لە وێنەی (٤٩ بێرنارد لیچ) و (٥٠ هامادە شوجی) دا دیارە:



وێنەی ژمارە (٥٠)
هامادە شوجی



وێنەی ژمارە (٤٩)
بێرنارد لیچ

هەروەها شێوازی تەکنیك و کارکردن لای هونەرمەندی بەریتانی (ولیام مورای)★ لە سادەیی دیزاین و کەمی زەخرەفە و ڕەنگ و نەخشاندنەکان لە بەرهەمەکانیدا بە شێوەی سەرنج ڕاکێش بەرجەستە بوون، بەرهەمەکانی (lucie rie)★★ بەوە جیا دەکرێنەوە لە تەکنیکی کارکردنیدا تەنها دوو ڕەنگ بەکاردەهێنێت لە شووشەکردنی جەستە سیرامیکیەکاندا، ئەگەر سەیری فۆڕمەکە بکەین، دەبینین لە سەر دارشتنێکی هەڕەمی ئاوەژوو بنیاتنراوە، کە هاوسەنگیەکی زۆر دەکرێت، بە جۆرێك دارشتنەکەی لە بنکەوە بۆ سەرەوە کراوەتەوە نزیك بۆتەوە لە فۆڕمێکی ئەندازەیی هاوسەنگ و هارمۆنی بە تایبەتی وەکو

---

★ William murray(١٨٨١–١٩٦٢): لە باشووری رۆژهەلاتی شاری لەندەن سالی ١٨٨١ لەدایك بووە، لە ماوەی تەمەنیدا چەند وانەیەکی لەسەر پێشینەی سیرامیك خوێندۆتەوە، دواتر دەستی بە کارکردن کرد لەو بوراەدا، لە سالی ١٩٢٥ بوو بە کارمەند لە کۆلێجی هونەر سالی دواتر بوو بە سەرۆکی بەشی سیرامیك لەەو کۆلێجەدا، خۆی فرنی دروست دەکرد و شووشەی ئاست بەرزی بەرهەم دەهێنا، لە سالی ١٩٥٧ دا پێشانگایەکی زۆر سەرکەوتووی بۆ کارەکانی ئەنجامدا، بەهۆی نەخۆشی لە ١٩٦٢ کۆچی دوایی کرد. (بروانە: www.studiopottery.com).

★★ Lucie Rie(١٩٠٢_١٩٩٥): لە ڤێنا لەدایك بووە، لە تەمەنی بیست بۆ بیست و شەشساڵی لە خوێندنگای هونەری خوێندویەتی پاشان وازی لە خوێندن هێنا و کاری دەکرد، لە تەمەنی سی ساڵی دا بەرهەمەکانی لە فەرەنسا و ئیتالیا و نەمسا نمایش کران، لە ساڵی ١٩٣٨ لە بەریتانیا وەرشەیەکی دروست کردنی سیرامیك دەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٦٠_١٩٧١ دەبێت بە مامۆستا لە قوتابخانەیەکی هونەری و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەرەو پێش چوونی هونەری سیرامیك لە بەریتانیا لەگەڵ بێرنارد لبیچ و هانز کۆپەر، بەرهەمەکانی لە بیرۆکەکانی ڕۆمانی کۆن وەرگرتووە، هەروەها بەهۆی گەشتەکانی بۆ فەرەنسا و ئیتالیا کاری لە بواری سیرامیکی ئاسایی (نۆرماڵ) و بەردین و پۆرسەلین دا کردووە. بڕوانە (www.sothebys.com)

قەبارە و شێوازی تەکنیکی جێبەجێکردن، کە کارەکە ئەوپەڕی هارمۆنی لە خۆ گرتووە بە تایبەتی لە میانی بەکارهێنانی تێکسچەر و ڕەنگی ئاڵتوونی و ڕەنگە ڕەشەکەوە، وەك لە وێنەی (٥١ –ولیام مورای) و (٥٢– لوسی ریێ) دا دیارە:



وێنەی ژمارە ( ٥١ )
ولیام مورای



وێنەی ژمارە ( ٥٢ )
لوسی ری

هەروەها هونەرمەند (جانێت لیچ)★ شێوازی کارکردنی جیاواز بوو، بەو پێیەی کە شێوەی جیاوازی دروست دەکرد، هەوڵی دارِشتنی دیزاینی نوێی بۆ سیرامیکەکان لە ژێر کاریگەری هونەری یابانیدا دەدا، هەندێك لە کارەکانی دروست دەکرد و شان بە شانی تازەگەری و گۆڕانکاری هەوڵی دەداو بە سەربەستییەکی زۆرەوە دارِشتنی کارەکانی دارِێژێت و شووشەی ڕەنگ تێری بەکاردەهێنا، ئەم کارە هونەریەش لە ڕووی پێکهاتنی دارِشتنی شێوەوە، هەرچەندە لە دارِشتنێکی باو و تارِادەیەك ناسراودا ماوەتەوە، بەڵام لە ڕووی تەکنیکی جێبەجێکردنی کارەکەدا، جۆرێك لە تازەگەری بەکارهێناوە، وەك ئەوەی لە میانی ڕەنگەکانی قاوەیی و سپیدا جۆرێك لە هارمۆنیەتی دروست کردووە، ئەمە جگە لەوەی هەوڵی داوە پەیوەندی لە نێوان هونەری نیگارکێشان و سیرامیکدا بدۆزێتەوە و توانیویەتی دارِشتنێکی ئەبستراکت ئاوێتەی فۆڕمی قاپەکە بکات، یەکێك لەو هونەرمەندە بەناوبانگانەی کە کاریگەری هونەری سیرامیکی لە سەر بوو هونەرمەند (بابلۆ بیکاسۆ) بوو، کە توانیویەتی تیکەڵاو بوونێك لە نێوان ئەم دوو بەشەی هونەردا دروست بکات و کاردانەوەی لەسەر هونەرمەندەکانی دوایی خۆی جێبهێڵێت، لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا وێنەی جەستەی ژنی بە شێوەی هێڵ و ڕەنگ لەسەر فۆڕمە سیرامیکەکان بەرجەستەکردووە، بەرهەمەکەی بیکاسۆ خۆی لە بنەڕەتدا لە فۆڕمی جەستەی ژنێك دەچێت، بێجگە لە

---

★ janet leach(١٩١٨–١٩٩٩): ئەم هونەرمەندە خەڵکی تەکساسە ساڵی ١٩١٨ لەدایك بووە، پاش خوێندنی لە بواری پەیکەرسازی دەستی کرد بە خوێندنی بواری سیرامیك، یەکێکە لە گرنگترین هونەرمەندی پاش جەنگ، سەرەڕای ئەوەی کەلەگەڵ بیرنارد لیچ ژیانی هاوسەری پێك هێناو خاوەنی ستۆدیۆی سیرامکن لە سەدەی بیستدا، لە سەرەتاکانی ژیانیدا زۆر گرنگی داوە بە هونەر بەتایبەتی پەیکەرسازی و پاشان دەستی کرد بە خوێندن لە بواری سیرامیکدا، سەرەڕای پابەندبوونی بە کارکردن لە ستۆدیۆی بەناوبانگی لیچی بەریتانی توانیویەتی ناوبانگێکی نێودەوڵەتی تایبەت بەخۆی دروست بکات لە سالانی ١٩٧٠_١٩٨٠ دا کە زۆر جیاواز بوو لە کارەکانی بیرنارد لیچ لە ڕووی ناوەڕۆك و دیزاینەوە. (بڕوانە www.studiopottery.com)

بەکارهێنانی وێنەی ژن لە سەر ڕووکاری کارە سیرامیکەکە وەك لە وێنەی (٥٣ جانێت لیچ و٥٤ بابلۆ بیکاسۆ) دا دیارە:



وێنەی ژمارە ( ٥٣ )
جانیت لیچ



وێنەی ژمارە ( ٥٤ )
بابلۆ بیکاسۆ

هونەرمەندە سیرامیکەکانی دیکەش گەلێك ڕەگەزی تری هونەریان ئاوێتەی کاری سیرامیکی کردووە، بەتایبەتی ڕەگەزی هێڵ بە شێوەی هەڕەمەکی بۆ نموونە هونەرمەند (دۆگلاس کینی)★ کە شێوازی پۆلۆکی بەکارهێناوە، هەروەها "**هونەرمەندانی سیرامیکی توانیان پەیڕەوی ڕێبازی هونەرمەندی دونیای هونەری شێوەکاری بکەنە ئامانجی وردەکاری سەر شێوە و فۆڕمی هونەری سیرامیکی لە نێوانیاندا هونەرمەندان لە سەر ڕێڕەوی هونەرمەندی جیهانی جاکسۆن پۆلۆك بوون**"[1]، دۆگلاس کینی تەکنیکی دارِشتنی هونەری لە جەستە سیرامیکییەکان دووبارە دەکردەوە، کە هونەرمەند جاکسۆن پۆلۆك بە ڕێگەی ڕەنگ ڕێژی لە سەر ڕووی تابلۆکان دەینەخشاند، وەك لە وێنەی (٥٥ پۆلۆك و ٥٦ دوکلاس کینی) دا دیارە:



وێنەی ژمارە ( ٥٥ )
جاکسن پۆلۆك




وێنەی ژمارە ( ٥٦ )
دۆکلاس کینی

★ Douglas kenney:لە شاری سان دییگۆ لە دایك بووە، لە قۆناغی ناوەندی دا لەسەر ویل کاری کردووە و پاشان لە کۆلیج سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە و ئەزمونی زۆری لە بواری سیرامیك هەیە، ئالۆدە بووە بە کار و شێواز و تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی شووشە، بووە بە ماموستا لە کۆلێجی سان ئەنتونیۆ لە ویلایەتی تەکساس، بۆ ماوەی شەش ساڵ لەوێ کاری مایەوە، پاشان بووە خاوەنی ستۆدیۆی خۆی لە شاری هاوای، بەرهەمەکانی لە پێشانگای پێشبڕکێی سیرامیکی نێودەوڵەتی لە فینزا لە ئیتالیا نمایش کرا، هەروەها لە پێشبڕکێی هونەری ژووری بازرگانی سەرکەتوو دەبێت، بڕیاری گواستنەوەی ستۆدیۆی سیرامیك بۆ سان دیگۆ لە کالیفۆرنیا دەدات. (بڕوانە douglaskenneyceramics.com )

[1] رباب سلیمان کاظم، سەرچاوەی پێشوو، ل:٢٨٠

یەکێکی تر لەو هونەرمەندانەی بواری خەزەفی هاوچەرخ (ڕۆث داکۆرث) بوو، سەرەتای کارکردنی لە بواری پەیکەرسازی بوو، بۆیە بەرهەمە سیرامیکییەکانیشی درێژەدان بوو بە پەیکەری سیرامیکی، کە زۆربەی لە سروشتەوە وەرگیرابوون، زۆربەی کارەکانی ئەبستراکتە و لە ماتریاڵی بەرد و سیرامیك و برۆنز بەرهەم هێنراون، ناونیشانیان بۆ دانانێت، دەیەوێت وەرگر خۆی هەست و هزری بەکاربهێنێت و هەر کەسە و بە پێی تێڕوانینی خۆی لە بەرهەمەکە بڕوانێت، لە تەکنیکی کارکردنیدا گاریگەر بوو بە پەیکەر بە شێوەر دیواربەند( بەرزی و نزمی و بۆشایی) لە کارەکانی بەرجەستە دەکرد و تێکسچەری سافی زیاتر بەکاردەهێنا، توانی تێکەڵ بوونێك لە نێوان سیرامیك و پەیکەرسازیدا دروست بکات، ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشخستنی سیرامیك لە ستۆدیۆی بەریتانیا هەبوو، چەندین بەرهەمی ئەبستراکتی هەیە بە قەبارەی بچووك ئەنجامی داوە لەگەڵ دیواربەندە بەردینەکانی، وەك لە وێنەی (٥٧) دا دیارە، هونەرمەند تێگەیشتنی جیاوازی بۆ شێوە و بۆشایی و ڕێژەیی لە کاردا هەبوو. هەروەها (مایکڵ لۆسێرۆ)★ بەرهەمەکانی بە تەکنیکی تەنکی و پارچە پارچەی زۆر بەناوبانگە، بە ماددەی جیاواز بەیەکەوە دەیان بەستێتەوە لە شێوەی پەیکەر و بە بیناکردن، هەندێکجار دەکرێت شێوەی سەری مرۆڤ بێت لەگەڵ شێوەی ئاژەڵ، لە دوا کارەکانیدا گونجاندنە لە نێوان هەریەکە لە بەشەکانی جەستەی مرۆڤ و شێوەی ئاژەڵ لە بەرهەمە سیرامیکیەکانیدا، گونجاندن لە نێوان کلتور و سروشت، شێوە ئەندازەییەکان و پێکهاتە ئۆرگانیزمییەکان، زۆرجار تەکنیکەکانی بە ڕەنگ لە بەرهەمە سیرامیکیەکانیدا دەردەخات، توانیوێتی ڕەگەزەکانی دارشتن بەشێوەی گونجاو لە فۆڕمە سیرامیکیەکان دروست بکات و گونجاندن لە نێوان شێوەی پەیکەری و سیرامیك بە تەواوی بەرجەستە بکات، وەك لە وێنەی (٥٨) دا دیارە:



وێنەی ژمارە ( ٥٧ )
ڕۆث دارك



وێنەی ژمارە ( ٥٨ )
مایکڵ لوسیرۆ

★ Michael lucero: هونەرمەندێکی ئەمریکییە، سەرەتاکانی کارکردنی بە شێوەی پەیکەری تێکەڵ و ڕێکخراو (مرکب) کاری دەکرد، هەندێك جار مرۆیی و هەندێك جار ئاژەڵی بوون، لە منالییەوە گرنگی داوە بە لایەنی ڕەسەنایەتی و کاریگەری لەسەر هونەرمەند بەجێدێڵێت ولایەنی کلتوری نەتەوەی ڕەنگ دانەوەی دەبێت لە بەرهەمەکانیدا، بە شێوازی زۆر و جۆراو جۆر کاردەکات و بە شێوەی زنجیرە نمایشیان دەکات. ( بڕوانە www.ceramicetoday.com)

بەهۆی خەسڵەتی (پلاسستی) قوڕی تایبەت بە سیرامیك دەتوانرێت هەموو شێوەکانی لێ دروست بکرێت، هونەرمەندان لەم بوارەدا زۆر کاری ناوازە دروست دەکەن و چەندین جۆر تەکنیك دەخەنە ڕوو، سەرجەم ڕێبازە هونەرییەکان دەتوانرێت کاری پێ بکرێت لە شێوە سیرامیکیە جیاوازەکان بەرجەستە دەکرێت، پەیکەرە سیرامیکییەکان هەندێك جار بە ئامێر، یاخود بە دەست دروست دەکرێن، شێوازێکی تری پێکهاتەی شێوە سیرامیکییەکان بریتییە لە (قاڵب)★

لای زۆربەی هونەرمەندانی ئەو بوارە لە بەرهەمەکاندا بووە بە سەرچاوەی دروست بوونیان، **"هونەرمەند (ئەیان ئوڵد) زۆر گرنگی پێداوە لە ژیانی هونەریدا، هونەری سیرامیك لە ڕووی شێوازی کارکردن و تەکنیکەوە لە سەر دەستی پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆوە بینی بە تایبەتی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەلآت"**[1]، توانیویەتی بە شێوازی بیناکردنیش کاربکات و بە شێوەی داڕشتن بەرجەستەی بەرجەستەی بکات، کاریگەری هونەری ڕۆژهەلآتی لەسەر بەرهەمەکانی هەبووە لە ڕووی ڕەنگ و دیزاین و شێوە و پێکهاتەی بەرهەمەکانی، وەك لە وێنەی (٥٩ ئەیان ئوڵد (قاڵب) و ٦٠ تەکنیکی (بیناکردن)) دا دیارە، ئەم شێوازی کارکردانە بە سیرامیکی بەهێز (stone were) لای هونەرمەندان ناسراون.



وێنەی ژمارە (٥٩)
ئەیان ئوڵد



وێنەی ژمارە (٦٠)
ئەیان ئوڵد

شێوازێکی تری کارکردن لە هونەری سیرامیکدا بریتییە لە تەکنیکی (ڕاکۆ)★★ کە لە بواری سیرامیکی کۆن و هاوچەرخدا بەکاردەهێنرێت و بەرهەمی ناوازەی لێ بەرهەم دێت، ئەو تەکنیکەیە، کە بە

★ یەکێکە لە شێوازەکانی پێکهاتەی پەیکەری سیرامیکی، سەرەتا کارەکە وەك هەموو پەیکەرێکی تر ناوپڕ دروست دەکرێت، پاشان بە بۆرەك قاڵبی لێ وەردەگیرێت و دواتر بە قوڕی سیرامیك دووبارە قاڵبەکە بەکاردەهێنرێتەوە، دەکرێتە فرنەوە. (بڕوانە: كيفية صناعة الفخار- موضوع، mawdoo3.com)

[1] – چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر میرخان، کۆلێجی هونەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥/١/٢٠

★★ Raku: لە وشەی ( جو ڕاکۆ دای) کە ناوی کۆشکێکە وەرگیراوە، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم تەکنیکە دەگەڕێتەوە بۆ یابان لە کۆتایی سەدەی شانزەدا لەسەر دەستی یەکێك لە هونەرمەندەکان بە ناوی (Tanaka chojiro) لە ساڵی (١٥١٦) لەدایك بووە و ساڵی (١٥٩٢)کۆچی دوایی کردووە، وشەی ڕاکۆ بە مانای خۆشبەختی، یاخود چێژ وەرگرتن دێت بەلآم لە بواری سیرامیکدا، تەکنیکی ڕاکۆ لە یابان جیاوازە وەك لە وولآتانی ڕۆژئاوا، لە یابان دار بەکار دەهێنن بۆ سووتاندنەکەو هەروەها

هۆی سووتاندنەوە دەست دەکەوێت، بەرهەمەکە بۆ ماوەیەکی کەم دەسوتێنرێت، پاشان شووشە دەکرێت، کە فرنێکی تایبەتی پێویستە پلەی گەرمای دەگاتە (٩٠٠_١٠٠٠) پلەی سەدی، دوایی ئەوەی کارەکە لە فرنەکە دەهێلرێتەوە هەتا شووشە پێدەگات بە گەرمی لە فرنەکە دەهێنرێتە دەرەوە، جەستەی کارە سوورکراوەکە جموجوڵی زۆری هەیە دەخرێتە ناو سندوقێکی کانزایی، کە ماتریاڵی جۆراوجۆری وەك کاغەز و وردە داری تێدایە بەهۆی گەرمی جەستەکە ئەو ماتریالآنە گڕ دەگرن، سەری سندوقە کانزایەکە دادەخرێت و کارلێك لە ناویدا ڕوو دەدات بە سەرجەستە و شووشەی شێوە سیرامیکیەکەدا، هەروەها ئەو گڵەی کارەکەی پێ دروست کراوە تایبەتە بە ڕاکۆ زبرە و مساماتی زۆرە و دەبێت بەرگەی شۆکی پلەی گەرمی بگرێت، کە لە پرتوشی جەستەکە دەبێت، چونکە ئەو جەستەیەی لە گڵی سیرامیکی ئاسایی دروست بووە بەرگەی ئەو شۆکە ناگرێت و دەشکێت، بەم کردارە ئاگرەکە سەرجەم ئۆکسجینی ناو سندوقەکە و جەستەکە و شووشەکەی سەری هەڵدەمژێت و ئۆکسیدە ڕەنگدارەکان دەگۆڕێت بۆ کانزا، یاخود ئۆکسیدێك، کە بە کەمی ئۆسێندراوبێت، شێوە تایبەتەکەی و ڕەنگەکەی چاوەڕوان نەکراوە، چونکە لە ئەنجامی ئەو کارلێکانەوە پەیدا دەبێت بە هۆی داماڵینی ئۆکسجینەوە لە جەستەکە، پاشان دەخرێتە ناو دەفرێکەوە بۆ ماوەی پانزە خولەك، دواتر بە ئاو سارد دەکرێتەوە، بەمەش شێوە و ڕەنگی بەرهەمەکە پاش سارد بوونەوەی جێگیر دەبێت.

شێوازی جێبەجێ کردنی ئەم تەکنیکە جۆراوجۆرە و بە پێی گۆڕانی شێوازی کارکردنی هونەرمەندەکە دەگۆڕێت، و گۆڕانکاریەکان لە جۆری گڵەکە و شێوازی شووشەکردنەکە و سووتاندنەکە هەریەکە ڕۆڵی تیادەگێرێت، کرداری جیاکردنەوەی ئۆکسجین لە جەستەی سیرامیکەکە و ئەو کەشەی بۆی ئامادە دەکرێت، کە جیاکردنەوەکە تیایدا ڕوودەدات لە ناو فرنەکە بێت، یاخود لە دەرەوەی فرنەکە، دەرهێنانی کارەکە بە گەرمی ڕۆڵی خۆی هەیە و کاریگەری لەسەر کۆتا بەرهەم دروست دەکات.

هونەرمەندان (جۆدیث فیشەر) و (ولیەم مۆریس) لەو هونەرمەندانەن، کە کاریگەرن بە تەکنیکی ڕاکۆ هەروەها سوتاندن بە خوێ★، بووە بە ئەزموون لە میانی کارە هونەریەکانیدا، کە

---

قورقوشم بەکاردەهێنن، بۆ شووشەکردن، بەلآم لە ڕۆژئاوا گاز بەکاردەهێنن و زۆر بە کەمی قورقوشم بەکاردەهێنن چونکە ماددەیەکی ژەهراوییە، بۆیە موادیتر بەکاردەهێنن کە درز دروست بکات و لەگەڵ کاربۆنەکە ڕەنگی تاریك دەدات.(بڕوانە history> raku_yaki.or.jp،RAKUWARE/History-Birth of Raku ware)

★ شووشەی خوێ: دەوترێت ئەم شێوازە لە سەدەی دوانزە لە ئەڵمانیا بەکارهێنراوە، پاشان لە سەرجەم ئەورووپاو جیهان بڵاوبۆوە، بەرگەی تێکشکاندن و داخوران دەگرێت، لە کاتێکدا سووتاندن و شووشە کردن لە یەك کاتتدا ڕوودەدات، فرنی تایبەت بە خۆی پێویستە، چونکە خوێیەکە بە دیواری فرنەکەوە دەمێنێتەوە،دەشتوانرێت دیواری فرنەکە بشۆردرێت بە ئەلۆمینا کە وا دەکات خوێیەکە پیایدا نەنوسێت ، لە دوای ڕەق بوونی جەستە سیرامیکیەکە خوێ دەوەشێنرێت بە ناو فرنەکەدا و پلەی گەرمای لە نێوان(١١٥٠_١٢٢٠) دایە، کاتێك خوێ دەکرێتە فرنەکەوە شی دەبێتەوە بۆ گازی کلۆر و صوٚدیۆمەکەی لێ جیادەبێتەوە و دەنوسێت بە جەستە سیرامیکیەکەوە و لەگەڵ سلیکادا کارلێك دەکەن، هەروەها ئەلۆمینای جەستەکەش پێکەوە چینێکی ڕەنگ پرتەقاڵی لە شووشە دروست دەبێت، چەند جارێك خوێ بۆ ناو فرنەکە زیاد دەکرێت هەتا چینە شووشەکە بە باشی دەبینرێت، ١١١دەشکرێت جەستەکە بە ئۆکسیدی ڕەنگا و ڕەنگ ڕەنگ بکرێت. (بڕوانە

شێوازێکی تری شووشەکردنە پێکهاتووە لە چینێکی تەنك لەسەر رووی جەستە سیرامیکیەکە، لە کاتی سووتاندنی پارچە سیرامیکەکەدا، دەبێت کەشەکەی پڕ بێت لە خوێ و لە پلەی گەرمی بەرزدا.

وەك لە وێنەی (٦١و ٦٢) دا دیارە، (ئیوین هندرسۆن) دیمەنی سروشتی و شێوازی جوانی زەوی و بەردە سروشتییەکان کاریکەری هەبووە لە سەر پێکهاتەی دارِشتن و شێوازی کارکردنی هونەرمەند، رەنگی دەوڵەمەندی بەکاردەهێنا و رەنگی شێوە بورکانی و پێکهاتەی زەوی کە لەرێگای تێکسچەری بەرهەمەکەیەوە بەرجەستەی دەکرد، وەك لە وێنەی (٦٣) دا دیارە:



وێنەی ژمارە (٦١)
جودیپ فیشر



وێنەی ژمارە (٦٢ )
ولیم موریس



وێنەی ژمارە (٦٣ )
ئیوین هندرسون

تەکنیکێکی تری بواری سیرامیك بریتییە لە شووشەکردن بە خۆڵەمێش★، لەئەنجامی نووساندنی دەنکۆڵەی خۆڵەمێش دوایی سووتانی دارەکە بەرهەم دێت، ئەگەر تەنها خۆڵەمێش بەکار بێت، ئەمەش لە پلەی گەرمای بەرزدا ڕوودەدات نزیکەی (١٢٠٠) پلە لە ئاکامی ئەم یەکگرتنە کارلێك ڕوودەدات لە نێوان جەستەکە و خۆڵەمێشەکەدا و جۆرێك شووشەی لێ دروست دەبێت، دەشکرێت هەندێك ماتریاڵی تری تێکەڵ بکرێت بۆ باشتر کردنی خەسڵەتەکانی، بۆ ئامادەکردنی دەبێت خۆڵەمێشەکە بشۆرێتەوە بە ئاو بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر و سەرجەم ماتریاڵە هەڵواسراوە نەخوازراوەکانی لێ جیابکرێتەوە هەتا

https:// www.uobabylon.edu.iq

★ Ash Glaze: چینییەکان برەویاندا بە شووشەکردن لە ژێر پلەی گەرمای بەرزدا بەر لە دوو هەزار ساڵ، لە پاش ئەوەی کە بە ڕێکەوت هەندێك پارچە سیرامیکیان دۆزییەوە کە پاش سوتانی یەکەم جاری هەندێك لە لاکانی پارچە سیرامیکەکە داپۆشراوە بە چینێك شووشە کە لە ئەنجامی خۆڵە مێشەکەوە دروست دەبێت، بە هۆی شیکردنەوەی کیمیایی کە بۆ پێکهاتەی خولەمێشی دار و درەخت کراوە دەرکەوتووە کە (٪٥-٪١٠) ئەلۆمینایە، (٪٣٠-٪٧٠) سلیکایە، نزیکەی (٪١٥) پۆتاسیۆمە و (٪٣٠) کالیسیۆمە، لەگەڵ کەمێك لە ئۆکسیدی ئاسن و مەگنیسیۆم و هەندێك ماتریاڵی تر، ئەم ڕێژانە دەگۆڕێت لە دارێکەوە بۆ دارێکی تر، تەنانەت سروشتی ئەو گڵەی کە دارەکەی تێدا ڕوواوە کاریگەری هەیە لەسەر جۆری خۆڵەمیشەکە. (بڕوانە سەرچاوە: حسنین عبدالامیر رشید الخزعلی، تزجیج الملح، محاضرة مرحلة رابعة، قسم الفنون التشکیلیة، جامعة بابل، لعام الدراسی ٢٠١٦، الساعة: ٨:٢١

کرداری توانەوە بە تەواوەتی ڕوویدات، ئەگەر زۆر ڕوون بوو لە پلەی (١٢٥٠) دەتوانرێت هەندێك فلسپاری بۆ زیاد بکرێت.

ئەم شێوازەی کارکردنە لای زۆربەی هونەرمەندان دەبینرێت، (فیل ڕۆجەرس)★ بەشێوەیەکی ورد باس لە شێوازی تەکنیکی شووشەی خۆڵەمێش دەکات، زۆرینەی ئەزموونی کارەکانی بریتین لەم تەکنیکە وەك لە وێنەی (٦٤) دا دیارە، بەڵام هونەرمەند (ماری ئان پراك) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بواری سیرامیکی هاوچەرخ، کە بەناوبانگە لە دارشتنی بەرهەمەکانی لە گەورەیی پێوانەی کارەکانی، زۆربەی بەرهەمەکانی هونەرمەند لە باخچە و گۆڕەپان و شوێنە گشتییەکاندا دادەنرێت، هەروەها تەکنیکی ڕەنگی زۆر بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت لە بەرجەستەکردنی کارەکانیدا، لەگەڵ ئەو تێکسچەرە ساف و بریقەدارە بۆ ڕووبەری ئەو جەستە سیرامیکییانە بەو پێوانەیە و هاوسەنگی لە نێوان ڕەگەزەکانی دارشتندا، هونەرمەند توانیویەتی تەکنیکێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، کە دەتوانین بڵێین پێی دەناسرێتەوە لە کاتێکدا بەرهەمەکانی ببینرێن، ئەویش بەهۆی قەبارە و شێوە و دارشتنی فۆڕمەکان و چۆنێتی بەکارهێنان و دانانی ئەو ڕەنگانە، هەروەها بەکارهێنانی ڕەنگە تۆخ و بریقەدارەکان بە شێوازی تایبەتی کارکردنی هونەرمەند، لەم کارانەیدا توانیویەتی بە شێوەیەکی ئەبستراکت فۆڕمی جەستەی بەرجەستە کردووە، بە تێڕوانین لەم فۆڕمە ڕەگەزەکانی دارشتن وەك هێڵ و ڕەنگ و تێکسچەر و بۆشایی، سەرجەمیان بە شێوەی هاوسەنگ جێبەجێ بکات، وەك لە وێنەی (٦٥و ٦٦) دا دیارە:



وێنەی ژمارە (٦٤)
فیل ڕۆجەرس



وێنەی ژمارە (٦٥)
ماری ئان پراك



وێنەی ژمارە (٦٦)
ماری ئان پراك

★ فیل ڕۆجەرس (Phil Rogers): هونەرمەندێکی بەریتانی ناسراوە، ئەندامە لە کۆمەڵەی خەزافە پیشەگەرەکان و ئەندامە لە ئەکادیمی نێو دەوڵەتی سیرامیك، هاوکارە بە شێوەیەکی دانەبڕاو لە زۆربەی بوارە جیاوازەکانی خزەف و پیشەگەری و دانەری (رمی الاوانی) بوو، (شووشەی خۆڵەمێش) ناونیشانی کتێبی فیل بوو، کە بریتییە لە (١٧٦) لاپەڕە لە ساڵی ٢٠٠٣ نوسیویەتی، بە شێوەیەکی ورد باس لە شووشەی خۆڵەمێش دەکات بە درێژایی مێژوو و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە خۆڵەمێشی دار و بەکارهێنانی وەك ڕووکاری شووشەی سیرامیك. (بڕوانە www.upenn.edu Phil Rogers|Ash Glazes ،)

جۆرێکی تری تەکنیکی سیرامیکی بریتییە لە (چاپ کردن)★ لەسەر ڕووکاری جەستەی پارچە سیرامیکەکان، کە هونەرمەندی بواری سیرامیك سەرەتا بە شێوەی وێنەکێشان فۆڕمەکان دەنەخشێنن و هەنگاوەکانی هونەری گرافیك جێبەجێدەکەن، پاشان لە سەر ڕووی جەستە سیرامیکەکان چاپیان دەکەن، ئەم هونەرەش کە تێکەڵ کردنێکە لە نێوان هونەری شێوەکاری وێنەکێشان و گرافیك و دارِشنتی شێوە سیرامیکیەکان، وەك لە وێنەی (٦٧و ٦٨و ٦٩) دا دیارە:



وێنەی ژمارە ( ٦٧ )
جۆن بروٚکس




وێنەی ژمارە ( ٦٨ )
جە یمس بییچ



وێنەی ژمارە ( ٦٩ )
بیرمینگ هام

لە گەڵ ئەو تەکنیکانەی کە هونەرمەند بە پێی ڕەگەزەکانی دارِشتن وەك هێڵ و تێکسچەر و ڕەنگ و شێوە بەرجەستەیان کردووە، هەندێك لە هونەرمەندەکان لە شێوازی سیرامیکی هاوچەرخدا تەکنیکی تایبەت بە خودی هونەرمەند لە کارەکانیاندا دەخەنە ڕوو، (هونەری پێرفۆمانس)★★ کە لەم

★ چاپ کردن لە سەر ڕووکاری سیرامیك: لە سالآنی (١٧٥١) لە لایەن (جۆن بروکس ) ی هەڵکۆڵەری بەریتانی، کە خەڵکی بێرمینگهام بوو، پێشکەوتنی بەرچاوی بینی لە پراکتیزە کردنی چاپی و نەخش و نیگار لە سەر ڕووی سیرامیك، کە داوای مۆڵەتی داهێنانی کرد بەرامبەر بە داهێنانی چاپ کردنی مۆر و عەکسی سەر مینا و چاپ کردن بە ڕێگەی ئیچین و میزۆتینت بە هۆی بڕین و کۆڵینی تەختە و کانزاوە، دوایی پێنج ساڵ لە هەوڵەکانی بروٚکسی، لە ساڵی (١٧٥٦) (جۆن سادڵە) بە هاوبەشی لەگەڵ (گەی گرین) بۆ ماوەی حەوت ساڵ بەردەوام بوون، توانیان لێهاتوانە پرۆسەی چاپ کردن لەسەر خشتی کاشی ئەنجام بدەن و زیاتر لە دوانزە هەزار خشتی کاشی ئێرثن وێر بە نەخشی جۆراوجۆر لە ماوەی شەش کاتژمێردا دروست بکەن، (سادڵە و گرین) ئەم کارەیان لە لیڤەر پوول کردووە، هەروەها چاپ کردن لە سەر شووشەی قەلآیی (تن) و لە سەر پۆرسەلین و کرێم وێری لە خۆ گرتووە. بڕوانە:

John & Hugh Honor. The Penguin Dictionary of Decorative Arts. London، 1977.

★★ هونەری (Performance): بە بەشێك لە هونەری تێگەیشتن (مفاهیمی) دادەنرێت، هەندێك جار بۆ بەرجەستەکردنی ئەم جۆرەی هونەر نەخشە ڕێژی و ئامادەکاری زۆر دەکرێت بە شێوازێکی ناڕێك و خۆڕسکانە بەرهەم دێت، زۆربەی جار ئەم هونەرە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەبەرچاوی وەرگر نمایش دەکرێت، هەندێك جار وەرگرانیش بەشداریان پێدەکرێت، یاخود بەشدار بووی تر ئامادە دەکرێن لەلایەن هونەرمەندەکەوە، لەڕاستیدا کاتێك هونەرمەند هەست بە بێزاری و (مەلەل) دەکەن بەرانبەر بە بەرهەمەکانی لە چوارچێوەی شێوە (تەقلیدییەکەی) دا لە هونەری شێوەکاریدا، ئەو دووبارە بوونەوەیە وا لە هونەرمەند دەکات پەنا ببات بۆ ئەوەی خۆیان ببنە هۆکارێك، یاخود ئالەتێك کە لەو ڕێگەیەوە بەرهەمەکان نوێ بکەنەوە، لە سالانی شەستەکاندا زۆر بە وردی هونەری پێرفۆمانس کاری لەسەر جەستە دەکرد، بە ناوی شێوەی هونەر ( هیئە الفن) ناوزەند دەکرا کە ئەمەش بە واتای داماڵینی سیفاتی مادی دێت لە جەستە هونەرییەکان. بڕوانە (www.theaetstory.org/movement-performance-art)

جۆرە هونەرەدا، هونەرمەند بەشێکە لە کارەکەی، دەتوانین بڵێین کە جەستەی خۆی دەکاتە تەواوکەری تەکنیکی کارەکەی کە بەرجەستەی دەکات و هونەرەکەی نیشانی وەرگر دەدات، ئامانجی ئەم هونەرە بۆ بەزاندنی سنوورەکانی کارکردنی باوی هونەرە بینراوەکان، مێژووی ئەم هونەرە بەشێکە جیا ناکرێتەوە لە مێژووی هونەر بە گشتی، هەروەها بە هونەری زیندوو ناو دەبرێت و ڕاستەوخۆ بەرکەوتن لەگەڵ وەرگردا دروست دەبێت، وەك لە وێنەی (٧٠و ٧١) دا دیارە:



وێنەی ژمارە (٧١)
سارا یۆنان



وێنەی ژمارە (٧٠)
میکویل بارسیلۆ
جۆزێف نادچ

(سیرامیکی ئینستلەیشن)★، واتە تەکنیکێکی تازەی سیرامیکی جوولاو، کە ئیستاتیکا لای هونەرمەند دەگۆڕێت، بریتییە لە کۆمەڵێکی بەرفراوان لە شێوازی کارکردن و بیناکردنی داڕشتن کە چەندین بەرهەمی ناوازە بەرجەستە دەکات، کە زۆر و هەمەڕەنگن، ڕەنگە ئەم شێوازی کارکردنە کۆمەڵە کارێکی پێکهاتەی خامەی جیاواز بگرێتەوە، تیکەڵ کردن لە شێوازە جیاوازەکانی هونەری شێوەکاریدا ڕوویدات وەك هونەری ڤیدیۆ و پێکهاتەی ئەندازەیی و داڕشتنی دەستکرد و دانانی ڕووناکی و دەنگ، لێرەدا جۆری خستنەڕووی کارە سیرامیکی یەکان و شوێنی نمایش کردنیان، دەبێتە بەشێك لە ستاتیکای بەرهەمەکە، بەوە جیادەکرێتەوە کە ڕاستگۆیانە وێنای کارەکە دوور لە خەیاڵ دەکات، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە واز لە کارکردن بهێنرێت لە شێوازەکانی تری کارکردنی داڕشتەی هونەری، یاخود کەم کردنەوەی چونکە هیچ جۆر و شێوازێکی کارکردنی هونەری نابێتە هۆی سڕینەوەی جۆرێکی تر، بەڵکو ئەم ڕەنگاڵەییە لە شێوازی کارکردندا دەبێتە هۆی زیاتر دەوڵەمەندبوون و وردبوونەوە و گۆڕین لە شێوازی

---

★ (Art Installation): ئەم زاراوەیە لە ساڵی حەفتاکانی سەدەی بیستدا سەری هەڵداوە، لای هونەرمەند (مارسێل دوشامپ) زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، هونەری پێکهاتەی کارە شێوەکارییەکانە، بوونێکی فیزیاییان هەیە و زۆرجار شوێن تێکەڵ بە پێکهاتەکان دەکرێت و کارەکان لەو شوێنەدا ئەنجام دەدرێت، بۆیە زۆرینەی پێکهاتەی کاری هونەری لە بۆشایی هۆڵەکان، یان مۆزەخانەکان، یاخود بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دەرەوەی هۆڵ و شوێنە داخراوەکاندا دروست دەکرێت، چونکە پاش ئەنجام دانی ئەم جۆرە کارانە گواستنەوەی قورسە بۆ شوێنێکی تر، لەبەر ئەوەیە جێگەی بە ئەنجام گەیاندنی بەرهەمەکان، هەمان جێگەی نمایش کردنیانە. بڕوانە:
http://iraqiwomensleague.com/news_view_5244.html#.WXddfhVJbIV.

بەکارهێنان و تەکنیکی کارکردن بەرەو بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی تایبەت و دیاریکراو. وێنەی (٧٢و ٧٣و ٧٤) نموونەی چەند شێوازێکی هونەری ئینستلەیشن نیشان دەدات:



وێنەی ژمارە ( ٧٢ )
جین کوین



وێنەی ژمارە ( ٧٣ )
کارین لهمان



وێنەی ژمارە ( ٧٤ )
ڤالەری زیمانی

# توێژگەی پێنجەم

# ژێدەرەکانی فۆرمەلەکردنی شێوەی سیرامیکی هاوچەرخ
# لە هەرێمی کوردستاندا

# توێژگەی پێنجەم

## ژێدەرەکانی فۆرمەلەکردنی شێوەی سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا :

ژێدەر بریتییە لەو سەرچاوەیەی، کە هونەرمەند بیرۆکەی کارەکانی لێوە بەرجەستە دەکات، بە هۆی چەندین هۆکار و دواتر لە میانی ستایل و ماتریاڵ و دیدگا خودییەکانی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ ژێدەرەکە دەکات و بە چەندین قۆناغی هونەری و کارکردنی بەردەوام و بەدواداچوون و توێژینەوەی هونەری و هەگبەی زانیاری و هونەری خۆی دەوڵەمەند دەکات و هەمیشە لە میانی گەڕان و پشکنینی بە چواردەور و سروشت، هەروەها ئەو کەش و چواردەورەی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هزری هونەرمەند هەیە، **"چۆنێتی چێژ بینینی هونەری دەبێتە هۆی دروست کردنی شێوازێکی تایبەت لە کارکردن، پاشان ئەم شێواز و جۆری کارکردنە دەبێتە هۆی سەرچاوە و ژێدەر، واتە گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەی ڕەسەن کە هونەرمەند توانیویەتی بیکاتە بنەمای سروش بۆ بەرهەمەکانی"**[1]، مرۆڤی دێرین سروشتی وەك ژێدەرێکی سەرەکی بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی کارە هونەرییەکانی، ئەو هێزە کاریگەری لەسەر ژیان و مێژوو کلتوری مرۆڤایەتی هەبووە، کاتێك مرۆڤ تەنیا لەسەر ڕاوکردن ژیاوە، ئەوا بیرۆکەی سەرەکی کارەکان بریتی بووە لە وێنەکردنی ئەو ئاژەڵانەی، کە ڕاویانکردووە و لە سەری ژیاوە، بۆیە دەبینین لە نێو ئەشکەوتەکاندا وێنەی چەندین ئاژەڵ لە کاتی ڕاوکردندا دروست کراوە، چونکە ژیانی مرۆڤەکان پەیوەست بووە بە ڕاوکردن و هونەری نیگارکێشانیش وەکو (سیحر) بەکارهێنراوە، تاکو بتوانێت لە ڕێیەوە بەسەر ئاژەڵ و سروشتدا زاڵ بێت، بەڵام دوایی ئەوەی مرۆڤ بەهۆی کشتوکاڵەوە نیشتەجێ دەبێت، ئەوا ستایلی کارکردنیش لە واقیعەوە دەگۆڕێت بۆ ئەبستراکت، لێرەدا پشت بە هێزی نادیار دەبەستێت بۆ ئەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکەی پێبگات، بۆیە ژێدەری کارەکانی لە (بیروباوەڕ_عەقیدە) ەوە سەرچاوە دەگرێت. **"ژینگە تێگەیشتنی ماددی و فکرییە کاریگەری لەسەر شارستانییەتە کۆن و نوێیەکان و کاردانەوەی لەسەر کردارەکانی کۆمەڵگە هەیە، ژینگە بە پێی ئەو کاریگەرییەی لەسەر بیری هونەرمەند هەیەتی ئەو ناوەندە ماتریاڵ و هەستپێکراوەیە، کە ڕووبەڕووی هونەرمەند دەبێتەوە و کاری لەسەر دەکات"**[2]، ژینگە چواردەوری مرۆڤی داوە و کاردانەوە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لە کارەکانیدا هەیە.

لە جۆرەکانی ژێدەریش، ژێدەری ژینگەیی، کە هەموو پێکهاتەکانی دەگرێتەوە، وەك سروشتییەکان و دیاردەکانی و سەرجەم ئەو بیرۆکانەی، کە لە ڕێیانەوە کاریگەری بۆ سەر مرۆڤ پێك دەهێنێت، سەرچاوەیەکی گرنگیشە بۆ سەر چالاکیەکانی کۆمەڵگە هەر لە شارستانیەتە دێرینەکانەوە تاکو ئێستا، کاریگەریان لە سەر مرۆڤ دەبێت و ئەویش پەیوەست دەبێت بە سەرجەم یەکە و پێکهاتە بینراو و نەبینراوەکانیەوە. هەروەها ژێدەری کۆمەڵایەتیش یەکێکی ترە لە ژێدەرە گرنگەکان کە بەشێکە لە کاریگەریەکانی ژینگە و پەیوەستە پێوەی و زیاتر بە لایەنی مەعنەوی ناسراوە، بابەتەکانی تری ژێدەری

---

(١) نضال عبدالخالق عبد، اثر الموروث فی النحت الخزفی للخزافة الامریکیة باولا رایس، ل:٦٦-٦٩

(٢) محمد عبدالرزاق، المرجعیات الموسسة للتنضیم الشکلی فی النحت العراقی المعاصر، رسالة ماجستیر، بغداد:٢٠٠٥،ل:٩

لێدەبێتەوە وەك ژێدەری فیکری، ژێدەری ڕامیاری، ژێدەری ئایینی، ژێدەری کلتوری و داب و نەریت. جگە لەمانەش ژێدەری سایکۆلۆجی ژێدەرێکی گرنگ ترە سەبارەت بە کاریگەریەکانی لە سەر بەرهەمە هونەریەکان و داهێنانەکانیان، کە وەك پاڵنەرێکی دەروونی کاردەکات بۆ نواندن لە باری دەروونی و کەسایەتی و لایەنە شاراوەکانی هزر و هەست و نەست و ژیانی هونەرمەند، دەکرێت بڵێین ژێدەرە جۆراو جۆرەکان بەشدارن لە وەبەرهێنان و ڕێکخستنی شێوە و بەرهەمی هونەری بە گشتی.

هونەرمەند لەو کاتەی کە هەوڵی بەرجەستەکردنی بەرهەمێکی هونەری دەدات، سەرجەم گرنگی دانی سەرەتا بۆ سروشتە و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی، **"سروشت بۆ سەرجەم بنەماکان ئەو سەرچاوە ڕۆحیەیە، ڕەنگە هاوشێوە بە جەستەی مرۆڤ بێت لە هەست و خواست و هەڵسوکەوتەوە، چونکە مرۆڤ خۆی هەڵقوولاوی ئەو سروشتەیە، کە یەکێکە لە دیاردەکانی و پاشان کاریگەری مرۆڤەکان لەسەر یەکتری و پێکەوە ژیان، کە بە هۆیەوە پاشماوە کلتوری و شارستانیەتەکان دروست دەبن"**[1]، ئینجا بەرەو تەکنەلۆجیا و ئامێرە تەکنیکییەکان هەنگاو دەنێت، هەروەها فۆڕمەکانی کە بەرجەستەی دەکات بریتین لە شێوەی گیانداران، کە بەشێکن لە ژینگە و چواردەوری، فۆڕم و شێوەکانیش سەرکێشن بۆ شیکردەوەی ئایینی و میتافیزیکی، یان ئەفسانە، ئەو پەیوەندییە، کە لە نێوان سروشت و خودی هونەرمەند دروست دەبێت، واتا گەڕانەوە بۆ خود، دواتر بەرەو هونەر و بەرجەستەکردنی کاری هونەری لە شوێن و کاتێکی جیاوازدا هەنگاو دەنێت، هەموو ئەمانە دەبنە ژێدەرێك بۆ داهێنان لە کارکردندا، **"هونەر، لاسایی کردنەوەی سەرەتایی ڕەهەندە سروشتییەکانە بۆ ڕێکخستنی پڕ بەهاترین وێنای ئەفراندن"**[2]، هەریەك لە جۆرەکانی ژێدەر کاریگەری خۆیان بەسەر هونەرمەند و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی بەرهەم و شێوە و دەربڕینەکەی هەیە، جا چ ژێدەرە سروشتییەکان بێت، یان هزریەکان، یاخود کۆمەڵایەتیەکان، یان دەروونی، یان ژێدەری تەکنیك و جوانی.

سروشت یەکێکە لە گرنگترین و بەرچاوترین ژێدەرە ژینگەییەکان، کە هونەرمەند بەکاری دەهێنێت لە بەرجەستەکردنی کارە هونەرییەکانیدا، چونکە خۆی بۆ خۆی بەشێکە لە بەرهەمە هونەرییەکان، بە یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی پێشکەوتنی جوڵەی کۆمەڵگە دادەنرێت. **"مرۆڤ بە پێی بنەما زانستیەکان لە ژێر کاریگەری دوو فاکتەری سەرەکیدایە، شوێن کە بریتییە لە جووڵە ژینگەی یەکان لەسەر خاڵی چەق کە مرۆڤ خۆیەتی و بە پێچەوانەوە، هەروەها کایە کۆمەڵایەتیەکان ئەویش جووڵەی مرۆڤەکانە بۆ سەر مرۆڤەکانی تر، بەم شێوەیە جووڵە و گۆڕانکاری بەردەوامی دەبێت"**[3]، دەتوانین بڵێین کە زۆرینەی سەرەتاکانی کارکردن لای هونەرمەندەکان بەرجەستەیان کردووە لە ژێدەری سروشتی و کۆمەڵایەتی دەستی پێکردووە ئەویش بە پێی ئەو سەردەم و بیری مرۆڤەکان بووە، پاش فراوانبوونی هزری هونەرمەند و چواردەورەکەی ژێدەرەکانی ئایین و ڕامیاری ڕەنگدانەوەی هەبووە لە سەرجەم

---

[1] www.nature.org/NatureInspires Art | The Nature Conservancy

[2] هیربرت رید، مانای هونەر، سەرچاوەی پێشوو، ل:٢٠٠

[3] محمد عبدالرزاق، سەرچاوەی پێشوو، ص٩

بوارەکانی هونەر ئەویش لە کارە هونەرییەکان دەبینرێت، هەروەها چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی سروشت و ژینگە بە پێی جوگرافیای هەر نەتەوەیەك دەگۆڕێت، چونکە بنەمایەکە بۆ کارە هونەرییەکە و چێژی هونەری لای کۆمەڵگاکان جیاوازە و دەگۆڕێت بە پێی شێوازی کارکردنیان.

لە هونەردا داهێنانی هەر نەتەوەیەك ئاوێنەی سەردەمەکەی خۆیەتی، پێناسەی ژیانی ڕۆژانەیانە، دەرخستنی ئەو ژێدەرانەیە، کە لەو کاتەدا بوونەتە پاڵنەر بۆ کارکردن و گەشەکردنی پیشەی هونەرمەند، چونکە هونەر وەڵام دانەوەیەکی پێویستی خەڵکە، لەو بابەتانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کۆمەڵگای سەرقاڵ کردووە، سەرجەم ئەمانەش ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، سروشتی کوردستان و کاریگەری لەسەر هزری هونەرمەندانی کوردستان بە گشتی هەیە. هەر گۆڕانکارییەك لە سستەمی ژینگەدا گۆڕانکاری بەرهەمە هونەرییەکانی پێوە دیار دەبێت، **"کەواتە پێویستی مرۆڤایەتی بۆ هونەر و بەرهەمەکانی لە ڕێگەی ئەو هەستەوەیە لە پاڵ هزردا نمایشی خۆی بۆ سروشت و چواردەور دەردەبڕێت، لە ڕێگەیەوە پێناسەی ناخی خودی خۆی دەکات، هەموو ئەمانەش لە ژێر کاریگەری چالاکیەکانی وەك ئایین و کلتور و ڕامیاری و زانستەکان بەرجەستە دەبێت"**[(١)].

هونەری سیرامیك کارلێك دەکات لە گەڵ سەرجەم بزوتنەوەی شێوەکاری لە جیهاندا، پێویستی مرۆڤ بۆ ئیستاتیکا و دەرچوون لە لایەنی پیشەیی و بەکارهێنانی سیرامیك وەك پێداویستیەکی ژیانی ڕۆژانە، کە هیچ لەمانەش بە ڕێکەوت نەهاتوونەتە ئاراوە. بەڵکو ماتریاڵە سروشتییەکان کاریگەری خۆی لەسەر هزر و بیری هونەرمەندی سیرامیکی هەیە لە کاتی بەرهەم هێنانی کاری سیرامیکی دوور لە فۆڕمە بازرگانیەکان و پێداویستی ڕۆژانە.

هەروەها سروشتی کوردستان و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانی هونەرمەند لە بواری سیرامیکی هاوچەرخ (هیوا عبدولا)، ڕەنگدانەوەی هەیە، کە توانیوێتی دیمەنی سروشتی، کە وەرگیراوە لە گەڵا و گوڵ و درەختەوە، لەسەر ڕوویەکی شێوە دەفر بەرجەستە بکات، کە جوانیەکی داوە بە ڕووکاری ئەو شێوە سیرامیکە، لە بەکارهێنانەوە بۆ ئیستاتیکایەکی هونەری نەخشێنراو، ڕەنگ بووە بە بەشێکی گرنگ لە گەیاندنی ڕەنگەکانی سروشت لە بەرهەمەکەیدا بەرجەستەی کردووە، وەك لە وێنەی (٧٥و ٧٦) دا دیارە، سروشت و ژینگە کە دوو هۆکاری سەرەکین لای زۆربەی هونەرمەندان، کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر بەرهەمە هونەرییەکانیان هەیە، وەك لە بەرهەمی هونەرمەند (هیوا عەبدولا) دا دەبینرێت ، کە هەوڵی داوە شێوەی سروشتی بەردێك بە فۆڕمێکی سیرامیکی بەرجەستە بکات، لە ڕێگەی وەرگرتنی توخمی یەکە شێوەییەکان کە لە سروشتی بەرد وەرگیراوە و هەڵگری ئەو سیفەتانەیە، کە تێیدا دەبینرێت، بە چەند قەبارەیەکی جیاواز و نزیك لە ڕەنگەکانی کە لەسروشت دا هەن، چەند هێڵێك و شێوەی سروشتی بەردی داوە بە کارەکەی و هەڵبژاردنی ئەو ڕەنگە، کە ڕەنگە هونەرمەند بە مەبەست هەڵیبژاردبێت بۆ ئەوەی

---

[(١)] خالد خضير الصالحي، الفن التشكيلي العراقي ابداعا و نقدا، مجلة سطور الالكترونية،٢٠١١/١٢/٢١، الساعة:١٢:٠٥. بروانە: www.sutuur.com.

بتوانێت بە تەواوی نزیکیەك لە نێوان بەرهەمەکەی کە بەرجەستەی کردووە، هەروەها شێوەی هەڵبژاردنی ئەو جۆرە بەردەی کە لەسروشت دا بوونی هەیە، بروانە وێنەی (٧٧):


وێنەی ژمارە ( ٧٥ )
هیوا عەبدولا


وێنەی ژمارە ( ٧٦ )
هیوا عەبدولا


وێنەی ژمارە ( ٧٧ )
هیوا عەبدولا


وێنەی ژمارە ( ٧٨ )
نەعیمە محەمەد

دەرخستنی بەهای جوانی و هونەری لە ڕێگای داهێنانی سەرەتایی بۆ بەرجەستە کردنی شێوە و ڕەنگ و تێکسچەر لە یەکەکانی و لەو هێماوە دروستکراوە، لە سەر شێوەی سروشتی (بەرد) بەتایبەتی، هونەرمەند (نەعیمە محەمەد)، بە کاریگەری هونەری سیرامیکی هاوچەخ، لە پارچەی بەردو شاخی کوردستان وەرگیراوە، بەبێ کۆپی کردن لەسەر واقع، بەڵکو توانیویەتی کە بنەمای هزری و شێوەیی لە شیکردنەوە و یەکخستن بەرجەستەی بکات، شێوەی پارچە بەردێك لە فۆڕمێکی سیرامیکی دا بەرجەستە بووە، بە تێبینی کردنی بەرهەمەکە شێوەی جەستەی تێدا بەدی دەکرێت، کە توانای هونەرمەند نیشان دەدات لە تێکەڵ کردنی، یاخود بەکارهێنان و گونجاندنی چەند ژێدەرێك لە فۆڕمێکی سیرامیکیدا، وەك لە وێنەی (٧٨) دا دیارە:

هەروەها هونەرمەند (سازان عەلی) شێوەی سروشتی بەردی لە فۆڕمێکی سیرامیکدا خستۆتە ڕوو کە تێکەڵاو کردنی دوو ماتریاڵی سروشتی لە یەك جیاواز کە پێکهاتووە لە شێوەی بەرد و ماتریاڵێکی تر کە (دار)ە وەك دیزاینێکی جیاواز بۆ تەواو کردنی مانای فۆڕمەکەی، کە ژێدەرێکی سروشتی بووە بە بنەما بۆ بەرهەمی هونەرمەند وەك لە وێنەی (٧٩) دا دیارە، لە بەرهەمەکانی هونەرمەند (ڕووخۆش ڕەئوف)یشدا، ڕەنگدانەوەی سروشتی فۆڕمی شاخ و بەردەکانی کوردستان دەبینرێن، کە زۆرینەی بەرهەمەکانی کەوتوونەتە ژێر ئەو کاریگەریگەریەیی کە ژینگە و سروشت هەیەتی بە پلەی یەکەم بۆ سەر هزری هونەرمەند و بەرجەستە کردنی لەو شێوە سیرامیکیەدا، وەك لە وێنەی (٨٠) دا دیارە.


وێنەی ژمارە ( ٧٩ )
سازان عەلی


وێنەی ژمارە ( ٨٠ )
ڕووخۆش ڕەئوف

بە هەمان شێوە و لە ژێر کاریگەری سروشت هونەرمەند (دڵشاد قادر)، لە بەرهەمەکانیاندا فۆڕمی باڵندەی بە شێوەی داماڵراو لە بەشەکانی بەرجەستە کردووە، بە شێوازی داڕشتەی خۆی، تاوەکو جوانی هونەری بگەیەنێت بە وەرگر، چ لە ڕێگەی فۆڕمە ئەبستراکتەکانەوەکانەوە بێت، یاخود لە ڕێگەی ئەو ڕەنگانەی بەکارهاتوون بۆ خستنەڕووی بەرهەمەی، بە شێوەی فۆڕمێکی داڕشتنی سیرامیك بە ڕێگەی بیناکردن، بە تێکسچەرێکی نزیك لە پەڕی باڵندەکەو بە ڕەنگێکی سەوز بە پلەی کاڵ و تۆخی، لە شێوەی باڵندەیەکی دانیشتوو بەرجەستەی کردووە، وەك لە وێنەی (٨١) دا دیارە،هەروەها (ڕۆژگار کەمال) لە بەرهەمەکەیدا بە شێوەی دیواربەند کە فیگەری باڵندەیە، گوزارشتە لە جوانی و بەردەوامی و پەیوەندیەکی هاوبەشیان لەگەڵ سروشتدا هەیە، ڕەنگەکان مانا بەخشن بۆ بەردەوامی و زیندویی، جووڵی بەردەوام لە بەرهەمەکە دەبینرێت، ئەویش بە هۆی ئەو هێڵە هاڕمۆنیانەوەیە، کە بوون بە شێوازی داڕشتنی، وەك لە وێنەی (٨٢) دا دیارە:

هونەرمەندان سوودیان لەو چواردەورە وەرگرتووە، کە تیایدا دەژین و بوون بە بنەمای هەندێك لە کارەکان، وەك لای هونەرمەند (تەلان دارا) دەردەکەوێت، کە بریتییە لە فۆڕمی دارێك، ڕازێنراوەتەوە بە شێوەی چەند جۆرێك لە گوڵ و گەڵا، بە مەبەستی گەیاندنی چێژ و جوانی بە وەرگر، وەك لە وێنەی (٨٣) دا دیارە، بە هەمان شێوە لای هونەرمەند (ئالان نەجدەت) هاوشێوەی هونەرمەندانی ئەم بوارە بنەماکانی سروشت و چواردەوری ڕەنگدانەوەی بەرچاویان لە بەرهەمەکانیدا هەیە، لە شێوەی گۆزەیەکدا هونەرمەند توانیوێتی لە ڕێگەی ئەو کاریگەرییەی کە لە هزری دایە بخاتە سەر ئەو شێوە سیرامیکە و پەیوەندیەکی بەردەوام دروست بکات، بەهای ئەو کارەی لە بەکارهێنانەوە بگۆڕێت بۆ کارێکی هونەری، وەك لە وێنەی (٨٤) دا دیارە:



وێنەی ژمارە ( ٨١ )
دڵشاد قادر



وێنەی ژمارە ( ٨٢ )
ڕۆژگار کەمال



وێنەی ژمارە ( ٨٣ )
تەلان دارا



وێنەی ژمارە ( ٨٤ )
ئالان نەجدەت

مێژوویی نەتەوەکەمان پڕە لە سەرچاوە و بەرهەمی مێژوویی و کلتوری، کە هونەرمەند زۆرجار بەبێ ئەوەی کۆپی بکات، خۆی لە خۆیدا هەڵگری سەرەکی فۆڕم و نەخش و نیگارەکانە لە هزریدا، توانای خۆی لە خستنەڕووی بەرهەمە هونەرییەکان بە سوود وەرگرتن لە ژێدەر و پاشماوە کلتوری و مێژووییەکان هەروەها ژێدەرەکانی کەلەپوورو کەلتوری میللی و کۆمەڵایەتیەکان کە بە گەنجینەی ڕۆشنبیری بیرو هزر و گوزارشت کردن لە جوانی هەر نەتەوەیەك دادەنرێت، کاریگەری زۆری لەسەر هونەرمەند هەیە لە بەرهەمەکەی و ئەو ژێدەرەی بۆ وەرگر هەڵی بژاردووە دەخاتە ڕوو، هەر بە هۆی ئەو ژێدەرەوە هونەری هەر کۆمەڵگایەك جیاوازە و بە پێی کلتوری ناوچەکان دەناسرێنەوە.

کەشە کۆمەڵایەتییەکان کاردانەوەی بەرچاویان لە چۆنیەتی ڕێچکەی کارکردنی هونەرمەند هەیە و سوودمەندبووە لێی، لەو ناوچەیەی کە ژیاوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبووە، ئەمەش بۆتە مایەی پێگەیشتنی هزرو شێوازی کارکردن کە سەرچاوەی بەرهەمی هونەرین، **"هەندێك جار ژێدەر دەبێتە خاسیەتێکی دیاری هونەرمەندی داهێنەر و پاڵنەرەکانی لە کۆمەڵگای خۆیەوە، یاخود لە خەیاڵ و ئەندێشەیەوە باکگراوندێك دروست دەکات، کە کاریگەری کلتوور لە سەر کەسی داهێنەر بە ڕوونی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، پاڵنەرێکی بەرچاو وا دەکات ئەو داهێنانەی هونەرمەند دەیکات گونجاو بێت"**[(١)]، چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە بەرهەم و پاشماوە کلتورییەکان لە لایەن هونەرمەندەوە بەستراوەتەوە بەو توانەیەی، کە هەیەتی لەو کارەی بەرجەستەی دەکات، دووبارە بەکارهێنانەوەی بیرۆکەکان بە شێوازێکی داهێنەرانە، دەبێت خاوەنی توانایەکی گەورە بێت، کە بتوانێت دەستکاری ئەو پاشماوە کلتوریانە بکات و هەڵیان بژێرێت، بە جۆرێك کارە ڕەسەنەکە تێك نەدات و زۆریش پابەند بێت بە ئاستی مەبەستی کارەکە، کە ئاماژەن بۆ ڕەسانایەتی کۆمەڵگاکەی.

ئەو هونەرمەندانەی لەم ژێدەرە سوودمەندبوون زۆر بە وردی هەڵبژاردنیان بۆ جۆر و شێوازی بەرهەمەکەیان کردووە، هەروەها چۆنیەتی هاوسەنگی کردنی نێوان سەردەمی ژێدەرەکە و ئەو سەردەمەی هونەرمەند کارەکەی تیادا ئەنجام داوە گرنگە و کارلێك کردنی ڕابردوو لەگەڵ ئێستا دا لە چوارچێوەی کارەکەدا خۆی لە خۆیدا داهێنانێکی جوان و وردە، **"ژێدەرە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی گرنگن لە کلتوری هەر نەتەوەیەك، چونکە بناغەیەکی قووڵ و پتەون بۆ سروشی بەرهەمە هونەرییەکان، ئاماژەیەکی بەهێزن کە وێنای شێوە کلتورییەکان دەکات، توانای هونەرمەند لە هاوسەنگی و گونجاندنی لەگەڵ ئەو هێمایانە و ڕەگەزەکانی تری وەك ڕەنگ و نەخشاندنەکان لە بەرجەستەکردنی بەرهەمەکەیدا لەگەڵ ژێدەری پاشماوە کۆمەڵایەتیەکان دەردەکەوێت"**[(٢)]، دەتوانین بڵێین مەبەست لەو شێوە کلتوریانەن کە بوون بە ناسنامەی هەر نەتەوەیەك ئەویش پەیوەستن بە توانای بەرجەستەکردنی لەلایەن هونەرمەندەوە لەو کارەی دروستی دەکات.

---

(١) هادية قاسم المهدی: مصدر الالهام...احساس تحرك الابداع، مقال من مجلة الانتباهة، ٢٠٠٣/٣/١٦

(٢) نعيمة محمد، الخزف المعاصر فی كردستان العراق وسماتة و مضامينة الفنية، سەرچاوەی پێوو ل:٢٤٣

هەر دەربارەی ژێدەرە کلتوری و ئەو بابەت و پۆشاك و ماتریالأنەی کە بەشێکن لە ژینگەی کلتوری و کۆمەڵایەتی، لای هونەرمەندانی کوردی بەدی دەکەین، کە هەریەکەیان بە شێوازی خۆیان دەریان بڕیووە و کردویانەتە کارێکی هونەری سیرامیکی، بۆ نموونە لای هونەرمەند (حەمە سەعید) بەکاربردنەوەی پۆشاکی کوردی لە دوو شێوەی ژن و پیاودا دەبینرێت، کە ئەو پۆشاکانەیان پۆشیوە و وەك بابەتێکی گونجاو بەیەکەوە دەردەکەون، وەك لە وێنەی (٨٥) دا دیارە:

هەروەها لای (سۆزە حەمە ساڵح) یش پیشاندانی بابەتی ژیانی کوردەواری لە نێو ماڵێکی گوندنشیندا دەردەکەوێت، کە بە داڕشتنێکی بازنەیی و بە شێوازی هەڵکۆڵراو ئامادە کراوە، کە وەك گێڕانەوەی چیرۆکێك وایە باس لە ڕەسەنایەتی ژیانی نێو ماڵ و ژینگەی کوردستان دەکات، بە چالاك کردنی ئەو ژینگە کوردیە بە هۆی نەخشە سادەکانی ماڵی گوندنشین وەك دارە ڕاو تاق و ڕاخەر و نیشاندانی تەلارسازیەکی سادەی کوردی، وەك لەوێنەی (٨٦) دا دیارە، (بەناز ڕەئووف) توانیویەتی لە نێو کارەکەیدا جۆرێك لە ماتریاڵی بەکارهاتووی کلتوری و ژێدەری کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە کارەکەی بکات و ببێتە بەشێك لە هێمای کارەکەی، چ وەك ڕەنگ و چ وەك بەکارهێنانی ڕۆژانە، کە هونەرمەند لە نێو فۆڕمێکی گڵجۆشیدا بە کاری بردووە، وەك ماتریاڵەکانی موروی شووشە و شیلانە و موروی شین و بەنی ڕەنگاوڕەنگی ڕاخەری کوردی، وەك لە وێنەی (٨٧) دا دیارە:



وێنەی ژمارە ( ٨٥ )
حەمە سەعید



وێنەی ژمارە ( ٨٦ )
سۆزە حەمە ساڵح



وێنەی ژمارە ( ٨٧ )
بەناز ڕەئووف

هونەرمەندانی کوردستان بە گشتی لە پاڵ کاریگەریکانی ژینگە و سروشت و کلتورە کۆمەڵایەتیەکان و چواردەورەکەی، ڕامیاری و جەنگ و ئەو دۆخانەی بە سەریدا هاتووە لە هزریاندا چەسپاوە، شانبەشانی هونەرمەند ڕوویان داوە و کارتێکەر بوون، هەندێك جار بێ ئەوەی خودی هونەرمەند بە ئاگا بێت، ئەو ڕووداوانە کاردانەوەی هەیە لە بەرهەمەکانیاندا، **"ئەم لایەنە بەدی دەکرێت بە شێوەیەکی بینراو، کە باری سیاسی و ڕووداوە ڕامیارییەکان وجەنگەکان لە کارە هونەرییەکاندا بە گشتی**

**دەگرێتەوە، هەروەها لە بەرجەستە کردنی ئەفسانەکان و چیرۆك و بابەتەکانی تری کە پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هەبێت"**[1].

بە پێی ئەو مێژووەی کۆمەڵگەیی کوردەواری هەیەتی، خاوەنی چەندین ڕووداوی سیاسی و کارەساتی جەنگ و چەندەها چیرۆك و ئەفسانەی کۆمەلآیەتییە.

سەرجەم ئەمانەش ڕەنگدانەوەی لای هونەرمەند هەیە (قادر میرخان) وەك یەکێك لە هونەرمەندەکانی بواری سیرامیك، توانیویەتی تێکەلّ کردن بکات لە دوو بنەمای گرنگ لە کارکردن، لایەنی سیاسی و کەرەستەی بەکارهاتووی ژیانی ڕۆژانە، دەتوانین بڵێین دوو لایەنی دژ بەیەکن، کە لە بەرهەمەکەیدا بەرجەستەی کردووە، ئەویش فۆرمی فیشەکە، کە هێمایە بۆ کوشتن و لەناوچوون و جەنگ، خستنەڕووی وەك بەرهەمێکی هونەری هاوچەرخ، هاوشێوە کردنی بە ئارایشتێکی ڕەنگاو ڕەنگی ژنان، کە مانای جوانی و خۆشی و بەختەوەری دەگەیەنن، کە ڕەنگە ئەم تێکەلّ کردن و نزیك کردنەوەیە لە هزری هونەرمەندا بۆ مەبەستێکی تایبەتی بێت، کە لایەنی هونەری و ناوەڕۆکی بۆ وەرگر بەرجەستە کردووە، وەك لە وێنەی (٨٨و ٨٩) دا دیارە:



**وێنەی ژمارە (٨٨)**
**قادر میرخان**



**وێنەی ژمارە (٨٩)**
**قادر میرخان**

هونەری سیرامیك لە ڕووی سیاسی و ئەو بارودۆخەی کە نەتەوەی کورد پیادا دەڕۆشت، هونەرمەند وەك تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە بەشدار بووە، لە ڕووی هونەرییەوە بۆ بەرجەستە کردنی هزر و بیری نەتەوایەتی و ئەو کاردانەوە سیاسیەی، کە کاریگەری خۆی بە جێدەهێڵێت لە سەر هونەرمەند بۆیە هەریەك لە هونەرمەندان بە جۆرێك بەشداری دەکەن لە بەرجەستەکردنی بیر و فیکر لە دەربڕینی کارەساتە یەك لە دوا یەکەکانی کە لە سەرەتایی مێژووی نەتەوەکەمان تاکو ئێستا کە لەسەر ئاستی هەرێم و جیهاندا ڕووداوەکانی (ڕاگوێزان، ئەنفال، کیمیاباران، ڕەوو خنکان ...) نموونەی زیندووی ئەم بەرهەمە هونەریانە لای هونەرمەندان و ڕەنگدانەوەیان لە بەرهەمە هونەرییەکانیاندا بە شێوەیەکی بەرچاو.


---

(١) محمد عبد الرزاق، سەرچاوەی پێشوو، ل:٢٢

وە لە دیارترین بەرهەمەکانی هونەرمەند (نەعیمە محەمەد)، دەبینین کەڵکی لە ژێدەرێکی دیاریکراو کە ڕەنگە پەیوەست بێ بە باکگراوندێکی ڕامیاری و دۆخی نالەباری مرۆڤەکانەوە،وەك پەنابەر لە دوو بەرهەمی تا ڕادەیەك نزیك لە یەکتر لە دوو زەمەنی جیاوازدا، بارودۆخی سیاسی و بەجێماوی جەنگ، کە ڕەنگدانەوەی لە هزری هونەرمەندا هەیە، کاریگەری لە سەر بەرجەستەکردنی کارەکانی، هونەرمەند لەم کارەیدا ئازارەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگەی کوردی خستۆتە ڕوو، کە بووە بە بنەمای کارکردن و نیشان دانی ئەو مەینەتیانەی کە ڕووبەڕووی هەر تاکێك دەبێتەوە، لە ڕێگەی دروستکردنی فۆڕمێکی دیاریکراو بە چەند جۆر و شێوازێك و تێکەڵ کردنی بە سروشت، کە ڕەنگە هەریەکە لەو فۆڕمانە باس لە چیرۆك و بەسەرهاتێك بکات و ئەو کاردانەوەی لای هونەرمەند دروست کردووە، هونەرمەند لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەشێك لە جەستەی مرۆڤەکانەوە کە (پێ) یە، یان (پێڵاو) کە بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان و هونەرمەند مانا و ناوەڕۆکی مرۆیی و ڕامیاری و ئایینی و ژینگەیی پێبەخشیوە، بە جۆرێك هونەرمەند فۆڕمە داهێنراوەکانی خۆی لە نێو سروشتدا بەکارهێناوەتەوە (تەوزیفکردوّتەوە) و لە کاری سیرامیکی ئاسایی دەرچووە لە پێناو بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکێکی پڕ لە کاردانەوەی ویژدانی و هونەری، وەك لە وێنەی (٩٠) دا دیارە، لە بەرهەمێکی تری هونەرمەندا، باری سیاسی ئەو سەردەمە دەربارەی بە ئەنفال کردنی گەلی کورد، کاریگەری و مانەوەی نیشان دانی لە کارێکی هونەری، لەم بەرهەمەشدا ئێسك و پروسکی جەستەی مرۆڤەکان لە میانی فۆڕمەلەکردنێکی وەهاوە بەرجەستە کردووە، کە ئاماژەن بۆ سوتماکردنی خاك و سڕینەوەی ئەویتر لە میانی ڕووداوە ناهەموار و پڕ لە نەهامەتییەکاندا، کە تیایدا جەستەی مرۆڤەکان بە ژن و پیاو و منداڵ و گەنج و پیرەوە، بگرە جەستەی گیانلەبەرانیش تیایدا دەگۆڕێت بە مستێ خۆڵ، بە جۆرێك جەستەی مرۆڤەکان و خاك هاوشێوە دەبن و پێکەوە کارەساتێکی مرۆیی پڕ لە هەژان دروست دەکەن، وەك لە وێنەی (٩١) دا دیارە:



وێنەی ژمارە (٩٠)
نەعیمە محەمەد



وێنەی ژمارە (٩١)
نەعیمە محەمەد

لەگەڵ ئەوەشدا کە ژێدەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی بۆ ماوەیەکی دورودرێژ تێپەڕ بوون، بەڵام کاریگەری و مانەوەی لە سەر هەریەکەو بە جۆرێك بە جێهێشووە بەتایبەتی لای هونەرمەندان، هونەرمەند (مەریوان جەلال) لە پرۆژەیەکی تایبەتی خۆیدا، کە بریتییە لە شێوەی چەند دەفرێکی سیرامیکی، کە هەریەکەیان بە چەند وێنەیەك گوزارشت لەو بابەتە دەکەن، کە لە هزری هونەرمەندا کاریگەری هەیە، ڕەنگە سەرچاوەکەی ژێدەرێکی فیکری و ڕەخنە ئامێزی هەیە، هونەرمەند توانیویەتی بیکاتە بناغەی کارکردنی و نیشانی وەرگری بدات، دەتوانین بڵێین کە مەبەست لەو پرۆژەیە، ئەوەیە کە نەوت لە ماتریاڵێکی سوود بەخشەوە بەرەو وێرانکاری ژینگە و مرۆڤایەتی دەچێت لە ئاڵتوونی ڕەش سەرمایەیەکی گەورەی سروشتە، دەبێتە هەژارکردنی کلتور و ژیان بێ مانا دەکات و هانی چاو برسێتی و نەزانی مرۆڤەکان زیاد دەکات. هەندێك لە هونەرمەندان لە بەرجەستە کردنی بابەتی بەرهەمەکانیاندا ژێدەری تایبەت بە خودی خۆیان هەیە، وەك لە وێنەی (٩٢) دا دیارە، هەروەها کارەکانی هونەرمەند (عەلی کەمال) کە شێوازی کارکردنی تایبەتمەندی لەخۆ گرتووە، ئەویش بە دروست کردنی فۆڕمەکان بە شێوەی میناتۆر★، ڕەنگە باکگراوندێکی کۆمەڵایەتی و چیرۆك و بەسەرهاتی خێزانی کوردەواری لە خۆ گرتبێت کە کاریگەری لای هونەرمەند بەجێهێشتووە و لە بەرهەمەکانیدا نیشانی وەرگری داوە، زۆربەیان بریتین لە فۆڕمە جیاوازیی مرۆڤەکان و پەیوەندییە خێزانییەکان، کە بە قەبارەی زۆر بچووك لە نێوان (٢.٥ _ ٥) سانتیمەتردان، وەك لە وێنەی (٩٣) دا دیارە:



وێنەی ژمارە (٩٢)
مەریوان جەلال



وێنەی ژمارە (٩٣)
عەلی کەمال

★ میناتۆر: یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی هونەر کە بابەتەکانی دەگوازێتەوە لە ڕێی ژێدەری هونەرییەوە کە تێکەڵ بە هەستی هونەرمەندەکە بووە، کارە هونەرییەکان بە هۆی ئەزموونی سەرەکی کە بریتییە لە وردبینی و دەرخستنی بچوکترین ئاماژە، کارکردن بە میناتۆر کاتێکی درێژی پێویستە ئەوەش بە هۆی بچووکی قەبارەیی، نەخش و زەخرەفەکانی کە بە چواردەوری جەستە و شێوەکانەوەیە.(بڕوانە fi Wikipedia.org/minotauros )


ڕووداوەکانی مێژوو بریتیە لە ژیانی مرۆڤەکان، کە بە تێپەڕ بوونی کات کاریگەری ئەو ڕووداوانەی ڕوویان داوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، یەکێك لەو ڕێگایانە بریتییە لە بەرجەستە کردنی لە لای هونەرمەندان بەگشتی، مانەوەی لە هزری هونەرمەندا، ئینجا هەر هونەرمەندێك بەپێی زەمەن و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی کاردانەوەی هەیە لە خستنە ڕووی بەرهەمە هونەری یەکانیاندا، هونەرمەندانی بواری سیرامیك و کاردانەوەی مێژوو لە سەر کارەکانیان.

هەروەها ڕۆڵی چواردەور و کاریگەری لە بەرجەستە کردنی بەرهەمە هونەرییەکانی هونەرمەند ( نزار مەحمود) هەیە، کە بریتییە لە دیواربەندێکی سیرامیکی، کە لە چوار بەش پێکهاتووە، ڕەنگە هونەرمەند ئەو بەش بەش کردنەی بە مەبەست کردبێ، کاردانەوەیەکی ڕووداوە مێژووییەکان بێ لەسەری کە بەو شێوە نیشانی وەرگری دەدات، هەر پارچەیەك پێکهاتووە لە کۆمەڵێ هێڵ و هێما کەدەلالەت لە بوونی ناوچەیەکی مێژوویی وەك قەلاّ دەکات، سەرجەم ئەو نەخش و نیگارانەی، کە گرنگن لە هزری هونەرمەند توانیویەتی بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە ڕووکاری هەر چوار بەشەکەدا بە تەواوکەری یەکتری نیشانی بدات، لەگەڵ ئەو ڕەنگەی بەکاریهێناوە دیسان پەیوەندی بە بوونی ئەو ناوچەیەوە هەیە، بە سەرنج دان لە داڕشتنی ئەم کارە سیرامیکیە بێجگە لە بوونی ژێدەرە مێژووییەکان درك بە ژێدەرێکی تری کارکردن لای هونەرمەند دەکەین ئەویش مۆرکی تەلارسازییە کە بوونی هەیە لە بەرجەستەکردنی ئەو بابەتەی کە هونەرمەند خستویەتیە ڕوو، وەك لە وێنەی (٩٤) دا دیارە:



وێنەی ژمارە (٩٤)
نزار مەحمود

بەهەمان شێوە لە بەرهەمێکی هاوکاری هەردوو هونەرمەند (تەلان دارا) و (دانا سەلاّحەدین) دا دەبینرێت، کە باس لە ناوچەیەکی مێژووی دیاریکراو دەکات بەپێی ئەو هێمایانەی هونەرمەندان بەکاری هێناون و بە گوێرەی ئەو ژینگەیەی تیایدایە، ڕەنگدانەوەیە لە کارەکەدا کە بریتییە لە (قەلاّت) شوێنەوارێکی مێژوویی ناوچەکەیانە و بە شێوەی دیواربەند بەرجەستەیان کردووە، زۆر لێهاتوانە و بە وردی ئەو شێوە و بەرزیی و نزمییەیان نیشان داوە و توانیویانە سێبەر و ڕووناکی دروست بکەن، کە سروشتی شوێنەواری ناوچەکە دەخاتە ڕوو، وەك لە وێنەی (٩٥) دا دیارە، هونەرمەندان هەوڵیانداوە کارەساتەکانی مێژوو بگێڕنەوە لە بەرهەمەکانیاندا بەرجەستەی بکەن، ئینجا هەر هونەرمەندە بە پێی ئەزموون و توانای خستنەڕووی ئەو بابەتەی کە مەبەستێتی بە وەرگری بیگەیەنێت.



وێنەی ژمارە ( ٩٥ ) تەلان دارا و دانا سەلاحەدین

هونەرمەند (شیلان ئیبراهیم) توانیویەتی یەکێك لە ڕووداوە مێژووییەکان بکات بە بنەمای کارکردنی، ئەویش لە دروست کردنی دیواربەندێکی سیرامیکی، بنەماکانی داڕشتنی تیادا جێبەجێ کردووە لە هێڵ و ڕەنگ و هاوسەنگی، کە پەیوەندیی بە خودی هونەرمەندەوە هەیە و کاردانەوەی ئەو بابەتە لە هزریدا، لەم بەرهەمە هونەرییەدا جەستەی شێواوی مرۆڤەکان دەبینرێت، کە پەیوەندیی بە بارودۆخێکی دیاریکراوی هەبێت، کە هونەرمەند لە کارەکەیدا بەرجەستەی کردووە وەك لە وێنەی (٩٦) دا دیارە:



وێنەی ژمارە ( ٩٦ )
شیلان ئیبراهیم

کاریگەری ڕووداوە مێژووییەکان و بەستنەوەیان بە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەوە لە لای هونەرمەند (مهاباد جەمال) ڕەنگ دانەوەی لە بەرهەمەکانیدا هەیە، هەندێك لەو بەسەرهاتانەی ڕوویان داوە، مانەوە و کاردانەوە و دەربڕینی بە هێما و بە شێوەی ئاماژە بۆ ئەو بابەتانە خراونەتە ڕوو، کارکردنی بە ڕێگەی پانتایی بازنەییە، مانەوەی ڕەنگی ئەو گڵەی بەکاری دەهێنێت لە پێناوی خزمەتی مانای بابەتی بەرهەمەکەیدایە، هونەرمەند توانیویەتی سوود لە ژێدەرە مێژووییەکان وەربگرێت و بیکات بە بنەمای کارکردنی و بەرجەستە کردنی لە سیرامیکی هاوچەرخدا، وەك لە وێنەی (٩٧) دا دیارە:



وێنەی ژمارە ( ٩٧ )
مهاباد جەمال

یەکێکی تر لەو بنەمایانەی یارمەتی هونەرمەند دەدەن بۆ بەرجەستە کردنی بەرهەمە هونەرییەکانیان بریتییە لە لایەنی سایکۆلۆجی و دەربڕینی خودی کاردانەوەی خودی هونەرمەند خۆیەتی، ئەو بارودۆخانەیە کە هونەرمەند بە درێژایی ژیانی پیاتێپەڕ بووە، سەرجەم ئەو ڕووداوانەی، کە کاریگەرن و لە هزریدا چەسپاوە بووە بە پاڵنەر بۆ بەرجەستەکردنی بەرهەمێکی هونەری، هەر هونەرمەندێك لە بواری کارکردنی بە جۆرێك ئەم لایەنە دەردەبڕێت، هونەرمەند (دارا عومەر) توانیویەتی ئەو لایەنە سایکۆلۆجییە لە یەکێك لە بەرهەمە هونەرییەکانیدا بەرجەستە بکات، کە بریتییە لە فەرشێکی سیرامیکی شێوە خڕۆکە، پاشان پرژاندنی چەند پەڵە ڕەنگێکەوە، کە هەڵگری بەهای تەعبیری یە، کە پەیوەندیی بەو بارە دەروونیەوە هەیە، کە هونەرمەند لەو کاتەدا ئەو کارەی تیادا ئەنجام داوەو بەرهەمەکەی بەو شێوە نیشان دەدات، هەر یەکێك لەو ڕەنگانە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە هزری هونەرمەندا، تەنانەت شێوازی ڕژاندنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی کارکردنی هونەرمەند و کاردانەوەی لە بەرهەمەکەیدا. وەك لە وێنەی (٩٨) دا دیارە.

وە باری دەروونی و خودی ڕووداوەکان کاریگەری بەجێدەهێڵن لە سەر هزری هونەرمەند، هەر بۆیە بەهەمان شێوە دەربڕینی خودی هونەرمەند (سۆزە حەمە ساڵح) بووە بە بناغەی دروست کردنی یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی، کە پێکهاتووە لە فۆڕمێکی سیرامیکی کە ڕووپۆشکراوە بە کۆمەڵێك ڕەنگ، کە ڕەنگە هونەرمەند بە مەبەست ئەو ڕەنگانەی هەڵبژاردبێت، تەنانەت هەست بە بوونی چەند شێوە و فۆڕمێك دەکرێت کە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی ڕەنگەکان لە سەر ڕووی پارچە سیرامیکییەکە دروست بووە، کە لایەنێکی ناوەڕۆکی هونەری بە بەرهەمەکە داوە، سەرجەم ئەو دەربڕینە خودیانەیە کاردانەوەیان لە سەر هونەرمەند هەیە، ئیجا بەهۆی چواردەورەکەیەوە بێت، یاخود ئەو ڕووداوانەی ڕوو دەدەن، کاریگەری لە هزری هونەرمەند بەجێدەهێڵن و دەبنە بەرهەمێکی هونەری بەرجەستەکراو، وەك لە وێنەی (٩٩) دا دیارە:



وێنەی ژمارە (٩٨)

دارا عومەر



وێنەی ژمارە (٩٩)

سۆزە حەمە ساڵح

هەروەها فۆڕمە ئەبستراکت ئێکسپرێشینیزمەکان و ئەندازەییەکان وەك ژێدەرێك دەبینین لە بەرهەمەکانی (هیوا عەبدولاّ و سازان عەلی) بۆیە هونەرمەند هەمیشە هەوڵ دەدات پشت بەلایەنی فۆڕم ببەستێت، تا بتوانێت جوانی و دەربڕینی تیادا بەرجەستە بکات، وەك لای (هیوا عەبدولاّ) دەردەکەوێت، کە هەوڵیداوە بە فۆڕمێکی نزیك لە ئەبستراکت ئێکسپرێشینیزم، کە هەندێك کاری هونەرمەندە جیهانیەکانمان وەبیر دێنێتەوە بە تایبەتی کارەکانی پەیکەرساز (برانکۆزی) کە لە ڕێگەی (ئیختیزال)ەوە فۆڕمەکانی لە هەموو وردەکارییەك دادەماڵێت بۆ ئەوەی نزیك بێتەوە لە گەوهەری فۆڕمەکە و بابەتە سەرەکییەکە، کە دەکرێت ئەمە کورتکراوەی فۆڕمێکی سروشتی بێت، یان فۆڕمێکی ئەبستراکت بێت، وەك لە وێنەی (١٠٠) دا دیارە. هەروەها کارەکەی (سازان عەلی) نزیکە لە فۆڕمە ئەندازەییەکانەوە وەك فۆڕمی (گۆیی) و (نیوە گۆیی_دەفری) کە هونەرمەند هەوڵی داوە، جۆرێك لە پەیوەندی هونەری لە نێوانیان دا دروست بکات، کە پێکهاتووە لە شێوەی دەفرێکی داخراوی نیوە بازنەیی، بوونی قورساییەکی گۆیی لە یەکێك لە لاکانی دەبینرێت، وەرگر بە بینینی ئەم شێوەیە هەست بە ناجێگیرییەك دەکات، دەکرێت بڵێن نەبوونی هاوسەنگی ئەو هەستە بە وەرگر دەبەخشێت، هەڵبژاردنی ڕەنگەکان پەیوەندیی بەخوودی هونەرمەندەوە هەیە، کە بۆ مەمەستێکی دیاریکراوە، وەك لە وێنەی (١٠١)دا دیارە:



وێنەی ژمارە (١٠٠)
هیوا عەبدولاّ



وێنەی ژمارە (١٠١)
سازان عەلی

# پێوەرە ئامازەکانی

# چێوەی توێژینەوەکە

## پێوەرە ئاماژەکانی چێوەی تیۆری توێژینەوە:

چێوەی تیۆری توێژینەوە بەم ئاماژانەی خوارەوە کۆتایهات:

١. شێوە وەك ئامرازێك بۆ ڕێکخستنی بەش و سەرجەم لایەنەکانی کاری هونەری بە شێوازی جیاواز فۆڕمەڵە کراوە بە جۆرێك لە بزاڤێکەوە بۆ بزاڤێکی دیکە دەگۆڕێت، هەندێکجار خۆ لە نێو بۆتەی فۆڕمێکی واقیعی، یان ئیختیزالکراو، یان تەعبیری و تەجریدیدا دەبینێتەوە، کە پەیوەستە بە لایەنی داڕشتن و تەکنیکی خستنەڕوو ژێدەر و دیدگای هونەرمەندەکەوە.

٢. لە نێو بەرهەمی شارستانیەتە دێرینەکاندا، چەندین پەیکەر و سیرامیك و ڕووکاری بەرهەمە گڵجۆشەکاندا بەدیدەکرێت، کە بە ستایلی جۆراوجۆر هاوشێوەیی تێدا بەدی دەکرێت لە نێوان جەستەی ژن و فۆڕمە داهێنراوەکاندا وەکو نموونەی (٢) و (٣). کە زۆربەیان بە ئاماژەی بیرو باوەڕگەری و ئایینی و هۆکاری دیکە بەرجەستە کراون. کە هەندێکجار موبالەغە بەدیدەکرێت وەکو وێنەی (١٣_ڤینوس فلندرۆڤ)

٣. هەروەها لە نێو پەیکەری فوخاری عێراقی دێریندا بە هێما گەلێکە جیاجیا هەوڵی بەدیهێنانی هاوشێوەیی دراوە لە نێوان جەستەی ژن و فۆڕمە داهێنراوەکەدا، وەکو پەیکەرە فوخاریەکانی (حسونە و سامەڕا و حەلەف و عوبید) کە لە وێنەکانی (١٤و ١٥و ١٦و ١٧) دا بە ڕوونی بەدەردەکەوێت. کە هەندێکیان بە ئاماژەی زۆربوون و بەپیتی، یان پیرۆزی فۆڕمەڵەکراون. وەکو فۆڕمی ئەندازەیی، یان ئیختیزالکراو وەك ئاماژەیە بۆ جیهانی نادیار و میتافیزیکی وەك ئەوەی کە لە هونەری سۆمەریدا ئاماژە نەدراوە بە سەری پەیکەرەکان. هەروەها دەبینین کە چۆن چەمکی ئاو ژیان هاوشێوەی جەستەی ژن کراوە بە تایبەتی لە هونەری بابلیدا وەك لە نموونەی (١٩) بەدیدەکرێت.

٤. لە میانی ڕێنسانسەوە هاوشێوەیی جەستەی ژن و فۆڕمی داهێنراو لە هونەردا ڕەهەندێکی هیومانیستی هەنگاوی دانا هەروەك لە تابلۆی مۆنالیزا (وێنەی_٢٤) بەدەردەکەوێت، کە تیایدا جەستەی ژن هەڵگری بارگەی فیکری و مرۆیی و ئیستاتیکیە و جیاوازە لە ڕەهەندی سەردەمەکانی پێش خۆی. کەچی هاوشێوەی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی داهێنراو لای ڕامبرانت و ڕۆبنز خۆ دەهاوێتە جۆرێك لە بەراووردکردن لە پلەکانی خواوەندێتی جوانی وەك ڤینۆس.

٥. لە نێو ڕێبازی کلاسیکی نوێدا، هەوڵی گەڕانەوە بۆ پرەنسیپەکانی کلاسیکی گریگی دەدرا بە جۆرێك هاوشێوەیی لە نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی ژن، کە لە نێو هونەردا خۆی دەهاوێژێتە

پلەیەکی بەرزی وەها کە زۆر ئایدیاڵیە و وێنەی واقیعی جەستەی ژن تێدەپەڕێنێت بۆ ئاستێکی نموونەیی باڵا کە لە واقیعدا بەدیناکرێت. وەکو لە کارەکانی (جاك لویس داڤید) بەدیدەکرێت.

٦. بەڵام لە نێو هونەری ڕۆمانتیکدا چەمکی هاوشێوە بوونی جەستەی ژن و فۆڕمی جەستەی ژن لە نێو کارە هونەرییەکاندا بە جۆرێکە، وابەستەی ئەندێشە و خەیاڵی پڕ لە ئەفراندنی هونەرمەندە وەکو لە تابلۆی (ئازادی سەرۆکایەتی گەل دەکات)ی (دیلا کروا) دا بەدیدەکرێت، کە چەمکی شۆڕش و ئازادی لە هاوشێوەیی جەستەی ژنێکی نیمچە ڕووتدا بەرجەستە کردووە. (وێنەی ٢٩).

٧. لە ڕێبازی ڕیالیزمیشدا هونەرمەند هاوشێوەییەکی وەها بەرجەستە دەکات، کە فۆڕمی داهێنراوی نێو کارە هونەریەکە تا ڕادەیەکی زۆر نزیك دەبێتەوە لە جەستەی ژن، لەو ڕوانگەیەی کە چەمکی هاوشێوەیی لە نێو هونەری ڕیالیزمدا ئاوێنەیەکە شتەکانی نێو واقیع کت و مت وەکو خۆی دەخاتە ڕوو، هەروەکو لە وێنە (٣٠) دا بەدەردەکەوێت.

٨. لە کاتێکدا ئاستی هاوشێوەیی لە نێو بزاڤی تەعبیریەتدا بە جۆرێکە، کە هونەرمەند هەوڵ دەدات لە ژێر هەژموونی خودی و سۆزداریدا جەستەی ژن فۆڕمەڵە بکات، هەروەك لە وێنەی (٣٢) دا بە دەردەکەوێت.

٩. سیمبولیزمەکان چەمکی هاوشێوەیی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی نێو کاری هونەری دەباتە ئاستێکی پڕ لە ڕەمزیەت بە جۆرێك لە ڕێگەی نەخشاندنی هێماگەلێکی تایبەتەوە جەستەی ژن بەرجەستە، دەکات هەروەکو ئەوەی لە وێنەی (٣٣) دا بەدەردەکەوێت، کە هونەرمەند گۆگان بە شێوازێکی ڕەمزی تەعبیر لەو هاوشێوەبوونە دەکات.

١٠. لە ڕێبازی کیوبیزمدا لە ڕەهەندێکی ئەندازەیی جارێکیتر فۆڕمی جەستەی ژن لە سیاقێکی تایبەتیدا بەرجەستە دەکرێت، بە جۆرێك یەکێکی وەکو بیکاسۆ ئەم هاوشێوەیبوونە دەباتە ئاستێکی دینامیکی وەها کە جەستەی ژن دەتەقێنێتەوە بۆ چەندین ڕووکاری ئەندازەیی سێگۆشە و ڕاستەهێڵ و پانتایی، کە گوێ بە بەهای جوانی جەستەی ژن نادات و لاسایی کردنەوە ڕەتدەکاتەوە.

١١. لە نێو ڕێبازی ڤۆڤیزمدا، چەمکی هاوشێوەیی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی داهێنراوی ژن لە کارە هونەریەکەدا زیاتر پەیوەستە بە بیرۆکەی ئازادی ئەو دیو واقعی جەستەی ژن، بە جۆرێك لە پەیوەندییەکی ڕەنگی تیژ و بەهێزدا بێ گوێ دانە ئەناتۆمی و سێبەر و تاریکی و حەقیقەتی شتەکان، ڕەنگ لە کەشێکی پڕ لە ئازادیدا جەستەی ژنە ڕووتەکان بەرجەستە دەکات باشترین نموونەش تابلۆکانی (هێنری ماتیس)ە، (٣٨ و ٣٩) کە ئەوپەڕی سەرکێشی و زێدەڕۆی دەکات لە دانانی ڕەنگ و جەستەی ژنە ڕووتەکانیدا.

١٢. سوریالیزم وەك بیرۆکەیەکی داهێنەرانە پشت بە هاوشێوەبوونی فرە چەشن دەبەستێت بەجۆرێك بە زۆربەی ستایڵەکان هاوشێوەبوونی جەستەی ژن فۆڕمەڵە دەکات، چونکە سوریالیزم بیرۆکەیە بە هەر شێوازێك دەتوانێت چەمکی هاوشێوەبوون بەرجەستە بکات، بە جۆرێك کە هەمیشە لە ژێر هەژموونی (نەستی) هونەرمەنددایە، وەك لە تابلۆکانی دالیدا بەدەردەکەوێت (وێنەی ٤٠).

١٣. فیوچەریزم وەك بزاڤێکی یاخی لە پلەی یەکەمدا جەخت لەسەر هەستیاری جووڵەی فۆڕمەکان دەکاتەوە، لەم پێناوەشدا بۆ بەرجەستەکردنی هاوشێوەی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی داهێنراو، پەنا دەباتە بەر شیتەڵ کردن و شیکردنەوەی فۆڕمەکە بۆ چەندین پارچەی جولاّو و دینامیکی، کە زیاتر تەعبیرکردنە لە جوڵەی جەستەی ژن، نەوەك جەستەکە هەروەك لە تابلۆی (ژنێك لە قادرمە دێتە خوارە) مارسێل دۆشامپدا دەبینرێت.

١٤. فۆڕمی ژن وەك بابەتی ڕەگەزێکی سەرەکی نێو هونەر بە گشتی لە مێژووی شارستانیەتەکانەوە بە دیار دەکەوێت.

١٥. بیر و بۆچوونی بیرمەندانی بواری فەلسەفە لە سەر شێوازی شێوەی جەستەی ژن لە بواری ڕەخنە و فەلسەفەیدا وەك سەرچاوەیەکی هزری لای هونەرمەندان.

١٦. زمان وەك ژانرێکی ئەدەبی لە داستان و شیعر و بوارەکانی ئەدەبی کوردیدا ئامرازێکی کارایە بۆ وێناکردنی گەردوون و شتەکانی دەوروبەر لە فۆڕمێکی ئیستاتیکی ئەفرێنراودا.

١٧. زمانی گوزارشتکردن لە نێو شعری کوردیدا بە شێوازی هەمەجۆر هەوڵی هاوشێوەیی لە نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی وێناکراو داوە، بە جۆرێك کە هەڵگری پەیام گەلێکی زۆرە کە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دیدگای شاعیر دەنەخشێنێت.

١٨. هاوشێوەیی لە نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی داهێنراو لە زمان و ئەدەبی کوردیدا بە دارِشتن و تەکنیکی ئەدەبی وەها بەرجەستەکراوە، کە وا بەستەی ژێدەر و ناوەڕۆکی خودی و بابەتییە.

١٩. شێوە دەبێتە هۆکاری ڕێکخستنی کارە هونەریەکان لە ڕووی دارِشتنەوە، پێدانی شێوەی ژن لە خودی خۆیدا بەهایەکی جوانی تەواوی هەیە.

٢٠. دەستنیشانکردنی (ژێدەرەکانی) فۆڕمەلەکردنی شێوەی ژن لای هونەرمەندان بەدەرخستنی ژێدەری ژینگەیی (سروشت)، ژێدەری کۆمەلأیەتی (ئایین )، ڕامیارییەکان و مێژوویی و کەلتووری و سایکۆیی.

٢١. هونەرمەندانی کورد لە تەکنیك دا سوودیان لە هونەری جیهانی و هاوچەرخ وەرگرتووە.

# بەشی سێیەم

# بەجێهێنان و ڕێکاریەکانی توێژینەوەکە

١- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

٢- نموونەی توێژینەوەکە

٣- ئامرازەکانی شیکارکردن

٤- ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان

٥- میتۆدی توێژینەوەکە

# بەشی سێیەم

# بەجێهێنانی توێژینەوەکە

## ١- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :

لە توێژینەوەی چێوەی تیۆری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان جەستەی ژن وەك فۆڕم و کاری شێوەکاری و چۆنیەتی چارەسەرکردن و تەکنیك و گوزارشتکردن لێوەی، توێژەر سەرنجی خستە سەر ژمارەیەکی زۆر لەو کارە هونەریانەی کە لەگەڵ سنووری توێژینەوەکە گونجابن. بە جۆرێك تا ئەندازەی (٨٩) کاری سیرامیکی هەڵبژاردن، کە لە هەرێمی کوردستان و لە نێوان ساڵەکانی (١٩٩٦ –٢٠١٦) درووستکراون و گونجاون لەگەڵ توێژینەوەکە وەك کۆمەڵگەی توێژینەوە، ئەم ڕێژەیە کە دیاریکراوە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی هونەرمەندان لەم بوارەدا و بەتایبەت لە بیرۆکە و داڕشتەی گوزارشت کراوی جەستەی ژن و هاوشێوە بوونی لەگەڵ فۆڕمەکەدا.

## ٢- نموونەی توێژینەوەکە :

بە شێوەی مەبەست و بەچەشنێك لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەکە گونجاو بێت و هاوکار بێت لەگەڵ کۆمەڵگەی سەرەکی توێژینەوەکە، توێژەر (١٧) کاری هونەری سیرامیکی بۆ شیکارکردن هەڵبژاردووە، بەچەشنێك پشت دەبەستێت بە پێوەرە ئاماژەکان، ئەمەش بۆ دۆزینەوە و خستنەڕووی فۆڕم و جەستەی ژن لە کارە هونەرییەکایاندا، کە لە بەرهەمی ئەم هونەرمەندانەدا هاوشێوە بوونەکە زیاتر بەرجەستە دەبێت.

## ٣- ئامرازی شیکارکردن :

بە پشت بەستن بە پێوەرە ئاماژەکانی چێوەی تیۆری لە کۆتایی لێکۆڵینەوەی تیۆری توێژینەوەکەیدا، هەروها بۆ گەشتن بە ئامانجی دۆزینەوەی (هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن وفۆڕمی سیرامیکی هاوچەرخ لەهەرێمی کوردستاندا)، توێژەر بۆ شیکارکردنەوەی کارە هونەرییەکان پشتی بە پێوەرە ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری بەستووە بە لەبەرچاوگرتنی میتۆدی وەسفی شیکاری بەم جۆرە:

**١- چاوپیاخشاندن**

**٢- سستمی کۆمپۆزشن**

**٣- تەکنیکی خستنەڕوو**

**٤- ژێدەرو واتا**

**٥- ڕێبازو ستایل**

## ٤- ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان:

توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی سەرچاوەکانی تایبەت بە کارە سیرامیکییە خوازراوەکان، پشتی بە بینین و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کارە هونەرییەکان بەستووە لە لای هونەرمەندان و گەلەری و پێشانگا تایبەتی و گشتی و هاوبەشەکان، هەروەك چۆن پشتی بە فۆڵدەری پیشانگەکان و گۆڤار و ماڵپەری ئەلیکترۆنی بەستووە. هەروها پشت بەستراوە بەو توێژینەوە و کتێبانەی کەلەسەر هونەرمەندانی سیرامیکی لە هەرێمی کوردستان بە پێی ئەم ئامانجە، کە لە توێژینەوەکە دا دەستنیشان کراوە، کە تایبەت بە بوونی فۆڕمی سیرامیکی (هاوشێوەیی لە نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی سیرامیکی هاوچەرخ) لای هونەرمەندانی کوردستان.

## ٥- میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژەر بۆ شیکارکردنی کارە هونەرییەکان، پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستووە، بە شێوەیەك ورد و زانستی بێت بۆ دۆزینەوە و شیکردنەوەی سمبول و فۆڕم و گوزراشتەکان لە (هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و فۆڕمی سیرامیکی لە کوردستاندا.

## ٦- شیکردنەوەی نموونەکان:

## نموونەی ( ١ )



**هونەرمەند : نەعیمە محەمەد عەبدولا**

**ناوی کارەکە : پێکهاتەی دارِشتەیی**

**پێوانە :( ٣٠×٢٠×١٠ ، ٣٥×٢٠×١٠ ) سانتیمەتر**

**ساڵی وەدیهێنان: ١٩٩٦**

**خاوەندارێتی: زانکۆی سلێمانی**

## چاو پیاخشاندن:

ئەم کارە لە پێکهاتەی گشتیدا کارێکی بازنەییە و کراوە بە دوو بەشەوە، بریتییە لە دوو قەبارەی سەربەخۆ کە لە شێوەدا زۆر لەیەکەوە نزیکن، جیاوازییەکی کەم لە قەبارەیان هەیە، دەتوانین ناویان بنێین دوو فیگەری دوانەی لەیەکچوو، کە وەك دوو نیوە بازنە دەردەکەون، ئەگەر سەیری هەر فیگەرێکیان بکەین جیا لەوەی تر خۆی لە خۆیدا کارێکی تەواو سەربەخۆیە، لە هەمان کاتدا تەواوکەری یەکترن، جێگیر کراوە لەسەر بنەواچەیەکی شێوە لاکێشەیی لە نێوەندی کارەکەدا بە شێوەی هێڵێکی ستوونی ڕاست بەرزبۆتەوە، دوو بۆشایی جیاواز لە هەریەکەیاندا بەدی دەکرێت.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

لەڕووی پێکهاتەی داڕشتنەوە کارەکە بریتییە لە شێوەیەکی بازنەیی کە دابەش بووە بۆ دوو بەشی سەرەکی لە قەبارەدا جیاواز، بەشی یەکەم بچوکتر لە بەشەکەی تر دەردەکەوێت، هەروەها لە هەر بەشێکیاندا بۆشاییەکی ناوەکی هێلکەیی و خڕ دەبینرێت، کە بۆتە خاڵی سەرنج لە کارەکەدا، بەهۆی هێڵە چەماوەیی و نەرمەکانەوە هەست بە جووڵەیەکی بەشەکی و بەردەوام دەکەین، هاوسەنگی لە بەرهەمەکەدا دەبینرێت، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەلیقەی هونەرمەند لە ڕووی یەکەکانی داڕشتنەوە و بەرجەستە کردنی لە کارەکەیدا، پێکهاتەی گشتی کارەکەش پێکهاتەیەکی بازنەیی درێژ کراوەی ستوونی جێگیرکراوی هەیە، کە نواندن لە دوو بەشی هاوشێوەی سەربەخۆ دەکات.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

شێوازی کارکردن لای هونەرمەند زۆرێك لە ڕێبازەکانی بونیادی فۆڕمی سیرامیکی تێدا بەشداری کردووە، بەکارهێنانی قاڵب لە دروستکردن و بیناکردنی فۆڕمە هونەرییەکەدا دواتر فەرشکردنی قوڕی ناو قاڵبەکە و بڕینی بۆ ئەو دیزاینەی کە هونەرمەند خستویەتیە ڕوو، لە ڕازاندنەوەی ئەم ناواخنانەی کە بۆ هاوسەنگی بیرۆکەکەی ئەنجامی داوە، لە دوو قەبارەی جیاوازدا (٣٠ سانتیمەتر و ٣٥ سانتیمەتر) لە جۆری قوڕی زەمینی (Earthe were) پلە گەرمای نزمدا دواتر داپۆشراوە بە شووشەیەکی لە جۆری پلە گەرمای (١٠٠٠) پلەی سەدی، ڕوویەکی ساف و پاکی وەرگرتووە لەگەڵ بوونی چەند ساوێکی زبر لە چواردەوری ئەو بۆشاییانەی، کە بەرجەستە کراوە لە چەقی هەردوو فیگەرەکەدا، بۆشایی لە ناو بۆشایی لە بەرهەمەکەدا بوونی هەیە، هارمۆنیەت لە ڕەنگدا بەکارهاتووە، بەکارهێنانی ڕەنگی سەوزی زەردباو لە بەرهەمەکەدا بە مەبەست لە لایەن هونەرمەندەوە.

## ژێدەر و واتا:

دیدگای هونەرمەند لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا کنە و پشکنین دەکات، لە پێناو گەیشتن بە ئاستێکی هاوشێوەی وەها کە دوور بێت لە کۆپیکردنەوەی ڕاستەوخۆی جەستەی ژن، بەڵکو لەمیانی بەکاربردنی ماتریاڵی قوڕ و تەکنیکی خستنەڕوو ژێدەری کارەکەی لە بینگەی ئەبستراکتەوە بەرجەستە دەکات بە جۆرێك بالآبوون دەبەخشێتە چەمکی ژن و دەیەوێت گەوهەری ژن لە جەستەیەکی تەجریدکراودا بەدیبێنێت، بۆ ئەوەی واتایەکی ڕەها ببەخشێت بەجەستەی ژن و چەمکی هاوشێوەیبوونەکە. توخمەکانی لە بۆشایی و ڕەنگ و تێکسچەر و هێڵی ئەستوونی و چەماوەیی ئامرازێکن بۆ گەیشتن بە واتای ڕەهایی جەستەی ژن.

## ڕێباز و ستایل:

دەکرێت بڵێین کە ڕێبازی کارکردن لای هونەرمەند ڕێبازی ئەبستراکتە، کە بە هۆی کەم کردنەوە و داماڵین و چوون بەرەو شێوەی ئەندازەیی لە فیگەرەکاندا بەتەواوی لە بەشەکانی جەستە و تەنها بە ئاماژە بۆ بینەر دەردەکەوێت، کە فۆڕمە سیرامیکەکان هاوشێوەن لە گەڵ جەستەی ژن، هەروەها ئەو پەیوەندیانەی کە توانیویەتی بەرجەستەی بکات بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی بابەتی بەرهەمەکەی.

**نموونەی ( ٢ )**



**هونەرمەند : سازان عەلی ئبراهیم**

**ناوی کارەکە : ئەنفال**

**پێوانە :( ٣٥×١٠ ) سانتیمەتر**

**ساڵی وەدیهێنان : ١٩٩٦**

**خاوەندارێتی : فرۆشراوە**

## چاو پیاخشاندن:

ئەم بەرهەمە پێکهاتووە لە دەرخستنی یەکەیەکی نیمچە ستوونی چەماوە و لەسەر بنەواچەیەکی شێوە لاکێشەیی جێگیر کراوە، وەدیهاتووەکە شێوەی جەستەی ژنێك دەنوێنیٚ، لە بەشی سەرەوەی فۆڕمەکەدا دوو بەرزایی بە ئاڕاستەی سەرەوە هەڵتۆقیون، هەروەها لە ناوەڕاستی بەشی سەرەوە لە نێوان دوو بەرزاییە هەڵتۆقیوەکەدا شێوەیەکی هێلکەیی بەدی دەکرێت بە ئاڕاستەی خوارەوەدایە و کارەکە بە تێکسچەر و ڕەنگی تایبەتی شووشە کراوە.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

سیستمی داڕشتنی بەرهەمەکە بریتییە لە سیستمێکی شاقووڵی جێگیر لەسەر بنکەیەکی لاکێشەیی، کە ڕەگەز و یەکەکانی شێوەکە بە پەیوەندییەکی شاقوڵی جووڵە ئامێز و چەماوە ڕێکخراوە، جگە لەوەش بە ئاسانی درك بە جەستە دەکرێت، بەهۆی دابەشکردنی ئەو یەکانەی کە پەیوەندییان بە شێوەی جەستەوە هەیە، وەك دەرکەوتنی سەر، شێوە ماسولکەیی قاچ و بەرزییە درێژکراوەکانی کۆتایی کارەکە، بەرجەستەکردنی هێڵ و جوڵەکانی و ڕەنگ و ڕووکاری بەرهەمەکە، کە سەرەنجام وەك یەکەیەکی یەکگرتووی بەرجەستەکراو ڕێکخراوە.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

بەرهەمەکە کە بە ڕێگەیی داڕشتەی قاڵب دروستکراوە و پەیکەرێکی سیرامیکی دەنوێنێت، هەروەها شێوەیەکی کۆکراوەی وەهای تیادا بەدی دەکرێت، کە لە بەشی ناوەڕاستی کارەکەدا بە چەق بەستوویی دەردەکەوێت، ساوێکی سافی هەیە و بە گیراوەی شووشە ڕووپۆش کراوە، بەرهەمەکە بەگشتی یەك ڕەنگ دەنوێنێت (شینێکی تۆخە)، تەکنیکی کارەکە بە شێوەی سادەکردنەوە بەرجەستەکراوە، وردەکاری تیدا بەدی ناکرێت لە ڕووی بەرجەستەکردنی بەشەکانی جەستەی فیگەرەکەوە، بە قوڕی پلە گەرما نزم بە قەبارەیەکی مامناوەند بە بەرزی (٣٥) سانتیمەتر دروستکراوە ، خاڵی کارا لە بەرهەمەکەدا بریتییە لە شێوەیەکی چۆڕاوە لە تواندنەوە لە گەرمایەکی زۆردا بۆ خوارەوە هاتبێت، کەوا لە بینەر دەکات هەست بە دارمان بکات لە شێوەکەدا.

## ژێدەر و واتا:

ئەم وەدیهاتووە هەڵگری ناوەڕۆکێکی پڕ لە ئاماژەی مرۆیی و هونەری لە خۆ گرتووە بە جۆرێك جەستەی ژن وەکو چەمکێکی بارگاوی بە واتاکانی ژیان و مانەوە و سوتماککردنی خاك بەرجەستە کراوە، کەوابەستەی هەلو مەرجی ڕامیاری و باری نالەباری کۆمەڵگەیی کوردەواری بەدەردەخات کە لە ژێر چەند فشار و ئازارێکدایە، ئەم ئازارەش بەردەوام لای ژن مانای گەورەتر و پڕ لە ناوەڕۆکی پیرۆزی

هەڵگرتووە، چەمانەوە و باری تواندنەوەی جەستەکە هەڵگری ئەو حاڵەتە تراجیدیەیە، هەروەها فۆڕمی ژن بۆتە ژێدەرێکی سەرەکی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی وەدیهاتووەکە، سروشی بابەتی لەم بەرهەمەدا بریتییە لە جەستەی ژن و بەرجەستە کردنی لە نێو فۆڕمێکی سیرامیکیدا.

## ڕێباز و ستایل:

هونەرمەند لە پێناو دەربڕین لە ناوەڕۆکی بابەتەکەی پەنای بردۆتە بەر جۆرێك لە (اختزال) واتە (کورتکردنەوە) ی فۆڕمە واقیعیەکە تاکو لە ئەنجامدا، بتوانێت بە جۆرێك لە جۆرەکان گوزارشت لەو حاڵەتە لە ڕووی هونەری و ستاتیکییەوە بکات، بۆ ئەمەش هونەرمەند لاسایکردنەوەی کت و متی واقیعی وەك خۆی دووبارە نەکردۆتەوە، لە میانی ستایلی ئێکسپرێشینیزمەوە واتە (تعبیری)، پەنای بردۆتە بەر (اختزال) کردنی فۆڕمەکە هەروەها هەوڵیداوە لە ڕووی بەکاربردنی ڕەنگەوە مانای زیاتر ببەخشێت بە ناوەڕۆکە هونەرییەکە ، کە تیایدا هونەرمەند هەوڵی داوە ئەو هەست و دەربڕینانەی کە سەبارەت بەو کارەساتە (ئەنفال) لای دروست بووە لەم کارە هونەریەدا بەشێوەی ئاماژەی ڕەنگی یاخوود ئەو شێوە چەماوە و جووڵە هەڵکشاوە گوزارشت لە ناخی خۆی بکات و بۆ بینەری بەرجەستە بکات.

**نموونەی ( ٣ )**



**هونەرمەند : نەعیمە محەمەد عەبدولا**

**ناوی کارەکە : جەستەی ژنێك**

**پێوانە : ( ٧٠× ٣٠×١٥ ) سانتیمەتر**

**ساڵی وەدیهێنان :١٩٩٨**

**خاوەندارێتی : کۆلێکشنی هونەرمەند**

## چاوپیاخشاندن:

ئەم کارە هونەرییە خۆی لە فۆرمی جەستەی ژنێکدا دەبینێتەوە، بە جۆرێك بەشەکانی جەستەی دوور لە هاوشێوەیی کت و متی واقیع دارشتووە، بەڵکو پەنای بردۆتە بەر تەوزیفکردن و ساناکردنەوە و گۆڕین و لادانی جەستەکە بە فۆرمی ئەندازەیی و تەوزیفکردنی توخمی بۆشایی، لە بەشی سەرەوەی وەدیهاتووەکەدا چەند لقێکی لێ بۆتەوە کە لە کۆتایی بەشی سەرەوە بەلای چەپی کارەکەدا یەکیان گرتووە و دووبازنەی ناچوونیەکی نارێکخراویان پێکهێناوە، بە شێوەیەك ئەو دوو شێوە خرۆکەیە هێز و توانا دەبەخشێتە کارەکە، کە لە ناوەڕاستی وەدیهاتووەکەدا جەستە بەشێوەیەکی سانا واتای خۆی دەخاتە ڕوو، لەهەمان کاتدا ئەم بەشە بۆتە ڕاگری بەشەکانی تری جەستە، هەروەها بەگشتی وەدیهاتووەکە لە هیڵی نەرم و چەماوە پێکهاتووە.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

لە ڕووی پێکهاتەی دارشتنەوە بەرهەمەکە بریتییە لە چەند یەکەیەك لە فۆرمێکی سیرامیکیدا بەشێوەیەکی ڕێکخراو کۆکراونەتەوە، کە خاڵی سەروەری تیایدا یەکگرتنی ئەو لقانەیە، کە لە بەشی سەرەوەدا بەدی دەکرێت لەگەڵ ئەو ڕەنگە جیاوازەی بەکارهاتووە لەو بەشەدا، هەروەها بەرجەستەکردنی جووڵە لە نێو بەشەکانی وەدیهاتووەکەدا، جۆرێك لە هاوسەنگی لە لای ڕاست و لای چەپی بەرهەمەکەدا هەیە، ئەویش لە دابەشکردنی ئەو بۆشایی و قەوارانەیە لە بەشی خوارەوە و سەرەوە لای ڕاست و چەپی وەدیهاتووەکە بەدی دەکرێت.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

ئەم وەدیهاتووە بە قوڕی پلە گەرما نزم (Earthe ware) ئەنجام دراوە، بە ڕێگای بیناکردن بە قەبارەیەکی مامناوەند بە بەرزی (٧٠) سانیمەتر بەرهەم هێنراوە، تەکنیکی کارکردن بریتییە لە ئاوێتەکردن و پەتی کردنەوە لە بەرجەستە کردنی شێوەدا لە فۆرمێکی سیرامیکیدا، بە گشتی بەرهەمەکە بە ڕەنگێکی تۆخ ڕووپۆش کراوە وساوێکی ساف و بریقەداری هەیە، خاڵی کارای تەکنیکی لە کارەکەدا بەکارهێنانی ئەو ڕەنگە زیوییەیە کە لە بەشی سەرەوەدایە، لەڕێگەی کاریگەری پێکهاتەی قورقوشم لە ناو شووشەکەدا و ڕەنگی ڕەش وەك شووشەیەکی پلە گەرمای گونجاو لەگەڵ بیرۆکە و فۆرمی جەستەی وەدیهاتووەکە بۆ گوزارشت کردن لە بابەتی کارەکە.

## ژێدەر و واتا:

لە میانی بینگەیەکی مۆدێرن و خودیەوە کارە هونەرییەکە دارێژراوە بە جۆرێك چەمکی هاوشێوەیی نێوان فۆرمەکە و جەستەی ژنەکە چۆتە ئاستێکی دینامیکی وەهاوە، کە جەستەکە کراوە بە چەند بەشێکی ئەندازەیی بەیەکداچوو لە نێوان هێڵی ڕاست و چەماوە و توخمی بۆشایی، ئەم هاوشێوەییە پەیوەستە بە ژێدەرێکی خودی تایبەت بە هەست و سۆزی هونەرمەند، کە هەوڵیداوە چەمکی هاوشێوەیی دەربارەی جەستەی ژن بگۆڕێت بۆ پەیوەندیی نێوان ڕیتمی ئەندازەیی لە پێکهاتەیەکی پڕ لە جووڵە و نزیك لە موستەقبەلیەت و تەعبیری و ئەبستراکتدا، کە جۆرێکە لە ژێدەری پڕ لە ئەندێشە و هەڵقولاوی دیدگای هونەرمەندەکە.

## ڕێباز و ستایل:

ستایڵی بەکاربراو لەم فۆرمەدا بریتییە لە سانا کردنەوەی فۆرمەکە بەجۆرێك هەست بە لادان و گۆڕین دەکەین، بە ئاوایەکی دیکە بارستەکانی گۆڕیوە بە فۆرمی ئەندازەیی. هەروەها لە ڕێگەی توخمی بۆشاییەوە، بارستە و بەشی جەستەی ژنەکەی سمیوە لە پێناو تەوزیفکردنی جۆرێك لە جوڵە کە بەهایەکی ئیستاتیکی بە کارەکە دەبەخشێت. هەروەها لە میانەی بارستەی قەوارەی نیمچە ئەندازەیدا لە ڕیتمێکی ڕێکخراودا فۆرمی هاوشێوەیی جەستەی ژنێك دارشتووە. ئەمەش لە ڕێگەی جەختکردنەوە لە سەر جووڵەی قەوارە و بەشەکانی جەستەکە کردووە لە پێناو هەست کردن بە جووڵە، هەروەها هەوڵی چالاککردنی لایەنی قوقزی و چاڵی داوە، بەمەش نزیك بۆتەوە لە ستایلی کیوبیزم بە تایبەتی کارەکانی ئەلیکساندەر ئارشینکۆ.

## نموونەی ( ٤ )



**هونەرمەند : مهاباد جەمال ئەشرەف**

**ناوی کارەکە : جەستەی ژنێك**

**پێوانە : ( ٤٧×١٥ ) سانتیمەتر**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠٠٠**

**خاوەندارێتی : فرۆشراوە**

## چاو پیاخشاندن:

ئەم كارە بریتییە لە فۆڕمێكی سیرامیكی كە جەستەی ژنێك لە باری تەعبیرێكی دیاریكراودا دەنوێنێت، لەگەڵ هەڵكشانی كارەكە بەشێوەی ستوونی، لە باری پانیدا لە بنكەوە بەرەو فراوان بوون دەچێت هەتا دەگاتە نێوەندی كارەكە، پاشان چوونەوەیەك دەبینرێت و جارێكی تر فراوان بوون، تاكو بچووك بوونەوەی لە كۆتای بە شێوەیەكی داخراو، هەروەها بوونی چەند هێڵێك بە شێوەی پێچاو پێچ بە چواردەوری بە شێوەی زیادكردن هەیە، چەند بۆشاییەك لە بەشی سەرەوە و لە لای ڕاست و چەپ بە شێوەی هەڕەمەكی بەدی دەكرێت، بە گشتی بەرهەمەكە پێكهاتووە لە دوو بەش، كە هێڵ و بۆشاییەكان بە نارێكی بەسەر هەردوو بەشەكەدا دابەش بوون.

## سیستمی كۆمپۆزیشن:

سیستمی كۆمپۆزشنەكە لەسەر بنەمایەكی هەڕەمی بونیادنراوە، بە جۆرێك فۆڕمەكە، كە هاوشێوەیی ئامێری میوزیكی چەلۆیە لە ناوەڕاستەوە واتە لە سەرەوە بۆ خوارەوە لەسەر شێوەی هێڵێك چووە بە ناوا بەمەش فۆڕمی ژنەكە بۆتە دوو بەش، نزیك لە یەكتری، كە زیاتر وێنەی ناوقەد و بەشی سەرەوەی جەستەی ژن دەنوێنێت، كە لە ڕێگەی توخمی بۆشاییەوە ئەكتیڤ كراوە، كۆمپۆزشنەكە زیاتر شێوازی ڕیتمی هەڵچوونی بەرەو سەرەوە لە خۆ گرتووە. كە هاڕمۆنیەت و گونجاندن و هاوسەنگی تەواو لە بەشەكانی كارەكە دەبینرێت.

## تەكنیكی خستنەڕوو:

لە ڕووی تەكنیكەوە بە شێوازی بیناكردن كارەكە بەرجەستە كراوە، بە قوڕی پلە گەرما نزم لە نێوان (٦٥٠_١٠٠٠) پلەی سەدی، بە قەبارەی (٤٧) سانتیمەتر بەرزی دروست كراوە، سەرەتا دووبنكەی بۆ كراوە پاشان لەگەڵ هەڵكشانی بەشێوەی ستوونی بنكەكانی یەكیان گرتۆتەوە كە لە شێوەی هێڵێكی تا ڕادەیەك چەماوە دەركەوتووە، ساوی كارەكە زۆر ساف نییە، بەڵكو هەمەچەشنییەك لە شێوازی كاركردن لە بۆشایی و بینا و زیادكردن بۆسەر جەستە سیرامیكەكە دەبینرێت، كە ئەمەش پەیوەندی بەو مەبەستەوە هەیە، كە هونەرمەند لە پشت كارەكەیەوە هەیەتی و ویستوویەتی بەو شێوازە بیخاتە ڕوو، هەروەها بە مەبەست هیچ ڕەنگێكی بەكار نەهێناوە، تاوەكو ڕەنگی سروشتی گڵەكە لە جەستەوە نزیك بێت، تەنها لە ڕێگەی سووتاندی جەستە سیرامیكەوە مانەوەی ئەو ڕەنگە بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ ناوەڕۆكی بابەتەكەی كە لە هزریدایە.

## ژێدەر و واتا:

هەڵچوون و موبالەغەكردن و شێواندنی جەستەی ژنەكە لە ژێر هەژموونی خودی هونەرمەند و باكگراوندی مەعریفی و هونەریەوە بە جۆرێكە گەلێك واتا و مانای لە خۆگرتووە، جەستەیە لە باری ڕووتبوونەوە و ئیختیزالكردنێكی تەواودا، جەستەیەك ڕوو لە ئاسمان و لە حاڵەتی شەقاربوون و پەرتبوونی جەستەدا. كە هاو كات ئەكتیڤكراوە بە تەوزیفكردنی توخمی بۆشایی بۆ زیاتر بارگاویكردنی بابەتەكە بە چەندین ڕەهەندی سایكۆیی و ئیستاتیكی و ڕوداوە تایبەتیەكانی نێو ژیان و ئەندێشەكانی خودی ژن خۆیەوە، بەمەش كارەكە پەیوەستە بە چەندین ژێدەری سایكۆیی و ڕووداوەكانی دەوروبەر و ژینگەوە.

## ڕێباز و ستایل:

ڕێبازی كارەكە دەچێتە چوارچێوەی ڕێبازی ئەبستراكت ئێكسپرێشینیزمەوە (تەجریدی تعبیری) لە پێناو بارگاویكردنی بابەتەكە، فۆڕمەكان دەخاتە ژێر هەژموونی تاكەكەس و دیدگای پڕ لە ئەفسوونی هونەرمەندە و خۆی لە گشت پێوەرە باوەكانی ڕابردوو دەپارێزێت، هونەرمەند لە پێناوی گەیاندنی مانای ناوەڕۆكی بابەتەكەی توانیویەتی فۆڕمەكە، تا ڕادەیەك ڕووتەڵ بكاتەوە لە بەشەكانی و گوزارشت لە ئەو فۆڕمە بكات كە مەبەستێتی بیگەیەنێت بە بینەر.

## نموونەی ( ٥ )



**هونەرمەند : مهاباد جەمال ئەشرەف**

**ناوی کارەکە : تواندنەوە**

**پێوانە : ( ٢٥×١٥ ) سانتیمەتر**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠٠١**

**خاوەندارێتی : کەرتی تایبەت**

## چاوپیاخشاندن:

کارە هونەرییەکە ئاماژەیە بۆ هاوشێوەیی جەستەی ژن، کە بریتییە لە دوو فیگەری پێکەوە نوساو کە دوو بنەواچەی جیاوازیان هەیە، پاشان بەرەو بەرزبوونەوە فراوانتر دەبێت، ئینجا بەرەو چوونەوەیەك و بچووك بوونەوەیان و نوشتانەوەی بەشێکی بۆسەر ئەوەی تر، لە کاتێکدا فۆڕمی لای ڕاست لە ڕووی قەبارەوە هەژمونی هەیە بەسەر فۆڕمی لای چەپدا، ئەمە بێجگە لەوەی کە جووڵەیەکی بەتاوی هەیە و بە لای چەپ و بەسەر فۆڕمەکەی دیکەدا چەماوەتەوە، هەروەها جیابوونەوەیان بە هۆی هێڵێکی چەماوەوەیە لە نێوانیاندا، شێوەی ئەم کارە هەڵگری گوتاری زۆرە لە بواری سیرامیکدا.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

شێوازی داڕشتەی فیگەرەکان هاوشێوەی فۆڕمی هەرمێیە، هەریەکەیان بەتەنها کارێکی تەواو نیشان دەدات، بەڵام بەهۆی پێچەوانەیی لە چوونەدەرەوەو چەمانەوە لە هێڵەکاندا وای کردووە یەك جەستەی پێکەوە لکاو بەرجەستە بکەن، کە لە ڕاستیدا ئەم بەرهەمە دوو فۆڕمی جەستەی ژن لە خۆ دەگرێت، ئەو هاوسەنگییەی لەم کارەدا بەدیدەکرێت لە ئەنجامی کۆکردنەوەی وردو کارای یەکەکانییەتی لە چوارچێوەی کارەکەدا، خاڵی سەروەری بریتییە لە ئەو چەمانەوەیەی لە بەشی سەرەوەی کارەکە بەرجەستە بووەو ئەو ڕەنگە سپییەی کە بەشێوەی ئاسۆیی هەردوو جەستەکەی بڕیوە.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

تەکنیکی کارکردنی ئەم بەرهەمە بە شێوازی بیناکردن ئەنجام دراوە، بە گڵی پلە گەرما نزم لە قەبارەیەکی تا ڕادەیەك بچووك (٢٥) سانتیمەتر بەرجەستە کراوە، پاشان بە ڕووپۆشی شووشەی ڕوون (شەفاف) ڕووپۆش کراوە، کە پارێزگاری لە ڕەنگی گڵەکە بە مەبەست کراوە بۆ ئەوەی ڕەنگی نزیك بێت لە ڕەنگی پێستی جەستەی ژنەوە، تەنها ئەو هێڵە ئاسۆییە بە شێوەی گڵی جۆش دراو ماوەتەوە، کە ئەوەش بەمەبەست هونەرمەند وەك ئاماژەیەك بە بێ شووشەکردن هێشتویەتیەوە، ساوێکی ساف و بریقەداری هەیە، بە گشتی کارە سیرامیکەکان لە پلەی گەرمی (٩٠٠_٩٥٠) پلەی سەدی جۆش دەدرێن و لە پلەی گەرمی (٩٥٠) پلەی سەدی بەرەو زیاد بوون شووشە کردن پێدەگات.

## ژێدەر و واتا:


ئەم کارە هونەرییە بە شێوەیەکی گشتی خۆی دەهاوێتە نێو هەست و سۆزی کۆمەڵایەتیی نێوان مێینەکان بۆ یەکتری کە زیاتر خۆی لە ئاوێتەبوون و ئاوێزانبووندا دەبینێتەوە وەك پەیوەندیی نێوان دایك و منداڵەکەی یان پەیوەندیی هاوڕێیەتی نێوان دوو ژن، ئەمە بێجگە لەوەی کە جەستەی ژنەکان هاوشێوەی گەلێك فۆڕمی سروشتی وەکو میوەکان گەلێك گیانلەبەری ترن، کە پەیوەستە بە ژینگەوە،

وەك ئەوەی یەکێکیان خۆشەویستی زۆری بۆ بەرامبەرەکەی هەبێت یاخود دەست بە سەریدا بێنێت بەواتای دڵ نەوایی کردنی، لە هەمان کاتدا شێوەی (تواندنەوە) ی لە خۆ گرتووە، وەك چۆن کانزایەك بەسەر کانزایەکی دیدا لە ئاکامی جۆشدان دەتوێتەوە هاوشێوە بە جەستەی دایکێك بۆ نەوەکەی، هێڵە چەماوە و کەوانەیی و نەرم ئاماژەن بۆ جەستەی ژن، هەڵاوساندنی بەشی نێوەندی کارەکە ئاماژەیە بۆ (حەوزی ژن) هەر بۆیە بینەر بە ئاسانی ئەو پەیوەندییە لە نێوان جەستە سیرامیکەکە و فیگەری ژندا دەدۆزێتەوە، ئەو هێڵە ستونیەی لە کارەکە بەرجەستە بووە، ئاماژەیە بۆ دەرخستنی پاکی و بێگەردی ناخی مرۆڤەکان کە بوونی هەیە.

## ڕێباز و ستایل:

کارە هونەرییەکە لە بینگەیەکی ئەبستراکت ئیکسپرێشینیزمەوە بەرجەستەکراوە، کە زیاتر پەیوەستە بە ناوەڕۆکەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەباتە بەر جۆرێك لە ئیختیزال و موبالەغەکردن بە فۆڕمەکانەوە، یان تا ڕادەیەك شێواندنی فۆڕمەکان، لە پێناو زیاتر بارگاویکردنی کارەکە بە هەست و سۆزی ویژدانی و تەعبیری، هەروەها هونەرمەند هەوڵیداوە ناوەڕۆکی کارەکەی لە ڕێگەی شێوازی جێبەجێکردنەکەی بابەتەکەیەوە (تواندنەوە) بخاتە ڕوو.

**نموونەی ( ٦ )**



**هونەرمەند : ڕۆژگار کەمال مەحمود**

**ناوی کارەکە : دایك**

**پێوانە : ( ١٣٠×٣٠ ) سانتیمەتر**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠٠٥**

**خاوەندارێتی : زانکۆی سلێمانی**

## چاوپیاخشاندن:

ئەم بەرهەمەپێکهاتووە لە فیگەرێك، کە جەستەی ژنێك لە خۆدەگرێت، کە لەسەر بنەواچەیەك جێگیر کراوە، لە بەشی خوارەوەی فیگەرەکە بەشێوەی ستوونی هەڵکشاوە و سەری بەرز کردۆتەوە و دەستەکانی بۆ دواوەن، شانی چەپی بەرزی زیاترە لە شانی ڕاستی، هەروەها چەند هێڵێکی چەماوە بەدی دەکرێت لەگەڵ چەند شێوە هێلکەییەك لە ناوەڕاست و بەشی سەرەوەی بەرهەمەکەدا، لەگەڵ ئەو ڕوتەڵ کردنەی بۆ وەدیهاتوو ئەنجام دراوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە فیگەری ژنەکە لە ڕووی تێکسچەرەوە بە ئەناتۆمی پارچە کوتاڵێك جەستەی ژنەکە داپۆشراوە، هەروەها بە دوو ڕەنگی پیرۆزەیی و ئۆکەری ڕەنگکراوە.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

پێکهاتەی داڕشتەی کارە هونەرییەکە لە شێوازێکی شاقووڵیدا و ئاڕاستەیەکی هاوسەنگی بوون لە بناغەی کارەکەدا نیشان دەدات، بە شێوازی دەرچوون و هێڵی چڕو پڕ بۆ دەرخستن و خستنەڕووی جەستەی ژن لە بەرهەمەکەدا، هێڵە چەماوەکان درێژ بوونەتەوە بە ئاڕاستەی جیاواز ڕێکخراوە لە خاڵێکی چەقی کارەکەدا جێگیر بووە و کۆبۆتەوە، کە لە بەشی سەرەوە و ناوەڕاستی بەرهەمەکەدایە، کە هاوسەنگی تەواوی تێدا بەدی دەکرێت.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

بە پێی سیستمی کارە هونەرییەکە هونەرمەند بۆ بەجێهێنانی بەرهەمەکەی پشتی بە تەکنیکی شێوازی (پەیکەری فخاری) بەستووە، لە جێبەجێکردنی وەدیهاتووەکە کەڕێباز و شێوەی فۆڕمی پەیکەری پڕی بەکارهێناوە، لەسەرەتایی کارکردن دواتر بە ڕێگای قاڵب کارە هونەریەکەی ئەنجام داوە بۆ گەیشتن بە ڕێبازێکی هونەری تایبەت بە شکڵی بونیاتی لە داڕشتەی سیرامیکیدا بە پێوانەی (١٣٠) سانتیمەتر، کە لە دوو پارچە ستوونی پێکەوە لکاو بەرهەمە هونەرییەکە هاتۆتە بەرهەم، پلەی گەرمای پێویست لە نێوان (٩٥٠_١٠٠٠) پلەی سەدی سورکراوەتەوە، شووشەی بەکارهاتوو لە جۆری پلە گەرما نزمە کە ڕەنگی ئۆکەری پیرۆزەیی و ئۆکەری زاڵ دەبێت بەسەر شێوەی فۆڕمەکەدا وەك بەهایی ڕەنگ لە دروستکردنی ڕووپۆشی شێوەکەدا.

## ژێدەر و واتا:

بەرجەستەبوونی چەمكی هاوشێوەیی لە نێوان جەستەی ژن و فۆڕمە سیرامیكییەكە تا ڕادەیەك نزیكە لە واقیعەوە، بەمەش هونەرمەند تاڕادەیەك هەوڵیداوە ئاستی هاوشێوەبوونەكە نزیك لە جەستەی ژن وەكو خۆی تۆمار بكات.

ڕەنگە بینگەی هونەرمەند بۆ بەرجەستەكردنی ئەم هاوشێوەیی بوونە پەیوەست بێت بە باكگراوندی هونەری هونەرمەندەكەوە بەوەی كە خوازیار بووە فۆڕمەكە نزیك بێت لە واقیعەوە، بە جۆرێك خۆ لە قەرەی هونەری پەیكەرسازی داوە، بەڵام كەمتر گرنگی داوە بە وردەكاری ئەم شێوازی كاركردنە لە مێژوویی دێرین و هاوچەرخدا كاری پێكراوە، تایبەت بە شێوازی دەربڕینەكە و باری وەستانی فیگەرەكە گەلێك كاری هونەری وەكو فوخاری عێراقی دێرینمان دێنێتەوە یاد، بێجگە لەوەی كە كاریگەری ئەزموونی توێژینەوەی ئەكادیمی هونەرمەندەكە بەدەردەخات لە ڕووی توانستی هێڵكاری ئەناتۆمیەوە، هەرچەندە جۆرێك لە ئیختیزالی تیا بەدی دەكرێت، لێرەشەوە ژێدەری كارە هونەرییەكە فرە چەشنە و لە ئەزموونی دیراسی و فیكری هونەرمەندەوە سەرچاوەی گرتووە، كە چۆن بتوانێت لە فۆڕمێكی سیرامیكیدا ئەم هاوشێوەییە بەرجەستە بكات بە ئاوایەكی دی بینگە هونەرییەكە، زیاتر لە واتایەكی لەخۆ گرتووە، كە ڕەنگە چەمكی ژن بێت بە شێوەیەكی هەرەمەكی، یان دەرخستنی توانستی هونەری و ئیستاتیكی بێت لە میانی جەستەی ژنەوە.

## ڕێباز و ستایل:

لە ڕێبازی كاركردندا هونەرمەند (بوكەڵەی فوخاری) كە شێوەیەكی تەعبیری هەیە بۆ گێڕانەوەی ڕاستیەكانی ژن وەك مرۆڤێك لە دیدگای كۆمەڵگاوە، ساناكردنەوەی فۆڕمەكە بە جۆرێكە بە ڕوونی گوزارشت لە بابەتی بەرهەمەكە دەكات، بە هۆی ئەو شێوەیەی، كە بەرجەستەی كردووە، هەروەها سیستمی پێكهێنان و پەیوەندیی جووڵە لە بەرهەمەكەدا بووە بە بەشێك لە پێكهێنانی ڕێبازەكە و جێبەجێكردنی لە وەدیهاتووەكەدا.

**نموونەی ( ٧ )**



**هونەرمەند : نەعیمە محەمەد عەبدوڵا**

**ناوی کارەکە : وێنە ژن**

**پێوانە :( ٣٠×١٥×٥ ) سانتیمەتر**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠٠٥**

**خاوەندارێتی : کۆلێکشنی هونەرمەند**

## چاوپیاخشاندن:

فۆڕمەکە پێکهاتووە لە شێوەی جەستەی ژنێك، لەسەر بنکەیەکی کەوانەیی تەختە جێگیر کراوە و بەشێکی جیاواز لە فۆڕمی دروستکراو خراوەتەڕوو بووە بە بەشێك لە کارەکە و تەواوکەری، بەجۆرێك داڕێژراوە کە بەشی خوارەوەی گەورە و وردە وردە بەرەو باریکی و تەسك بوونەوە دەڕوات، ئینجا لە کۆتایی بەشی سەرەوەی کارەکە کرانەوەیەکی کەم هەیە و بەرەو داخران، هەڵئاوسانێکی کەم لە بەشی پشتەوەی کارەکە بەدی دەکرێت، لەسەر ئاستی ستوونی وەستاوە و چەند هێڵێکی ڕاست و چەماوە لە پێکهاتەی کارەکەدا بوونی هەیە.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

بەرجەستەکردنی فۆڕمە هونەرییەکە لە ڕووی کۆمپۆزیشنەوە خۆی لە بارستەیەکی ستوونی هاوشێوەی پیتی (J) ئینگلیزیدا دەمێنێتەوە، کە جۆرێك جووڵەی لە خۆگرتووە لە خوارەوە بەرەو سەرەوە کە بە دوو پەلی کورتی کۆتایهاتووە بە تێکسچەر و ڕەنگی بەکاربراویش جووڵەکەی زیاتر بەتاو کردووە، بە گشتی بەرهەمەکە سەرنجی بینەر کۆدەکاتەوە بە هۆی پێکهاتەی بەش و جووڵە و تێکسچەر و ڕەنگی بەرهەمەکە.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

شێوازی تەکنیکی کارکردن لەم بەرهەمەدا سەرەتا بە ڕێگای بینا بە شێوەی پەیکەری داڕێژراوە، دواتر قاڵبی بۆ کراوە و پاشان قاڵبەکە (صب) کراوە، ئینجا بە شێوەی قاڵب بۆ کۆتا جار بەرجەستەکراوە، لە قوڕێکی پلە گەرما بەرز بەرهەم هێنراوە، بە قەبارەیەکی مام ناوەند بەرزی کارەکە (٣٠) سانتیمەترە، پاشان قوناغی وشکبوونەوە و سووتاندن و ئینجا بە گیراوەی شووشە ڕووپۆش کراوە، ڕەنگی سوور و پرتەقاڵی لەسەر ئەساسێکی سپی، بۆتە هۆی تێکەڵاویەکی ڕەنگی لە پلەی گەرمای (١٠٥٠) پلەی سەدی پێگەشتووە، کە بەهای ڕەنگی شووشەکە لای هونەرمەند بە مانای دەربڕینخوازی بۆ گەیاندنی بیرۆکەی کارەکە خستۆتە ڕوو، هەروەها هەندێك ناوچەی تری بە هۆی تەکنیکی شووشەکەوە خاڵ خاڵی ورد و هەندێك ناوچەی شووشەکە بە شێوەی چۆڕانەوە دەبینرێت.

## ژێدەر و واتا:

باگراوندی چاوەکی هونەرمەند و بینگەی فۆڕمەلەکردنەکە بە ئاڕاستەیەکە، فۆڕمەکە تاڕادەیەکی زۆر ئیختیزالکراوە بەمەبەستی گەیشتن بەوپەڕی ڕەهایی لە واتای ژندا، بۆ ئەمەش هونەرمەند هاوشێوەیبوونەکە دەباتە ئاستێکی ئیستاتیکی نزیك لە فەلسەفەی ئەبستراکت ئێکسپرێشینیزم، بە جۆرێك خۆ دەپارێزێت لە گشت وردەکاری و پەیوەستبوونێکی واقیعیانە، کە ڕەنگە زیاتر سوودمەند

بووبێت لە ئەزموونی ئەکادیمی خۆی لە ڕووی ژێدەر و سەرچاوەی سروش وەرگرتنەکە. کە تاڕادەیەك کارەکانی (کۆستانتین برانکۆزی) دێنێتەوە یادەوەری بینەر، کە لە گەلێك ژێدەرەوە کارەکانی ئەفراندووە، شێوازی دەربڕین و تەکنیکی خستنەڕووی کارەکە تا ڕادەیەکی زۆر نزیك دەبێتەوە لە فۆڕمی باڵندەیەك لە کاتی فڕیندا، یان فۆڕمێکی هەڵچوو لە نێو سروشتی دەوروبەردا، کە بۆتە کانگایەکی دەوڵەمەند بۆ هونەرمەند تاکو چەمکی هاوشێوەبوونی جەستەی ژن و فۆڕمە هونەریەکەی پێ بەرجەستە بکات.

## ڕێبازو ستایل:

ئەو ڕێبازەی  کە بۆتە بنەمای کارکردنی هونەرمەند لە بەرجەستەکردنی کارەکەیدا  بریتین لە ڕێبازی (ئەبستراکت)، فۆڕمەکە ڕووتەڵ کراوە لە سەرجەم بەشەکانی، کە لە واقیعدا لە جەستەی ژنێکدا بوونی هەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستایلەی کە هونەرمەند بەرهەمە هونەرییەکانی خۆی لەسەر بنیات دەنێت.

**نموونەی ( ٨ )**



**هونەرمەند : نزار محمود عوسمان**

**ناوی کارەکە : دایکایەتی**

**پێوانە : ( ٣٠ × ١١ ) سانتیمەتر**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠٠٦**

**خاوەندارێتی : کەرتی تایبەت**

## چاو پیاخشاندن:

ئەم پێکهاتەیە هاوشێوەیە لەگەڵ جەستەی ژن، کە بە شێوەی نیمچە ئەندازەیی دروست کراوە لەسەر باری ستوونی، لە سەر بنکەیەکی شێوە لاکێشەیی جێگیر کراوە، جەستەی ژنەکە بە شێوەیەکی ستوونی لە بەشی خوارەوە بەرەو هەڵکشان، لە بەشی نێوەند و چەقی کارەکەدا هەڵئاوساندنێك دەبینرێت، پاشان کرانەوەی لە پەلەکانی سەرەوەیدا، کۆتای کارەکە شێوەیەکی بازنەیی ناو بۆش کۆتایی دێت، شێوەی چەند بازنەیەکی ناوپڕو ناو بۆش و نیوە بازنەیەکیش بەدی دەکرێت، هەروەها لە ئەنجامی پێکهاتەی گشتی کارەکە کۆمەڵێك ناوچەی پڕو بۆشایی ناوەکی دروست بووە، ئەمەش پەیوەندیی بەو ڕێگایەوە هەیە کە هونەرمەند بۆ بنیات نانی کارەکەی هەڵیبژاردووە.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

کۆمپۆزشنی ئەم کارە لەسەر پێکهاتەیەکی ستوونی و جووڵە و هێڵی چەماوە و چەند شێوەیەکی ئەندازەیی یەکەیەکی سێ ڕەهەندیان پێك هێناوە یەك پارچە دەردەکەوێت، کە زیاتر کۆمپۆزیشنەکەلە پیتی (y)ی ئینگلیزی دەچێت، یەکەی پێکهاتوو لە ئاکامی ئەو پەیوەندیی یەی نێوان سەرجەم یەکەکاندا هەیە دروست بووە، سەرباری ئەوەی کە توخمی بۆشایی یەکێکە لە ڕەگەزە کاریگەریەکانی پێکهێنانی جەستەی ژنەکە، بوونی بۆشایی لە نێو ناوەوەی جەستەکەدا کە دابەشبوونێکی دروستکردووە لە ناوەڕۆکی فۆرمەکەدا کە دەبێتە جووڵەیەکی هاوسەنگ لە جەستەکەدا، هەروەها هیچ ڕوویەکی زبری تێدا نییە کە ببێتە هۆی سەرنج ڕاکێشان ڕوویەکی ساف و نەرم نیشان دەدات.

## تەکنیکی خستنەڕوو

ڕێبازی کارکردنی فۆرمی بەدیهاتوو لە ڕووی تەکنیکەوە بە ڕێگای فەرش (Silbe) کارکراوە، لە قورێکی پلە گەرما نزمدا (٩٠٠_١٠٠٠) پلەی سەدی و بە بەرزی (٣٠) سانتیمەتر و شووشەیەکی نیمچە ڕوون بە ڕەنگی هەنگوینی بە یەك تۆن ڕووپۆشکراوە، هیچ جیاوازیەك لە نێو ڕووکاری کارەکەدا نابینرێت بە شێوەیەکی هارمۆنی بەکار هاتووە، ساوێکی ساف و بریقەداری هەیە بەهۆی تەکنیکی شووشەکەوە کە بە کارەکەی داوێتی.

## ژێدەر و واتا:


پەیوەندیی بەشەکانی فیگەری جەستەی ژنەکە لەسەر پرەنسیپی ئەندازەیی فۆرمەڵە کراوە، بەجۆرێك سەرجەم توخمەکان کەوتوونەتە نێو تۆڕێکی ئاوێزان بەیەکدی، کە ئاماژەن بۆ هەندێك لە جەستەی ژنەکە هێڵکاری گشتی کارە هونەرییەکە ژێدەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بینگەیەکی هونەری

ئەفرێندراو، کە ڕەگەز و شتەکانی نێو واقیع هەڵدەوەشێنێتەوە و جارێکی دیکە لە دیزاینێکی دیکەدا لەسەر پەیوەندییەکی نامۆ و ناباو تەعبیریان لێدەکات، بەمجۆرە ژێدەری کارە هونەرییەکە وابەستەی خەیاڵدانێکی نزیك لە بینگەی تەکعیبیەکان کە فۆڕمی واقع دەگۆڕنە سەر پەیوەندیەکی ئەندازەیی، ئیدی بە هیچ جۆرێك هەوڵی کۆپیکردنەوەی کت و متی فۆڕمەکان وەکو خۆیان نادەنەوە، بەڵکو لە ژێر هەژموونی فیکری و ئیستاتیکی سایکۆیی هونەرمەنددا، فۆڕمێکی نویَ بۆ ناوەڕۆك و چەمکی دایك دادەڕێژێت. کە بارگاوی بە فرە واتایی و فرە ڕەهەندی، هونەرمەند هەوڵ نادات وێنەی جەستەی ژن بکات بەڵکو خوازیارە گەوهەری شتەکان بەدەربخات، واتە هەوڵی بەدەرخستنی واتای دایك دەدات لە بەرگێکی نوێدا، بە ئاوایەکی دیکە لە پەیوەندییەکی ئەندازەیی ناباودا هاوشێوەیی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی داهێنراوی سیرامیکی دەدات.

## ڕێبازو ستایل:

ڕێبازی پێکهێنەری نێو کارە هونەرییەکە بەو پێیەی هونەرمەند ویستویەتی ئەوەی لە هزر و ناخیدایە بیگەیەنێت بە بینەر لە ڕێگەی فۆڕمێکی پەتی کراوەوە، دەتوانین ڕێبازی کارەکە بگەڕێنینەوە بۆ ڕێبازی (کیوبیزم، تەکعیبی) کە گوزارشت لە جەستەی ژنێك دەکات لە ڕێگەی ئەو هێما و ئاماژەیانەی کە لە بەرهەمەکە بەرجەستە کراوە.

**نموونەی ( ٩ )**



**هونەرمەند : نزار مەحمود عوسمان**

**ناوی کارەکە : ئافرەت و سێدارە**

**پێوانە :( ٣٠×١٠ ) سانتیمەتر**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠٠٦**

**خاوەندارێتی : کۆلێکشنی هونەرمەند**

## چاوپیاخشاندن:

بونیادی پێکهێنانی کارە سیرامیکیەکە لەسەر بنەمایەکی ئەندازەیی دامەزراوە. لە میانی بەکاربردنی سێ فۆرمی ئەندازەیی بە جۆرێك فۆرمێکی ستوونی تێکەڵکێشی فۆرمێکی کەوانەیی بووە، کە فۆرمێکی گۆیی هاوشێوەیی (تۆپی) پیاشۆربوتەوە. هەرهەمووشیان لەسەر بنکەیەکی چوارگۆشەیی چەسپکراوە، سەرباری ئەوەی ڕەنگی شینی پیرۆزەیی هەژموونی کردووە بەسەر کارە هونەریەکەدا.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

لە ڕووی دارشتنی کارەکەوە و چۆنیەتی شێوازی دارشتەی کارکردن لای هونەرمەند بە پێی بنەمایەکی ئەندازەیی کاری تێدا کراوە، بە جۆرێك کە بیناکردنی کارەکە لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراودایە، بریتییە لە دوو پارچەی لاکێشەیی بەیەکداچوون، لەگەڵ بوونی جووڵەیەکی چەماوە کە هەردوو پارچە لاکێشەکەی فۆرمەلەیەکی بابەتیانەی دروستکردووە، هاوکات بوونی گۆیەکی هەڵواسراو، کە یاریدەدەرێکی سەرەکییە بۆ هاوسەنگ بوونی فۆرمەکە، لە گەشەپێدانی جووڵەیەکی بەردەوام لە پیشاندانی کۆنسێپتی کارە هونەریەکەدا جیاواز لە خامەی بەکارهاتوو وەك ماتریاڵێکی زیندو بوونی دەبێت لە کارەکەدا، بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتووە لە جووڵەیەکی شاقوولی و جوڵەیەکی کەوانەیی.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

تەکنیکی کارکردن لای هونەرمەند بە شێوازی فەرشکردن (slabe) لە قورێکی زەمینی پلە گەرما نزم (Earthe ware) لە نێوان (٩٠٠_١٠٠٠) پلەی سەدی و لە قەبارەی (٣٠) سانتیمەتر دا بەرجەستەکراوە، شووشەی بەکارهاتوو لە ڕووپۆشکردنی کارەکەدا بریتییە لە شووشەی (Alkaline) ئەلکەلاین لە جۆری ڕەنگی پیرۆزەیی بە یەکێك لە ڕەنگە پیرۆز و کەلەپوریەکان لە ڕووی دەربرین و بەها ڕەنگیەکان لە هونەری سیرامیکدا هەژماردەکرێت. بەکارهێنانی بەشێکی تەواوکەر بۆ پێدانی هاوسەنگی و جووڵەی بەردەوام لەگەڵ هەموو جووڵانەوەیەك، فۆرمەلەیی لە کارەکەدا بە خامەی (بۆرەك) جیاواز لە خامەیی بەکارهاتوو لە ڕووی تەکنیکی جێبەجێکردنەوە لەلای هونەرمەند ئامانجی لە تێکەڵاوکردنی خامەی جۆراوجۆر بۆ گەیاندنی بیرۆکەی کارەکە.

## ژێدەر و واتا:

هونەرمەند لەپێناو گەیشتن بە هاوشێوەیی بوونێکی ناباو و نەبیراو لە میانی ئاراستەکردنی بیرۆکەکەیدا دەربارەی چەمکی ژن و واتای ژن پەنا دەباتە بەر لێك هەڵوەشاندنەوەی جەستەی واقیعی ژن و لەوێشەوە لە فۆرمەلەکردنێکی جیاوازدا توخم و بەشەکانی جەستەی ژن هاوشێوەیی کیوبیزم ئەبستراکت دەگۆڕێت بۆ ڕەگەزی ئەندازەیی و پەیوەند ماتماتیکی، کە زیاتر پەیوەستە بە چەمکی

هاوسەنگی و ڕیتمی نێوان قەبارە و جووڵە و شێوە و ڕەنگی کارەکەوە. بەمەش هاوشێوەیبوونی نێوان جەستەی ژن و کارە هونەریەکە واتایەکی ئەندازەیی و ئیستاتیکی دەبەخشێت و بارگاویە بە واتایی تەجرید و نزیکبوونەوە لە گەوهەری جەستەی ژن لە میانی بە گەڕخستنی کەمترین شێوە و بارستایی.

## ڕێباز و ستایل:

ئەو شێوازەی کە هونەرمەند هەوڵی داوە بۆ بیناکردن و دەربڕینی شێوەی کارە هونەرییەکەی بریتییە لە تایبەتمەندیەکانی شێوازی کارکردنی ڕێبازی ئەبستراکت لە هونەری سیرامیکدا، لە ڕێی شێوازی بیناکردن و ئەو داماڵینانەی لە شێوە ئەندازەییەکاندا لە گۆڕینی دیدگای هونەرمەند بۆ یەکەیەکی ڕێکخراو و ئیستاتیکی و فیکری. لە هەمان کاتدا هونەرمەند لە ڕێگای ئیختیزالکردنێکی تەواو و سادەکردنەوەی فۆڕم توانیویەتی بەهایی جوانی لە ڕووی شێوەی ژن لە کۆمەڵگا بگەیەنێتە ئەنجام، بوونی ڕووپۆشێکی کلتوری و مێژوویی لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیادا، کە بە زۆری لای هونەرمەندە میللیەکان بەدی دەکرێت و بەستنەوەی بە ستایلێکی کەلتوری لە ڕووی دەربڕینی بابەتی کارەکە.

**نموونەی ( ١٠ )**



**هونەرمەند : خەسرەو عەبدول قەهار حسێن**

**ناوی کارەکە : هاواری ئافرەتێك**

**پێوانە : ( ٨٥×٣٠ ) سانتیمەتر**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠٠٩**

**خاوەندارێتی : کۆلێکشنی هونەرمەند**

## چاوپیاخشاندن:

بەرهەمەکە پێکهاتووە لە شێوەی جەستەی ئیختیزالکراوی ژنێك، کە لە سەر سیستمێکی هەڕەمی درێژکۆلە داڕێژراوە، کە بەشی خوارەوەی پانترە لە بەشی سەرەوەی، هەروەها بەشی سەرەوەی بەرهەمەکە بەرەو بچووکبوونەوە وباریکی چووە، کە بە شێوەیەکی کەوانەیی بەرەو سەرەوە هەڵکشاوە، بەڵام لە ناوەڕاستی بەرهەمەکەدا و شێوەیەکی سنگی ژن هەیە کە بە ڕەنگی سوور تا کۆتایی شێوەکە بەرەو سەرەوە، ڕەنگ کراوە، ڕووکارەکەی تریشی بە ڕەنگی شین، هەروەها هێڵێکی چاڵی کەوانەیی لە سەرەتایی شێوەکەوە تا نزیك بنکەی شێوەکە درێژ بۆتەوە.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

لە ڕووی سیستمی گشتی کۆمپۆزشنی بەرهەمەکەوە سیستمێکی هەڕەمی شێوە لاکێشەیی هەیە، بە بەکارهێنانی هەردوو ڕەنگی سوور و شین، ڕەنگە سوورەکە بۆتە خاڵێکی گرنگی سەرنجدان و دەربڕین لە مێینەی ژن ، هەروەها فۆڕم ڕەگەزێکی سەرەکی داڕشتن ڕۆڵی بەرچاوی بۆ دەربڕین لە چەمکی جەستەی ژن هەیە، جوڵەش لە کارەکەدا لایەنێکی تری پێکهاتەی بەرهەمەکەیە، کە ڕۆڵی خۆی بینیوە لە پێدانی ڕیتمێکی گونجاو لەگەڵ پێوانەی بەرهەمەکەیدا.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

شێوازی خستنەڕووی کارە هونەریەکە بە شێوازی بیناکردنە لە سەر تەکنیکێکی بە قوڕی (Earthe were) ئەنجام دراوە، لە پلەی گەرمای نزم لە نێوان (٩٠٠_١٠٠٠) پلەی سەدی بە پێوانەی تا ڕادەیەك گەورە، کە (٨٥) سانتیمەترە، شێوازی زیادکردن لەسەر ڕووخساری جەستەی فۆڕمەکە زیادکراوە لە پێناو بەدیهێنان و خستنەڕووی بەشەکانی جەستەی ژن وەك زیادەیەك لەسەر ڕووی کارەکە تا دەربڕینی زیاتر نیشان بدات، جۆری شووشەی بەکارهاتوو ئامادەکراوە (Frit) لە پێکهاتەی پلەی گەرمای نزم لە ڕەنگی سوور و شین و پیرۆزەیی و ڕەساسی لەسەر سپی وەك باکگراوند بۆ دەرخستنی ڕەنگەکان بە شێوەیەکی گەشاوە.

## ژێدەر و واتا:


بونیاد و باری ستوونی و جووڵە و ڕیتمی کارە هونەرییەکە یەکانگیرە لەگەڵ بینگەی هونەرمەند بۆ تەعبیرکردن لە ناوەڕۆکێکی دیاریکراو لە میانی جەستەی ژنەوە، ناوەڕۆکێك کە ڕەنگە فرە واتایی لە خۆگرتبێت لە تێڕوانینماندا هاوشێوەییەك لە نێوان فۆڕمە هونەرییەکە و جەستەی ژندا بەدیدەکەین، بەڵام ئەم هاوشێوەیبوونە گرێدراوی ژێدەرێکی دیاریکراو نییە، هەندێکجار نزیکە لە فۆڕمی باڵندەیەك، یان گیانلەبەرێك، یان فۆڕمێکی نێو سروشت، کە لە ژێر هەژموونی پرۆسەی ئیختیزال کردندا

گۆڕاوە بە فۆڕمێکی هونەری هاوشێوەی جەستەی ژن بە تەکنیکێکی وەها، کە زیاتر هەڵگری لایەنی ئیستاتیکی هاوتەریبە بە بینگەی هونەری هونەرمەند و باری سایکۆیی ئەو دەربارەی ناوەڕۆکێکی تایبەت بە مەبەستی دەربڕین لە چەمکێکی وەکو هاوار هەوڵ دەدات، فۆڕمێکی وەها بەرجەستە بکات، کە دوور بێت لە کۆپیکردنەوەی کت و متی واقیع، کە لە ڕاستیشدا تەکنیکە بەکاربراوەکە ئەوەی خواستووە لە هونەرمەند، دەرەنجام هاوشێوەییوونەکە واتایەکی ئیستاتیکی لەخۆ گرتووە.

## ڕێباز و ستایل:

لە پێناو گەیاندنی بیرۆکەی کارەکەی هونەرمەند توانیویەتی کەم کردنەوە و داماڵین لە فۆڕمی جەستە سیرامیکییەکەدا بکات، لە هەمان کاتدا شێوەی بەشێك لە جەستەی ژن کە سنگیەتی ئاوێتەی کردووە بە شێوە سیرامیکەکەوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە کارەکە دەچێتە چوارچێوەی ڕێبازی دەربڕینخوازییەوە، کە هونەرمەند ویستویەتی گوزارشت لەو مەبەستەی بکات، کە لە ناخیدایە ئەویش لە ڕێگەی ئەو فۆڕمە تەجرید کراوە و زیاد کردنی بەشێکی واقیع بۆ سەر جەستە سیرامیکەکە.

## نموونەی ( ١١ )



**هونەرمەند : ڕێبوار سەعید**

**ناوی کارەکە : یادەوەری**

**پێوانە :( ٥×١٠ ) سانتیمەتر**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠١١**

**خاوەندارێتی : کۆلێکشنی هونەرمەند**

## چاوپیاخشاندن:

کارە هونەرییەکە لە چەندین فۆڕمەڵەکراوی هاوشێوەیی قوچەك و بە یەك قەبارە ڕیزبەند کراون، کە ژمارەیان (٣٦٥) دانەیە، بە جۆرێك سەرجەمیان لەسەر چەندین خولگەی بازنەیی دانراون و فۆڕمێکی قوچەکی گەورەتریان کردۆتە (سەنتەری) وەدیهاتووە هونەرییەکە، سەرباری بەخشینی جووڵەیەکی بازنەیی لە دەرەوە بەرەو سەنتەر پەخش دەکاتەوە. لە کاتێکدا ئەم فۆڕمانە دەچنە نێو بۆتەی پەیکەری گڵجۆشکارییەوە.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

لە ڕووی داڕشتنەوە بریتییە لە کۆمەڵێك شێوەی قوچەکی (سیرامیك) لە ڕووی قەبارەوە یەکسان و هاوشێوەن بە کۆنسێپت و ئایدیایەکی جیاواز لە پیشاندان، خستنەڕووی کارەکە بە شێوازێکی بازنەیی و حەلەزۆنی لە فۆڕمێکی سەرەکی وەك خاڵی سەرنج لە کارە هونەریەکەدا ئەو فۆڕمە سیرامیکیەیە کە بە قەبارەیەکی گەورە و لە چەقدا دانراوە، لە ڕووکاری هەریەکە لەو شێوە سیرامیکیە قوچەکیانە بە شێوەی هێڵ هەڵکۆڵراوە شێوەی جەستەی مرۆڤ و بیرەوەرییەکانی لە سەر نەخشێنراوە و لە هەریەکەیان بەرجەستەکراوە.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

لە سەر شێوازی تەکنیکی کارکردنی ڕێگاکانی ئەنجامدان لە هونەری سیرامیکدا وەك میکانزمی بەرهەم هێنانی بە ویلی کارەبا بە شێوازی میکانیکی لە قورێکی پلە گەرمای نزم بە پێوانەی تا ڕادەیەك نزیك لەیەکتر لە جۆری گڵی سوور، کە لە کوردستان بوونی هەیە، هونەرمەند پەیوەست نەبووە بە بەکارهێنانی هیچ جۆرە شووشەیەك بۆ ڕازاندنەوە، ڕەنگی گڵە سوورەکە بۆتە بەشێکی تەواوکەر لە ئامانجی بیرۆکەی هونەرمەند بۆ دەربڕینی یادەوەریەکانی بە کۆمەڵ وەك پرۆژەیەکی هونەری نوێ خوازی پاش مۆدێرن لە هونەری هاوچەرخدا.

## ژێدەر و واتا:

بەجەستە بوونی چەمکی هاوشێوەیی لە نێوان جەستەی ژن و فۆڕمە سیرامیکەکان دوورن لە واقعەوە، هاوشێوەیی بوونێکی ئیختیزالکراو لە فۆڕمە سیرامیکەکاندا بەدیدەکرێت، کە بە شێوەی قوچەك داڕێژراوە و شێوەی مزراح کە یارییەکی میللی کوردەوارییە، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هزری هونەرمەند و پەیوەندیی بەو چەمکەوە هەیە، کە هونەرمەند هەڵیبژاردووە بۆ ناونانی بەرهەمەکەی، ژمارەی ئەو مزراحانە کە (٣٦٥) مزراحە هاوشێوە بە ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵێکە و هەر یەکەیان بە شێوەی هێڵ فۆڕمی بەشەکانی جەستەی لەسەر دروست کراوە، کە ئاماژەن بۆ ئەو یادەوەریانەی لە هەر

ڕۆژێكدا لای هونەرمەند ڕوویان داوە، فۆڕمە گەورەكەش هاوشێوە بە جەستەی دایكێك بەو پێوانەیە بەرجەستە كراوە و بیرەوەریەكانی ئەو مزاحانەی لە دەوری خۆی بە شێوەی بازنەیی كۆكردۆتەوە، كە وای لە بینەر كردووە هەست بە ماندوبوون نەكات بەڵكو بە پێچەوانەوە سەرنج ڕاكێش و چاوی بینەر كۆدەكاتەوە، لە میانی ئەو بابەتەی هونەرمەند لە ڕێگەی كارەكەیەوە خستوویەتیە ڕوو، بۆمان دەردەكەوێت كە ژێدەرەكە پەیوەستە بە فۆڕمە میللیەكانی نێو ژینگەی كوردەواری و ئەو سروشتەی هونەرمەند توانیویەتی بیرۆكەی جێبەجێكردنی كارەكەی تیا ئەنجام بدات، كاردانەوەی هەبووە و بووە بە بنەمای بەرجەستەكردنی بەرهەمەكەی، بە جۆرێك كارە هونەرییەكە فرە واتایی لە خۆ گرتووە و بینەر دەخاتە ئاسۆیەكی كراوە لە كاتی ڕاڤەكردندا یەكێك لەوانە سوڕانەوە و بەردەوامی ژیانە وەك چەمكێكی فەلسەفی.

## ڕێباز و ستایل:

ئەو ڕێبازەی ئەم كارەی پێ ئەنجام دراوە دەچێتە چوارچێوەی ڕێبازی (كۆنسێپت ئارت) وە، دەربڕینی بیرۆكە لە ڕێگای فۆڕمەلەكردن و بەرجەستەكردنی فۆڕمە سیرامیكەكان بۆ گەیشتن بە تایبەتمەندییەكی زۆر جیاواز لە بواری هونەری سیرامیكدا لە ئێستادا وەك ڕێبازێكی هونەری بۆ دەربڕین لە ڕای هونەرمەند پەیڕەو دەكرێت، بە واتایەكی تر بوونی پەیوەندیی مەعریفی و دەوڵەمەندی هزری هونەری لای هونەرمەند (ڕێبوار سەعید) لە بەكاربردنی شێوازی هونەری جیاوازدا لە جێبەجێكاری كارە هونەرییەكانیدا وەك دیزاینەرێك و سیرامیكیەك ئەم بووە بە بەشێكی گرنگ لە دەربڕینەكانی لە نێوان دوو خامەی جیاوازدا، بە تایبەت لە بەكارهێنانی خامە و ماتریاڵێكی بەهێز و نەرم لە چۆنێتی بەكاربردنی فۆڕمێكی سیرامیكی شێوە تەقلیدیدا. بۆ كارێكی مۆدێرن لە هونەری سیرامیكی هاوچەرخ بە كۆنسێپتی جیاواز لە پیشاندانداا.

**نموونەی ( ١٢ )**



**هونەرمەند : ڕێبوار سەعید**

**ناوی کارەکە : قوربانی**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠١٢**

**پێوانە : ( ١٣×٤٥ ) سانتیمەتر**

**خاوەندارێتی : کۆلێکشنی هونەرمەند**

## چاوپیاخشاندن:

لە چاوپیاخشاندنێك بەم کارە هونەریەدا دەبینین کە پێکهاتووە لە (٩) پارچەی سیرامیکی لە شێوەی گڵێنە دا بەرجەستە کراون، هەریەکێکیان شێوەیەکی درێژکۆڵە و باریك دەنوێنن، کە هاوشێوە کراون بە لەش و لاری ژن، لە بەشی سەرەوەیدا چاڵێك بەدی دەکرێت، پاشان ملی باریك و بەرز هاوشێوە بە بەرزی گەردن و ملی ژنێك، لێواری دەمی گۆزەکان پێکەوە نووساوە لە هەمان کاتدا لەسەر هەر یەکێکیان شێوەی دەم و چاوێکی (ڕووخسارێکی) غەمگین ئاوێتەی شێوە سیرامیکیەکە کردووە، هێڵێك بەناوەڕاستی ڕووخسارەکاندا شۆڕبۆتەوە هەتا ئاستی ملیان بە جۆرێکە بوون بە دووبەشی یەکسان و هاوشێوەوە، سەرجەم ڕووخسارەکان بە گشتی هەمان گوزارشتیان هەیە و ڕوویان بە ئاڕاستەی سەرەوەیە و جەستەکان پشتیان ناوە بەیەکەوە.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

لە ڕووی پێکهاتەی داڕشتەی کارەکە هەریەکە لە جەستەکان خۆی لە خۆیدا پێکهاتەیەکی سەربەخۆی هەیە لە ڕووی هێڵ و هاوسەنگی و تێکسچەر و سەرجەم یەکەکانی داڕشتنەوە، لە هەمان کاتیشتدا هەر (٩) جەستە سیرامیکەکان کارێکی هونەری ڕێکخراویان بەرجەستە کردووە، ئەو بیرۆکەیەی هونەرمەند ویستویەتی لەم بەرهەمەدا بیخاتە ڕوو بەشێوەی پرۆژەیەکی هونەرییە و هەریەکە لەو جەستانە تەواوکەری ئەوی ترە، سەرجەمیان پێکەوە داڕشتەیەکی سیرامیکی هاوشێوە و هاوبەشیان پێك هێناوە، خاڵی سەرنج لەم بەرهەمەدا، ڕووخسار و جەستەی ژن لە هاوشێوەییدا دەخاتە ڕوو لەگەڵ بوونی جووڵەی جیاواز لە دەربڕینی کارەکتەرەکاندا وەك جەستەی ژن و بوونیاتی فۆرمی سیرامیکی لە کارەکانی هونەرمەندا، جووڵەی سەرنج ڕاکێش لە فۆڕمەکاندا، بەشی سەرەوەی کارەکان وەك ملی گۆزەیەك ئاوێتە بۆتە ڕوخساری دەم و چاوی کارەکتەرەکان کە هەریەکەیەکەیان بۆ خۆی سەربەخۆیی خۆی هەیە لە دەربڕین و داڕشتەبوونیدا، جەستەکان بە شێوەی سروشتی گڵەکە خراونەتەڕوو بە مەبەست بۆ گەیاندنی بیرۆکەی هونەرمەند.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

لە ڕووی شێوازی کارکردنی ئەم پرۆژە هونەرییە، کە لەسەر جەستەیە، هەریەکەیان بە ڕێگەی ویل ئەنجام دراوە بە قورێکی پلە گەرما نزم (Earthe ware) لە جۆری گلی سوور تایبەت بە ناوچەکانی کوردستان، کە قەبارەی هەریەکە لەو فۆرمانەی هاوشێوە کراوە بە جەستەی ژن لە نێوان (١٣×٤٥) سانتیمەتردایە، شێوەیەکی سانای هەیە هیچ زیادکردنێك بۆ سەر جەستەکان نەکراوە، تەنها لە ڕووی تێکشانەوە لە بەشی سەرەوەی فۆڕمە سیرامیکیەکە توانیویەتی ئەم مەبەستە بگەیەنێت، کە خودی هونەرمەند ویستویەتی، لەڕووی تەکنیکی کارەکە تەنها (گڵجۆشی) بۆتە ئەنجامی خستنەڕوو بۆ

گەیشتن بە بیرۆکەی نزیك بوونەوە لە ڕەنگی جەستەی ژن، نەرمی خامەی گڵ وەك ماتریاڵێکی سروشتی پێکهاتەی لە کاری سیرامیکدا، بوونی ئەکسیدە ڕەنگیەکان لە نێو ڕەگەزە سەرەکیەکانی گڵی کوردستان، ئۆکسیدی ئاسنی سوورە کە تایبەتمەندی سروشتی ڕەنگی جەستە دەبەخشێت پاش سووربوونەوە بوونە گڵجۆشی لە پلەی گەرمادا.


## ژێدەر و واتا:

بەرجەستەکردنی چەمکی هاوشێوەیی نێوان فۆرمە سیرامیکەکان و جەستەی ژن بە شێوەی تەعبیری لە نێو کارەکە دا دەبینرێت، بینگەی هونەری لای هونەرمەند پەیوەستە بە باگراوندێکی هونەری کە لە بیرۆکەیدایە توانویەتی بەو شێوە گوزارشتی لێ بکات، ژێدەری کارەکە ژێدەرێکی هزری و مرۆییە و بۆتە بنەما بۆ کارە هونەرییەکانی هونەرمەند، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی هونەری، کە هونەرمەند کاری لەسەر دەکات و بیرۆکەی هاوشێوەبوونەکەی کە لە بەرهەمەکەیدا بەرجەستەی کردووە، بوونی (٩) پارچەی سیرامیکی کە لە شێوە و قەبارە دا نزیکن لە یەکترییەوە و تەنانەت لە شێوە و ڕووخساری ئەو دەم و چاوانەی بۆیان نەخشێنراوە دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەری یەکانی لە هزری هونەرمەندا ڕەنگ دانەوەیان هەیە و بە شێوەی پرۆژەیەکی هونەری هاوشێوە بە جەستەی ژن خراونەتەڕوو، هەروەها لە تێڕوانیندا بۆ فیگەری جەستەکان و چۆنیەتی نمایش کردنیان هەڵگری بارگەیەکی تەعبیری پڕ لە واتای مرۆیی و هەستی ئاوێزان بۆ تۆناتی سایکۆیی (دەروونی) هونەرمەند بەرامبەر چەمکی هاوشێوەیبوون لە نێوان فۆرمی سیرامیك و جەستەی ژن دا پەخشدەکاتەوە، بە جۆرێك نیوە جەستەکان لە تێرامانێکی ئاسمانی و ئاسۆیەکی نادیاردا پرسیارگەلێکی وەها دەخولقێنێت، کە ئاماژەی خودی و بابەتی لەخۆ گرتووە.

## ڕێباز و ستایل:

کارە هونەرییەکە لە بینگەیەکی (تەعبیریەت) دەربڕینخوازی بەرجەستە کراوە، شێوەی دەم و چاوەکانی کە لە فۆڕمەکاندایە ئەوەمان نیشان دەدەن، کە دوورە لە گشت وردەکاریەك و پەیوەستیەکی کە لە واقیع نزیکی بکاتەوە، شێوازی دەربڕین ستایلی خستنەڕووی ئەم بەرهەمە نزیکە لە بەرهەمی تەعبیریەکانەوە، توانیویەتی هاوشێوەیبوونی فۆڕمە سیرامیکەکان بە جەستەی ژن نیشانی بینەر بدات.

**نموونەی ( ١٣ )**



**هونەرمەند : ڕێبوار سەعید**

**ناوی کارەکە : گڵدانی ژیان**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠١٢**

**پێوانە : ( ٢١×٣٤ ) سانتیمەتر**

**خاوەندارێتی : کۆلێکشنی هونەرمەند**

## چاوپیاخشاندن:

بەرهەمێکی هونەری لە شێوەی بوکەڵەیەك، کە لە دوو پارچە شێوە نیو گۆ لەیەکچوو، هەردوو پارچەکە بەیەکەوە فۆڕمێکی (گلجۆشی) شێوەی جەستەیەك پێکدەهێنن، هاوشێوەی جەستەی ژنێك، بەشی سەرەوەی ئاماژەیە بۆ سەری مرۆڤ و هەموو هێڵکاریەکە لەسەری نەخشێنراوە بە شێوەیەکی پەتی (تەجرید) بە شێوەیەك کە هەردوو دەستی لەسەر ڕوومەتی دانابێت، بەشی خوارەوەی فۆڕمە گڵجۆشەکە جەستەی ژنێك لە کارەکەدا دەخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا هێڵە هەڵکوڵراوەکان لەسەر جەستەکە دەبنە گێڕانەوەیەکی چیرۆکەکان لە یادەوەری هونەرمەندا بۆ گەیشتن بە بیرۆکە هونەریەکەی،

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

شێوازی داڕشتنی گشتی فۆڕمە سیرامیکەکە هاوشێوەیە لەگەڵ فۆڕمی نیوە گۆیەکی بەیەکداچوو، هەریەکە لە پارچە سیرامیکانەی کە دروست کراون بە یارمەتی پارچەکەی تر کۆمپۆزشنێکی تەواو پێکدەهێنن و تەواوکەری یەکترین لە بەرجەستە کردنی ناوەڕۆکێکی تەواو لە جەستەی ژندا، بەجۆرێك نزیکە لە شێوەی ژمارە (8) ی ئینگلیزی، هاوسەنگی یەکی تەواو لە بەرهەمەکەدا بەدی دەکرێت، ئەویش لە ئەنجامی کۆکردنەوەی سەرجەم یەکەکانی داڕشتنەکە لە چوارچێوەی کارەکەدا، سیستمی ڕەنگی بەکارنەهاتووە هونەرمەند هەوڵی داوە پارێزگاری لە ڕەنگی سروشتی گڵەکە بگات بۆ گونجاندنی لەگەڵ بەرهەمەکەیدا، ئەو خاڵەی کە سەرنجی بینەر کۆدەکاتەوە لە بەرهەمەکە بریتییە لەو وێنەی دەم و چاوەی بە شێوەی هێڵ نەخشێنراوە، بە گشتی بەرهەمەکە لە هێڵی نەرم و چەماوە پێکهاتووە، بەمەش هونەری سیرامیك و نیگارکێشان ئاوێزان بە یەکتر کراوە، هونەرمەند بەتەواوەتی سوودی لە فۆڕمە مێژوویەکانی شارستانیەتە کۆنەکان وەرگرتووە هەرچەند دەقاودەق لەیەکچوونییە، بەڵکو وەك دەلالەیەکی (ڕەمزی) لە بنیاتی فکری و هەڵقولاوی مێژوویەکی دەوروبەرە، لە شارستانی میزۆپۆتامیا نزیك بوکەڵەکانی (سومر) کە هێما بوون بۆ ژن.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

لە ڕووی چۆنیەتی تەکنیك و شێوازی خستنەڕووی فۆڕمێکی شێوە هەرمێییە، لە جێبەجێکردنی کارە هونەریەکەدا دوو ڕێگای تێکەڵاو بەکارهێنراوە، بەشێکیان وەك جەستەی گۆزەیەکی بە ویل جوڵاو (کارەبا) ئەنجام دراوە بەشی سەرەوە وەك نیوە گۆیەك بە قاڵب لە قوڕێکی سوور پلە گەرما نزم لە قوڕی (Earthe ware) لە پلەی گەرمای (٩٠٠–١٠٠٠) پلەی سەدی، بە قەبارەی (٢١×٣٤) سانتیمەتر، بە هەردوو بەشەکە خراوەتەڕوو، وەك تەواوکەری پرۆژەکانی هونەرمەند ( ڕێبوار سەعید) کارە هونەریەکە لە قۆناغی گڵجۆشیدا کۆتایی هێناوە بۆ گەیاندنی بیرۆکە بە شێوەیەك بەرجەستەی

کردووە بۆتە بەشێکی تەواو لە جەستەی ژنێك، لە ڕووی تەکنیك و خامەی بەکارهاتووە کە نەرمی و سافی لەسەر ڕووی فۆڕمەکە بەدیهێناوە.

### ژێدەر و واتا:

فۆڕمەڵەکردنی کارە هونەرییەکە بە جۆرێکە، زیاتر پەیوەستە بە گرێدانەوەی هاوشێوەیی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی داهێنراو لە لایەن هونەرمەندەوە، کە ڕەنگە ژێدەری چاوەکی کارە هونەرییەکە هەڵقوڵاوی باکگراوندێکی پڕ لە ئەزموونی هونەری نێوان ژانری نیگارکێشان بێت، کە دواجار لە پێکهاتەیەکی هونەری پڕ لە بارگەی تەعبیریدا بەرجەستە کراوە، لە لایەك فورمی جەستە سیرامیکیەکە نزیك دەبێتەوە لە زۆنی کەلوپەلە میللی و شوێنەوارە دێرینەکانی تایبەت بە هونەری سیرامیکی دێرین، کە بۆ خۆی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بە تایبەتی لە وێناکردنی جەستەی ژندا، لە لایەکی دیکەشەوە هێڵکاری سەر فۆڕمە سیرامیکیەکە گرێدراوی هونەری دەوڵەمەندی هونەرمەندە، کە دواجار گەلێك واتای لە خۆ گرتووە لە نێوان چەمکی ژن و گەڕانەوە بۆ فۆڕمە سیرامیکیەکانی ڕابردووی دێرین.

### ڕێباز و ستایل:

ئەو ڕێبازەی بۆتە بنەمای کارکردن لای هونەرمەند دەچێتە چوارچێوەی ڕێبازێکی دەربڕینخوازییەوە، هەروەها ستایلی کارکردنی هونەرمەند تایبەتمەندە بە خودی خۆیەوە، کە بەو شێوە کارەکانی دەخاتە ڕوو کە بە شێوەیەکە بەرهەمەکانی هەر بە سوورکراوە دەمێنێتەوە و شێوەی دەم و چاوەکانیش هەمان ستایلە کە دووبارەیان دەکاتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکە و لایەنی دەروونی و یادەوەریەکانی کە ڕەنگدانەوەی بەرچاویان هەیە و تیکەڵ بوونێکیش لە نێوان بواری وێنەکێشان لە سەر ڕووی سیرامیکەکان دروست دەکات، ئەمە بووە بە ستایلێکی ناسراو تایبەت بە خودی هونەرمەند لە بەرجەستەکردنی کارە هونەرییەکانیدا.

## نموونەی ( ١٤ )



**هونەرمەند : سۆزە محمدساڵح مەحمود**

**ناوی کارەکە : مەریەم**

**پێوانە : ( ٨٠ × ٤٠ ) سانتیمەتر**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠١٢**

**خاوەندارێتی : کۆلێکشنی هونەرمەند**

## چاوپیاخشاندن:

ئەم بەرهەمە پێکهاتووە لە گۆزەیەك کۆمەڵێك فیگەری خراوەتە سەر، کە لە تابلۆیەکی هونەرمەندی جیهانی (ڕۆبنز) دوە وەرگیراوە، تابلۆکە پێکهاتووە لە چەند فیگەرێك کە دوو پیاو یەکێکیان لای ڕاست و ئەوەی تریان لای چەپ، هەروەها دوو ژن کە یەکێکان لە ناوەڕاست و ئەوەی تریان لە بەشی خوارەوەی کارەکەدایە، ئەسپێکیش لە بەشی سەرەوەی کارەکەدا بەدی دەکرێت، کە هونەرمەند توانیویەتی لە ڕێگای ئەم تابلۆ جیهانیە گواستنەوە بکات بۆ سەر جەستەی فۆڕمێکی شێوە هەرمیٚ، کە زۆرێك لە تێك شکاندنی پێوە دیارە، واتە هونەرمەند نەیتوانیوە زۆر بە سەلیقەی کۆپی بابەتی وێنەکە بکاتە سەر جەستە سیرامیکیەکە.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

لە سستمی داڕشتندا، بەرهەمەکە پێکهاتووە لە پێکەوە لکانی چەند فیگەرێك بە یەکەوە لە کارێکی سیرامیکیدا، کە خاڵی سەروەری لەم بەرهەمەدا فیگەری ژنێکە لە ناوەڕاستی ڕوویەکی ئەو فۆڕمە کۆپی کراوەیە، کە لە تابلۆ جیهانیەکەی ڕۆبنزەوە گواستراوەتەوە بۆسەر فۆڕمێکی (مجسم) کە لە شێوەی هەرمێیە، کە گۆزەکەیە، هەروەها هەست بە بوونی قورساییەك دەکرێت لە بەرهەمەکەدا، ئەویش بە هۆی ئاوێتە کردنی ئەو فیگەرانەوەیە، کە بەدی دەکرێت بەلایەکی بەرهەمەکەوە.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

تەکنیکی کارەکە بەشێوەی ئاوێتەکردنە لە نێوان فۆڕمێکی سیرامیکی، کە لە شێوەی جەستەی ژندایە لەگەڵ بابەتی تابلۆکەی هونەرمەندی جیهانی (ڕۆبنز)، کە بەشێوەی لەسەر دانان و بەڕێگەی لکاندن بە بەرهەمە سەرەکیەکەوە، کە فۆڕمە سیرامیکیەکەیە، هەروەها خاڵی کارا لە بەرهەمەکەدا بریتییە لە فیگەری ژنێك کە کەوتۆتە ناوەڕاستی بابەتەکە و بوونی ئەو ڕەنگە سوورەیە، کە پارچەیەکەو لەجەستەی ژنەکە ئاڵاوە هەروەها پاکی و سافی کارەکە لە ڕێگەی سەلیقە و جێبەجێکاری لە جێبەجێکردنی و زیادکردنی فیگەرەکان بۆ سەر فۆڕمە گۆزەییکە، هونەرمەند چەند ڕەنگێکی بەکارهێناوە لە بەرجەستەکردنی بابەتەکەدا کە دەکرێت بڵێن سیستمی فرە ڕەنگی بەکارهێناوە، هەروەها تەکنیکی سافی بەکارهێناوە لە بەرجەستە کردنی فۆڕمە گۆزەییەکە و فیگەرەکانیشدا کە هاوشێوەیی و هارمۆنییەك بەدی دەکرێت لە ساوە سافانەیدا، بەرهەمەکە لە قوڕی پلە گەرما نزم و بە قەبارەیەکی گەورە بە پێوانەی (٨٠) سانتیمەتر و بە بەکارهێنانی ئۆکسیدەکان و شووشەی ڕوون بەرهەم هێنراوە.




## ژێدەر و واتا:

ژێدەری بەرهەمەکە ژێدەرێکی ئەفسانەییە، کە ژێدەری بابەتی تابلۆکەی ڕۆبنز ئەفسانەیەکی یۆنانییە کە بابەتەکەی (ڕفاندنی کچەکانە)، ڕەنگە هێنانەوەی ئەم بابەتە ئەفسانەییە و بەستنەوەی بە شێوەی گشتی گۆزەیەك کە لە فۆڕمی ژنەوە نزیکە یەکێك بێت لە هۆکارەکانی کە هونەرمەند لە کارەکەیدا پشتی پێ بەستووە.

## ڕێباز و ستایل:

ئەم بەرهەمە دەچێتە چوارچێوەی بینگەیەکی نزیك لە ئەبستراکت ئێکسپرێشینیزم، بەڵام ستایلی سەرەکی کارکردن لای ڕۆبنز ستایلی بارۆکە، هونەرمەند هەوڵی داوە هونەری نیگارکێشان و پەیکەرسازی و سیرامیك لە بەرهەمەکەیدا بەیەکەوە ببەستێت، کە دەکرێت ئەو تابلۆیەی ڕۆنز ڕەنگدانەوەی لەسەر هزری هونەرمەند هەبێت.

## نموونەی ( ١٥ )



**هونەرمەند : شوان بەهرام سابر**

**ناوی کارەکە : جەستەی ژنێك**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠١٤**

**پێوانە : ( ٢٥× ١٠ ) سانتیمەتر**

**خاوەندارێتی: پارکی شانەدەر**

## چاوپیاخشاندن:

بەشێوەیەکی گشتی ئەم بەرهەمە پێکهاتووە لە جەستەی ژنێك بە شێوەیەکی (ڕووتەڵەیی) (تەجرید) خستۆتەڕوو، کە تیایدا جەستە بۆتە هێمای سەرەکی کارەکە و فۆڕمێکی بەرجەستەکراو لە ڕووی دەرخستنی بەشەکانی جەستەی ژن وەك سنگی ژن زۆر بە شێوەیەکی دیار نەخشێنراوە لە سەر جەستەکە بۆتە بەشێکی هەڵئاوساو، کە کراوەتەوە بەرەو دەرەوە، ورگ وەك بەشێکی تر لە جەستەی ژن کە ئاماژە بە بوونی فکری زیاد بوون لە شارستانی کۆنی سومەردا، هاوشێوەیی جەستەی ژنێکی دووگیان، لە سەر قاچەکانی وەستاوە بەشێوەیەك پەنجەی پێیەکانی بۆتە ڕاگرێك کە هەست بە هاوسەنگییەکی تەواو دەکرێت، لای چەپی بنکەی کارەکە دەرچوونێك بەدی دەکرێت کە شێوەی چاوێکی کراوە و لە قەبارەیەکی نامۆدا، هونەرمەند لەم بەرهەمەیدا زیادەڕۆیی کردووە لە گۆڕینی شێوە و قەبارەی بەشەکانی جەستەکاندا بە مەبەست و بۆ هەڵگرتنی مانایەکی دیاریکراو بەو شێوەیە کاری لە سەر کراوە و خاوەن ئاماژە و مەبەستی تایبەت بە خۆیەتی جەستەکان پێکەوە لکاون و یەك جەستەی سەربەخۆیان پێکهێناوە.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

خستنەڕووی کۆمپۆزشنی کارەکە خۆی لە بارستەیەکی ستوونی دەبینێتەوە، کە بریتییە لە جەستەیەك دابەش بووە بۆ دوو بەش، کە دەلالەت لە جەستەی ژن دەکات بە پێی ئەو هێما و ئاماژانەی بەکارهاتوون، هەروەها هاوسەنگی لە ڕووی داڕشتەی فۆڕمەکە و ڕەنگ بە شێوەی هارمۆنی و تێکسچەری بەرهەمەکە، خاڵی سەرنج لەم بەرهەمەدا لە بنکەی کارەکە لە سەر ئەو پەنجەیەیە، کە بە قەبارەی زۆر گەورە و چاوێکی گەورە بەرجەستەکراوە، ئەو هێڵانەی لەم بەرهەمەدا دەبینرێن بریتین لە هێڵی تیژ و چەماوە، پێکهاتەی کارەکە بە جۆرێکە هونەرمەند بە بێ گوێدانە لایەنەکانی گونجاندن و یەکسانی لە نێوان بۆشایی و قەبارەدا بیرۆکەی خۆی جێبەجێ کردووە.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

بە ڕێگای بیناکردنی دەستی وەك شێوازێکی باو لە دونیای هونەری سیرامیکدا لە جێبەجێکردنی فۆڕمی بەرجەستەکراو، وەك کار ئاسانیەك لای هونەرمەند بۆ چوونە ناو وردەکارییەکانی تەکنیکی و داڕشتەی هونەری ئەم فۆڕمە، کە نیشاندانی جەستەی ژن، بە قوڕێکی لە جۆری پلەی گەرما نزم (Earthe were) ئەنجام دراوە بە قەبارەی (٢٥ سانتیمەتر) دا، لە پلەی گەرمای نزم لە نێوان (٩٠٠_١٠٠٠) پلەی سەدی، دواتر ڕووپۆش کردنی بە شووشەی ئەلکەلاین، کە جۆرێکە لە شووشەی باو لە مێژووی سیرامیکدا تەنانەت بە شووشە مێژووییەکان هەژماردەکرێت بۆ زۆر بەکارهێنانی لە سەردەمە مێژووییەکانی سەرهەڵدانی شووشە لە شارستانیەتە کۆنەکانی دونیادا و تایبەتمەندی فەلسەفەی و فکری

ئەم جۆرە ڕەنگە دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای (عەقائد و فکری ئایینی) کە ڕەنگی شینی پیرۆزەیی بەکارهێنراو بۆ پاراستن لە چاو، بۆیە هەندێك لە هەڵەیی شووشەکردن لەسەر جەستەی فۆڕمەکە وەك کەمی بەرکەوتەی شووشە بۆ بەشێکی بەهێز لە خزمەت کارەکەدا وەك تۆنی ڕەنگی بەکارهێنراوە و بوونی تەکنیکی زبر لە هەندێك ناوچەی جەستەی کارەکەدا بەدی دەکرێت.

## ژێدەر و واتا:

بونیاد و جووڵەی گشتی فۆڕمە سیرامیکیەکە هاوشێوەیە لەگەڵ جەستەی ژنێك، لە هەمان کاتیشدا بە زیاتر تێڕوانینمان بۆ بەرهەمەکە پێکهاتووە لە تەنها یەك فۆڕمی ژن، کە ئاماژە بۆ جەستەی ژنێکی دووگیان دەکات، لەژێر کاریگەری کەمکردنەوە و داماڵیندا بۆ بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکێکی دیاریکراو کە جەستەی ژنە لەپێکهاتەی داڕشتەی هونەری کارەکەدا، خستنەڕووی هەندێك لە ئەندامەکانی جەستەکە بە شێوەی قەبارە گەورە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە هونەرمەند ویستویەتی بەشێوەی هێما ئاماژەی پێ بدات هەروەکو ئەو دوو شێوە قوچەکیەی لە هەردوولای بەشی سەرەوەی کارەکە بەدیدەکرێت کە بە دوو مانادێت جارێك ڕووی شێوەی دوو جەستەی ژنی دووگیان، جاریکی تر بە مانای سنگی جەستەی ژنێك دێت کە ئاماژەن بۆ ژیان، هەروەها ئەو ناوچەیەی ناوەندی کارەکە، کە ئاماژەیە بۆ دووگیان بوونی ژنێك لە هەمان کاتیشتدا وەك ناوچەی سمتی ژنێك دەبینرێت، پاشان لە بنکەی کارەکە شێوەی چاوێك و یەك پەنجەی قەبارە گەورە، دەتوانین بڵێین ئەم بەرهەمە هەڵگری زیاتر لەجۆرێك لە ژێدەرە ئەویش تەعبیرکردنی ناخی هونەرمەند و باری سایکۆیی، کە کاردانەوەی بەرچاوی لە بەرجەستەکردنی کارەکەیدا هەیە.

## ڕێباز و ستایل:

ڕێبازی کارکردن لە لای هونەرمەند شێوازێکی هونەری (سوریالیزم) خستۆتەڕوو، کە تیایدا هونەرمەند وەك خەونێك گێڕانەوەی بۆ یادەوەری و پێکهاتەی جەستەی ژن لە دروست بوونی مرۆڤایەتیەوە دەخاتە ڕوو، هێماکانی بوونی جەستەی ژن زۆر بە ئاشکرای نیشان دەدات هەروەك لە کارە هونەریەکانی هونەرمەندی سوریالی (دالی) دا بەدی دەکرێت، بۆیە ئەم کارە بەدیهێنانی هونەری سیرامیك لای هونەرمەند پەیوەستە بە ڕێباز و ستایلی سوریالیزم.

**نموونەی ( ١٦ )**



**هونەرمەند : سۆزە حەمە ساڵح**

**ناوی کارەکە : چاوەڕوانی ژنێك**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠١٥**

**پێوانە : ( ٢٥×١٦ ) سانتیمەتر**

**خاوەندارێتی : کۆلێکشنی هونەرمەند**

## چاوپیاخشاندن:

ئەم کارە بریتییە لە یەك یەکە و لە فۆڕمێکی داڕشتەیەکی سیرامیکیدا بەرجەستە بووە، کە لە شێوەی جەستەی ژنێکدا دەبینرێت، بنکەیەکی شێوە کەوانەیی و فراوانی هەیە، لە نێوەندی کارەکە بەرەو باریك بوونەوە و بچووك بوونەوە دەڕوات، پاشان بەرەو کرانەوە و لە کۆتای لوتکەکەیدا تاڕادەیەك تیژە و بە شێوەیەك کە بۆتە هۆی دروست بوونی گۆشەیەك، بەلاّم نەرمی لە هێڵی کۆتای ئەو گۆشەیەدا هەیە، لەبەشی خوارەوەی بەرهەمەکە ڕۆچوونێك هەیە وەك هێڵێکی کەوانەی بۆ ناوەوەی شێوەکە، کە پەیوەستێك دروست دەکات لەگەڵ ناوەندی فۆڕمەکە.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

سیستمی داڕشتنی کارەکە بریتییە لە پەتی کردنەوە و کۆکردنەوەی یەکەکانی داڕشتن لە فۆڕمێکی سیرامیکیدا، خاڵی کارا لەم کارەدا لە یەك خاڵی دیاری کراودا کۆنەکراوەتەوە، بەڵکو درك بە بوونی فرە سەنتەری دەکرێت بە هۆی ئەو ڕووکارە پانتاییەی کە لەگەڵ سەیرکردنی چاوی بینەر بەرەو بەربلاّوبوون دەبات، کارامەیی هونەرمەند لە بنیات نان و جێبەجێکردنی یەکەکانی داڕشتن لە بەرهەمەکەدا هاوسەنگی تەواوی دروست کردووە، بوونی وردە درز لە پێکهاتەی چینی سەرەوەی کە ڕووکاری کارەکەی داپۆشیووە دەبینرێت.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

لە ڕووی تەکنیکی خستنەڕووی ئەم کارە هونەریە بە شێوازی بیناکردن ئەنجام دراوە وەك تەکنیکێك و ڕێبازێکی ئاسایی و پەیڕەو کراو لە دروستکردنی کاری هونەری سیرامیکدا، هونەرمەند لە سەرەتاوە بڕیاری داوە لە هەڵبژاردنی جۆری گڵی بەکارهاتوو لە بونیادی کارەکەدا ئەویش قوڕی بەهێز و پلە گەرما بەرز، کە گونجاو بێت لەگەڵ جۆر و تەکنیکی هەڵبژێردراو لە پرۆسەی شووشەکردنی لە جۆری تەکنیکێکی ڕاکۆ، کە جۆرێکی تایبەتە لە بواری سیرامیکدا و جیاواز لە کارە هونەریەکانی پێشووتر، بە ڕەنگی گەشاوە و بریقەدار، لە قەبارەیەکی بچووکدا بە پێوانەی (٢٥) سانیمەتر ئەنجام دراوە، کارنامەی ئەم تەکنیکە لەگەڵ بوونی جۆرێك لە درز و هێڵی ڕەش، کە لە ئەنجامی پرۆسەی شووشەکردن لە تەکنیکی ڕاکۆی جۆری ڕۆژئاوایی ئەنجام دەدرێت لە هونەری سیرامیکدا.

## ژێدەر و واتا:

ساناکردنەوە و ئیختیزال کردنی فۆڕمە هونەریەکە بەجۆرێکە بەشێکی زۆری وردەکاری جەستەکە فەرامۆش کراوە لە پێناو گەیشتن بەوپەری ئەبستراکت، بەجۆرێك تەنیا بارستەیەکی بێ پەل و پۆ ماوەتەوە کە کەمترین ئاماژەی تایبەت بە بەشەکانی جەستەی ژنی پێوە دیارە، بەلاّم لە سیمای

گشتی کارەکەدا جۆرێك لە هاوشێوەیی لەنێوان جەستەی ژن و فۆڕمە داهێنراوەکەدا هەیە، کە ڕەنگە لە یەك دیدە نیگا زیاتر ببەخشێت بە بینەر، بەجۆرێك هەندێکجار وەك جەستەی ژنێکی ئیختیزالکراو بە دانیشتویی دێتە بەرچاو هەندێکجاریش وەك سنگ و سەر و ملی ژن دێتە بەرچاو، ئەمەش نزیکە لە بیرۆکەی تەکعیبیەکانەوە کە لە یەك کاری هونەریدا چەند گۆشە نیگایەك بە تیکەڵاوی دادەنێن، لە پێناو بەخشینی جوولەی زیاتر بە کارەکە، بەمجۆرە کارەکە فرە ڕەهەندە، بەڵام دواجار جۆرێکە لە نێوان بەشێك، یان تەواوی جەستەی ژن لەگەڵ فۆڕمە هونەریەکە، کە ڕەنگە لە ژێدەرێکی سایکۆیی، یان هونەرییەوە سەرچاوەی گرتبێتبە جۆرێك گەلێك واتای لێدەکەوێتەوە ئەویش تەعبیرکردنە لەجەستەی ژن لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەمترین ئاماژە و کەمترین بارستە و وردەکاریەوە.

## ڕێباز و ستایل:

کارەکە هەڵگری ڕێبازی ئەبستراکت ئێکسپرێشینیزمە، کە لە ڕێگەی کرداری ئیختیزال کردن و لابردنی وردەکاریەکانەوە ویستویەتی جۆرێك لە هاوشێوەیی بەرجەستە بکات، هاوتای دیدگا هونەریەکانی هونەرمەند بێت، بە جۆرێك سانا کردنەوەی فۆڕمەکە دەگاتە ئەوپەڕی.

**نموونەی ( ١٧ )**



**هونەرمەند : ئاکۆ خضر حمدرسول**

**ناوی کارەکە : کولەکە مەلە**

**ساڵی وەدیهێنان : ٢٠١٦**

**پێوانە : ٣٥ سانتیمەتر**

**خاوەندارێتی : کۆلێکشنی هونەرمەند**

## چاوپیاخشاندن:

کارە هونەرییەکە وەك بەرجەستەبوویەکی سیرامیکی هاوشێوەیی جەستەی ژنێك فۆڕمەڵە کراوە، بە جۆرێك زیاتر نزیکە لە بەشی سەرەوەی ژنێکی دووگیان، چونکە ناوقەد و سکی ئاماژەن بۆ ئەو حاڵەتە، ئەمە بێجگە لەوەی کە لە ڕێی ئیختیزال کردنەوە سنگ و بەشی سەرەوەی فیگەرەکە باریك بۆتەوە، تاکو دواجار لەسەر شێوەی شریتێك یان قەدێکی لوول و پێچاوپێچ بە لای چەپیدا و بۆ سەر سکی شۆڕبۆتەوە، سەرباری ئەوەی کە کارە هونەرییەکە لە ڕووی ڕەنگەوە نزیکە لە ڕەنگی جەستەی ژن، کە بە تەکنیکی فایەرین بە هۆی پرۆسەکەوە تۆناتی ڕەشی لەسەر نەخشێنراوە.

## سیستمی کۆمپۆزیشن:

داڕشتنی بونیادی جەستە فۆڕمەڵەکراوە، کە نزیکە لە شێوەی (هەرمیٚ)، یان دەتوانین بڵێین بونیادێکی هەڕەمی هەیە، کە زیاتر (قەبارە) ی فۆڕمەکە شێوە هاڕمۆنیەکەی کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر چاوی بینەر دادەنێت، ئەمە بێجگە لەو بارەی، کە خۆی لە چەمانەوەی قەدەکەدا دەبینێتەوە بە جۆرێك ڕیتمی نێوان بارستەی جەستەکە و هێڵە لوول خواردووەکە پەیوەندییەکی وەهای دروست کردووە کە جووڵەیەکی بەردەوامی بەخشیووە بە کارە هونەرییەکە، بەمەش هاوتەبایی نێوان بارستە و هێڵ و ڕەنگ و تێکسچەر هاوتەریبە بە کۆمپۆزشنی کارە هونەرییەکە هەموو پێکەوە داڕشتنێکی دینامیکی دروست کردووە.

## تەکنیکی خستنەڕوو:

لە ڕووی چۆنیەتی تەکنیکی شێوازی کارکردن لە بەرجەستەکردنی فۆڕمەڵەی شێوە هەرمیٚ بە ڕێگای بینا کردنێکی مارمارۆکەیی بە دەست ئەنجام دراوە، لە پێوانەی مام ناوەندا (٣٥) سانتیمەتر، لە قوڕێکی پلەگەرمای بەرز بە تایبەت ئامادەکراوە بۆ جۆرێك لە تەکنیکی جیاواز لە شێوازی هونەری سیرامیکی هاوچەرخ کە تەکنیکی هونەری لە جۆری (Pit firing ceramics) زۆرجار پێیدەوترێت (smoking) واتە شووشەکردن بە دووکەڵ، لە پلەی گەرمای (١٠٠٠) پلەی سەدی بۆ دروست بوونی جۆرێکی تایبەت لە تەکنیکی دووکەڵ لە سەر جەستەی فۆڕمەکە و هەندێك جاریش ڕەنگی شووشەی بریقەداریش لە تواندنەوەی ئۆکسیدە بەکارهاتووەکانی، کە دەڕێژرێت بەسەر شێوەکاندا لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی شووشەکردنەکەدا کە دەبێتە هۆی پێدانی ڕەنگ و تۆنی جیاواز دەبەخشێتە کارە هونەرییەکە بە ڕێگای ڕێکەوت و ئەزموون ( سودفە و تەجروبە) دەستەبەر دەبێت بە بیٚ ئەوەی هونەرمەند دەستی هەبێت لە ڕەنگکردنی جەستەکە.

## ژێدەر و واتا:

کارە هونەرییەکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، گەلێك ڕەهەندی مرۆیی و هونەری لە خۆگرتووە، کە ڕەنگە پتر لە واتایەك ببەخشێت، بەمەش بینەر خۆی لەبەردەم ڕاڤەیەکی کراوە دابنێت، بە جۆرێك ڕەنگە لە ڕووی ئیستاتیکیەوە کارەکە گرێدراوی ژێدەرێکی سروشتی بێت و هونەرمەند سروشی بیرۆکەی کارەکەی لەوێوە وەرگرتبێت، کە زیاتر لە فۆڕمەکانی ڕووەك، یان هەرشتێکی دیکەوە نزیك بێت. لەلایەکی دیکەشەوە کارە هونەریەکە هەڵگری واتایەکی فراوانترە و ڕەهەندێکی هزری لەخۆ گرتووە و دیدگای هونەرمەند دەردەخات، لە هەمبەر چەمکی هاوشێوەیی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمێکی سیرامیکی، بە جۆرێك هونەرمەند بینگەی هونەری خۆی وەها داڕشتووە، کە بینەر نەتوانێت بە سانایی خۆی لە واتایەکی دیاریکراودا ببینێتەوە، بەمەش کارە هونەرییەکە لە ڕووی ژێدەر و ناوەڕۆکەوە فرە ڕەهەندە.

## ڕێباز و ستایل:

ئەم بەرهەمە دەچێتە چواچێوەی ڕێبازی دەربڕینخوازییەوە، هونەرمەند بە مەبەستی گەیاندنی بیرۆکەکەی پەنای بردۆتە شێوەیەکی هەرمێی، کە هاوشێوەی جەستەی ژنە لە ڕووکەشدا، بەڵام دەربڕینی مانای ناوەڕۆکی کارەکە لە ڕێگەی سومبول و هێڵی چەماوە و ڕەنگی ڕەشەوەیە، کە لە فۆڕمی گشتیدا بەرجەستە کراوە و بینەر لە سەرنج دانی فۆڕمەکەوە دەتوانێت لە ناوەڕۆکی بابەتەکە بگات.

# بەشی چوارەم

# ئەنجامی توێژینەوەکە

١- ئە نجام

٢- دەرە نجام

٣- پێشنیاز

٤- ڕاسپاردە

## ئە نجامی توێژینەوەکە:

١. شێوازی بەرجەستە کردنی هاوشێوەیی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمە سیرامیکەکانی هونەرمەندانی کورد، بینگەیی جیاوازی لە خۆ گرتووە لە ڕووی فۆڕمەڵە کردنی چەمکی جەستەی ژن، هەندێك لە نموونەکانی (١، ٩، ١٤) بە شێوازی نزیك لە ئەبستراکت بەرجەستەکراون، لە کاتێکدا چەندین نموونەی وەکو (٢، ٥، ٦، ١٢، ١٣، ١٥، ١٦، ١٧)بە ستایلی تەعبیری هاوشێوەیی بوونەکەیان بەرجەستە کردووە، بەڵام لە نموونەکانی (٣، ٨، ١٥) زیاتر نزیکە لە ستایلی تەکعیبیەوە، لە لایەکی ترەوە نموونەکانی (٤، ٧، ١٠، ١١) زیاتر دەچنە نێو ئەبستراکت ئێکسپرێشینیزمەوە.

٢. بەکارهێنانی گشت تەکنیکەکانی بواری هونەری سیرامیك لە کارە هونەرییەکان لای هونەرمەندان لە شێوازەکانی بەکاربردن و تەکنیکی داڕشتەیی و جۆری خامەی بەکارهاتوو لە کوردستاندا بەردەست دەکەوێت لە گڵی زەمینی.

٣. ژێدەری کارە هونەرییەکان پەیوەستە بە ئاستی گەڕان و پشکنینی هونەرمەندەکانەوە لە ڕووی بەرجەستەکردنی واتا و بیرۆکەی هاوشێوە بوونەکانی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمە سیرامیکیەکانەوە، بە جۆرێك زۆربەی نموونەکان لە دیدگایەکی خودی و سایکۆیی و هونەری ئەفرێندراوەوە فۆڕمەڵە کراون، وەکو نموونەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١٦)، بەڵام هەندێك لە هونەرمەندان کنە و پشکنینەکانی نزیکە لە ژێدەری کلتووری دێرین و میللی وەکو نموونەی (١١، ١٢، ١٤) لە کاتێکدا تاڕادەیەك نموونەی (١٧) نزیکە لە ژێدەری فۆڕمەکانی نێو سروشتەوە.

٤. هونەری سیرامیك لە ڕووی بەرجەستەکردنی بابەت و ناوەڕۆکەوە، بۆتە بەشێکی کارا لە هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا، بە جۆرێك هاوتەریب بە هونەر کاندیدیکە هەڵگری بابەتگەلێکی زیندووە و تەنیا هۆکارێك نییە بۆ لایەنی ئیستاتیکی، بەڵکو بارگاویە بە بابەتێکی مرۆیی و نەتەوەیی و کلتوری و سایکۆی و خودیەکان، لەم ڕوانگەیەشەوە هەر هونەرمەندە و بە دیدگایەکی جوداوە هەوڵی ئەم هاوشێوەیبوونەی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی سیرامیکی داوە.

٥. فۆڕم و چەمکی ژن، وەك بابەتێکی هزری و ئیستاتیکی زیندوو ئامادەگی تەواوی هەیە، لە لای بەشێك لە هونەرمەندانی ژن بە جۆرێك بۆتە خەسڵەتێکی دیار لە میانی ئەزموونی کارکردنی هونەریاندا، هەر وەك لە نموونەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٧، ١٣، ١٦) دەبینرێت، کە هەریەکەیان بە شێوەیەك هەوڵی هاوشێوەیبوونەکەیان داوە.

٦. لە پێناو زیاتر گەیاندنی واتا و ناوەڕۆکی هونەری و فیکری هەندێك لە کارە هونەرییەکان هاوشێوەیبوونەکەیان گەیاندۆتە ئاستێکی وەها، کە هونەری نیگارکێشان ئاوێتەی هونەری سیرامیکی بکەن، وەکو نموونەکانی (١١، ١٢، ١٣، ١٤) دەبینرێت.

٧. لە ڕووی تەکنیکی خستنەڕوو و ماتریاڵی بەکاربراوە، زۆربەی کارە هونەرییەکان بە ڕەنگ و شووشە ڕوپۆشکراون، وەکو لە نموونەکانی (١، ٢، ٣، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١٣، ١٥، ١٦، ١٧) دا بەدەردەکەوێت، لە کاتێکدا بەشێك لە هونەرمەند زیاتر وابەستەی تەکنیکی سوورکردنەوەی کارەکان بوون وەکو نموونەکانی (٤، ١١، ١٢، ١٣) بەدەردەکەوێت، کەچی لە نموونەکانی (١٦، ١٧) تەکنیکی جیاوازیان بەکارهێناوە، کە بریتییە لە شووشەی ڕاکۆ.

٨. یەکێك لە فیگەرە سەرەکی و دیارەکانی نێو مێژوویی و هونەری شێوەکاری لە بەرایی دەرکەوتنی ئەم هونەرەوە بە تایبەت لە نێوی شارستانیەتی دێرینەکانەوە تا دەگات بە سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنسانس و هونەری مۆدێرن و هاوچەرخ، بریتی بووە لە بابەتی جەستەی ژن وەك مۆتیف و ناوەڕۆك، وەك هێما و بارگەی تەعبیری و ئیرۆتیك، بە تایبەتیش نەخش و شوێنەواری (پیاو) لەم لایەنەدا زۆر دیار و کاریگەرە، لەم ڕوانگەیەشەوە بەشێکی زۆر لە پیاوە هونەرمەندەکانی نێو بواری سیرامیکی گرنگیان داوەتە بابەتی جەستەی ژن وەکو لە نموونەکانی ( ٥، ٦، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٥، ١٧) کە هەریەکەیان بە ستایڵ و ماتریاڵ و بینگەیی جیاواز چەمکی هاوشێوەیبوونیان لە نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی وێناکراو لە کاری هونەریدا کردووە.

٩. هونەری سیرامیك لە ئاڕاستەکانی خۆیدا و هاوتەریب بە کایەکانی دیکەی مەعریفی تەنیا و قەدیس نامێنێت لە نێو چەمکی (باوی) هونەری سیرامیکدا وەك ئامرازێکی سنووردار، بەڵکو دەهاوێژێتە نێو کایەی هونەری پەیکەرسازیشەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە هەردوو هونەرەکە (سیرامیك و پەیکەر) هاوبەش لە (ماتریاڵی قوڕدا) بۆ بەرجەستەکردنی بینگە هونەرییەکانیان، بەمەش ستایڵی کارەکانیان دەچێتە نێو بابەتی (پەیکەری گڵجۆشکاری– نحت فخاري)، لە پێناو زیاتر بارگاویکردنی کارە هونەرییەکە بە ناوەڕۆك و ئاماژەی تەعبیری تاکو چەمکی هاوشێوەیبوونەکانیان بگاتە ئاستێکی هونەری باڵا و فرە بینگە.

١٠.هونەرمەندانی کورد لە بواری هونەری سیرامیکدا، بۆ تەعبیرکردن لە چەمکی هاوشێوەیبوون لە نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی وێناکراو لە بەرهەمەکانیاندا، سیستمی کۆمپۆزشنی جیاوازیان بەکاربردووە لە فۆڕمەڵەکردنی جەستەکاندا، بە جۆرێك سوود وەرگرتن لە توخمەکانی داڕشتنی کاری هونەری بەتایبەتی لە هونەری نیگارکێشان و پەیکەرسازیدا، توانیویانە ڕەگەزەکانی وەکو بارستە و

جووڵە و بۆشایی و تێکسچەر و ڕەنگ و هێڵەکانیان لە نێو بەرهەکانیاندا تەوزیف بکەن لە پێناو بەدەرخستنی بینگەیی هاوشێوەیبوونەکە لە بۆتەیەکی هونەری و ئیستاتیکیدا.

١١. لە ڕووی گەشەسەندنی بواری هونەری لای هونەرمەندانی سیرامیکی لە کوردستاندا، توانیویانە کارە هونەریەکانیان لە ڕووی شێوەییەوە بەرەو کاری (چەمکگەرایی)، (کۆنسێپت ئارت) بگەیەنێتە ئەنجام بە تایبەت لە خستنەڕووی ئازار و ئەشکەنجە و کارەساتەکان لە مرۆڤایەتی بەسەر ژیانیان هێناوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بێت، یان دۆخی سیاسی و ڕامیاری کۆمەڵگا و ناوچەیی وەك نموونەی (١١، ١٢، ١٣، ١٥).

## دەرەنجام:

دوای توێژینەوە لە بابەتەکە، و گەیشتن بە چەند ئەنجامێك بەهۆی شیکردنەوەی نموونەکانەوە، توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١. هونەرمەندانی کایەی سیرامیك لە کوردستاندا، لە بینگەی فرە شێواز و ستایلی جۆراو جۆرەوە، چەمکی هاوشێوەیبوونی نێوان جەستەی ژن و فۆڕمی وێناکراو لە بەرهەمەکانیاندا بەرجەستە کردووە، بە جۆرێك بەشی هەرە زۆریان کەوتونەتە ژێر کاریگەری ستایلە جیهانیەکان و ڕێبازە ئەوروپیەکانەوە.

٢. قەبارە و بارستەی کارە هونەریەکان لە ئێستادا بەراوورد بەکارە جیهانیەکان زۆر بچووکن، کە ئەمەش پەیوەستە بە هۆکاری تەکنیکی و بینگەیی هونەری و ئاستی هونەرمەندەکانەوە.

٣. هەژموونی خود و باری سایکۆیی هونەرمەند لە ژێدەرە بنچینەییەکانی کاری هونەرمەندانە سەرباری ئەوەی، کە هەندێکیان سودیان لە ژێدەری کلتوری سیرامیکی دێرین و کلتوری میللی لۆکاڵی و ئەزموونی خۆیان وەرگرتووە.

٤. هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا، ئاستی بەرایی و چێژی باو و سواوی دەیەکانی پێشووی تێپەڕاندووە لە بینگەیەکی هاوچەرخەوە دەڕوانێتە واقع و و هەوڵ نادات شتەکان وەکو خۆی کۆپی بکاتەوە، گۆڕانکارییەکان لە هونەری سیرامیك جیاوازە لە بەشەکانی دیکەی هونەری شێوەکاری، چونکە فۆڕمیکی پەتییە.

٥. ژمارەی (پیاوە) هونەرمەندەکان زیاترە لە ژمارەی (ژنە) هونەرمەندەکان لە بارەی بەرجەستەکردنی جەستەی ژن لە بواری سیرامیکی هاوچەرخدا.

٦. هونەرمەندانی بواری سیرامیك بە ئاگابوونیان لە بوارەکانی تەکنیك و خەسڵەتەکانی کاری هونەری سیرامیك لە جیهاندا و خستنەبواری جێبەجێکاری لە سەر بابەت و دەربڕینی هونەری کوردی.

٧. هونەرمەندی بواری سیرامیك توانیویەتی بە هەموو قورساییەکانی ئەم بوارە لە دەستەبەربوونی (خامە و شووشە) بۆ تەواوکەری بیرۆکەی هونەری لای هونەرمەندی کورد، لە تەواوی تاقیکردنەوە و ئەزموونە پراکتیکیەکانی لەسەر خامەی کوردستان، تاوەکو بگاتە ئەنجامێکی هونەری لە ڕووی هزر و بیرۆکەی خۆماڵی لە کارەکانیاندا.

٨. گرنگترین خاڵ لەم توێژینەوەیەدا کە گەورەترین فاکتەری بوونی هونەری سیرامیکە لە کوردستاندا، دەرکەوتنی کار و چالاکی و بەرهەمی هونەری سیرامیك لە شارەکانی سلێمانی بە پلەی یەکەم و شاری هەولێر بە پلەی دووەم لە دەربڕینی هونەری بۆ ئەم بابەتەی کە توێژەر بە دواداچوونی بۆ کردووە.

٩. جەستەی ژن لە کارە هونەرییەکاندا لای هونەرمەندان توانیویەتی ببێتە هۆکارێکی بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگادا، جەستەی ژن وەك کاڵایەك سەیر نەکرێت، بەڵکو بە پیرۆزی ئاماژەی بۆ بکرێت لە نێوان کۆمەڵگا و ڕۆشنبیرکردنەوەی مافی ژن لە بوارەکانی ژیاندا.

١٠. بەکارهێنانی زۆرێك لە تەکنیکە جیاوازەکانی بواری سیرامیك و بەستنەوەی کارەکان بە ڕێباز و ستایلی نوێگەری و هاوچەرخی لە بواری سیرامیکدا.

## پێشنیارەکان:

پشتبەست بەو ئەنجام و دەرئەنجامانەی کە لەلایەن توێژەرەوە خرایە روو، هەربۆیە توێژەر پێشنیاز دەکات بۆ:

١. گرنگی دان بە بواری هونەری سیرامیك و دروستکردنی بارودۆخی گونجاو بۆ هونەرمەندان و دەرچووانی کۆلێج و پەیمانگا هونەریەکان، تاوەکو هونەری سیرامیکیش لە بەرەو پێش چوونی ژمارەی هونەرمەند کارا بکرێت.

٢. بەسەرکردنەوەی میدیایی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و تەلەفیزۆنەکان و دروست کردنی گۆڤاری هونەری تایبەت بە هونەری سیرامیکی، کە هۆکارێکی گرنگی شێوازی بڵاوبوونەوەیە بە زمانی کوردی.

٣. گرنگی دان بە بواری زانستی و پرۆگرامی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان، تا کۆتا هونەرمەندی بواری سیرامیك بتوانن لە پاش دەرچوون، هونەری سیرامیك و بەرهەمەکانی وەك پیشەیەك لە بازاڕەکاندا ساغ بکەنەوە.

٤. دروست بوونی بازاڕی کار بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی هونەرمەندانی سیرامیك وەك هەوڵێکی بازرگانی لە کوردستاندا.

## ڕاسپاردەکان:

وەك دیارە بواری توێژینەوە لە هونەری شێوەکاریدا فراوانە و پێویستی بە بەردەوامی توێژینەوەی زیاتر هەیە، لە هەرێمی کوردودسان بە تایبەتی، هەربۆیە توێژەر راسپاردن دەکات بە گرنگیدان بە توێژینەوە، لەم بابەتانەی خوارەوە لە بواری هونەری سیرامیدا:

١. مێژووی سەرهەڵدانی هونەری سیرامیك لە کوردستاندا.

٢. پەیوەندیەکانی هونەری سیرامیك و دیدگەی هونەری شێوەکاری هاوچەرخ.

٣. گرنگی دیواربەندی سیرامیکی لە گۆڕەپان و شوێنە گشتیەکانی کوردستان.

# پـــــاشـــــكۆ

**بیۆگرافیای ئەو هونەرمەندانەی كە شیكاری بۆ نموونەی كارە هونەریەكانیان كراوە لەم توێژینەوەیەدا :**

١-نعیمە محمد عبدالله: لە سلێمانی لەدایك بووە، ساڵی ١٩٨٩ كۆلێجی هونەرە جوانەكانی بەغدای تەواوكردوە، بەشی سیرامیك، لە ساڵی ١٩٩٠ ەوە بۆتە مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەكانی سلێمانی، ساڵی ١٩٩٨- ١٩٩٩ یەكێك بوە لە دامەزرێنەرانی كۆلێجی هونەر و وەك مامۆستاش تا ئێستا لەو كۆلێجە وانە دەڵێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٧ ەوە بۆتە یاریدەدەری ڕاگر، بڕوانامەی ماستەری لە ساڵی ٢٠٠٧ وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی دكتۆرای وەرگرتووە، بەشداری چەندین پێشانگای هاوبەشی لە سلێمانی و هەرێم و دەرەوەی هەرێم كردووە. ئەندامی سەندیكای هونەرمەندانی كوردستانە. چەندین بڕوانامەی ڕیزلێنان و خەلاتی وەرگرتووە.

٢-ڕێبوار سعید: ١٩٦٢ لە تەوێلە لەدایك بووە، ١٩٩٧ كۆلێجی هونەری لە لەندەن تەواوكردووە، ١٩٩٩ ماستەری لە دانیشتگای میدل سیكس وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی دكتۆرای وەرگرتووە، نازناوی پرۆفیسۆری یاریدەدەری وەرگرتووە لە ٢٠١٧، لە ساڵی ١٩٨٧ لە ڕاگەیاندنی ناوەندی بووە بە پێشمەرگە لە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، لە (١٩٨٤- ٢٠١٣) خاوەنی زیاتر لە (٢٧) پێشانگای تایبەتە، لە (١٩٨٣-٢٠١٠) بەشداری زیاتر لە (٥٠) پێشانگای هاوبەشی كردووە، لە ئیستادا ڕاگری كۆلێجی هونەرە جوانەكانی سلێمانیە و سەرۆكی بۆردی مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخی سلێمانیە، هەروەها سەرۆكی ڕێخراوی هونەری ئارت ئین كۆمۆنە لە لەندەن.

٣-ڕۆژگار كەمال: لەسلێمانی لەدایك بووە، ٢٠٠٣ پەیمانگای هونەرەجوانەكانی سلێمانی لقی سیرامیكی تەواو كردووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ كۆلێجی هونەرە جوانەكانی سلێمانی لقی سیرامیكی تەواو كردووە، ٢٠١٣ بڕوانامەی ماستەری لە بواری سیرامیدا وەرگرتووە، ئەندامی ناوەندی شێوەكاری سەندیكای هونەرمەندانی كوردستانە، چوار پێشانگای تایبەتی و بەشداری لە چەندین پێشانگای هاوبەشدا هەیە، بەشداری لە چەند كۆنفرانس و دیداری هونەریدا كردووە، ئیستاش سەرۆكی لقی سیرامیكە و مامۆستایە لەكۆلێجی هونەرە جوانەكانی سلێمانی.

٤-سازان علی ابراهیم: لە سلێمانی لەدایك بووە، سالی ١٩٨٨/ ١٩٨٩ كۆلێجی هونەرەجوانەكانی بەغدادی تەواو كردووە- لقی سیرامیك، ساڵی ١٩٨٩ بۆتە مامۆستا لە پەیمانگای هونەرەجوانەكانی سلێمانی، بەشداری چەندین پێشانگای هاوبەشی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم كردووە، ئەندامی سەندیكای هونەرمەندانی كوردستانە و سەرۆكی شێوەكارانی هەرێمە لە سەندیكای هونەرمەندان لە ئێستادا.

٥-سۆزە حمەصالح: لە سلێمانی لەدایك بووە، دەرچووی پەیمانگای تەكنیكیە، لە ساڵی ٢٠٠٠ ەوە سەرقاڵی كاری هونەریە، لە ٢٠١٣ دا پێشانگایەكی تایبەتی كردۆتەوە و بەشداری چەند پێشانگایەكی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم كردووە، ئەندامی سەندیكای هونەرمەندانی كوردستانە.

٦–مهاباد جەمال ئەشرەف: ١٩٧٣ لە سلێمانی لەدایك بووە، ساڵی ١٩٩٣ پەیمانگای تەكنیكی سلێمانی تەواو كردووە، ساڵی ٢٠٠٨ یەكەمیم پێشانگای تایبەتی كردۆتەوە، و بەشداری چەندین پێشانگای هاوبەشیشی كردووە، ئەندامی سەندیكای هونەرمەندانی كوردستان، و فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەكاری سلێمانی.

٧–ئاكۆ خضر حەمد: ١٩٧٧ لە سلێمانی لەدایك بووە، ساڵی ١٩٩٩ پەیمانگای هونەرە جوانەكانی سلێمانی، لقی سیرامیكی تەواو كردووە، ساڵی ٢٠٠٣– ٢٠٠٤ لقی سیرامیكی كۆلێجی هونەرەجوانەكانی سلێمانی تەواو كردووە، بەشداری چەندین چالاكی هونەری و پێشانگای هاوبەشی لە ناو هەرێم كردووە و ئێستاش مامۆستایە لە قوتابخانەی ئارێزی بنەرەتی لە سلێمانی، و ئەندامی سەندیكای هونەرمەندانی كوردستانە.

٨–نزار محمود عوسمان: ساڵی ١٩٦٥ لە كۆیە لەدایك بووە، كۆلێجی هونەرە جوانەكانی بەغدادی لە ساڵی ١٩٩١ تەواوكردوە– لقی سیرایك، لە ساڵی ٢٠١٠ ماستەری لە زانكۆی صلاح الدین، كۆلێجی هونەرە جوانەكان وەرگرتووە، دامەزرێنەری لقی سیرامیكە لە پەیمانگای هونەرەجوانەكانی هەولێر و دهۆك، بەشداری چەندین پێشانگای هاوبەشی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم كردووە، ئەندامی دەستەی كارگێری سەندیكای هونەرمەندانی كوردستانە لە ئێستادا، مامۆستای سیرامیكە لە پەیمانگای هونەرەجوانەكانی هەولێر.

٩–شوان بهرام صابر: ١٩٨٤ لە هەولێر لە دایك بووە، ٢٠٠٦–٢٠٠٧ پەیمانگای هونەرە جوانەكانی هەولێر و لە ساڵی ٢٠١٢–٢٠١٣ كۆلێجی هونەرە جوانەكانی تەواوكردووە، ئەندامی سەندیكای هونەرمەندانی كوردستانە، و ئیستاش سەرۆك بەشە لە بنكەی كارە دەستیەكان لە هەولێر.

١٠– خەسرەو عەبدولقەهار حسێن: لە هەولێر لەدایك بووە، ساڵی ٢٠٠٠ لقی نیگاركیشانی پەیمانگای هونەرە جوانەكانی هەولێری تەواو كردووە، ٢٠٠٦ لقی سیرامیكی كۆلیجی هونەرە جوانەكانی سلێمانی تەواو كردووە، ٢٠١٢ ماستەری لە پەیكەرسازی لە زانكۆی ئەسكەندەریەی میسر وەرگرتووە، بەشداری لە چەند ڤیشتیڤاڵ و پێشانگایەكی هاوبەشدا كرووە، چەند پەیكەرێكی لە شاری كۆیە و هەولێر دروستكردووە، مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەكانی هەولێرەو وانەبێژە لە كۆلێجی هونەرە جوانەكانیش لە ئێستادا.

# سەرچاوەکان

- قورئانی پیرۆز

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

١. ئەحمەد، مەلا خدری شاوەیسی مکایەلی، دیوانی نالی، چاپی سێیەم، چاپخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی، ئورمیە، ١٩٨٥
٢. بەکر، جەزا، فەلسەفە و تەکنیکی بزافە هونەرییەکان، دەزگاو چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی: ٢٠٠٥
٣. دیجینەر، شمیدت، نیگارکێشان لەسەدەی بیستەمدا ،و:وەهبی ڕەسوڵ، سلێمانی: دەزگای سەردەم، ٢٠٠٢
٤. دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم، (١٩٦٨–١٩٨٠)، کوردستان:٢٠٠٦، دوو وێنە
٥. ڕەسول، وەهبی، ئەبستراکت ئێکسپرێشینیزم لەنیگارکێشانی هاوچەرخی کوردستانی باشووردا، سلێمانی: خانەی وەرگێڕان، ٢٠١٣،چاپی دووەم.
٦. ڕەسول، وەهبی، هونەری ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاست وڕێنسانس،سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢.
٧. رێد، هیربرت، مانای هونەر، و:سەربەست خەسرەو عارف، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧
٨. جلال، محمد، هونەری پەیکەرسازیی مۆدێرن، و:جەزا بەکر، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨.
٩. سابیر، ڕەحیم، (کورتە لێکۆڵینەوەیەکی میژوویی ئایینی سومەریەکان)،٢٠١٢
١٠. سلێمان، حەسەن، سەرەتایەك بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەکاری، و:نەژاد عەزیز سورمێ، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان، چاپی دووەم، ٢٠٠٥
١١. گارا، هونەری شێوەکاری مۆدێرن لە فرانچیسکا گۆیاوە تا سوریالیزم، هەولێر: دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥
١٢. گەردی ، عەزیز، کێشناسی کوردی، هەولێر: چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم، ٢٠١٤.
١٣. شەمیسا، سیروسی، و: سامالْ ئەحمەدی، جۆرەکانی ئەدەب، تهران: انتیشارات فردوس
١٤. خەزنەدار، مارف، مێژوویی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس، هەولێر:٢٠٠١، چاپی یەکەم.
١٥. چوارینەکانی بابا تاهیری عوریان، و:ڕازی لە لوڕی یەوە بۆ سۆرانی، کۆمەڵی شیعری بلاْوکراوەیە.
١٦. محمود، فازل مەجید، سروشت لە شعری گۆران دا، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

١٧. مەلا کەریم، محەمەدی، سەرجەمی بەرهەمی گۆران،دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، بەغداد:چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠.
١٨. قوبادی جەلیل زادە، شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٧

## گۆڤار و بلاْوکراوەکان :

١٩. الصالحی، خالد خضیر، الفن التشکیلی العراقی ابداعا و نقدا، مجلة سطور الالکترونیة، ش٢١/١٢/٢٠١١
٢٠. المهدی، هادیة قاسم، مصدر الالهام...احساس تحرك الابداع، مقال من مجلة الانتباهة، ٢٠٠٣/٣/١٦
٢١. طارق ، قصی، اسس تکوین، مجلة فنون تشکیلیة، ٢٠٠٩،ط١، عمان
٢٢. شەریف ئازاد حەمە، گۆڤاری شێوەکاری ، ژ:٢٥، ٢٠٠٩
٢٣. رباب سليمان كاظم، ملامح مابعد الحداثة وتجلياتها في الخزف الأميركي، بابل: مجلة مركز بابل للد ارسات الإنسانية المجلد ٤
٢٤. علوان، جولان حسین، بنیة التکوین فی النحت الحرکی ، مجلة کلیة الادب، دیالی، العدد:٩٣
٢٥. حسيني ايناس، العلاقة الموضوعية بين شكل و المضمون في العمل الادبي وجهان لعملة واحدة، مجلة ديوان

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

٢٦. ارولد، هاوزر، الفن والمجتمع عبر التاريخ، ت:فواد زكريا، مصر:الموسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٦٩.
٢٧. الباشا، حسن ،الفنون فی عصور ما قبل التاریخ، اوراق شرقیة، بیروت: ٢٠٠٦
٢٨. دیوی، جون ، (الفن خبرة)، ت: زکریا ابراهیم ، المرکز القومی للترجمة ، القاهرة: ١٩٨٣
٢٩. حقی ، سامی ابراهیم، دراسات فی اسس التصمیم، السلسلة الثقافیة الفنیة، رقم الایداع فی المکتبة الوطنیة ( طبع بمطابع )، بغداد:٢٠١٣
٣٠. جیروم، ستولنیتز ، النقد الفنی، دراسة جمالیة والفلسفیة، ت:د.فواد زکریا، القاهرة: ١٩٧٤.
٣١. جيلام، سكوت روبرت، أسس التصميم، دار النهضة للنشر مصر: القاهرة، ١٩٨٠.
٣٢. رید، هربت، النحت الحدیث، ت: فخری خلیل، مراجعة ابراهیم جبرا، دار المامون للترجمة والنشر، بغداد،١٩٩٤
٣٣. رياض، عبدالفتاح، التكوين فى الفنون التشكيلية، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧٤
٣٤. سانتیانا، جورج، الاحساس بالجمال، ت: د.محمد البدوی النجاح ،الناشر للمهارات،القاهرة.: ٢٠٠١
٣٥. صالح ، قاسم حسین، سایکولوجیة ادراك الشکل و اللون،،الناشر دار العلاءالدین بغداد: ١٩٨٢.

٣٦. صاحب، زهير، فن الفخار ونحت الفخاري في العراق _عصور ماقبل التاريخ ،مطبعة ايكال، بغداد،٢٠٠٢.
٣٧. صاحب، زهير، فن الفخار فى العراق– عصور ماقبل التاريخ، عمان: دار المكتببة الرائد العلمية، طبة الاولى، ٢٠٠٤
٣٨. عزت، محمد ، قصة الفن التشكيلى فى عصر النهضة، دار المعارف للنشر القاهرة ١٩٦٩
٣٩. عزت، اسماعيل، ( علم نفس التجربي)، الكويت: ١٩٨٣.
٤٠. عبود، علية محسن، (الشكل والمضمون فى النصب الخزفية للفنانين ماهر السامرائى و بيتر فولكس)، بغداد:٢٠١١
٤١. عبو، فرج، علم عناصر الفن، الجزء الاول، دار دلفين للنشر ميلانو–ايطاليا،١٩٨٢
٤٢. عبو، فرج، علم عناصر الفن، الجزء الثانى، دار دلفين للنشر ميلانو–ايطاليا،١٩٨٢
٤٣. عباس ،على خالد، توضيف التقنيات فى بنية الشكل الخزفى، معهد الفنون الجميلة، بغداد، عدد ٧، ٢٠١٣
٤٤. عبد ، نضال عبدالخالق، اثر الموروث فى النحت الخزفى للخزافة الامريكية باولا رايس
٤٥. كلاب، الهام، (ابداع الفنى صورة المراة فى الفنون التشكيلية)، بغداد :١٩٩٢.
٤٦. نابان ، نوبلر، (حوار الرؤية مدخل الى التذوق الفني والتجربة الجمالية)، بيروت: ١٩٩٢

**تێزە زانكۆییەكان:**

٤٧. ابراهيم بيان ماني، تنويع الخامة واثره في التحويل الاسلوبي في النحت المعاصر، رسالة دكتورا غير منشورة، متقديمة الى جامعة السليمانية: ٢٠١١.
٤٨. احمد، ايهاب خصائص الشكل في منحوتات مرتضى حداد، رسالة ماجستير غير منشورة ،متقديمة الى جامعة بغداد: ٢٠٠٩.
٤٩. احمد برزان، الخامة والشكل فى النحت الحديث، رسالة ماجستير متقديمة الى جامعة السليمانية، كلية الفنون الجميلة، ٢٠٠٨
٥٠. الخورى ، فواد اسحق، ايدولوجيا الجسد رموزية الطهارة والنجاسة، دار الساقى، بيروت ، لبنان،١٩٩٧
٥١. الجبوري ، ستار حمادي: العلاقات اللونية و تأثيرها على الحركة سطوح الطبوعة، اطروحة دكتورا، بغداد، ١٩٧٧.
٥٢. الخزعلى، ، حسنين عبدالامير رشيد، تزجيج الملح، محاضرة مرحلة رابعة، قسم الفنون التشكيلية، جامعة بابل، لعام الدراسى ٢٠١٦،
٥٣. حسن، بيَساران فيروز ، الاشكال الرمزية في اللوحة التشكيلية المعاصرة في كوردستان العراق ، سليَمانى ٢٠١٠.

٥٤. عبدالرضا، ايهاب احمد، خصائص الشكل في منحوتات مرتضى حداد، رسالة ماجستير غير منشورة ، متقديمة الى جامعة بغداد: ٢٠٠٩

٥٥. عبدالرزاق، محمد، المرجعيات الموسسة للتنظيم الشكلى فى النحت العراقى المعاصر، رسالة ماجستير غير منشورة، متقديمة الى الجامعة بغداد،٢٠٠٥.

٥٦. فتاح، ئاوات سعيد ،شكل والمضمون في الاعمال، الفنان محمد كاكة ، رسالة ماجستير غير منشورة، متقديمة الى جامعة السليمانية:٢٠٠٩

٥٧. مصطفى، شوقى ، خطاب الجسد في الرسم العراقي المعاصر، رسالة ماجستير غير منشورة، جيل التسعينات: بابل.

٥٨. محمد، نعيمة، الخزف المعاصر فى كردستان العراق وسماتة و مضامينة الفنية،رسالة ماجستير غير منشورة، متقديمة الى جامعة السليمانية،٢٠٠٧

٥٩. محمود، نزار، مرجعيات الشكل الخزفى المعاصر فى كوردستان العراق،رسالة ماجستير غير منشورة، متقديمة الى الجامعة صلاح الدين،٢٠٠٩

## چاوپێکەوتن:

٦٠. بەرزان ئەحمەد، لە ڕێکەوتی٢٠١٥/٢/١٦، زانکۆی سلێمانی کۆلێجی هونەرە جوانەکان.

٦١. وەهبی ڕەسول ، لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٨/٤، زانکۆی سلێمانی کۆلێجی هونەرە جوانەکان.

٦٢. قادر میرخان ، لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١/٢٠، زانکۆی سلێمانی کۆلێجی هونەرە جوانەکان.

٦٣. کاروان عمر قادر)، لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/١٤.

٦٤. وانەی ئازاد جەمال تاهیر( مێژووی هونەر)، ڕێکەوتی ٢٠١٥/١/١٤.

٦٥. شێرزاد حەسەن ڕەزا، لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٨/١.

## سایتە ئەلکترۆنییەکان:

66. www.vanawsha.loxblog.com
67. www.gagesh.com
68. evinebook.blogfa.com
69. http://www.mthaf.com
70. http://hankalis.hooxs.com/t209-topic
71. Libback.uqu.edu
72. Arnhem R، Art and visual perception، New York، 1964، p.60
73. http://en.wikipedia.org/wiki/Fernand
74. //: www.alukah.net/culture/0/56707/#ixzz4CLAZIr8f
75. // www.almaany.com/ar/dict
76. www.maref.org/indexphp/
77. www.britannica،com/topic/Aurgnacian

78. www.archaedogy.land/forums/viewtopic.php
79. http://norahalq2016.blogsport.com/?m=1
80. www.marefa.com
81. www.ward2u.com
82. www.britannica.com
83. www. Uobabylon.edu+www.algazalischool.com
84. History of the leach pottery.،www.leach pottery،com(
85. Shoji Hamada،www.studiopottery.com
86. studiopottery.com
87. sothebys.com
88. www.studiopottery.com
89. douglaskenneyceramics.com
90. www.ceramicetoday.com
91. Measuring the plasticity.www.sciencedirect.com
92. mawdoo3.com
93. RAKUWARE/History-BirthofRakuware،history> raku_yaki.or.jp
94. .www.upenn.edu .Ash Glazes|Phil Rogers
95. John & Hugh Honor. The Penguin Dictionary of Decorative Arts. London، 1977 Hildyard، Robin. European Ceramics. London: V&A Publications، 1999
96. www.theaetstory.org/movement-performance-art
97. www.nature.org/NatureInspires Art | The Nature Conservancy
98. http://www.diwanalarab.com/spip.php?page=article&id_article=476
99. https://www.google.fi/url?sa=t&source=web&rct=j&url=http%3A%2F%2F
100. http://iraqiwomensleague.com/news_view_5244.html#.WXddfhVJbIV

*******************************************************

***Abstract***

This research here is called (Resemblance between the Woman Body and Contemporary Ceramics Form in the Kurdistan Region) deals with displaying and finding that Resemblance, Kurdistan artists pay attention to in their Ceramics works and it has become an important concept to express the different concepts of woman body and use it in various Ceramics forms and showing the role of body especially woman body as an artistic and objective form and aesthetic expressionism and its various relationships with the form.

It is worthy of notice that this research consists of four main parts. The first part deals with displaying the general form of the research which consists of the research case raising lots of questions such as:

-Is there any resemblance between woman body and Ceramics works?

-What sort of relationship does the resemblance between Woman body and Ceramics works contain? ( Symbol ? Content ? Aesthetics ? Form ?)

The importance and the objective of the research as well. It consists of:

1. Finding out the resemblance and woman body dimensions and The Contemporary Ceramics Form in Kurdistan Region.

2.Introducing Woman Body as pottery works by Kurdistan potters and then the research limits and the definition of the terms such as:

( Resemblance , Body , Form , Contemporary)

-The Second part is about the theoretical form of the research which consists of five pivots:

-The First pivot consists of (The historical concept of form) In which various concepts of the form are shown.

-The second pivot deals with (The resemblance between Woman body and the invented form in formal art) deals with the resemblance concept as a historical root among the various art forms and the woman body either in Ceramics or Sculpture or painting and its influence on the art school.

-The Third pivot is called (The Resemblance between the Woman Body and the Portrayed Form in the Kurdish Language and Literature) in which the woman body is portrayed as a main image in the Kurdish Language and Literature.

-The Fourth pivot is about (The Composition Form Building In Contemporary Ceramics) which deals with the composition form in the contemporary Ceramics.

-The Fifth pivot is about the excesses of Formalizing the Contemporary Ceramics Form in Kurdistan Region) deals with the reactions and the role of those excesses lead to the embodiment of the Woman figure in the works of artists in Kurdistan and at the end of the resource research, many points are mentioned shown in the theoretical forms of the research.

-The Third part is about the achievements and the procedures of the research. This part consists of the research collections , examples , analysis instruments and then analyzing the examples.

-The Fourth part is about the results , conclusions , suggestions and instructions mentioned. It is worthy of notice that after the analysis , the researcher concluded some results which led to the response for the problems and its answers and also the objective of the research , such as:

1.The form of expressing resemblance embodiment between the woman body and Kurdish Ceramics artists forms it has visual difference concerning formalizing woman body as well as the form and woman concept as a living intellectual and aesthetic subject and it has perfect presence in the works of art.

2.The centre of the works of art is related to the art standard of search and the artists checking through the embodiment of the meaning and the resemblance ideas between the woman body and Ceramic forms.

2.Ceramics ,through the embodiment of the forms and content ,has become an active part in the formal art in Kurdistan to an extent that it carries so many living subjects and it is not only the reason for the aesthetic aspect but also attached with human , national , cultural , psychotic and egoist subject. So each artist has a different viewpoint to try his resemblance between the woman body and Ceramic forms.

4. The method of exposure and materials are used. Most works of art have been covered with colour and glass ; whereas some artists stick to the burning method , but others use Rako's technique.

5.To develop art aspect by Ceramic artists, they could do their works of art by using Concept Art .

At the end of the research, resources and The Abstract in Arabic and English are written.

**Ministry of Higher Education & Scientific Research**
**University of Sulaymaniyah**
**Collage of Fine Arts – Ceramic**

# ***Resemblance between the Woman Body and the Contemporary Ceramics Form in the Kurdistan Region***

***A Thesis Submitted By:***

***Kurdistan Hassan Hussein***

***To the College of Fine Arts - Sulaymaniyah University in Partial Fulfillment of the Requirement of the Degree of Master Plastic Art - Ceramics***

***Supervised By:***

***Dr. Naeima Mohammed*** ***Dr. Jaza Bakir***

***2017***

## ملخص البحث

ان هذه الدراسة بعنوان (التشابهية بين جسد المراة و الشكل الفخاري المعاصر في اقليم كوردستان العراق) تخص اظهار و كشف عن تلك التشابهية او المقاربة التي تهتم بها فناني كوردستان العراق، في اعمالهم الفخارية، و اصبحت مفهوماً تعبيرياً لمفاهيم المختلفة لجسد المراة و تفعيلها في الاشكال الفخارية المختلفة، و اظهار دور الجسد خصوصاً جسد المراة كشكلاً فنياً فخاريا و موضوعاً تعبيرياً جمالياً، مع علاقاتها المختلفة بتلك الاشكال.

و جدير بالذكر تضمنت هذه الرسالة اربعة فصول، و كالاتي:

مثل الفصل الاول منها (الاطار المنهجي للبحث) و يتكون من مشكلة البحث بتضمين عدد من الاسئلة و منها: هل توجد التشابهية بين جسد المراة و الانتاجات الفخارية؟ و ما هي تلك العلاقات التشابهية بين جسد المراة و الاعمال الفخارية؟ و ما نوعها: الرمز، المضمون، الجمالية، الشكل؟، و ايضا جاء هدف البحث، و هو (١-كشف عن التشابهية و ابعاد جسد المراة و الاشكال الفخارية المعاصرة في اقليم كوردستان. ٢-و تعريف جسد المراة كعمل فخاري لدى فخاريي كوردستان)، و بعدها جاء حدود البحث و تعريف الاصطلاحات مثل (المقاربة، الجسد، الشكل، المعاصر).

و جاء في الفصل الثاني (الاطار النظري للبحث)، متضمناً خمسة مباحث: و المبحث الاول عبارة عن (المفهوم التاريخي للشكل) و الذي يخص بعرض مفاهيم الشكل، اما في المبحث الثاني جاء بعنوان (التشابهية بين جسد المراة و الاشكال المبدعة في الفن التشكيلي) و استعرضت الباحثة فيها مفهوم التشابهية كجذر تاريخي بين الاشكال الفنية المتعددة و جسد المراة، و اذ كانت في الفن الفخاري او فن النحت او فن الرسم، و حتى انعكاسها بين المدارس الفنية الحديثة. اما المبحث الثالث تحمل العنوان (التشابهية بين جسد المراة و الاشكال التصويرية في اللغة و الادب الكردي) و حاول الباحثة فيه باظهار جسد المراة كصوراً رئيسياً بين الادب الكردي. و جاء المبحث الرابع بعنوان (التركيب الانشائي للشكل الفخاري المعاصر) و تم فيها الجانب التكويني للاشكال الفخارية المعاصرة، اما المبحث الخامس و الاخير تحص لـ (مرجعيات التشكيل الفخاري المعاصر في اقليم كوردستان) موضحاً فيها رد الفعل و دور تلك المرجعيات التي تكون دافعاً لتجسيد شكل المراة في اعمال الفخارية المعاصرة لدى فناني كوردستان، ثم خلصت الباحثة الى مجموعة من المؤشرات التي اسفر عنها الاطار النظري.

اما الفصل الثالث الذي يمثل (المنهجية و اجراءات البحث) فقد تناول (مجتمع البحث، و النماذج، و اداة التحليل، ثم تحليل النماذج).

و اظهر في الفصل الرابع (النتائج، و الاستنتاجات، و التوصيات و المقترحات) و جدير بالذكر وصلت الباحثة بعد تحليل النماذج، الى بعض من النتائج و التي تجيب الهدف و المشكلة و تساؤلاتها، و منها:

١-ان اسلوب تجسيد التشابه بين جسد المراة و الاشكال الفخارية لفناني كورد، تحمل بصريات المتفارقة من جانب التجسيد الشكلي لمفهوم جسد المراة، و حضورها كشكلاً و مفهوماً و التي تمثل الفكر الجمالي.

٢-لقد تعالق مرجعيات الاعمال الفنية بمستوى البحث و فحص فناني، من جانب تجسيد التعبير و الافكار المتقاربة بين جسد المراة و الاشكال الفخارية.

٣-لقد اصبح فن الفخار جزءاً فعالاً في الفن التشكيلي في كوردستان، من جانب تجسيد الموضوع و المضمون، بشكل ان تحمل مواضيح فعالة و لا تكون سببا واحداً لجانب الجمالي فقط، بل مشحنة بمواضيع الانسانية و القومية و الكلتورية و السايكولوجية و الذاتية، و من هذا المنضار حاول كل من الفنانيين و برؤية المتفارقة ان تجسد التشابه بين جسد المراة و الشكل الفخاري.

٤-و تخص الجانب التقني و اظهار الخامات، في اكثرية الاعمال الطلاء اللوني و التزجيج، في حين قسم من الفناني ترتبط بتقنية التفخير اما بعض آخر بتقنية راكو.

٥-اما بخصوص جانب التطور الفني لدى فناني الفخار في كوردستان، تمكنوا ان تؤدي اعمالهم نحو المفاهيمية و كونسيبت ارت.

ثم جاء في نهاية البحث قائمة المصادر و ملخص البحث باللغة الانكليزية و اللغة العربية.